حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان
بەشی زمانی کوردی

دوالیزمی دژیەك
لە هۆنراوە لیریکییەکانی
مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزی دا

نامەیەکە

لهۆن قادر عەبدولڕەحمان

پێشکەشی فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ سکوڵی زمانی
زانکۆی سلێمانی کردووەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی
وەرگرتنی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا

سەرپەرشت

پ.ی.د.ئەنوەر قادر محەمەد

(2013)ی زایینی (2713)ی کوردی

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتیی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە ئەدەبی کوردیدا.

ناو: پ.ی.د.ئەنوەر قادر محەمەد

رۆژ: / / 2013

بەپێی ئەو پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: پ.ی.د.دڵشاد عەلی محەمەد

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

رۆژ: / / 2013

ئێمە ئەندامانی لیژنەی وتووێژو هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەرۆك‌و لایەنەکانی دیکەی کردو بڕیارماندا بە پلەی (   ) بڕوانامەی ماجستێری لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ.ی.د.عبدالقادر محمد أمین
ئەندام
ڕۆژ: /   /2013

ناو: پ.ی.د.طاهر محمد علی
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ: /   /2013

ناو: پ.ی.د.عبدالسلام سالار عبدالرحمن
ئەندام
ڕۆژ: /   /2013

ناو: پ.ی.د.أنور قادر محمد
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ: /   /2013

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلیژی زمانەوە پەسەندکرا.

ناو: د.کاوان عثمان عارف
سەرۆکی سکولی زمان
ڕۆژ: /   /2013

پێشکەشە بە:

- گشت خزمەتگوزارو دڵسۆزێکی ڕاستی.

سوپاس و پێزانین

- سوپاس و ڕێزی تایبەتیم بۆ بەڕێز پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.ئەنوەر قادر محەمەد کە ئەرکی سەرپەرشتی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆو لەگەڵم ماندوو بوو.
- سوپاس و پێزانینم بۆ بەڕێز پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.دڵشاد عەلی محەمەد، سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا.
- سوپاس و ئەمەك و پێزانینی زۆرم بۆ سەرۆکی بەشی کوردی و هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە لە بەکالۆریۆس و ماستەریش دا وانەیان پێگوتووم و ماندوو بوون لەگەڵم.
- سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ کارمەندانی کتێبخانەی ناوەندی زانکۆو کتێبخانەی کۆلیژی زمانو کتێبخانەی گشتی سلێمانی، کە دڵسۆزانە یارمەتیدەرم بوون.
- سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی بەشێوەیەك لە شێوەکان یارمەتیدەرم بوون.
- ڕێزو پێزانینم بۆ خانەوادەکەم، کە بەگشتی هاندەرو هاوکارم بوون.

پێڕست

لاپەڕە	بابەت
3-1	پێشەکی
4	1/ دوالیزمی دژیەك لە بابەتە جیاوازەکانی مەعریفەدا
4	1-1/ پێناساندنێکی زمانەوانی و فەرهەنگی دوالیزمی دژیەك
6	1-1-1/ پەیوەندی نێوان (تضاد) و (تناقض)
8	1-2/ دوالیزمی دژیەك و ئیۆلۆجیا
10	1-2-1/ دووانەیی و دوو جەمسەری – بیروباوەڕی (تاو) وەك نموونە:
12	1-2-2/ دوالیزمی دژیەك لە دیارترین ئاینەکانی هیند دا: (ئاینی ویدا (Veda)، ئاینی براهما (Brahmanisme)، ئاینی هندۆس، ئاینی بودا)
13	1-2-3/ دوالیزمی دژیەك لە دیارترین ئاینەکانی ئێران دا: (ئاینی میترا، ئاینی زەردەشتی، ئاینی دەیەسان، ئاینی مانی، ئاینی مەزدەك)
18	1-2-4/ دوالیزمی دژیەك لە ئاینی کۆنی میسری دا
18	1-2-5/ نمونەیەك لە ئاینەکانی کیشوەری ئەمریکا
19	1-2-6/ ئاینی ئێزیدی و دوالیزمی دژیەك
20	1-2-7/ ئاینەکانی یەکتاپەرستی و دوالیزمی دژیەك
20	1-2-7-أ/ ئیبلیس یاخود شەیتان
21	1-2-7-ب/ چاکەو خراپە، نمونەیەکی هاوبەش لە دوالیزمی دژیەك
22	1-2-7-ج/ دوالیزمی دژیەك لە ئاینی یەهودی دا
23	1-2-7-د/ عیرفانی یەهودی
24	1-2-7-ه/ دوالیزمی دژیەك لە ئاینی مەسیحی دا
25	1-2-7-و/ عیرفانی مەسیحی
26	1-2-8/ دوالیزمی دژیەك لە ئاینی ئیسلام دا
28	1-2-8-أ/ (الباطنیة) دەروونگەراکان
30	1-2-8-ب/ عیرفان و تەسەوفی ئیسلامی
34	1-3/ دوالیزمی دژیەك لە فەلسەفەدا
36	1-3-1/ دوالیزمی دژیەك لای هەندێ لە فەیلەسوفەکانی پێش (سوکرات) دا: (زەینونی ئەیلی، هیرۆقلیدس، سۆفستائیەکان، فیساگۆرسەکان، ئەفلوتین)

1-3-2/ سوکرات و هەندێ لە فەیلەسوفە کلاسیکەکانی مێژووی فەلسەفەو بابەتی دوالیزمی دژیەک: (سوکرات، ئەفلاتون، ئەرەستۆ)	38
1-3-3/ میتافیزیک	40
1-3-4/ دوالیزمی دژیەک لای هەندێک لە فەیلەسوفەکانی مۆدێرنە: (کانت، هیگڵ)	40
1-3-5/ دیالکتیک و دوالیزمی دژیەک لای هیگڵ	42
1-3-6/ مارکسیزم	43
1-3-7/ دوالیزمی دژیەک لای هەندێک لە فەیلەسوفەکانی ئیسلام: (فەلسەفەی ئیشراق، ڕەوشی (متکلمین)، اخوان الصفا)	45
1-3-7-د/ هەندێک لە فەیلەسوفەکانی ترادسیۆنی ئیسلامی: (کندی، ئیبن سینا، مولا صەدرا، غەزالی، فارابی، ئیبن روشد، ئیبن خەلدون)	47
1-4/ دوالیزمی دژیەک لە ئەدەبدا بەگشتیو لە ئەدەبی عیرفانیدا بەتایبەتی	49
1-4-1/ بەهای ئەدەبی دوالیزمی دژیەک	49
1-4-2/ ئەفسانە	51
1-4-3/ دوالیزمی دژیەک لە ڕەوانبێژی عەرەبیدا: (سەعدەدین تەفتازانی، ئەحمەد هاشمی)	52
1-4-4/ دوالیزمی دژیەک لە ئەدەبی هاوچەرخدا: (دی سۆسێر، فۆرمالیستەکان، بونیادگەراکان، ڕۆلان بارت و دەق)	54
1-4-5/ دوالیزمی دژیەک و ئەدەبیاتی عیرفان و تەسەوف	61
2/ چۆنیەتی بەکارهێنانو کەوتنەوەی دوالیزمی دژیەک لە هۆنراوەکانی مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزی دا	66
2-1/ دوالیزمی دژیەک بە شێوازی واتایی و دەربڕین	68
2-1-أ/ ئەو گوزارشتە واتاییانەی کە لە پێکهاتەی ڕووکاریاندا دژیەک بەدیدەکرێت	68
2-1-أ-1/ دوالیزمی دژیەکی (ناوەڕۆکی)	68
2-1-أ-2/ دوالیزمی دژیەکی جوانناسی لەسەر بنەماکانی: (خواستن، لێکچواندن، وێنەی دوو ڕەهەندی (خواستن و لێکچواندن)، درکە، خوازە)	71
2-1-أ-2-2/ ئەوجۆرەی دوالیزمی دژیەک کە لەسەر بنەمای لایەنی هونەری جوانکاری (بدیع)ی واتاییە، لەسەر بنەمای: (فرەواتایی، ڕۆچوون)	79
2-1-ب/ ئەو گوزارشتە واتاییانەی کە لە پێکهاتەی ڕووکاریاندا دژیەک بەدیناکرێت	83
2-1-ب-1/ دوالیزمی دژیەکی ناوەڕۆکی	83

2-1-ب-2/ دوالیزمی دژیەکی جوانناسی	86
2-1-ب-2-1/ ئەوجۆرە دوالیزمە دژیەکەی لەسەر بنەمای هونەری ڕوونبێژییە: (خواستن، لێکچواندن، وێنەی دوو ڕەهەندی (خواستن و لێکچواندن)، درکە، خوازە)	86
2-1-ب-2-2/ دوالیزمی دژیەك لەسەر بنەمای هونەری جوانکاری واتایی: (فرەواتایی، ڕۆچوون)	93
2-2/ دوالیزمی دژیەك بە شێوازی لێکدراو یاخود ڕۆنان	96
2-2-أ/ ئەو ڕۆنانەی کە لە ڕووکاردا دژیەك بەدیدەکرێت	97
2-2-أ-1/ دوالیزمی دژیەکی ناوەڕۆکی	97
2-2-أ-2/ دوالیزمی دژیەکی جوانناسی، لەسەر بنەمای: (خواستن، لێکچواندن، درکە، خوازە)	99
2-2-أ-2-2/ لەسەر بنەمای هونەری جوانکاری: (ڕۆچوون)	105
2-2-ب/ ئەو پێکهاتەو ڕۆنانەی لە پێکهاتەی ڕووکاریاندا دژیەك بەدیناکرێت	106
2-2-ب-1/ دوالیزمی دژیەکی ناوەڕۆکی	106
2-2-ب-2/ دوالیزمی دژیەکی جوانناسی	108
2-2-ب-2-1/ لە جۆری ڕوونبێژی، لەسەر بنەماکانی: (خواستن، لێکچواندن، درکە، خوازە)	108
2-2-ب-2-2/ لە جۆری جوانکاری: (فرەواتایی)	113
3/ دوالیزمی دژیەکی شیعری مەولاناو مەولەوی لەڕوانگەی ئیستێتیکییەوە	116
3-1/ ئیستێتیکا، پێناسەو بابەت و سروشتی	116
3-1-أ/ پارادیگمی ڕەنگدانەوەی یەزدانی	117
3-1-ب/ بنەمای ئەزموونی ئیستێتیکایی لای مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزی	119
3-2/ هۆکانی جوانی شیعر (پەیوەست بە دوالیزمی دژیەك)	124
3-2-أ/ دوالیزمی دژیەك و سەرنجێکی ئیستێتیکییانە	125
3-2-ب/ خەیاڵو ئەندێشە وەك کەرەسەیەکی ئیستێتیکایی لە دەربڕینی بابەتی دوالیزمی دژیەکدا	136
3-3/ پارادۆکس، جوانترین جۆری دەربڕینی دوالیزمی دژیەك و بەرهەمی وێناو خەیاڵی ئیستێتیکییانە: (هەست ئامێزی، پێچەوانەی باو، تەجرید، بزرکاندن (شطح))	143
3-4/ مۆسیقای شیعری وەك ڕەهەندێکی ئیستێتیکایی دوالیزمی دژیەك	153
3-5/ هۆکانی ڕەنگدانەوەی دوالیزمی دژیەك لە هۆنراوەکانی مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزی دا	156

165	**ئەنجام**
167	**سەرچاوەکان**
176	**پوختەی باسەکە بە زمانی عەرەبی**
177	**پوختەی باسەکە بە زمانی ئینگلیزی**

پێشەكی

لێكۆڵینەوەی لایەنێكی شیعری لیریكیی دوو شاعیری دیاری ڕۆژهەڵات وەنەبێ كارێكی ئاسان بێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر ڕۆشنایی چەمكی "دوالیزمی دژیەك"دا ئێمە ئەم هەوڵەمان داوە.

مەولانا جەلالەدین ڕۆمی (1207 – 1273ز) عارف و شاعیری گەورەی ئێران، كە بەگشتی خاوەنی پتر لە (65) هەزار بەیتە شیعرە لە (مثنوی و معنوی) و (دیوان شمس)ەكەیدا، نەك تەنها بووەتە مایەی دەوڵەمەندكردنی ئەدەبی عیرفانیی و ئەدەبیات لە ئێران و دواتریش لە توركیادا، بەڵكو هەموو سنوورەكانی جیاوازی زمانو ئاینو كلتوری بڕیوەو دەتوانین بڵێین: مەولانای ڕۆمی، ئەمڕۆ شاعیرێكی دێرینی نوێی جیهانی مرۆڤایەتیە بەجۆرێك كە هۆنراوەكانی چەندین جار بە زمانەكانی ئینگلیزیو ئەڵمانیو فەرەنسیو عەرەبیو...هتد، چاپ كراونەتەوە. چەندین بیریاری ناوچەییو جیهانیی سەرقاڵی لێكۆڵینەوەن لە مەولاناو مەولانای ڕۆمی و بووەتە ڕێچكەو ڕۆشنكەرەوەی چەندین گرێكوێرەی فیكریو لاهوتیانە، بەجۆرێك كە لە سەدەی نۆزدەیەمەوە كاریگەری لەسەر ثیولۆجیای ڕۆژئاواییەو لە بواری لێكۆڵینەوەی ئەدەبیشدا، دەیان نووسەری وەك (نیكلسون) و (ئارتۆر جان ئاربێری) و (ولیام چیتیك) و (ئانێ ماری شمیل) و (ئا.ف.ئەكیموشكین) و (شفیعی كدكنی) و (فروزانفر) و...هتد، بە لێكۆڵینەوەكانیان لەسەر مەولانا بوونەتە كەسایەتیەكی دیاری بواری لێكۆڵینەوەی ئەدەبی.

سەبارەت بە مەولەوی تاوەگۆزی (1806 – 1882ز) عارف و شاعیری گەورەی كورد، كە بەگشتی خاوەنی پتر لە هەشت هەزار بەیتە شیعرە بە زمانەكانی كوردیو فارسیو عەرەبیو ئەگەرچی مەولەوی وێڕای سوتانی زۆرێك لە بەرهەمەكانیو نەبوونی هەلومەرجێكی لەباری لە شێوەی مەولانای ڕۆمی، كە ئەویش مافو پێگەی شیاوی خۆی پێبدرێت لە ئەدەبیاتی ناوچەییو جیهانیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو بناغە بەهێزو زەمینە بەپیتەیە كە بەردەوام سەرچاوەی چەندین لێكۆڵینەوەی ئەكادیمیو بەڵگەی یاخود ئاماژەی تایبەتمەندییەكانی لیریكی ئاسایی و سۆفی و ئەدەبیاتی عیرفانی كوردییە. ئەمە جگە لەوەی، بەردەوام بە پێوەرو بەها ڕەخنەییەكانی ڕابردوویشو مۆدێرنیش، هۆنراوەكانی مەولەوی هەردەم سەرچاوەی دۆزینەوەو پەی بردنن بە چەندین شێوازی هونەری باڵای دەربڕین.

ئەم دوو شاعیرە زاناو عارفە، هەموو زەمەنەكانیان بڕیوەو، نەك تەنها لەڕووی بابەتەوە كاریگەریان هەیە لەسەر ئەدەبیاتی نوێ، بەڵكو لەڕووی هونەری دەربڕینو چێژو زەوقیشەوە، لەم سەردەمە نوێیەشدا، پێشەنگن.

ئەركی ئەم لێكۆڵینەوەیە:

ئەم دوو شاعیرە مەزنە بەو گیانە سۆفیو هیومانیستیەی كە هەیانە، بوونەتە زەمینەی پراكتیكی بۆ لێكۆڵینەوە لە هونەرێكی دەربڕین، كە ئەویش (دوالیزمی دژیەك)ە، كە چەمكێكە

وێڕای ڕەسەنایەتیو بوونی ڕەگو ڕیشەی لە ڕەوانبێژیو جیهانبینی عیرفانیدا، ئەمڕۆ وەك ستایلێکی دەربڕینو تەنانەت وەك شێوازێکی ڕاڤەو شیکاریو بەها بەخشین بە دەق، لە ئەدەبی مۆدێرنی ڕۆژئاواییدا بووەو بایەخی هەیە. بۆیە ئەرکی ئەم لێکۆڵینەوەیە، جگە لە ئاشنایەتیمان بە چیەتی (دوالیزمی دژیەك) لە سەرجەم بوارەکانی مەعریفەدا، بەشێوەیەکی پراکتیکی کردوومانەتە هۆی ڕاڤەکاریو تێگەیشتن بۆ زۆر لە مانای هۆنراوەکانی مەولانای ڕۆمیو مەولەوی تاوەگۆزی.

سەرچاوە بنەڕەتیو تیۆرییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە :

(دیوانی کبیر) یاخود (کلیات شمس)ی مەولانای ڕۆمی کە بە چوارینەکانیەوە پتر لە (40,236) بەیت هۆنراوەیەو دیوانی مەولەوی تاوەگۆزی کە لە کۆکراوەکەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسدا (2426) بەیت هۆنراوەیە، سەرچاوەی بنەڕەتی بەدواداچوونو لێکۆڵینەوەی پراکتیکیمان بووەو سەبارەت بە بەشە تیۆرییەکەی بابەتی (دوالیزمی دژیەك)یش، بەشێوەیەکی گشتی پشت ئەستوور بووین بە چەندین کتێبو سەرچاوەو لێکۆڵینەوەی جیاواز بەتایبەتی لە زمانی فارسیدا، چونکە جگەلەوەی بە زمانی کوردی لێکۆڵینەوەی لەوجۆرەمان بەرچاو نەکەوتو لە عەرەبیشدا تەنها لە بوارە زمانەوانیەکەیەوە هەندێ لێکۆڵینەوەمان پەیدا کردووەو بە زمانی ئینگلیزیش، بەو هێندە سوودمان لە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان وەرگرتووە، کە پەیوەستبوو بە بابەتی دوالیزمی دژیەكو ئەدەبی مۆدێرنەوە، چونکە زەمینەی مەعریفی ئەم دوو شاعیرە عیرفان بوو، کە تایبەتمەندی ترادسیۆنو ئەدەبی کلاسیکی ئەم ناوچەیەیە.

میتۆدی لێکۆڵینەوەکە :

میتۆدی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە کە تا ئاستێکی باش ناساندنی (دوالیزمی دژیەك)ە، وەك زاراوەیەکی فەلسەفیو ئەدەبی عیرفانی، هاوکات بەشێوەیەکی پراکتیکیو زانستی سودی لێ وەرگیراوە بۆ توێژینەوەی دەق، هەروەها چەمکێکی بنەڕەتیی بونیادگەرییە بەگشتی بۆیە دەشێ بە میتۆدێکی بونیادگەرانەی کراوەو تەواوکارانە لە قەڵەمی بدەین.

بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەڕووی تیۆریو پراکتیکەوە بۆ ئەدەبناسیی کوردی :

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەدەبناسی کوردی ئاشنایەتیەکی نوێی بۆ دروست دەبێت بە (دوالیزمی دژیەك) کە پێشتر تەنها وەك دژیەك (طباق) و بابەتێکی ڕووکەشی نێو ڕەوانبێژی کۆن ناسیویەتی، ئاشنایەتیەك کە پەی بردنە بە ستایلێکی نوێی دەربڕینو بەهای نوێی نرخاندنی دەق، پەی بردنە بە عیرفان نەك تەنها وەك زەمینەیەکی جیهانبینی، بەڵکو وەك بنەڕەتێکیش بۆ ئەفراندنێکی هونەری.

دەرخستنی دیوێکی دیکەی تایبەتمەندی ئیستێتیکایی ئەدەبیاتی کوردییە کە تەنانەت لە سەردەمی هاوچەرخیشدا هەڵگری بەها هونەریو ئیستێتیکیەکانە.

دواجار لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئەدەبناسی کوردی کێبڕکێو بەراوردی نێوان شاعیرێکی کوردی وەك مەولەوی دەبینێت لەگەڵ شاعیرێکی گەورەی وەك مەولانای فارس دا، کە بێگومان

لەڕووی هونەرەکانی دەربڕین‌و ناوەڕۆك‌و بابەتەوە، زیاتر پەی بە گەورەیی مەولەوی تاوەگۆزی دەبەین. بەوهیوایەی توانیبێتمان مشتێك بخەینە سەر مەڵۆی توێژینەوەی زانستیی ئەدەبیاتی کوردی.

پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکی‌و سێ بەش‌و ئەنجام پێکهاتووەو، لە کۆتاییشدا ئامارژەمان بەو سەرچاوانە داوە، کە بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانمان وەك بەڵگە بەکارمان هێناون، جگە لە ئەنجام و پوختەیەکی لێکۆڵینەوەکە، کە بە هەردوو زمانی عەرەبی‌و ئینگلیزی نوسراوە:

بەشی یەکەم:

وێڕای پێناساندنێکی کورتی زمانەوانی‌و فەرهەنگی (دوالیزمی دژیەك) و بەراوردی نێوان جۆرەکان، باسی ڕەگ‌و ڕیشەو تایبەتمەندی دوالیزمی دژیەك کراوە لە سەرجەم بابەتەکانی مەعریفەدا، کە سەرەتا لە ثیولۆجیاو گرنگترین ئاینە زەمینی‌و ئاسمانیەکانی هەموو جیهانمان باسکردووە بە درێژایی مێژوو، پاشان کێومالێکی ئەم بابەتەمان کردووە لە فەلسەفەی کلاسیك‌و مۆدێرنداو لە کۆتایی ئەم بەشەدا باسی بەهای ئەدەبی دوالیزمی دژیەکمان کردووە، لە کلاسیك‌و ئەدەبی هاوچەرخ‌و دواجار لە ئەدەبیاتی عیرفان‌و تەسەوفدا.

بەشی دووەم:

لەم بەشەدا بەشێوەیەکی پراکتیکی‌و بە سوودوەرگرتن لە هەندێ بابەتی ڕەوانبێژی، سەرەتا دوالیزمی دژیەکمان دابەشکردووە بۆ (واتایی) و (ڕۆنانی)، دواتر هەرکامیان دابەشکراون بۆ جۆرەکانی ناوەڕۆکی‌و ڕوخساری ئیستێتیکی یاخود جوانناسی، پاشان جۆری دووەمیشیان بۆ هونەرەکانی دەربڕین‌و جوانکاری‌و دواجار هەرکام لەوانیش بۆ چەند جۆرێك کە بێگومان هەموو ئەو جۆرانەش دابەشبوون بۆ دوو چەشن، کە لە یەکێکیاندا وشە دوالیزمەکان ئاشکران‌و لەوی دیکەیاندا شاراوەیە. بۆ هەموو ئەم جۆرانە (113) بەیت شیعری مەولاناو مەولەویمان وەکو بەڵگە هێناوەتەوەو لەسەر بنەمای دوالیزمی دژیەك شیکاری‌و ڕاڤەمان بۆ کردوون.

بەشی سێهەم:

لەم بەشەی کۆتاییدا لە ڕوانگەی ئیستێتیکاییەوە باسمان لە دوالیزمی دژیەك کردووە. سەرەتا لە پێناسەو سروشتی ئیستێتیکاو چۆنیەتی جوانی هونەری دوالیزمی دژیەك لە شیعرداو کاریگەری خەیاڵ وەك کەرەسەیەکی ئیستێتیکایی لە دەربڕینی دوالیزمی دژیەکدا دواوین، پاشان بە جەختکردنەوەیەکی زیاترەوە لە ئیستێتیکای پارادۆکس‌و مۆسیقای شیعری وەك ڕەهەندێکی ئیستێتیکایی دوالیزمی دژیەك نووسیومانە. لە کۆتاییدا هۆکارەکانی ڕەنگدانەوەی دوالیزمی دژیەکمان لە هۆنراوەکانی مەولانای ڕۆمی‌و مەولەوی تاوەگۆزی دا خستووەتە ڕوو کە بۆ ئەم بەشەش (110) بەیت شیعری ئەو دوو شاعیرەمان وەك بەڵگە هێناوەتەوەو ڕاڤەیەکی ئیستێتیکییانەمان بۆکردووە.

لە کۆتاییشدا ئەو ئەنجامانەی کە لەکاتی توێژینەوەکەدا پێی گەیشتوون بە پوختی‌و کورتی خراونەتە ڕوو.

بەشی یەکەم

دوالیزمی دژیەك

لە بابەتە جیاوازەکانی مەعریفەدا

1/ دوالیزمی دژیەك لە بابەتە جیاوازەكانی مەعریفەدا

1-1/ پێناساندنێكی زمانەوانی و فەرهەنگی دوالیزمی دژیەك:

كۆی ئەو بابەتو لێكۆڵینەوانەی كە وەك سەرچاوە، لەم لێكۆڵینەوەماندا بەرچاومان كەوتوون، خوێنەری لەبەردەم چەند چەمكو زاراوەیەكی هاوشێوەو لەهەمان كاتدا جیاوازدا بەجێهێشتووە كە بەكارهێنانی هەموویان پێكەوە وەك هاوواتا زانستیانە نین و لەهەمان كاتدا جۆرێك لە پەیوەندیش پێكەوە دەیانبەستێتەوە. ئێمە لەم لێكۆڵینەوەدا ئەگەرچی زاراوەی (دوالیزمی دژیەك)مان بەكارهێناوە كە وەرگێڕانی دەستەواژەی ئینگلیزی (Binary opposition)ە، بەڵام خاڵی نییە لە واتاو ئەركی زاراوەكانی ترو بەگشتی پەیوەندو پەیوەستن پێكەوە، كە هەندێك لەو زاراوانەی دیكە بریتین لە: (تضاد، تناقض، پارادۆكس، تقابل، تقابل تضايف).

سەرەتا هەریەك لەو زاراوانە، هێندەی پەیوەست بێت بە بابەتەكەمانەوە، ڕوندەكەینەوەو پاشان ئاماژە بە پەیوەندی و جیاوازیان دەدەینو دواجار باس لە دوالیزمی دژیەك دەكەین پەیوەست بەو زاراوانەو هۆی هەڵبژاردنی زاراوەی (دوالیزمی دژیەك) بۆ لێكۆڵینەوەكەمان دەخەینە ڕوو.

1) تقابل: ئەمە وشەیەكی عەرەبییە بەواتای، بەرامبەر یەكبوونی دوانەیەك یاخود لەبەرامبەر دانانو وەستانی دوانەیەك، ئەمە وشەیەكی گشتیە كە دەتوانین بیخەینە سەرەتای وشەكانی دیكەش بۆ نموونە (تقابل تضاد)، یاخود (تقابل تناقض) واتە بەرامبەربوونی دوودژ یاخود بەرامبەربوونی دوو ناكۆك.

2) تضاد: دەتوانین لە كوردیدا بە (دژیەك) بوون ناوزەدی بكەین، (عەبدولكەریم سروش) لە پێناسەی دژیەكدا دەڵێت: "هەركات دوو ئاوەڵناومان هەبێت كە نەگونجێن، لەیەك پێكهاتەدا كۆیان بكەینەوە، بەڵام گونجاوبێت هەردووكیان ڕەدكەینەوە، واتە نەگونجێت پێكەوەبن لەیەك كاتو شوێندا بەڵام گونجاو بێت هەردووكیان لادەین، لەم حاڵەتەدا دەڵێین ئەو دوو سیفەتە (تقابل) لەبەرامبەر یەكدانو لە جۆری (دژیەك)ن. بۆنمونە هەردوو ڕەنگی ڕەش و سپی، ناگونجێت لە تێڕوانینو گۆشەنیگای یەك كەسو لەیەك كاتو شوێندا، دیوارێك سپی بێتو ڕەشیش بێت، بەڵام دەگونجێت هیچكامیان نەبێت"[1].

3) تناقض: دەگونجێت (ناكۆك)ی بۆ بەكاربهێنین، "واتە دوو ئاوەڵناومان بۆ یەك بابەت هەبێت كە نە كۆكردنەوەیان گونجاو بێتو نە وەلانانو ڕەدكردنەوەشیان، واتە نە بگونجێت ئەم دوو سیفەتە هەردووكیان لەیەك بابەتدا هەبنو نە گونجاویش بێت هیچكامیان نەبن. بەڵكو بەردەوام دەبێت یەكێكیان لەو بابەتەدا هەبن، ئەمەیە واتای – (النقيضان لا يجتمعان ولا يرتفعان) واتە دوو پێچەوانە هەردووكیان كۆنابنەوەو هەردووكیشیان پێكەوەو لەیەك كاتدا وەلا ناخرێن – نە دەكرێت هەردووكیان بن و نە دەشكرێت هیچكامیان نەبن. هەموو

[1] عبدالكريم سروش، نقدی و در آمدی بر تضاد ديالكتيكي، انتشارات حكمت، چاپ اول، خرداد، 1357 هـ.ش. ل12.

جۆرەکانی (تناقض) لە ڕاستیداو لە بنەڕەتدا لە (بوون) و (نەبوون)ەوە سەرچاوەیان گرتووە. بۆنمونە (مرۆڤ) وەك بوونەوەرێك یا هەیە یاخود نییە ناگونجێت هەشبێت‌و نەشبێت، ناگونجێت هیچکامیشیان نەبێت، بەڵکو دەبێت یا هەبێت یا نەبێت"[1].

4) پارادوکس (Paradox): کە لە وشەی لاتینی (Paradoxos) وەرگیراوەو لە بنەڕەتیشدا زاراوەیەکی یۆنانیە (Paradoxos) کە پێکهاتووە لە (Para) بەواتای (بەرامبەر) یاخود (تناقض) و (doxa)یش بەواتای بیروڕا یاخود بیروباوەڕ دێت"[2]. وەك سەعید سەبزیان لە فەرهەنگەکەیدا ئاماژەی پێدەکات: "گوتەیەکە کە دوو ڕەهەندی هەیەو هەردووکیشی بە ڕووکەش دروستە، بەڵام کە بەرامبەر یەك دادەنرێن هەڵبژاردنی یەکێکیان پێویستی بە نکوڵییە لەوەی دیکە"[3].

بەکورتی ئاشتکردنەوەو کۆکردنەوەی دوو چەمکی ناکۆك، پێی دەوترێت پارادۆکس[4]، لە فەرهەنگی (dictionary of literary terms and literary theory)دا لە یەکێك لە پێناسەکاندا دەڵێت: "گوتەو باوەڕێکە پێچەوانەی باوەڕو بیرکردنەوەی باوی پەسەندکراو"[5].

بەگشتی دەتوانین بڵێین، ئەگەر دوو چەمکی (تضاد) بدەینە پاڵ یەك یاخود پێکەوە کۆیانبکەینەوە، ئەوا (تناقض) پێکدێت، بەڵام ئەگەر بتوانین دوو (متناقض) پێکەوە کۆبکەینەوە ئەوا پارادۆکس پێکدێت[6].

5) تقابل تضایُف (بەرامبەرێکی پەیوەست بە یەك): واتە دوو سیفەت کە ئەمانیش نەتوانرێت لەیەك بابەتدا پێکەوە کۆبکرێنەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا وەك چەمك‌و واتا پێکەوە پەیوەست بن، واتە بوونی ئەم پەیوەست بێت بە بوونی ئەوی دیکە. بۆنمونە واتای باوك بوون و کوڕبوون کەسێك ناتوانێت لەیەك کاتدا کوڕی کەسێك بێت‌و باوکیشی بێت، بەڵام هەر ئەوکەسە دەتوانێت باوکی کەسێك بێت‌و کوڕی کەسێکی دیکە بێت، هەروەها خوشك‌و برایی، سەرو خوار، (علت) و (معلول)...هتد[7].

6) دوالیزمی دژیەك (Binary opposition): لە دوو پێناسەی (ئەنسایکلۆپیدیا)دا بەم جۆرە هاتووە:

"دوالیزمی دژیەك، بریتیە لە جیاوازی نێوان دژەکان یاخود دوو شت کە لە پێکهێنانیاندا جیاوازی دژبەیەکتر دروست دەکەن"[8]. هەروەها لەهەمان سایتدا هاتووە کە: "دوالیزمی

---

1 عبدالکریم سروش، نقدی و در آمدی بر تضاد دیالکتیکی، ل13.

2 J.A.Cuddon., The penguin dictionary of literary terms and literary theory, penguin books – London, six, p.205.

3 سعید سبزبان مراد آبادی. فرهنگ نظریه ونقد ادبی، واژگان ادبیات و حوزه‌های وابسته، انتشارات مُروارید، چاپ اول، 1388، هـ.ش. ل368.

4 رضا رشیدی، پارادوکس، سایتی هم اندیشی زبان و ادبیات فارسی.

5 J.A.Cuddon., p.205.

6 رضا رشیدی، پارادوکس، سایتی هم اندیشی زبان و ادبیات فارسی.

7 عبدالکریم سروش، نقدی و در آمدی بر تضاد دیالکتیکی، بڕوانە ل15.

8 ئەنسایکلۆپیدیا، ئەنتەرنێت.

دژیەك، سیستمێکی زمانەوانی و فیکریە، زادەی دژیەك بوونە بەشێوەیەکی تیۆری‌و ئامانج لێی دەرخستن‌و ڕونکردنەوەی دژ یەکێکە بەرامبەر دژەکەی"[1].

لە فەرهەنگی (نظریە و نقد ادبي)دا هاتووە کە: "پەیوەندی نێوان دوو شت یاخود دوو چەمکە کە لەسەر بنەمای بەرامبەر یەکبوونە وەك چاك و خراپ، ڕاستی و درۆ..."[2].

لە فەرهەنگی فەلسەفیدا هاتووە کە: "دوالیزم بوونی هەموو ئەو شتانەی لە دووبەش پێکدێن دوالیزم بوونیش وەك ئەو ڕایە وایە کە تێڕوانینی (دوانەی جووت)ی هەیە بۆ ژیان و بوون..."[3].

پاش خستنەڕووی ئەو پێناسە گشتی‌و فەرهەنگیانەی کە بۆ هەریەك لەو زاراوانە کرا، بەپێویستی دەزانم زۆر بەکورتی پەیوەندی نێوان هەریەك لەوانە ڕوونبکەمەوە.

ئێمە لە هەر مەودایەکدا باسی (تضاد و تناقض و دوالیزم) بکەین لەو کارە بەدەر نییە کە پێی دەوترێت (تقابل) بەرامبەرکردن یاخود بەرامبەر یەکدانان، بۆیە ئەم زاراوەیە خودی کارەکەیە بەڵام ناوەڕۆکی واتایی لە زاراوەکانی دیکەدایە.

1-1-1/ پەیوەندی نێوان (تضاد) و (تناقض):

(تضاد) جۆرە ڕێکخستنێکە کە ئاماژەیە بە جۆرێك لە پەیوەندی نێوان دیاردەکانی کە لە ڕووگەی دژبەیەك وەستاون و وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا پێکەوە کۆکردنەوەیان نەگونجاوە، بەڵام وەلانانی هەردووکیان گونجاوە[4].

سەبارەت بە پەیوەندی و جیاوازی لەگەڵ (تناقض)دا (ابوالحسن بنی صدر) دەنووسێت: "ئەگەر دوو گروپ، دوو شێواز، دوو بابەت، دوو فرمان، دوو دیاردە، هەردوو شتێك کە تۆ وێنای بکەیت، هەبن بەڵام دژی یەکتری بن، ئەوا پێیان دەڵێن (تضاد) دژیەك‌و پێیان ناڵێن (تناقض)، بەڵام ئەگەر یەکێکیان بوونی هەبێت‌و هەبوونی گریمانەکراوبێت، بەڵام پێچەوانەدژەکەی نەبێت، ئەوا پێی دەڵێن (متناقض)"[5].

سەبارەت بە (پارادوکس) وەکو پێشتر بەکورتی ئاماژەمان پێدا، کۆکردنەوەو ئاشتکردنەوەی دوو شتی پێچەوانەو دژیەکەو پارادۆکس "هیچ نییە جگە لە دەربڕینی چەمك‌و ڕونکردنەوەی بیروڕاکان بە شێوازێکی ناباوو خوو پێوەگرتوو، بەجۆرێك کە زەین‌و بیری گوێگر دەخاتە بیرکردنەوەی قوڵ‌و تێڕامان‌و پرسیاری بنەڕەتیانە، زەینێك کە دەگاتە ئەم قۆناغە، ئەوا بێگومان بە یەکێك لە باڵاترین قۆناغەکانی گەشەکردن و داهێنان گەیشتووە"[6].

---

[1] ئەنسایکلۆپیدیا، ئەنتەرنێت.

[2] سعید سبزبان، فرهنگ نظریە و نقد ادبي، ل69.

[3] جمیل صلیبا. المعجم الفلسفی. دار الکتب اللبنانی، بیروت، الطبعة الأولی، 1971م. ل285.

[4] پریسا رضایی، بر رسی تضاد و متناقض نما در اشعار احمد شاملو، پایان نامە کارشناسی ارشد رشتە زبان و ادبیات فارسی، دانشگاه کردستان، سال 1387 هـ.ش. ل28.

[5] ابوالحسن بنی صدر، تضاد و تناقض، نوفل لوشاتو، چاپ دوم، کتابخانە جمهوری اسلامی، ل75.

[6] هوشنگ اشرافیان، زبان پارادوکس، سایتی www.literature-dept.talif.ir

لە پەیوەندی دژیەك‌و پارادوكس دا دەتوانین بڵێین: "(تضاد) یاخود (طباق) بەو واتایە دێت كە نوسەر یاخود گوتاربێژ چەند زاراوەیەك بهێنێت كە لە واتادا پێكەوە دژن‌و ناگونجێن بۆنمونە، كاتێك دەڵێین: (هەندێ لە مناڵەكان خەوتوون و هەندێكیان بەخەبەرن)، ئەمە واتە (خەوتن) و (بەخەبەربوون) دژیەكن، بەڵام پارادۆكس واتە كۆكردنەوەی ئەو دوو دژیەكە لەیەك بابەتدا بۆنمونە ئەگەر هەر لەو نمونەی پێشوو پارادۆكس دروستبكەین دەڵێین: (خەوتووی بەخەبەر یاخود بەئاگا) یان (بەخەبەری خەوتوو یاخود بێ ئاگا)، بەگشتی پارادۆكس باشترین‌و هونەریترین جۆری دژیەكە"[1].

"بەكورتی لە دژیەكدا، دوو دژیەك دراونەتە پاڵ دوو بابەتی جیاواز، بەڵام لە پارادۆكس دا دراونەتە پاڵ یەك بابەت"[2].

هەروەها سەبارەت بە پەیوەندی نێوان (متناقض) و (پارادۆكس) و جیاوازیان، ئەگەرچی پارادۆكس هێنان‌و كۆكردنەوەی دوو سیفەتی ناكۆكەو دەدرێنە پاڵ بابەتێك، بەڵام "مەرجە دەبێت كۆكردنەوەی ئەو دوو ناكۆكە جوانی دروست بكات لە دەربڕین‌و مەرجیش نییە لە پارادۆكس دا هەمیشە دوو وشەی دژیەكمان هەبێت بەڵكو زۆرجار لە واتادا ماناكانیان یەك نایەتەوە یاخود لەگەڵ واقیع و لۆژیكی باودا ناگونجێت. پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین، كە هەر دەربڕینێك كە ناكۆك بوو ئەگەر ڕاڤەكردن‌و شیكاری و (تأویل)ی گرتەخۆی ئەوا (پارادۆكس)ە، بەڵام ئەگەر ڕوون بوو و هیچ ڕاڤەكردنێكی نەگرتە خۆی ئەوا (متناقض)ە، چونكە پارادۆكس پاش تێڕامان واتا بنەڕەتیەكەی تێدا نیەو ڕووكەشە"[3].

لە دەرئەنجامدا بۆمان دەردەكەوێت كە زاراوەی (دوالیزمی دژیەك) وەك پێناسەو چیەتی و بەكارهێنان، فراوانترە لە هەموو جۆرەكانی دیكەو بەڵكو هەموو ئەوانی تریش لەخۆدەگرێت.

(د.مكی نومان مظلوم) و (د.گۆران صلاح الدین شكر) لە لیكۆڵینەوەیەكیاندا لەوبارەوە دەڵێن: "سەبارەت بە پەیوەندی نێوان دژیەك‌و دوالیزمی دژیەك ئەوەی كە جەختی لەسەر دەكرێتەوە لەسەر پەیوەندی نێوان ئەو دوو زاراوەیەو هەموو ئەو چەمك‌و زاراوانەی تریش كە ڕەوانبێژان‌و ڕەخنەگرانی عەرەب بەكاریانهێناوە بۆ دژیەكبوون، كە بە زاراوەی فرەجۆر گوزارشتی لێكراوە، بەڵام هەموو ئەوانە هەرچەند جیاوازیش بن، بەڵام بەگشتی لەسەر بنەمای پرنسیپی دوانەیی دانراون"[4].

هەروەك ئەدەبناسێك دەڵێت: "دوالیزم كارێكی ڕەگ‌و ڕیشەدارە لە داهێنانی شیعریدا چونكە لە ناوەڕۆكی خۆیدا ڕەگەزەكانی دژیەكبوونی هەڵگرتووە كە دەتوانێت (دڵەڕاوكێ) و (جیاوازی) بخولقێنێ، بەجۆرێك كە تێكستەكە لە داهێنانێكی نەگەتیڤ تێدەپەڕێنێت كە هەندێ بابەتی ڕووكەش بڕیاری لەسەر بدات، بەڵكو دەیكاتە تێكستێكی چالاكی زیندووی نوێ،

---

[1] رضا رشیدی، پارادوكس، سایتی هم اندیشی زبان و ادبیات فارسی.

[2] وحیدیان كامیار، متناقض نما در ادب، مجله دانشكده ادبیات و علوم انسانی مشهد ژماره 3–4.

[3] مهدی صالحی. تضاد یا متناقض نما، مجلهٔ فارسی، دورهٔ 23، شمارهٔ 46. www.ensani.ir

[4] مكی نومان مظلوم و گۆران صلاح الدین شكر، ثنائیات الأضداد في شعر المتنبي، گۆڤاری زانكۆی كۆیە، ژمارە 11، ل308.

تێکستێك کە ڕاچەنین دروست دەکات و قوڵی بیرو خەونمان بۆ بەدیدەهێنێت، پێدەچێت هەر ئەم ڕەگەزە بنەڕەتیەش بێت کە ڕۆڵی نەمری دەداتە زۆر تێکستی داهێنەرانە"[1].

تا ئێرە ڕانانێکی خێرای زمانەوانی و پێناسەی فەرهەنگی دوالیزم و جۆرەکانی بوو، بەڵام نابێت ئەو ڕاستیەمان لەبیربچێت کە دوالیزمی دژیەك و هەموو جۆرەکانی لە سەرجەم مەودا جیاوازەکانی مەعریفەدا لەوانە (ثیۆلۆجیا، عیرفان، فەلسەفەو لۆجیك، ئەدەب) تایبەتمەندی بەکارهێنان و مێژووی خۆی هەیە کە بەپێویستی دەزانین بۆ زیاتر ئاشکراکردنی ڕەهەندە جیاوازەکانی (دوالیزمی دژیەك) هێندەی پێویست بکات لە مەودا جیاوازەکانی مەعریفەدا ئاماژەی پێبدەین بۆئەوەی لە گەردوونیبوونی ئەم چەمکەو دەرکەوتنی وەك تایبەتمەندییەکی بوون و ژیان، روونبکرێتەوە.

2-1/ دوالیزمی دژیەك و ثیۆلۆجیا

دوالیزم و دوالیزمی دژیەك، یەکێکە لە گەورەترین چەمك و ڕەگەزو ڕەهەندی پەی بردن بە شوناس و چییەتی خودی مرۆڤ و ژیان و بوون، چونکە بنەمای جیهان لەسەر دوانەیی و دژیەکبوون دامەزراوەو جیهان و مرۆڤ لەسەر بنەمای هێزە دژەکان خوڵقێنراون. وەك مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

زندگانی آشتی ضدهاست

مرگ آن کاندر جانش جنگ خاست[2]

واتە: ژیان پێکهاتووە لە ئاشتکردنەوەو پێکەوە هەڵکردنی دژەکان، مەرگی هەرکەسیش، ئەوەیە کە لە ناخیدا شەڕخواز بێت. پسپۆڕێکی دیکەی ئەم بوارە دەربارەی دەڵێت:

"دوانەیی گەردوون، جیهانبینی و بیروباوەڕێکە کە پەیوەست لەگەڵ باوەڕی یەکتاپەرستیدا گەشەی کردووە، بەتایبەتی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو لەنێوان سەرەتاکانی هەزارەی پێش زایین و ناوەڕاستی هەزارەی دوای زایین. باوەڕی یەکتاپەرستی زادەی یەکتاپەرستیە لە پەرستش و عیبادەتدا کە لەسەر بنەمای باوەڕبوون بە خوای تاك و تەنها دامەزراوە، هەروەها یەکتاپەرستی لە عیبادەت و پەرستشدا، زادەی یاخود کاردانەوەی باوەڕی فرە خواییە.."[3].

هەر ئەم توێژەرە بەردەوام دەبێ و دەڵێ: "دەگونجێت بەوجۆرە پێناسەی دوانەیی گەردوونی بکەین، کە بیروباوەڕێکە باوەڕی بە دوو دەسپێك و ڕەگەزو بنەڕەتی سەرەکی و جیاوازو دژبەیەك لەپشت بوون و جوڵەی ژیان و کات و مێژووەوە هەیە. گرنگترین تایبەتمەندی ئەم دوو ڕەگەزەش، ململانێیە لەپێناو ڕەتکردنەوەی یەکێکیان لەوی دیکەوە. ململانێی نێوانیشیان جووڵانەوەی کات و مێژوو و ژیانی مرۆڤایەتی بەرەو کۆتاییەکی بێگومان دەبات بەپێی سێ قۆناغ: قۆناغی یەکەم کە بە سەردەمی (زێڕین)ی دروستکراوەکان ناودەبرێت و لەو قۆناغەدا هێشتا (خراپە) ململانێ و جەنگی لەگەڵ (چاکە)دا بەرپا نەکردووە؛ قۆناغی دووەم، قۆناغی تێکەڵبوونی

---

[1] سراته البشير، الخطاب الشعري والثنائيات الضديهٔ، يناير 2011، ئەنتەرنێت.

[2] مولانا رومی، جلال الدين محمد بلخی. مثنوی معنوی، انتشارات الهام – تهران، چاپ اول، 1386هـ.ش. ل1296، چ1.

[3] فراس السواح، الرحمن والشيطان، دار علاءالدين للنشر – سورية، دمشق، الطبعة الثالثة، 2004م، ل11.

چاکەو خراپەیە؛ قۆناغی سێیەم کە دواقۆناغە، قۆناغی جیابوونەوەیە لەنێوان چاکەو خراپەداو بەتەواوی لەناوبردنی هێزی (خراپە)یە، تا جیهان وەك جاران باش‌و خاوێن ببێتەوە"[1].

بابەتی دوالیزم و دوالیزمی دژیەك، لەگەڵ دەسپێکی بوون‌و ژیاندا هەیە، چونکە هەر لە سەرەتاوە مرۆڤ عەوداڵی وەڵامی چەندین پرسیاری سەرمەدییە، لەوانەش چییەتی چاکەو خراپەیە.

دکتۆر عەلی شەریعەتی، لە کتێبەکەیدا "فرهنگ لغات" لەبارەی چەمکی (دوالیزم)و چۆنیەتی کەوتنەوەی لە دنیای ئایینناسیدا دەڵێت: "دوانەیی بەواتای باوەڕبوونە بە دوو کەس یاخود پێکهاتە، جیهان لە دوو کەس‌و هێزو هۆکار پێکهاتووە کە یەکەم، هیچ لێکچوونێکیان لەنێواندا نییە، هەردووکیان دەسپێکن‌و (قدیم)و دژیەکیشن، دووەم، دژایەتی لەنێوانیاندا هەیەو سێهەم دابەشبوون بۆ دوو جەمسەری خراپ‌و چاکەو ناشیرین‌و جوان. کاتێك دەڵێین هەموو هەبوون لە دوو هێزو هۆکار پێکهاتووە، واتە دوو سیمبوڵ و دروستکەری هەیە کە خودایە. باوەڕ بە دوانەیی، جۆرە جیهانبینیەکە کە دواتر دەگۆڕێت بۆ باوەڕ بە دوو خوایی کە خۆی ئێستا وەکو مەزهەبێك هەیە"[2].

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین، ئەو بیروباوەڕانەی کە لەسەر بنەمای دوانەیی دامەزراون، لەڕووی ڕوخسارو ناوەڕۆکەوە، پۆلێنیان بۆ سێ جۆر بکەین:

1- دوانەیی ڕەها.
2- دوانەیی بنەڕەتی.
3- دوانەیی میانەڕەو.

دوانەیی ڕەها، باوەڕی بە بوونی دوو بنەڕەتی یاخود دوو ڕەگەزی (ئەزەلی) هەمیشەیی‌و سەربەخۆو دژبەیەك هەیە، کە هەریەکەیان دنیابینی‌و دەسەڵاتێکی ڕەهای خۆی هەیە بەسەر جیهانەوە. جیهانێك بۆ گیان‌و ڕووناکی هەتاهەتایی، هەروەها جیهانێك بۆ ماددەو تاریکی هەتاهەتایی. ئەم دوو جیهانە نەچوونە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ یەکتر تا ئەوکاتەی تاریکی هێرشی کردە سەر ڕووناکی‌و چووە پێکهاتەکەیەوە، هەربۆیە پێویستبوو کە جارێکیتر لەیەکتری جیابکرێنەوە، ئەمەش بیروباوەڕی (مانویە).

سەبارەت بە (دوانەیی بنەڕەتی)یش، باوەڕی بە دوو دەسپێکی یەکسان هەیە لەڕووی بەهای ڕێژەییەوەو لەڕووی پەیوەندیان بە بوونەوە. بەڵام ئەم دوو بوونەوەرە دەسپێك‌و بنەڕەتی (ئەزەلی) هەمیشەیی نین بەڵکو (حادث)ن و هەردووکیان زادەی یەك خوای هەمیشەیی (ئەزەلی) و (قدیم)ن، کە پاش بوونیان بەردەوام لە ململانێدان، ئەمەش بیروباوەڕی زەردەشتیە.

جۆری سێهەمی دوانەیی، کە دوانەیی میانەڕەوە، باوەڕی بە یەك دەسپێك‌و بنەڕەت‌و تەنهایەکی (قدیم) و (ئەزەلی) هەیە کە هەر ئەوەش خوای ڕووناکیەکانی باڵایە. پاشان ئەم خوایەی باڵا. خوایەکی بچوکتر لە خۆی دروستکردووە کە ئەو خوایەی جیهانی خوارەوە، جیهانی ماددەی

---

[1] فراس السواح، الرحمن والشيطان، ل11.

[2] علی شريعتی، فرهنگ لغات، شرکت انتشارات قلم، چاپ چهارم، 1383 هـ.ش، ل148.

دروستکردووه. چونکە مادده بە سروشتی خۆی خراپە. هەربۆیە ناگونجێت خوای تاقانەی چاکە، خراپەی دروستکردبێت یاخود لە بوونی بەرپرسیار بێت، ئەمەش بنەماو بنەڕەتی بیروباوەڕی (غنوسی)یەکانە بە هەموو ڕێچکەکانیەوە[1].

ئەو پۆلێنکردنەی سەرەوە بەگشتی پۆلێنکردنی ئەو ئاینانە بوو کە باوەڕیان بە دوانەیی گەردوونی هەیە، لە ڕوانگەی خودی دوانەیی‌و دوالیزمی دژیەکەوە، بۆیە پێویستە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی چەمکی (دوالیزمی دژیەك)، کێومالێکی خێرای ناوەڕۆکی هەندێك لە ئاینەکان بکەین، تا بزانین لە فەلسەفەی بوونی ئەو ئاینانەدا بابەتی دوالیزمی دژیەك چ جۆرە ئامادەییەکی هەیە، بەڵام لێرەداو لەپێناوی ئەوەی چەمکی دوالیزممان زیاتر بۆ ڕوونببێتەوە، پێویستە جیاوازیی نێوان (دوانەیی) و (دوو جەمسەری) بکەین.

1-2-1/ دوانەیی و دووجەمسەری – بیروباوەڕی (تاو) وەك نمونە :

دووجەمسەری هێندەی ماناو واتای هاوکاری‌و یەکتر کامڵ کردن دەگرێتە خۆی هێندە واتای دژبوون‌و ململانێ ناگرێتە خۆی.

دووجەمسەری بیروباوەڕێکە کە باوەڕی بە دوانەیی بنچینەیی هەیە کە پێکهێنەرەکەی دووجەمسەری جیاوازو دژبەیەکن لە هەموو شتێکدا، بەڵام لەهەمان کاتدا هاوکارن‌و یەکێکیان بەبێ ئەوەی دیکە نابێت. لەئەنجامی ئەم جیاوازی و هاوکاریەی نێوانیان، دیاردەی ژیان سەرچاوەی گرتووەو هەر بەوهۆیەشەوە ژیان بەردەوامە.

باشترین نمونە سەبارەت بە دوانەیی دووجەمسەری، بیروباوەڕی (تاو)ی چینیە، کە بنەما فیکریەکانی ئەم بیروباوەڕە لەلایەن مامۆستا (لاو – تسو) وە دانراوە لە سەدەی شەشەمی پێش زاییندا.

لاو – تسو، لە کتێبە تاقانەکەیدا کە دراوەتە پاڵ ئەو، دەڵێت: "دەسپێکێکی (ئەزەلی) و (قدیم) هەیە کە پێی دەگوترێ (تاو). ئەم (تاو)ەش کەسایەتێکی خوایی نییە، بەڵکو ئەو سەرچاوەی هەموو بوونەو ڕاستیەکی ڕەهایە کە هەموو بوونەکانی تر کە ڕێژەیین لەوەوە هێز وەردەگرن. لەم دەسپێکە گشتیەوە دوو هێزی سەربەخۆ هاتوونەتە بوون، کە ئەوانیش هێزی (یانغ) واتە (موجب)و هێزی (ین) واتە (سالب)ە، بە خولانەوەی ئەم دوو هێزە بە دەوری یەکتردا هەزاران جۆر دروستکراوی تر هاتوونەتە بوون. هێزی (یانغ) لە ڕەنگی سپیدا خۆی دەنوێنێ کە ئاماژەیە بۆ ڕووناکی، هەروەها هێزی (ین) لە ڕەنگی ڕەشدا خۆی دەنوێنێ کە ئاماژەیە بۆ تاریکی"[2].

بەڵام لێرەدا ڕوناکی‌و تاریکی هیچ ئاماژەیەکی بەهایی‌و ڕەوشتی لەگەڵ خۆیان هەڵناگرن‌و هیچ کامیان چاکتر نییە لەوی تریان‌و هەروەها هیچ کامیان لە هەوڵی ئەوەدا نییە سەرکەوێ بەسەر

---
[1] فراس السواح، الرحمن والشيطان، بڕوانە ل12.

[2] لائودزو دائو. راهی برای تفکر، برگردان وتحقيق، دائوده جينگ، ترجمه: ع.پاشايی، نشر چشمه، چاپ پنجم، 1390 هـ.ش، ل448.

ئەوی دیکەدا، باشترین نمونه بۆ ئەم دووجەمسەریە، چواندنیەتی بە هێزی دووجەمسەریی موگناتیس.

لە ئاینەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆنیشدا نموونەی لەو جۆرە ئاینانەمان هەیە کە بنەڕەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دووجەمسەری نەك دوانەیی لەگەڵ بوونی ڕەگەزی ململانێی ڕوخساریو دەرەکی لەنێوان دوولایەنی ئەو دوانەدا. لەو نمونانەش دوانەیی لە پەرەستشی (کەنعانی)یەکاندا، کە خۆی لە دوانەی سەوزاییو وشکانیدا دەبینیەوەو وەك دوو کەسایەتی خوایی خۆیان دەردەخست کە ئەوانیش بریتی بوون لە (بعل) و (موت)، خوای (بعل) ژیانو سەوزایی بەدەست بوو بەڵام (موت) مردنو وشککردنی بەدەستبوو. ئەم دوو خوایە بەردەوام لە ململانێدا بوون، بەڵام هیچکامیان کۆتایی نییەو نایەت[1].

چاکەو خراپەو ڕەوشت بەگشتی لە بیروباوەڕەکانی کۆندا پەیوەستبوو بە کۆمەڵەوەو یاسا داخراوەکانی نێو کۆمەڵ ئاراستەی دەکردو هیچ پەیوەست نەبوو بە ئاینەوە. چونکە چاکەو خراپە لەو فیکرە ڕەسەنانەن کە ڕەگو ڕیشەیان لە سەرەتای بوونی مرۆڤەوە هەیەو چێنراوە لە عەقڵی مرۆڤدا، خواستی مرۆڤیش بۆ ئاین دەرئەنجامی پۆلێنکردنی ژیانو بوونە بۆ چاکەو خراپە. پێویستە ئەوەش بڵێین کە زۆرجار سروشتو دەرهاویشتەی تێگەیشتنی مرۆڤ لە سروشت، ئەو تێڕوانینە بەرهەمدێنێت کە ئایا ژیانو خودی سروشت چاکە یان خراپ؟

پاش پەیدابوونی ئاین، چەندین جۆر پەرستش پەیدابوو، بەڵام هەمووی لەژێر کاریگەری هۆکاری چاکەو هۆکاری خراپەدا بوو، بەوجۆرە دوانەی چاکەو خراپە نەك تەنها بوونە دوانەی ڕەوشتی تاکەکان لە کۆمەڵگادا بەڵکو بوونە ڕەگەزی پێکهێنەری ئاینەکانیش کە بە ئاینی دوانەیی ناسراون[2].

لە باسی ئایندا پەیوەست بە بابەتە سەرەکیەکەی ئێمەوە کە دوالیزم و دوالیزمی دژیەکە، تەنها لە ڕەگەزی سەرەکیو پێکهێنەری بنەڕەتی ئەو ئاینە سەرەکیانە دەدوێین کە دوالیزمی دژیەك بووەتە پێکهێنەری جیهانبینیان و لەوبارەوە تەنها ڕانانێکی خێرای دەکەین، چونکە بابەتەکەی ئێمە لێکۆڵینەوە لە ئاینو خودا نییەو ئەوە جگەلەوەی ئەو بوارە زۆر فراوانەو ئامانجی ئێمە بە بەڵگە هێنانەوەی ئەو کایەیە نەك ڕاڤەکردنی.

2-2-1/ دوالیزمی دژیەك لە دیارترین ئاینەکانی هیند دا :

سەرەتا پێویستە ئەو ڕاستیە بڵێین کە مەبەستمان لە (هند) وڵاتی هیندستانی ئەمڕۆ نییە بەڵکو جوگرافیای فراوانی شێوە کیشوەری هیندە کە بە (هیندی دێرین)یش دەناسرێتو بە (مۆزەخانەی ئاینەکان)یش ناوزەد دەکرێت چونکە لانکەی سەدان بەڵکو هەزاران ئاین و مەزهەبە.

1-2-2-أ/ **ئاینی ویدا – Veda –**، ویدا بەواتای حیکمەتو دانایی دێت:

---

1 فراس السواح، الرحمن والشيطان، بڕوانە ل14.

2 محمد التونجي، اليزيديون واقعهم وتأريخهم ومعتقداتهم، المكتبة الثقافية، بيروت، الطبعة الأولى، 1995م، بڕوانە ل129.

له ئاینی (ویدا)دا که ڕزگاربوونی مرۆڤ له فەنابوونی (نەفس)دا دەبینێتەوە، دوو خوا بوونیان هەیە:

یەکەمیان: Indra – اندرا، که خوای سروشت و هەورەبروسکەو لافاوو بارانەو بەگشتی جۆره خوایەکی شەڕکەره به سودی خەڵك و لایەنگرانی خۆی.

دووەمیان: varouna – وارونا یە، که خوای عەقڵ و حیکمەت و داناییه. وارونا سەرەتا خوای شەوو ئەستێره بووه، بەڵام دواتر بووەته خوای جیهان و ڕەوشت و جوڵێنەری سروشت و ڕێنمایی کاری مرۆڤ[1].

ئەم باوەڕه گەشه دەکات و له چوارچێوەی ئاینێکی نوێدا گۆڕانکاری گەوره بەخۆیەوه دەبینێت بەتایبەتی باوەڕی دژایەتی نەفس و دوورکەوتنەوه له چێژەکان.

1-2-2-ب/ ئاینی براهما – Brahmanisme:

ئەم ئاینه بەلایەنی کەمەوه دەگەڕێتەوه بۆ سەدەی حەوتەمی پێش زایین. یەکێك له مەسەله بنەڕەتیەکانی ئەم ئاینه، باوەڕبوونه به هەردوو کەسایەتی (براهمن) یاخود (نەفسی جیهان) و (ئاتمەن) واته (نەفسی مرۆڤ).

بەواتایەکی تر ئەم ئاینه بڕوای وایه که مرۆڤ به ژیری ناتوانێت لەم جیهانه فراوانه تێبگات و پەی پێبەرێت لەکاتێکدا خۆی بەشێکی زۆر بچوکه لەم جیهانه گەورەیەو ناتوانێت له چییەتی بنەڕەتی بگات، بۆیه مرۆڤ پێویستی به (بصیرت)و هەستێکی تر هەیه جگه لەم عەقڵ و هەسته ئاشکرایانه که هەستی (ناهەست)ەو داگیرسانی ڕووناکی ناخه، که بەو قۆناغه دەوترێت (ئاتمەن)، وەك وتراوه "به مەعریفه ناتوانین بگەینه ئاتمەن"[2].

ئاتمەن پەی بردنه به خوای خود بەڵام، "ئەو خوایەی که خوای ڕەهایەو سەرچاوەی دەرکەوتنی گەردوون و بوونه (براهما)یه که خوای باڵایەو به ڕێژەنی (فیضی) خۆی بوونی داوەته دروستکراوەکانی ترو له بەرزاییەکانی زنجیره چیاکانی (هیمالایا)داو لەناو ڕووناکی و فریشته پیرۆزەکاندا نیشتەجێیه"[3].

لێرەدا ململانێ و دژایەتی لەنێوان (خودی مادی) و (خودی باڵاتر له سروشت)دایه که به گەڕانەوەیه بۆ ناخ و وازهێنانه له چێژی مادی و دنیایی تا گەیشتن به (ئاتمەن) و پاشان ئەگەر (گیان) توانی له ململانێدا بەردەوامبێت و خۆی ڕزگار بکات له هەموو کۆت و پێوەنده جەستەیی و ماددیەکان ئەوا دەبێته خودی (براهمن) یاخود (براهما) چونکه خودی ئەو هیچ نییه جگه له بونیادێکی ڕۆحانی و شاراوەو خاڵی له خودو مادده[4].

1-2-2-ج/ ئاینی هیندۆس:

---

[1] مهرداد ایزد پناه، آشنایی با ادیان قدیم هند، انتشارات محور، چاپ اول، 1381 هـ.ش.، بڕوانه ل18.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل32.

[3] صدیق الدملوجی، الیزیدیة، مطبعة الأتحاد، موصل – العراق، 1949م، بڕوانه ل141.

[4] مهرداد ایزد پناه، آشنایی با ادیان قدیم هند، ل48.

له سەدەی شەشەمی پێش زاییندا، لەبەرامبەر هەژموونی پیاوانی ئاینی برهماداو دەرئەنجامی کەوتنەوەی دوو ئاینی دژیەکی (جاین و بودا)دا، ئاینی هیندۆس بە ڕەسمی ناسرا، کە ناسراوترین خواکانیان (شیوا) و (ویشنۆ) بوو کە لە جەستەی (ڕاما) و (کریشنا)دا دەرکەوتبوون و خۆیان دەنواند.

شیوا: خوای وێرانکاری و بەرهەمهێنان بوو، شتانێکی دروستدەکردو پاشان خراپ و وێرانی دەکرد، لەم ئاینەدا هێزی وێرانکاری و دروستکردن (واجب الوجود) بوو، ئەم خوایە لەگەڵ خواکانی ستەمکاری و خوێنڕێژی و ڕەشی هاوبەشبوو.

ویشنو: پارێزەری جیهان، چوار بازووی بەهێزی هەبوو، ئەم دوو خوایە بەردەوام لە ململانێ و دژایەتیدا بوون[1].

1-2-2-د/ ئاینی بودا:

بودا یاخود گتاما، کە ئاینەکەشی بەناوی خودی کەسەکەوەیە، جەختکردنەوەی لەسەر ململانێی (من) دەروون و سروشت و جیهانی بڕاوەیە (کە وەك پەردەی نەزانی) ڕێگرە لەبەردەم بینینی ڕاستی و حەقیقەتی بووندا، بەڵام (بودا) حەوت ڕۆژ ئارامی گرت و بە بێدەنگی مایەوە تا لە ئارەزووپەرستی و ئێرەیی بردن پاکبوویەوەو (بەپێی باوەڕی تناسخ) سەرلەنوێ لەدایکبوویەوە، لەم حەوت ڕۆژەدا ململانێ لەنێوان (بودا) و (مارا – Mara)دا بوو کە سیمبوڵی هێزی خراپەو شەیتانە لە ئاینی بودادا، کە بەردەوام گومان و وەسوەسەی دەخستە دڵی بوداوە، بەڵام بودا کە لەژێر داری مەعریفەدا بێدەنگ و ئارام بوو، سەرئەنجام سەرکەوت بەسەر ماراداو ڕزگاری بوو[2].

1-2-3/ دوالیزمی دژیەك لە دیارترین ئاینەکانی ئێران دا:

ناسراوترین ئاین کە دوانەی چاکەو خراپەو ڕووناکی و تاریکی و ململانێی نێوانیان، بووبێتە شوناس و ئەو دوو ڕەگەزەی وەك دوالیزمی دژیەك تێدا دەرکەوێت، ئاینی (زەردەشت)ییە، بەڵام لێرەدا بەکورتی بەر لە باسکردنی ئاینی زەردەشت باسی ئاینی (میترا) یاخود میترائیزم دەکەین، چونکە وەك مێژوو و بابەت لەپێشترەو دواتر لەڕووی ڕۆڵ و گرنگیەوە کەمێك زیاتر لە ئاینەکانی تر، بایەخ بە ئاینی زەردەشت دەدەین.

1-2-3-أ/ ئاینی میترا:

بناغەی مهرپەرستی یا میترائیزم لەسەر ئەو باوەڕەیە کە مهر (خۆر) خوای گەورەیە، خواکانی دیکە لەو بچوکترن. میترائیزم لەسەر بنچینەی پەرستنی ئاگرو پەرستنی هێزەکانی

---

[1] مهرداد ایزد پناه، آشنایی با ادیان قدیم هند، ل58.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل74.

سروشتو دەستگرتن بەسەر (سحر) جادوودا دامەزراوە، جادوو پێویستیەکی پەرستنی هێزەکانی سروشتەو ئەم ئاینە باوەڕی بە ڕۆحی پاكو پیس هەیە کە لە جیهاندا دەستبەکارن[1].

جادوو، بریتیە لە کۆمەڵێك کردار کە مرۆڤ بۆ خۆپاراستن لە ڕۆحی خراپەو ڕاکێشانی ڕۆحی چاکە ئەنجامی دەدات.

میترا لە خوا هاوبەشەکانی ئێرانیو هیندی بوو، میترا بە چاودێری جیهان دەزانراو، بڕوادارانی پێیان وابوو میترا لە نەبەردی نێوان مرۆڤ و دێوەکاندا، یاوەری مرۆڤە[2].

1-2-3-ب/ ئاینی زەردەشت یاخود زەردەشتی:

ئەگەرچی هەندێك لە زانایانی بواری لێکۆڵینەوە لە ئاینی زەردەشت، جیاوازی دەکەن لەنێوان ئەو ئاینە ڕاستیەی کە زەردەشت هێناویەتیو لەگەڵ ئەو ئاینە زەردەشتیە کە جێگرەوەکانی بانگەوازی بۆدەکەن، کە کرۆکی ئەو جیاوازیەش لە یەکتابوونی و دوانەیی بوونی بیروباوەڕەکەیدایە[3]، بەڵام ئەوە هیچ لەو ڕاستیە کەم ناکاتەوە کە ئاینی زەردەشت زیاتر لە هەموو ئاینەکانی تر لەسەر بنەمای دوو ڕەگەزی جیاوازو دوانەی دژبەیەك دامەزراوە بەجۆرێك کە دوانەی دژیەك شوناسو کرۆکی جیهانبینی ئەم ئاینەیە.

هەر لەم بارەیەوە وتراوە: "ئاهورامزدای خوای زەردەشت هەمیشەییو ئەبەدیە، زەردەشت بە ژیرو بینەرو بەتواناو زانای دەزانێت، کە ویستی جیهان دروست بکات. لە سەرەتاوە ڕۆحێکی نەمرو ڕەهای بەناوی (وهومن) دروستکرد، یانی (ڕەوشت، زەین، فیکرو ئەندێشەی چاك) لە دواییدا وهومن هەموو دیاردەکانی جیهانی دروستکرد[4].

زانایەکی تر لە ڕوونکردنەوەی ئەم ئاینەدا پێی وایە، لە بیروباوەڕی زەردەشتدا دوو سیستەمی یەزدانی بەناوی بوونەوەری بەد (ئەنگرمئی نو) و بونەوەری چاك (سپنتامئی نو) هەن، یانی بوونەوەری باشو بوونەوەری خراپ کە هەمیشە لە جەنگدان، هەریەکەشیان چەندین یاوەرو فریشتەیان هەیە[5].

لە گاتاکاندا ئەنگرەمەینو هۆکاری چەپەڵیەو سپەنتامەینۆ سەرچاوەی پیرۆزی و پاکی. ئەو دووە هەر لەسەرەتاوە وەك دوو برالەو هاوتا هەن، لە (یەسنا45، 2) هاتووە کە: "من دەمەوێ لەو دوو ڕەگەزە بدوێم کە لەسەرەتای ژیانەوە هەن – لەوەی کە یەکە پیرۆزەکەیان بە چەپەڵەکە دەڵێت: هەست، ئامۆژ، هۆش، ئارەزوو گوفتارو کرداری ڕەوانی ئێمە دووبرالەو یەکسان نین" هەروەها لە (یەسنا39، 4) هاتووە کە: "ژیانو مردن لە بەیەك گەیشتنی ئەو دوو ڕەگەزە پەیدابوو"[6].

---

[1] عەبدوڵڵا موبلغی ئابادانی،مێژووی ئاینی زەردەشت.وەرگێڕانی بۆ کوردی:وریا قانیع،خانەی چاپو بڵاوکردنەوەی قانیع،چاپی دووەم بڕوانەل22.

[2] عبدالله موبلغی ئابادانی، مێژووی ئاینی زەردەشت، وەرگێڕانی وریا قانع، بڕوانە ل24.

[3] علی شریعەتی، فرهنگ لغات، ل221.

[4] علی شریعەتی، تأریخ و شناخت ادیان، ج2، انتشارات قلم، 1383 هـ.ش. ل203.

[5] عبدالله موبلغی ئابادانی، مێژووی ئاینی زەردەشت، وەرگێڕانی وریا قانع، بڕوانە ل47.

[6] هاشم رضی، زەردەشتو ئامۆژگارییەکانی. وەرگێڕانی: م. گۆمەیی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی 2000 ز. ل66.

ئەم دوو هێزە (سپەنتامینو – ئەنگرەمینو) لە سەرەتای دروستبوونەوە دوو هێزی دژبەیەکترین، یەکەمیان لەگەڵ بیری باش، گفتەی باش و کردەوەی باشدایەو دووەمیان دژیەتی، مرۆڤی دانا لەنێوان باشەکاندایە[1].

"لەسەرەتاوە، جگە لە خواوەند – ئاهورامزدا هیچکەنەبوو. بوونێکی تەواو گشتگیرو خوایەتیەکی ڕاوەستاو لەسەر خودی خۆی و قایل بە بوونی خۆی. بەڵام ئەم خوایەتیە بڕیاریدا بە دەرچوونی لە سستیەکەی و بە ڕوو خستنی جگە لە خۆی بەرەو بوونەوەر هەتا ئەوەی یەکەمین دروستکراوی بریتی بوو لە دوو گیانی دوانەیی کە ئەوانەش (سپەنتامینو و ئەنگرەمینو) بوون. ئەوجا خواوەند تایبەتمەندی ئازادی پێبەخشیون. سپەنتامینو چاکەی هەڵبژاردووەو ناوبراوە بە گیانی پیرۆز، ئەنگرەمینۆش خراپەی هەڵبژاردووەو ناوبراوە بە گیانی بەدی و بەرەنگاری هەموو کردارێکی باش"[2].

زەردەشتایەتی هەموو جیهانی فیزیایی وادەبینێت کە لە خۆیدا چاکەو هەرچی گەندەڵی هەیە پاشتر لەلایەن (ئەهریمەن)ەوە هێنراوەتە ناوەوە وەك بینیومانە، جیهانی گیان نمونەی ئەو جیهانەیە بەڵام لە بنچینەشدا لێی جیاواز نییە، لە دواین ڕۆژدا سەرەنجام هەموو ئەو خراپانە تێکدەشکێنرێن کاتێك (ئەهریمەن) لەناودەبرێت یان بە تەواوی بێ توانا دەکرێت[3].

لەکاتێکدا خەڵکی کۆبوونەتەوەو پرسیاری چاکەو خراپەو ڕوناکی و تاریکی لە زەردەشت دەپرسن، لە وەڵامیاندا بە هۆرەگوتن دەڵێ:

ئێستا بۆ ئێوە ئەی پەیجۆرانی ڕاستی و
ئەی خەڵکانی دانا دەئاخفم..!
لەمەڕ دوو مەزاری گەورەوە، (دوو مەزاری گەورە مەبەست دوو هێزی نەیارو دژبەیەکن)
هەروەهاش شێوەی ستایشی ئەهۆراو
رامانی پاك و
زانستی چاك و ئاینی ڕاستی،
تا تیشك و ڕۆشنایی ڕاستەقینە بناسن و
بە ڕەسایی و شادومانی بگەن
گاتا، ها تی 30، سروودی 1

کەوایە،
پەیڤە هەرە باشەکان بەگوێی هۆش ببیسن و
بە رامانی ڕوون بڕوانن،
هەریەك لە ئێوە،
یەکێك لەم دوو ڕێگایە بۆخۆی هەڵبژێرێت و

---

[1] عەبدوڵا قەرەداغی، زەردەشت، چاپخانەی تیشك، چاپی دووەم، سلێمانی 2007 ز، بڕوانە ل136.

[2] فیراس ئەلسەواح، خواوەندو شەیتان، وەرگێڕانی: بەختیار عەزیز، چاپخانەی ڕۆژهەڵات– هەولێر، چاپی یەکەم 2011 ز. ل96.

[3] ر.س.زێهنەر، پوختەیەك لە بیروباوەڕی زەردەشتی، وەرگێڕانی: ئازاد حمە شریف، چاپخانەی ماردین– هەولێر 2000 ز. بڕوانە ل71.

بەر لە بویەری مەزن
ڕاپەڕن و بە دروستی،
ئەم ئاینە فێر بن و پەرەی پێ بدەن
گاتا، ها تی 30، سروودی 2

ئەو دوو گەوهەرە لفانە،
هەر لە سەرەتاوە،
لەناو رامان و خەیاڵدا پەیدابوون،
یەکێکیان چاکە دەنوێنێت و ئەوی دیکە خراپە،
لەو دووانە
مرۆڤی ژیر ڕاستی و دروستی هەڵدەبژێرێت،
نەزانیش خراپەو چەوتی
گاتا، ها تی 30، سروودی 3[1]

لە ئاینی زەردەشتدا ڕەگو ڕیشەی دوانەیی یاخود دوالیزمی لە (گاتا)کاندایە کە سەبارەت بە چیەتی ڕاڤەی جۆراوجۆر کراوە، کە لە (یسنا30) (بەندی 30)دا باس لە سەرەتای سەرهەڵدانی دوانەیەك دەکات کە لە بیرو گوفتارو کرداردا ناسازن و یەکێکیان چاكو ئەویتریان خراپە، بەڵام کە ئەو دوانە پێکدێن ژیانو مردن بەدیدێت. لەمبارەیەوە پەیڕەوانی قوتابخانەی دوانەیی ڕەوشت، دەڵێن: ئەم بەندەی ناو گاتاکان باس لە سیستمێکی بیرکردنەوە دەکات کە تێیدا چاكو خراپ لە جەنگدان. دوانەیی، دیاردەیەکی فیکریو نمونەیەکی ڕەفتارییە کە سەرەتا لە زەینو دواتر لە گوفتارو کرداردا ڕەنگدەداتەوە، بەڵام پەیڕەوانی دوالیزمی یاخود دوانەیی دروستکردن (خولقاندن) لەوباوەڕەدان کە ئەم بەندە باس لە سیستمێکی خولقاندن دەکات کە تێیدا دوو هێزی (ئەزەلی) چاکەوخراپەیان بەدیهێناوەو شەڕو ململانێی بەردەوام هەیە لەنێوان دروستکراوەکانیاندا، واتە یەکەمیان باوەڕی بە دوو ڕەفتاری دژ و دووەمیان بە دوو بەدیهێنەری دژ هەیە.
لێرەداو لە هەردوو گریمانەکەدا، جیهانی دروستکراو یاخود بینراو کە جیهانی ڕەها نییە جیهانی دژەکانە، کە تاریکی بێ ڕووناکی و چاکە بەبێ خراپەو...هتد نابێت. دژبوونی ئەو دوو ڕەگەزە پێکهێنەرە سەرەکیەش دژیەکبوونی ئەرکی نییە وەکو بۆنمونە (ژنو پیاو) بەڵکو دژیەکبوونی ماهیەتو چیەتیە وەکو ڕووناکی و تاریکی"[2].

1-2-3-ج/ ئاینی دەیەسان (دیصان):

ناوی هەڵگری بانگەوازی دەیەسانە کە یەکێکە لەو سێ ئاینەی کە پاش (زەردەشت) باوەڕیان بە دوانەیی هەبووە، "ئەم ئاینە بانگەواز بۆ ئەوە دەکات کە هەموو چاکەیەك لە

---

1 بابان سەقزی، زەردەشت هیوای ڕزگاری، بەڕێوەبەرایەتی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی 2006 ز. ل225-226.
2 فرهنگ مهر، فلسفە زردشت، چاپ دیبا، چاپ هشتم، 1384 هـ.ش. بڕوانە ل77-79.

ڕووناکیەوەیەو هەموو خراپەیەکیش لە تاریکیەوە، خوای خێر بە سروشتی خۆی چاکە ئەنجام دەدات و خوای شەڕەنگێزیش بە سروشتی خۆی خراپە"[1].

1-2-3-د/ ئاینی مانی یاخود مانیزم:

مانی، سی (30) ساڵ پاش دەیەسان سەریهەڵداو باوەڕی وابوو کە چاکەو خراپە تێکەڵەیەکن.

(ڕوناکی) لەم ئاینەدا پیرۆزترین و گەورەترینە، بەڵام لەگەڵ باڵادەستیدا لەبەرامبەر "هێزی دووەم کە (تاریکی)یە نەبۆتە بەهێزترین، بەڵکو بە بەردەوامی ڕووبەڕووی ململانێی ئەو هێزە بووەتەوە. لێرەشەوە بیری (دوانەپەرستی – Dualism) لەم ئاینەدا دەردەکەوێت لەگەڵ بیری یەکتاپەرستی کە یەك هێزی بێ سنوورو بێ هاوتایە، جیادەبێتەوە"[2].

مانی پێیوابوو کە "ڕووناکی پێنج تایبەتمەندی هەیە، کە هێزێکی ئارام و لەسەرخۆو نهێنیپارێزی وریاو ژیرو لێهاتووەو خۆشەویستی بەندەکانیەتی و جێگای باوەڕو متمانەو زیرەك و وردبینە، لەبەرامبەر (بێ باوەڕیو بێ وەفاییو کینە لە دڵیو کاولکاریو سوتێنەریو نەزانی) هێزی تاریکی.

ئەم خەسڵەتە باشانە بۆ (ڕووناکی) و خراپانە بۆ (تاریکی) دەرئەنجامی ئەوەبوو کە یەکەمیان (خودا)ی ڕاستەقینەو شایستەی پەرستن و دووەمیان لە ناچاری خراپی و دڵڕەقیو دەسەڵاتی ستەمکاری، پایەی خودای وەرگرتبوو"[3].

فەلسەفەی دروستبوون لای مانیزم بۆ بنیاتنان و درێژەپێدانی ژیانی بۆ یەکەمین دوو دروستکراو دەگەڕێتەوە کە یەکێکیان (مرۆڤی کۆن)ەو ئەویتریان (شەیتان)ە، ئەو دووانەش کە لە دوو ڕەگەزی جیاواز پێکهاتوون بە مەبەستی گواستنەوەی شەڕو ململانێی هەردوو هێزی (ڕووناکی و تاریکی) بۆ خۆیان، "سەرەتا (تاریکی) دروستکراوێکی بەناوی (شەیتان) دروستکرد تا لە لێدانی هێزی ڕووناکیدا هاوکاری بکات"[4].

باوەڕبوون بە دوانەپەرستی لای مانیزم، تەنها ئەوەندە نەبوو کە دوو هێز ڕۆڵی خۆیان لە باڵادەستی بوونەوەرو جیهاندا ببینن، بەڵکو وەك یاسایەك بۆ ئاستە جیاوازەکانی خوارەوە لە دروستکراوەکانی دیکەش، دابەزیبوو.

1-2-3-ﻫ/ ئاینی مەزدەك:

لە سەردەمی قوبادی ساسانی دا سەریهەڵدا واتە (487ی زایینی)، دواتر (نەوشیروان) پاشای ساسانی کوشتی. ئەمیش هەمان تێڕوانینی مانی هەبوو بۆ هەردوو ڕەگەزە سەرەکیەکەی

---

[1] محمد التونجي، اليزيديون، ل129.

[2] فرهنگ مهر، فلسفه زردشت، بڕوانە ل77–79.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل130.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ل132.

ڕووناکی و تاریکی کە وەك دوانەیەکی پێکهێنەرو دروستکەر سەیری دەکردن، بەڵام جیاوازی لەوەدابوو کە (مەزدەك) باوەڕی وابوو کە ڕووناکی جیهانێکی هەستیارەو تاریکی نەزانێکی کوێر، ڕووناکی هەرکارێك دەکات بە مەبەستو ویستی خۆی دەیکات، بەڵام تاریکی کارەکانی بە ڕێکەوتە[1].

4-2-1/ دوالیزمی دژیەك لە ئاینی کۆنی میسری دا :

لەبەر زۆری ئاینەکانی کۆنی میسریەکان، ناچار یەك نمونە بۆ بابەتەکەمان دەکەینە بەڵگە بۆ ئەو ناوچە جوگرافی و شارستانیەتە قوڵو مێژووە دوورو درێژە.

4-2-1-أ/ (حورس) و (سیت) دوو خوداوەند لە ئاینی میسری کۆن و سەرهەڵدانی دوانەی گەردوونی :

لە کۆتایی هەزارەی چوارەمی پێش زایندا، هەندێ نەتەوە کۆچیان کردووەو لەگەڵ نەتەوە ڕەسەنەکانی میسردا، پێکەوە جێگیربوون، ئەم دوو پێکهاتەی دانیشتوان جگە لەوەی بەردەوام لە ململانێدا بوون تا دواتر لە قەوارەیەکدا یەکخران، هاوکات بڕوایان وابوو کە خواکانیشیان لە دژایەتی یەکتریدان.

(سیت) کە خواوەندی دانیشتووە ڕەسەنەکان بوو لەگەڵ (حورس)دا، دوانەیەکی دژیان لە ناخ و زەینی میسریەکاندا چاندبوو، کە وەك باوەڕێكو ئاینی میسری بەردەوام بوو، بەجۆرێك کە میسریەکان باوەڕیان وابوو کە خواوەند (حورس) نوێنەری هەموو هێزە چاكو ئەکتیڤەکانەو سەروەری ئاسمان و خۆرە کە مایەی ژیانە، بەڵام خواوەند (سیت) یەکەمین دوژمنی خۆرو هەموو ڕووناکیەکە بە جۆرە جیاوازەکانیەوە، ئەم وێنە سەرەتاییەی نێگەتیڤو ئەکتیڤ (کاراو ناکارا) زیاتر دەربڕا لە دوانەی ڕوناکی و تاریکی، یاساو ئاژاوەدا، بەڵام بەگشتی دوالیزمی دژیەك ڕەگەزی یەکەمو پێکهێنەری بنەڕەتی بوو لەم جیهانبینیەدا[2].

5-2-1/ نمونەیەك لە ئاینەکانی کیشوەری ئەمریکا :

5-2-1-أ/ ئاینی (omeecuhtli) ئومیکوهتلی واتە، (خوای دوانەیی) :

ئەم ئاینە بۆ ئەم لێکۆڵینەوە زۆر جێگای سەرنج بوو، بۆیە وەك تەنها نمونەی ئاینەکانی کیشوەری ئەمریکا، ئاماژەمان پێداوە، ئاینی خوای دوانەیی وەك لێکۆڵەرێك ڕوونیکردۆتەوە، دەڵێ: "ئەو بوونە بەرزو بڵندیە لە ئاینی (ئەزیتیك)ی مەکسیکی دا، کە لە دەرەوەی شوێنو کاتە، سەرچاوەی ژیانە، هەندێ لە لێکۆڵەران وایدەبینن کە مەکسیکیەکان بێگومانن لەوەی کە هەموو شتێك لەم بوونەدا هەڵگری یەکیەتی و یەکبوونێکە لە پێکهاتە دژو جیاوازەکان، لە نێرو مێ، لە ڕووناکی و تاریکی، جوڵەو ئارامی، یاساو بێ یاسایی، ئەم دوالیزمی دژیەکە، پێکهێنەری بنەڕەتی هەموو شتێکەو لە هەموودا هەیە، هەروەها بڕوایان وایە لەم ڕاستیە بنەڕەتیەوە ژیان هاتووەتە

---

[1] محمد التونجي، اليزيديون، بڕوانە ل129.

[2] فیراس ئەلسەواح، خواوەندو شەیتان، وەرگێڕانی: بەختیار عەزیز، بڕوانە ل67.

بوون، هەربۆیە ئەم خوایە کە شاراوەیەکی زۆر نهێنیان بۆ ئاشکرا دەکات (واتە خوای دوالیزمی دژیەك)، بەڵام ناتوانین بیناسین هەربۆیە تەنها خوایە کە پەرەستگای نییە"[1].

1-2-6/ دوالیزمی دژیەك لە ئاینی ئێزیدی (الیزیدیة)دا:

پەیڕەوانی ئەم ئاینە، کە کاریگەری ئیسلامو مەسیحیو ئاینو تەوژمی فیکری دیکەیان لەسەرە بەتایبەتی ئاینی (مانی یاخود مانیزم) باوەڕیان بە خوا هەیە، بەڵام لە ڕاڤەکردنی ڕۆڵی (إبلیس) شەیتان دا، ڕەنگدانەوەی دوانەیی یاخود دوالیزمی ئاینی (مانی)یان پێوە دیارە، لەوەدا کە سەبارەت بە پێگەی (إبلیس) مەلیك تاوس دەڵێن: "ئەو خوایەی کە سنورێك نییە بۆ بەخشندەیی لەگەڵ دروستکراوەکانیدا، هیچ زیانێکیان پێناگەیەنێتو خراپەی ناوێت بۆ بەندەکانی چونکە ئەو چاکە، بەڵام شەیتان شەڕەنگێزەو پەلکێشیان دەکات بۆ خراپەکاری و خۆیشی خراپە، بۆیە ژیری لەوەدایە هەرکەسێك خۆشبەختی دەوێت با پشت بکاتە پەرستشی خواو هەوڵ بدات ڕەزامەندی شەیتان دەست بخات"[2].

هەروەها باوەڕیان وایە کە خوا فریشتەکانی تاقیکردەوە کە داوای لێکردن کڕنوش بەرن بۆ ئادەم بەڵام (إبلیس) سەرکەوتووبوو کە نەیبرد بۆیە بوو بە سەرگەورەی فریشتەکان، هەربۆیە پێویستە، کۆمەك لە هێزی شاراوەی شەیتان وەربگیرێ بۆ دژایەتی چاکەو پشت بە تاریکی ببەسترێ لەبری ڕووناکی، ئا بەمجۆرە خۆ بپارێزرێ لە شەڕو گێچەڵی شەیتان[3].

هەروەها لە کتێبی (جلوە)دا هاتووە (کە کتێبی پیرۆزی ئێزیدیەکانە) کە مەلیك تاووس پێش هەموو دروستکراوەکان، دروستکراوەو ناوێکی دیکەشی هەیە کە بریتیە لە (کاروبیم) واتە، پاش خوای جیهانیان[4].

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئێزیدیەکان باوەڕیان بە دوو هێزی کارا هەیەو هەردووکیان پیرۆز ڕادەگرن کە ئەویش (خوا)ی دروستکەرو (شەیتان)ی سەرچاوەی خراپەو شەڕەنگێزییە، بەڵام بەردەوام خێرو قوربانی و جەژن بۆ شەیتان دەکەن تا لە شەڕی دووربنو ڕازی بکەن. لێرەدا گرنگ ئەوەیە دوو هێزی بزوێنەری بوون لەم باوەڕەدا هەیە کە چاکەو خراپە یاخود تاریکیو ڕووناکییە.

1-2-7/ ئاینەکانی یەکتا پەرستی و دوالیزمی دژیەك:

---

[1] ا.امام عبدالفتاح امام، معجم ديانات وأساطير العالم، ج3، مكتبة مدبولى، 2008ز، ل62.

[2] مجموعة من المؤلفين، موسوعة العراق الحديث، مكتبة النهضة، ج2، الطبعة الأولى، 1989م. ل1005.

[3] محمد التونجي، اليزيديون، ل125.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ل126.

بێگومان مەبەستمان لە ئاینەكانی یەكتاپەرستی، ئەو ئاینانەیە كە لە دۆكترین (عقیدە)و جیهانبینیدا باوەڕیان بە خوای (تاك) و هەروەها لە پەرستشدا خوای تاقانە دەپەرستن‌و باس لە (وەحی) نیگای ئەو خوایە دەكەن بۆ مرۆڤو هەڵگری چەندین (دۆگما)ن كە بەشێكی دانەبڕاوە لە بڕواهێنان بە پیرۆزیەكان. لە گرنگترین و دیارترینی ئەو ئاینانە (یهودی، مەسیحی یاخود كریستیان‌و ئیسلامە).

بەرلەوەی تیشك بخەینە سەر بابەتی دوالیزم لای هەریەك لەم ئاینانە، بە پێویستی دەزانم باس لە دوو چەمك یاخود بابەتی سەرەكی بكەم كە پەیوەندیەكی تەنگاوتەنگی هەیە لەگەڵ بابەتەكەی ئێمە كە دوالیزم‌و دوالیزمی دژیەكەو لەم سێ ئاینەدا وەك خاڵێكی هاوبەش هەیە كە ئەگەر وەك یەك نەهاتبێت لە باسكردندا ئەوا بابەتێكی بنەڕەتیە لە هەر سێ ئاینەكەداو وەك كایەو بەڵگەیە بۆ بایەخ‌و گەردوونی بوونی مەبەست‌و بابەتە سەرەكیەكەی ئێمە.

1-2-7-أ/ **ئیبلیس یاخود شەیتان:**

ئیبلیس (Iblis). شەیتان یاخود سەركردەی شەیتانەكان، لە بنەڕەتدا فریشتەیەك بووە كە بە زمانی عیبری پێیدەوترا (Azazil)، هێمای شەڕەنگێزیەو لە هەموو ئاینەكاندا هەیە، بەڵام بە ناوو نازناوی جیاواز، هەندێك لە لێكۆڵەران ڕایان وایە: "كە وشەی (ئیبلیس) دەرئەنجامی شێواندنی وشەیەكی یۆنانی كۆنە (Diabolos) بە واتای شەیتان (Devil) یاخود وشەی شەیتان (Satan) بە عیبری. ئیبلیس تەخت‌و دەسەڵاتەكەی بەسەر (ئاو)ەوە داناوەو لەوێوە شەیتانەكان دەنێرێت بۆ لەخشتەبردنی مرۆڤەكان"[1].

شەڕەنگێز = شەیتان (Devil)، وەرگیراوە لە (Evil) واتە: شەڕ یاخود خراپە، (Do) واتە (كار)، بەسەریەكەوە (خراپەكار) شەیتان، كە بەرجەستەبووی هێزی خراپەو شەڕەنگێزیە لە جیهاندا، یاخود گیانی شەڕەنگێزی، شەیتانی گەورەش (ئیبلیس)ە، كە وشە عەرەبیەكەی لە (إلا باس)ەوە، وەرگیراوە، واتە لەدەستدانی تكاكاری و بێ هیوابوون...[2].

شەیتان لە هەرسێ ئاینەكەدا سەرچاوەی خراپەكاریەو هێزی شەڕەنگێزیە، بەگشتی شەیتان جەنگ‌و ململانێ‌و دژایەتی لەگەڵ مرۆڤدایەو لە هەوڵی لەخشتەبردنی مرۆڤدایە چۆن پێشتر بووە هۆكاری گومڕاكردن‌و وەدەرنانی (ئادەم و حەوا) لە بەهەشت‌و جیهانی نەمری. بەكورتی لەم باسەی (شەیتان) لە سێ ئاینەكەدا، پەیوەست بە بابەتی (دوالیزمی دژیەك) كە ئامانجی ئێمەیە، بەو دەرئەنجامە، مەبەستەكەمان كورت دەكەینەوە كە (شەیتان) یەكێك لە دوو دانەی (دوالیزمی دژیەك) پێكدەهێنێت لە بەشێك لە جیهانبینی سێ ئاینە ئاسمانیەكەدا، بەڵام سەبارەت بە چیەتی ئەو یەكەی دیكەی بەرامبەر بە (شەیتان) لە هەر ئاینێكیاندا تایبەتمەندی و ڕاڤەی جیاواز هەیە، بێگومان دواتر كە هاتینە سەر باسی (دوالیزمی دژیەك) لە هەركام لەو

---

[1] أ.امام عبدالفتاح امام، معجم دیانات وأساطیر العالم، ج2، 2008ز، ل173.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ج1، ل296.

ئاینانەدا بەشێوەیەکی جیاوازو تایبەت ئەو لایەنە ڕووندەکەینەوەو هاوکات چەندین ڕەگەزو بابەتی دوانەیی دیکەش لەهەرکام لەو ئاینانەدا دەخەینەڕوو.

1-2-7-ب/ چاکەو خراپە، نمونەیەکی هاوبەش لە دوالیزمی دژیەك:

مرۆڤ لەسەرەتای بوونیەوە لەم جیهانو ژیانەدا ڕووبەڕووی دوو جۆر شەڕو خراپەکاری بووەتەوە کە یەکەمیان خراپەو وێرانکاری سروشتیو دیاردەی ناوخودی سروشت بووەو دووەمیان، چاکەو خراپەی ڕەفتاری نێو تاکەکانی کۆمەڵگا بووە.

جۆری یەکەمیان، دیاردەیەکی دەرهاویشتەی ناوخودی سروشت بووە وەکو بومەلەرزەو بورکانو لافاوو...هتد، بەڵام جۆری دووەمیان دەرهاویشتەی ڕەفتاری خۆویستانەی مرۆڤی خاوەن ژیرییە، کاتێك کە لادەدات لەو بنەماو یاسا هاوبەشو بەڵێن لەسەردراوانەی کە لەناو کۆمەڵگایەکدا کۆدەنگی لەسەرەو وەك بەهای هاوبەش سەیر دەکرێت، وەکو دزیو ستەمو دەستدرێژیو..هتد.

لە سەرەتای ژیانی مرۆڤەوە جۆری یەکەمیان دووخوای هێزی چاکەو هێزی خراپەی پێکهێنا، بەڵام جۆری دووەمیان لە ئاستی ڕەفتاری تاکەکسیدا مایەوەو چاکەو خراپە وەکو شوناسو ڕەفتاری دوو جۆر لە کەسایەتی ناو کۆمەڵگا دەردەکەوت نەك وەك جۆری یەکەم، بەکورتی دوانەییو دووجەمسەری شۆڕنەبوویەوە بۆ ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

زانایەکی تر لایەنەکانی ئەم بابەتە ڕووندەکاتەوەو پێی وایە، کە دواتر ڕەوشت پەیوەستکراوەتەوە بە ئاینەوە، ئەوکاتەی کە جیهانبینی مرۆڤ وەك یەکەیەکی پێکەوە پەیوەستو کامڵ سەیری بوونەوەری دەکردو، لەم جۆرە بیرکردنەوەدا بڕوای وایە کە ژیانو جیهانو بوونەوەر یاسایەکی وردی هاوسەنگ هەموو بەشو کایەکان پەیوەست دەکاتو دەیانبات بەڕێوە، بەجۆرێك بڕوای وایە کە لەپشت ئەم بوونەوەرەوە هێزێکی خوایی تاكو تەنها هەیە کە دابەش نابێت. ئەم جیهانبینیەش بەڕوونیو ئاشکرا کاتێك دەرکەوت کە بیروباوەڕی یەکتاپەرستی سەریهەڵدا کە بەوپێیە جگە لە (خوا) هیچ بوونێکی تر نابینێتو هەموو (خێر)و چاکەیش دەگێڕێتەوە تەنها بۆ ئەو، خودا ئەو چاکەیە کە هەموو چاکەیەك لەوەوەیە. لێرەوە چەمکی شەیتانی گەردوونی سەریهەڵدا کە نوێنەرایەتی خراپە دەکات لە هەموو ئاستو کایەکانداو هەموو خراپەیەکی بوونەوەرو دەروونو ڕەفتاری مرۆڤەکانیش دەدرێتە پاڵ ئەو. بیرۆکەی شەیتان لە بیروباوەڕی ئاینیدا بووە هۆی پێکهاتنی یاخود دروستبوونی چەمکی دینامیکیی بۆ مێژوو چونکە شەیتان هەڵەیە، هەڵەش دەبێت ڕاستو چاك بکرێت بەبێ ڕێگەگرتن لە پرەنسیپی ئازادی و ئازادبوونی مرۆڤ، ئەم ڕاستکردنەوەیەش لەچوارچێوەی جەدەلێکی مێژوویدا دەبێت کە لەسەر بنەمای ململانێی چاکەو خراپە دانراوە کە بە سەرکەوتنی چاکەو تێکشکانی خراپە کۆتایی دێت. بە نەمانی شەیتان مێژوویش کۆتایی دێت چونکە مێژوو بەبێ ململانێو دژایەتی نێوان جیاوازو دژەکان، بوونی نییە[1].

---

[1] سوود وەرگیراوە لە فراس السّواح، الرحمن و الشیطان، ل54.

1-2-7-ج/ دواليزمی دژیەك لە ئاینی یەهودی دا:

ئەگەرچی ئاینی یەکتاپەرستی بەواتای یەکتاپەرستی دێت لە جیهانبینی (عقیدە)و پەرستش بەڵام بە سەربوردێکی ئاینی یەهودی ڕووبەڕووی کێشەی یەکتاپەرستی دەبینەوە لە بواری بەشی جیهانبینی (عقیدە)دا، بەڵام لە پەرستشدا تەنها کڕنوش‌و قوربانی‌و بەگشتی پەرستش بۆ خوای تاقانەی نادیار دەکەن (وەك لە تەورات لە (سفر التکوین، 17)) هاتووە، خوایەك بەناوی (یهوە) پەیمان‌و بەڵێننامەیەکی لەنێوان نەوەکانی (ئیسرائیل)دا بەستووە کە ئەگەر ئەوان ئەو خوا تاقانەیە بپەرستن ئەوا ئەویش لە بەرامبەردا زەوی (کەنعان) فەلەستینیان بە موڵکی پێدەبەخشێت.

ئەو کێشەی کە مەبەستمانە لە بواری جیهانبینیدا، سەرەتا لە واتای هەندێك لە ئایەتەکانی (تەورات) وێنەی دوو یاخود چەند خوایی دروست دەبێت لە زەینی خوێنەردا "زۆرجار (یهوە) وا وەسف دەکرێت کە گەورەترین خوایە لەنێو خواکاندا بۆ نمونە لە (الخروج15: 11) دەڵێ: "کێ لە وێنەی تۆیە لەناو خواکاندا ئەی خوا، کێ وەك تۆ پیرۆزە) تەنانەت ناوزەد دەکرێت بە خوای خواکان، وەك لە (یشوع22: 21) هاتووە (نەوەکانی رائوبین وەڵامیان دایەوەو وتیان: ئەی خوای خواکان"[1].

هەروەها هەمان سەرچاوە زیاتر ڕوونیدەکاتەوەو دەڵێ: "(یهوە) واتە خوای نەوەکانی ئیسرائیل بەشێوەیەکی زۆر دراماتیکیانەو لە وێنەی مرۆڤێکدا خۆی نیشاندەدات‌و لەگەڵ (یعقوب)دا دەکەوێتە گفتوگۆو پاشان ململانێ و زۆرانبازی و تەنانەت یعقوب لێی دەدات تا ئەوکاتەی هاواردەکات کە من (یهوە)م، ئەم چیرۆکەش بە درێژی لە (سفر التکوین32)دا هاتووە"[2].

تەنانەت ئەم خوایە لەگەڵ (موسا)شدا دەکەوێتە ململانێ کاتێك کە موسا داوادەکات بیبینێ بەڵام ئەو ڕازی نابێت، بەڵام دواتر موساو هارونی برای‌و چەند کەسێکی تر هەر دەیبینن.

بەگشتی ئەگەر سەیری ئایەتەکانی نێو تەورات بکەین لەڕووی تێڕوانینەوە (یهوە) بەردەوام دژی هەیەو لە ململانێدایە هەندێکجار لەگەڵ خوای دیکەداو هەندێکجار لەگەڵ مرۆڤێکداو تەنانەت لە سەرەتای دروستکردنی (ئادەم)دا کە خوای گەورە واتە (یهوە) فەرمان دەکات بە (ئادەم) کە لەو دارە نەخوات لەبەرئەوە بووە کە خواردنی بەری ئەو دارە (نەمر)ی داوەتە مرۆڤو (یهوە)ش پێیناخۆشە کەس جگە لە خۆی نەمر بێت![3]. سەبارەت بە کارەکتەری (شەیتان) و بابەتی چاکەو خراپە لە ئاینی یەهوددا، دەبینین کە شەیتان ئامادەیە (واتە حاضر)ەو نائامادەشە.

سەرەتا وا دەردەکەوێت کە شەیتان ڕۆڵێکی زۆر لاوەکی هەیەو (یهوە) خۆی دروستکەری چاکەو خراپەو تاریکی‌و ڕووناکیشە لە (یشوع45: 76)دا هاتووە کە "تەنها من خوام نەك کەسی تر، وێنەبەخشی ڕووناکی‌و دروستکەری تاریکی، دروستکەری ئاشتی‌و هەروەها خراپەو شەڕ. من دروستکەری هەموو ئەمانەم". لێرەدا کەسایەتی خواو شەیتان لە (یهوە)دا کۆکراوەتەوە. بەڵام

---

[1] فراس السّواح، الرحمن و الشیطان، ل103.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل107.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل127.

هەندێکجار شەیتان وەکو (هاوبەش) لەگەڵ (یهوە)دا دەردەکەوێتو هەندێك جاریش وەك دواکەوتووی و فەرمانەکانی جێبەجێدەکات، بۆ نموونە لە (سفر لاوین) (یهوە) (عزازیل) واتە شەیتان بانگ دەکاتو پێکەوە ئەو قوربانیەی کە کراوەو قوربانی (گوناهە) دابەشدەکەن وەك یەك بەش بەشی دەکەن، هەروەها لە (أشعیا)دا هاتووە کە (یهوە) شەیتانی دروستکردووە تا کاری خراپەی پێبکات و بە (مهلك) لەناوبەر ناوی دەبات وەك دەڵێ: "من لەناوبەرم دروستکردووە بۆ خراپەکاری) (54: 16)، هەندێکجار ڕۆحی پیسو هەندێك بە بەڵاو دەرد ناوی دەباتو هەندێکجار پێکەوە هاوکارن بۆ تۆڵەسەندنەوە، وەك لە باسی هاوکاری (یهوە)و (شەیتان)دا هاتووە بەرامبەر بە (ئەیوبی پێغەمبەر) و لە تەوراتدا بەناوی (سفر ایوب) ئاماژەی پێدراوە"[2].

بەگشتی لەم ئاینەدا جەدەلی نێوان خواو شەیتانو چاکەو خراپە لە ڕەفتارو دەروونی مرۆڤەکانداو ململانێی نێوان دوالیزمە دژەکان پێکهێنەری ئەو ئایدیایە کە مێژوو، ململانێی نێوان ئەم دوالیزمە دژانە دەیجولێنێو کۆتایی مێژوویش ئەوکاتەیە کە چاکە سەردەکەوێت بەسەر خراپەداو ئەوەش لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە مرۆڤایەتی سەرکەوتوو دەبێت لە خۆ پاککردنەوەو تێپەڕاندنی مرۆڤی ناکاملو گوناهکار (لە وێنەی ئادەم) بۆ مرۆڤی کامڵ لە وێنەی ئەوکەسە ڕزگارکەرەی کە لە تەوراتدا وادەی هاتنی دراوە.

1-2-7-د/ عیرفانی یەهودی:

(غنوصی) واتە (عیرفانیەت) کە دراوەتەپاڵ (غنوص – Gnosis) کە ئەویش وشەیەکە لە بنەڕەتدا یۆنانیەو واتای (مەعریفە) دەدات بەشێوەیەکی گشتی، هاوشێوەشی لە زمانەکانی دیکەی هیندو ئەوروپیدا هەیە، بۆنمونە بە ئینگلیزی (know) واتە دەزانێت و مەعریفەی هەیەو هەروەها (knowledge) واتە مەعریفە، ئەو مەعریفەیەی کە چەمکەکانی (غنوص) باسی دەکات، زیاتر نزیکە لەو چەمکەی (عیرفان) کە لە تەسەوفی ئیسلامیدا بەکاردێت، کە بەگشتیو لە هەموو ئاینەکاندا، واتە ئەو چالاکیە ڕۆحیو دەروونیەی کە دەمانگەیەنێتە مەعریفەی نهێنیەکانی خوایی لەڕێگەی ئەزموونکردنی (تجربەی باطنی)یەوە کە دەرئەنجام سەر لە (کشف) و (الأستنارة) ئاشکراکردن و بەرچاوڕۆشنیەوە، دەردێنێت.

لەبەرامبەر ملکەچی یەهودیەك بۆ شەریعەتو بەجێگەیاندنی سروتەکانیو هەروەها لەبەرامبەر باوەڕی مەسیحیەکدا بە (یسوع) ڕزگارکەر، کەسێکی (غنوص) عارف ئەو ڕێگایە دەگرێتەبەر کە بە ئەزموونی عیرفانی خۆی بەرەو مەعریفەی خوایی بڕوات ئەویش ڕێگای (ذوق) و (کشف) و (ئیلهامە). ئەم مەعریفەیەش تەنها ڕێگای ئازادکردنی ڕۆحە لە زیندانی جەستەدا کە ماددەیە تا بگەڕێتەوە بۆ جیهانی ڕوناکی باڵا کە لێوەی هاتووە[1].

هەروەها هەمان زانا بەردەوام دەبێ و دەڵێ: "بەڵام ئەو خوایەی کە کەسی عارف لە ناخیدا بەدوایدا دەگەڕێ، (یهوە) نییە کە دروستکەری ئەم جیهانە ماددیەیە، بەڵکو ئەو خوا باڵایە کە

---

[1] فراس السّواح، الرحمن و الشیطان، ل131.

[2] سەرچاوەی پێشوو، بڕوانە ل204.

دوالیزمەکانی نێو دروستکراوەکانی تێپەڕاندووەو بڵندترە لەوانە، ئەوان باوەڕیان وایە کە ئەم جیهانە کەموکورتە کە لێوانلێوە لە خراپەکاری لە دروستکراوی خوا نییە بەڵکو لە دروستکراوی خوایەکی نزمە کە خوای نێو (تەوراتە) کە بەراوردی دەکەن لەگەڵ خوای خراپەی ناو ئاینی (زەردەشت) و ناوزەدی دەکەن بە (فەرمانڕەوای تاریکی) کە فەرمانڕەوای جیهانی ماددیە. ئەم خوایە دژە لەگەڵ خوای ڕوناکی جیهانی باڵادا کە هیچ وەسف و ناوێك ناتوانێت گوزارشتی لێ بکات و ئەم خوایە بەردەوام کار لەسەر هێشتنەوەو دەرنەچوونی ئەو بەشە ڕووناکیە ئاسمانیە دەکات کە لە ناوەڕۆکی دروستکراوەکانی جیهاندایە، بەڵام هەر ئەم خوایە کاتێك دابەزیە سەر دروستکردنی مرۆڤ وەك دواکاری دروستکردن، جەستەی ئەم مرۆڤەی لەو ماددە تاریکیە دروستکرد، پاشان ڕۆحی کە لە ڕووناکیەکانی باڵاوە وەریگرتووە خستیە ناو جەستەیەوەو بۆئەوەی لەچوارچێوەی نەزانیدا بمێنێتەوە (شەریعەت)ی بەسەردا فەرزکرد کە (شەریعەت) تەنها سەرقاڵکردنی مرۆڤە تا نەگاتە عیرفان و (اکتشاف) و ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ڕۆح"[1].

1-2-7-ه/ دوالیزمی دژیەك لە ئاینی مەسیحی دا:

"لەسەرەتاوە وشەیەك بوو، وشەکەش لای خواوە بوو، وشەی خوا بوو. سەرەتاکان بەمجۆرە بوون لای خوا. هەموو شتێك بەو هەبوو، بەبێ بوونی ئەویش هیچ شتێك لەوەنەبوو کە هەیە"[2].

هەروەك لە ئینجیلدا هاتووە: "لە ئەزەلدا هیچ شتێك نەبوو جگە لە خوا، بوونێکی لەخۆوەو دروستنەکراو، هەمووی ڕووناکی بەڵام نەك لەوجۆرە ڕووناکیەی کە دوایی دروستکرا بەڵکو ڕووناکی شکۆو سەروەری. ئەم بوونە بەشێوەیەکی ئاڵۆزو نهێنی کە لە چۆنیەتیدا (سێ لەیەك و یەك لە سێ بوو) کە ئەوانیش (باوك) و (کوڕ) و (گیانی پیرۆز) بوون، لە ئەزەلەوە کوڕ لە باوك و گیانی پیرۆزیش لە هەردووکیان بووەتەوە، کەواتە سێ سەروەرو یەك خوان"[3].

لە باوەڕی مەسیحیدا فریشتەکان یەکەم دروستکراوی خوان، کە لە چەقی ڕووناکییەوە دەرچوون و دابەشبوون بەسەر حەوت ئاسماندا کە هەمووی ڕووناکییە، لەناو فریشتەکاندا (لوسیفر) کە جوانترین و بەڕێزترین فریشتەیە، پێی وابووە خوا لەو باشتری دروستنەکردووە بۆیە کە خوا پلانی دروستکردنی ئادەمی دانا، (لوسیفر) هەموو پلانی خۆی بۆ بەرەنگاری ئەو دروستکراوە نوێیە خستە کار[4]. سەبارەت بە ئادەمیش لە ئاینی مەسیحیدا: "ئادەم بەرجەستەبووی مرۆڤێکی کامڵ بوو کە خوا ویستوویەتی، ئەویش سەرەتا وەك فریشتەکان نەمربوو ئەگەرچی لە ماددە دروستکراوە، هەروەها وەك فریشتەکان خاوەنی ویست و ئازادی بوو، لەسەر زەوی خوا نمونەی بەهەشتێکی وەك ئەوەی باڵای بۆ دروستکرد کە هەموو شتێك تیایدا

---

[1] فراس السّواح، الرحمن و الشیطان، ل204.

[2] ئینجیلی پیرۆز، چاپخانە زانکۆی صلاح الدین– هەولێر 1998 ز.

[3] فراس السواح، الرحمن والشیطان، ل205.

[4] سەرچاوەی پێشوو، بڕوانە لاپەڕەکانی 240 بۆ 252.

حەڵاڵ بوو تەنها قەدەغەبوو لە بەرووبوومی درەختێك بخۆن، واتە خۆی و (حەوا)ی خێزانی کە دواتر لە پەراسووی ئەویشی بۆ دروستکرد... بەڵام دواتر شەیتان هەروەك فیشکە فیشی (مار) دەیچپاند بەگوێی (حەوا)داو دەرئەنجام ڕازی کرد کە لە بەری ئەو دارە بخواتو دەرخواردی ئادەمیشی بدات چونکە شەیتان سوێندی بۆ خواردن ئەگەر لەو دارە بخۆن ئەوا ئێوەش زانستی چاکەو خراپە وەك خوا دەزانن. ئەم هەواڵە کە گەیشتە لای خوا (واتە هەواڵی یاخی بوونی ئادەم)، (خوا) نەفرەتی گەورەی کرد لە (ابلیس) و (ئادەم) و هەموو جیهانی ماددە، چونکە مرۆڤ سەروەری ئەم جیهانەیە، خوا ئادەمی لە بەهەشت دەرهێناو ناردیە سەرزەوی خۆڵ کە خۆی لەوە دروستبوو بوو، بەمشێوەیە جیهانەکەشی فڕێدرایە سەرزەوی"[1].

ئاینی مەسیحیش وەکو نمونەی ئاینەکانی پێشوو ڕاڤەیەکی دوالیزمیانەی هەیە بۆ (بوون) ئەگەرچی لە بنەڕەتەوە باسی دووخوایی نەبێت، بەڵام لە ژیاندا ململانێی شەیتانو مرۆڤ ئامانجی سەرەکیە کە نوێنەرایەتی هێزی چاکەو خراپە دەکەن، ئەوە جگەلەوەی باسی جیهانی باڵاو خوارەوە ڕووناکیو جیهانی تاریکیو... چەندین بابەتی دیکەش، بۆ بابەتەکەی ئێمە کە گەردوونی بوونی دوالیزمی دژیەکە، بەڵگەیەکی ئاشکرایە.

1-2-7-و/ عیرفانی مەسیحی:

لە بابەتی عیرفانی (یەهودی)دا باسی زاراوەو چەمکی (غنوص)ی یاخود عیرفانمان کرد، کە لێرەدا پێویستی بە دووبارەکردنەوە نییە، بەڵام بە پێویستی دەزانم بڵێم، عیرفانی (مەسیحی)یش کە درێژکراوەی عیرفانی یەهودیە، بەهەمان شێوەی ئەوان لە ڕێگای گەیشتن بە (بصیرت)ی ناخو دەروونەوە دەگەنە ڕاستی گشتیو ڕەهاو نەیارەکانیشیان واتە ناعارفەکان (agnostics)، ئەوانەن کە ڕووکەشی ڕێنماییە ئاینیەکانیان وەرگرتووەو نەچوونەتە ناوەڕۆکی، هەربۆیە ئەگەر ڕزگاربوون لای یەهودیەك بە پەیوەستبوون بێت بە شەریعەتەوەو لای مەسیحیەك لەڕێگەی باوەڕهێنان بێت بە (یسوع) مەسیح، ئەوا ڕزگاربوون لای عارفێك بە ڕێگای چالاکی ڕۆحی دەروونی دەبێت کە دەرئەنجام عارف مەعریفەی دەبێت بە (نەفس)ی خۆیو دواتر مەعریفەی نەفس سەردەکێشێت بۆ مەعریفەی یاخود پەی بردنو ناسینی مرۆڤ دواتر لە قوڵترین حاڵەتیدا سەردەکێشێ بۆ مەعریفەو ناسینی خوایی، هەربۆیە گوناهو خراپە دوژمنی مرۆڤ نیە بەڵکو (نەزانین) دوژمنی مرۆڤە (واتە کارکردن لەسەر دوالیزمی زانینو نەزانین) هەر لێرەوە لای عارفەکان (مەسیح) زیندوو تەنها هێمایەکە بۆ زانینی ڕاستی[2].

بەهەمان شێوەی عیرفانی یهودی، لای عارفانی مەسیحیش، ئەو خوایەی لە ناخدا بەدوایدا دەگەڕێن، ئەو خوایە نییە کە ئەم جیهانە ماددیەی دروستکردووە کە پڕە لە ئازارو خراپەکاریو مردن، بەڵکو مەبەست لەو (باوکە) پڕ لە ڕووناکیەیە کە دوانەیی نێو دروستکراوەکانی تێپەڕاندووەو هیچ وەسفو ناوێك گوزارشتی لێ ناکات. بەڵام: "یەکێك لە خاڵە جیاوازەکانی

---

[1] فراس السواح، الرحمن والشیطان، ل252.

[2] فراس السواح، الوجە الآخر للمسیح. منشورات دار علاءالدین، سوریة – دمشق. الطبعة الأولی، 2004م. ل66.

عیرفانی مەسیحی لە ئاینی مەسیحی، ئەوەیە کە ئەم جیهانە ماددیە دروستکراوی خوا نییە بەڵکو دروستکراوی خوایەکی پلە نزمە کە خوای یەهودە کە ئەدەبیاتی عیرفانی مەسیحی لە شێوەی دروستکراوێکی شێواودا وێنەی دەکات کە بەشێکی مارەو بەشێکی شێرو دوو چاوی سوری ئاگری هەیەو لەسەر تەختێك دادەنیشێ کە داروودەستەکەی لە هێزی تاریکی دەوریان داوە"[1].

ئەم جۆرە وێناکردنە، عیرفانی مەسیحیش دەخاتە ڕیزبەندی بیروباوەڕە (دوانەیی)یەکانەوە، کە باوەڕی بە دوو دەستپێك یاخود دوو ڕەگەزو بنەڕەتی جیاوازو دژ هەیە کە بەردەوام لەپشت هەموو دیاردەکانی بوونەوە، لە ململانێو دژایەتیدانو لە هەموو ئاستەکاندا دوالیزمیان دروستکردووە، کە دەرئەنجام ململانێی نێوانیان ڕەوڕەوەی مێژوو دەجوڵێنێ، مرۆڤایەتی بەرەو کۆتایی دەبات بەپێی سێ قۆناغ کە دوا قۆناغیان سەرکەوتنی چاکە بەسەر خراپەدا، ئەم دوالیزمە بە دوالیزمی گەردوونی ناوزەد دەکرێت، چونکە دژایەتی نێوان ئەم دوو ڕەگەزە شۆڕبووەتەوە بۆ نێو هەموو بازنەکانی یاخود بوارەکانی گەردوونو ژیان.

1-2-8/ دوالیزمی دژیەك لە ئاینی ئیسلامدا:

دیارە ئێمە مەبەستمان لەم ڕانانو باسە کرۆنیکییە زۆرکورتەی دوالیزمی دژیەك، هەڵچنینو داڕشتنی سەرەتایەکە بۆ چوونە ناو کرۆکی لێکۆڵینەوەکەمان، چونکە ئەو دوو شاعیرەی کە ئێمە دەمانەوێ دەربارەی ئەم چەمکە لە بەرهەمی شیعری لیریکیاندا بدوێین مەولانای ڕۆمیو مەولەوی تاوەگۆزین، کە زادەی نێو ترادسیۆنی ئیسلامیو عیرفانو تەسەوفی ئیسلامینو پێکهێنەرو پاڵنەری شیعرو ئەدەبیانەو لەهەمان کاتدا بە بەرهەمەکانیان پانتاییەکی گەورەیان لەو ترادسیۆنە پڕکردۆتەوە، بۆیە بە پێویستی دەزانین بەشێوەیەکی کەمێك زیاتر لە بابەتی دوالیزم و دوالیزمی دژیەك لەم ترادسیۆنەدا بدوێین. واتە لە جیهانبینیو دۆکترینو فەلسەفەو عیرفانو تەسەوفی ئیسلامیداو چۆنیەتی کەوتنەوەی ئەم بابەتە لای هەندێ ڕەوتو ڕێچکەی فیکریو زانای ناوداری ئیسلامی.

وەك دکتۆر علی شەریعەتی دەڵێت: "دوانەییو دوالیزم لە ئیسلامدا تەنها لە (جیهانی مرۆڤ)دایەو ئەم دوانەییەش لە (جیهانی مرۆڤ)دا، ئیسلام دانەری نییەو پێشنیاری نەکردووەو مرۆڤەکانی بۆ بانگهێشت نەکردووە. لە بنەڕەتدا (مرۆڤ) بوونەوەرێکی (دوانەیی)یە، هەرکەسێك بەو ڕێژەی کە ئاگایی لە (خود)ی خۆی هەیە هەست بە دوانەیی لە خۆیدا دەکات، دووفاقەییو دوانەیی لە ناخی خۆیدا دەدۆزێتەوەو ململانێی نێوان دوو هێزی تاریکیو ڕووناکی دەبینێت.

هیچ ڕاستیەك هێندەی ڕاستی دوالیزمی دژیەك، لە مرۆڤدا ئاشکرا نییە. ململانێو شەڕی نێوان (تاریکیو ڕووناکی)، (ئەهریمەنو ئاهورامزدا)، لە جیهانی گەورەو باڵادا نییە بەڵکو لە جیهانی (بچوك)دایە، شەیتان نەیاری خوا نییە بەڵکو بەندەیەتی بەڵام نەیاری مرۆڤە. کەواتە مرۆڤ لە ڕوانگەی قورئانەوە، بوونەوەرێکە لە پێکهاتەیەکی دژیەك. دوو هێزی دژیەك بەرەو دوو جیهانی دژیەك بانگهێشتی دەکەن: یەکێکیان بەرەو نزمیو پەستیو ئەوی دیکەیان بەرەو بەرزیەك کە

---

[1] فراس السواح، الرحمن والشیطان، ل149.

هەموو فریشتەکان کڕنوشی ڕێزی بۆ دەبەن. مرۆڤ بەردەوام لەبەردەم ئەم دوو ڕێگە جیاوازو دژەدایەو شەیتانیش (ئیبلیس) بەردەوام لە هەوڵی لەخشتەبردنیدایەو یەخەی بەرنادات"[1].

بیروباوەڕی ئیسلام لەسەر بنەمای باوەڕبوون بە خوای تەنهاو دروستکەری تاقانە دامەزراوە. "یاأیها الذین آمنوا آمِنوا بالله ورسوله والکتاب الذي نزَّل علی رسوله والکتاب الذي أنزل من قبل ومن یکفر بالله وملائکته وکتبه ورسله والیوم الآخر فقد ضل ضلالاً بعیداً"[2]، بێگومان ئەم باوەڕە پەیوەستە بە بوونی کرداری چاکەوەو باوەڕی تیۆری بەتەنها بەس نییە "وأما من آمن وعمل صالحاً فله جزاءً الحسنی"[3].

باوەڕبوون بە شەیتان ڕەگەزێکو مەرجێك نییە لە بنەماکانی بیروباوەڕی ئیسلام، بەڵام بڕوابون بە هەبوونی و ڕۆڵی لە ژیانی تاكو کۆمەڵگادا لەسەر هەموو موسڵمانێك پێویستە "إن الشیطان کان للأنسان عدواً مبیناً"[4].

"ئەگەرچی هاوشێوەیی‌و هاوبەشیەك لەنێوان شەیتانی نێو ئاینە دووانیەکان‌و شەیتانی باوەڕی ناو قورئاندا هەیە، بەڵام کرۆکی باوەڕە قورئانیەکە هەر لە بنەڕەت‌و سەرەتاوە لە خاڵێکی زۆر گرنگدا جیاوازە، ئەویش ئەوەیە: شەیتان لە ئیسلامدا بەرامبەرو نەیاری لەگەڵ خوادا نییەو بەگشتی بۆماوەیەکی کەم یاخود کاتیش بێت لە ئاست‌و جەمسەری بەرامبەر خواییدا نییە، بۆیە هیچ هێزی دروستکردنی نییەو تەنانەت توانای بەسەر هیچ دروستکراوێکدا ناشکێ، بەکورتی نە هێزی هەیەو نە دەسەلات. جگە لەمەش شەیتان دروستکەری سەرەتایی خراپەو خراپەی گەردوونی نییەو خاوەن‌و دەسەڵاتداری (جیهانی خراپە) نییە. چاکەو خراپە دوو ئەگەرن، دوو ویستراوی ڕەوشتین خوا ڕامیهێناون تا بابەتی ئازادی‌و (ئیرادە) خواستی ئازادانەی مرۆڤ بن، وەك ڕێزلێنانێك بۆ مرۆڤ لەچاو دروستکراوەکانی دیکەدا کە ناعاقڵن"[5].

"کل نفس ذائقة الموت ونبلوکم بالشر والخیر فتنة وإلینا ترجعون"[6].

وێڕای سنورداربوونی کاری شەیتان تەنها لە بوارە ڕەوشتیەکەدا، توانایی لەسەر کاریگەربوون لەم بوارەشدا دیاریکراوو سنوردارە، بەجۆرێك کە دەسەڵاتی یاخود کاریگەری تەنها لەسەر ئەوکەسانەیە کە خواستی خۆیان بەکارهێناوە لەهەڵبژاردنی خراپەداو داویانەتە پاڵ خراپەکاری‌و شەیتانیش زیاترو زیاتر هانیان دەدات‌و کارەکەیان لا جوان دەکات، بەڵام لەبەرامبەردا هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر ئەوانەدا نییە کە چاکەکارن. "إنه لیس له سلطان علی الذین آمنوا وعلی ربهم یتوکلون، إنما سلطانه علی الذین یتولونه والذین هم به مشرکون"[7].

---

[1] علی شەریعەتی، فرهنگ لغات، ل148.

[2] قورئانی پیرۆز، سورەتی النسا ء ئایەتی 136.

[3] قورئانی پیرۆز، سورەتی الکهف، ئایەتی 88.

[4] قورئانی پیرۆز، سورەتی الأسراء، ئایەتی 53.

[5] فراس السّواح، الرحمن و الشیطان، ل277.

[6] قورئانی پیرۆز، سورەتی الأنبیاء، ئایەتی 35.

[7] قورئانی پیرۆز، سورەتی النحل، ئایەتی 99 – 100.

هەروەك قورئانیش لەسەر زاری شەیتان ئاماژەی پێدەدات: "وما كان لي عليكم من سلطان إلا أن دعوتكم فاستجبتم لي، فلا تلوموني ولوموا أنفسكم"[1].

هەروەك توێژەرێك لێكیداوەتەوەو دەڵێ: "كورتەی چەمكی چاكەو خراپە لە باوەڕی قورئانیدا ئەوەیە، ئەم دوو دژە لەناو دەروونی خودی مرۆڤدا هەن‌و لە دەرەوەی خۆی بۆی نایەت، بەرامبەر بەم ڕاستیە گەورەیە، مرۆڤ پێویستە جوامێرانە هەڵوێست وەرگرێ، بەجۆرێك كە شایستە بێت بە شكۆی جێگرەوەیەكی خوا (كە مرۆڤە) و دژایەتی‌و ململانێی خراپە بكات لە ناوخۆی‌و دەرەوەی خۆیدا، تا مێژوو بەرەو ئامانجی باڵا بەرێت‌و ئەم جیهانە پڕ لە دوالیزمی دژیەكە، تێپەڕێنێت بەرەو جیهانێكی تەواو چاك‌و كامڵ"[2].

هەروەك لە قورئانی پیرۆزیشدا هاتووە: "ونفس وما سواها، فألهمها فجورها وتقواها، قد افلح من زكاها، وقد خاب من دسّاها"[3].

خوای گەورە مرۆڤی دروستكردووە لە دوو پێكهاتە كە دوالیزمی دژیەكن، بەڵام لە مرۆڤدا كۆبوونەتەوە كە ئەوانیش (گیان) و (مادده)ن.

خوا یەكەمجار كە مرۆڤی دروستكرد (ئادەم) و (حەوا)ی دروستكرد كە دوو ڕەگەزی جیاوازن، بەڵام تەواوكەری یەكترین.

بەگشتی ئەم جیهانە (بچوكە)، (مادده)یە، جیهانی دوانەو دوالیزمەكانە. لەئەنجامی خوێندنەوەی جیاجیا بۆ ئیسلام‌و باوەڕی ئیسلامی بەگشتی، چەندین ڕێچكەو ڕێبازی جیاواز سەریهەڵداوە كە زۆرجار بابەتی (دوالیزم) بابەت‌و هۆكاری سەرەكی یاخود كەرەسەو هۆكاری لاوەكی پێكهێنان‌و جودابوونەوەو دروستبوونی بووە. لەوانەش چەندین ڕێبازی فەلسەفی‌و ڕێچكەی عیرفانی، كە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە هەندێكی سەرەكیان بكەم، لەوانە:

1-2-8-أ/ (الباطنية) دەروونگەراكان:

(باطنية) یاخود ڕێچكەو ڕێبازو قوتابخانە (باطنیەكان) دەروونگەراكان زۆر پێش ئیسلامەو تەنها لەناو ترادسیۆنی ئیسلامیدا بوونی نییە، بەڵكو لە ژیانی پێش مێژوودا (واتە مێژووی نوسراو) هەبووە لە سەرەتای مێژووی نوسراویشدا (لەگەڵ جادووگەریدا) دیاردەی باوی سەردەم بوون، بە چەندین شێوازو جۆر كە لێرەدا دەرفەتی ئاماژەپێدان‌و باسكردنمان نییە[4].

بەگشتی و بەكورتی بڕوای (باطنية) دەروونگەراكان لەوەدا كۆدەبێتەوە كە دوو جۆر (جیهان) هەیە، یەكەمیان جیهانی ئاشكراو بینراو كە جیهانی ماددەیەو جیهانی هەستەكانەو ئەم جیهانە بڕاوەیە واتە كۆتایی دێت‌و (محدث)ە، (ازلي) نییەو تەنها دەربڕین‌و نمونەیەكە بۆ جیهانی (باطن) دەروون‌و ناوەوە كە ئەوە جیهانی نەبڕاوەو ڕاستییە. جیهانی ئاشكراو بینراو بە

---

[1] قورئانی پیرۆز، سورەتی ابراهیم، ئایەتی 22.

[2] فراس السّواح، الرحمن و الشیطان، ل279.

[3] قورئانی پیرۆز، سورەتی الشمس، ئایەتەكانی 7، 8، 9، 10.

[4] محمد عزيز الوكيلي، المدارس الباطنية، دار الحوار للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، 2007م. بڕوانە لاپەڕەكانی 27 بۆ 77.

هەستەکان دەبینرێت، کە ئەم جۆرە هەستپێکردنە هەموو خاوەن گیانێك لە دروستکراوەکانی دیکە هاوبەشن تێیدا، بەڵام گەردوونی شاراوەی دەروون لە تایبەتمەندیەکانی ئەوەیە کە بە (عەقڵ) پەی پێدەبرێت نەك بە هەستەکان‌و مرۆڤ ناتوانێت بەرەو ئەو جیهانە بەڕێکەوێت جگە بەهۆی یاخود لەڕێی (هێزە عەقڵیە)کانەوە نەبێت، وەك خەون، خەیاڵ‌و ئەندێشەو (خەواندنی موگناتیسی)و... چەندین ڕێگەو شێوازی دیکەی دەروونگەراکان کەواتە (ظاهر) پێش (باطن)ە هەروەك لەپێش بوونی (فکر بەر لە کردار)، (کار بەر لە دەرئەنجام)، (هۆکار بەر لە کار)... هەموو ئەمانە واتایەکمان دەداتێ کە (خوا) جیهانی خوارەوە واتە (ظاهر)ی دروستکردووە تا مرۆڤ هەموو ئەزموونەکانی لە بوارەکانی (چاك‌و خراپ)، (پاك‌و پیس)، (باوەڕو بێ باوەڕی)، (ڕووناکی‌و تاریکی)...هتد، لەو جیهانەدا پراکتیزە بکات، چونکە هەموو ئەمانە شیاوی جیهانی باڵا (باطن) نین‌و جیهانی باڵا دوورەو پاکە لە هەموو دژیەکبوونێك بەڵام جیهانی ئاشکرا جیهانی تێکەڵکردنی دژەکانە.

مرۆڤ لەم جیهانەدا بەردەوام بەدوای ناسینی خۆیدا عەوداڵ بووە، بەڵام بە سەلیقەی عەقڵی خۆی ئەوەی زانیوە کە ناکرێت (بوون) تەنها لەم جیهانە بینراوەدا کورتبکرێتەوە بۆیە بە (نظرة)ی زانیویەتی کە هێزێکی شاراوە هێڵەکان دەجولێنێ‌و ئاراستە دەکات‌و یاساکان دادەنێت‌و پەیوەندیەکان ڕێکدەخات. لەبەرئەوە بەردەوام لە هەوڵی پەیوەندیکردندا بووە بۆ گەیشتن و پەیوەندی کردن بە جیهانی (باطن)ەوە[1].

چۆنیەتی ڕاڤەکردنی هەردوو جیهانی (باطن) و (ظاهر) و ئەگەری پەیوەندکردن بە جیهانی (باطن)ەوە، لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیەوە چەندین قوتابخانەی (باطن)ی خستووەتەوە، بەڵام ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە ڕێچکەکانی (باطنية)یەتە لە مێژووی ترادسیۆنی ئیسلامدا، کە بێگومان بابەتی دوالیزم‌و دوالیزمی دژیەك ڕۆڵی بنەڕەتی‌و سەرەکی هەبووە لە خستنەوەو جیاوازی‌و ئاراستەکردنی ئەم ڕێچکانەدا.

لە مێژووی ئیسلامیدا چەندین ڕێچکەو ڕێباز هەن کە بە (باطن) لادەرو دەرچوو لە ئیسلام ناوزەد دەکرێن، بەڵام بەشێکن لە کۆی ڕۆشنبیری جیهانی ئیسلامی‌و ڕێچکەکانیان لەسەر بنەمای یاخود سەر بە ترادسیۆنی ئیسلامییەو لە ئاستێکی مەعریفیدا بابەتێکیان یاخود چەند بابەتێکیان کردووەتە زەمینەی ڕەخنەگرتن‌و دەرخستنی شوناسی یاخود تایبەتمەندی خۆیان و زۆرجار ئەو بابەتە کە کرۆکی ڕەخنەو جێگای باسکردنیان بووە، لە خودی خۆیدا بابەتێکی دوالیزمی دژیەك بووە هەربۆیە داوای بەڵگەو قەناعەتپێکردنی عەقڵیان کردووە کە دواتر سەری کێشاوە بۆ بواری دیکە. بۆنمونە بابەتی (سیفات و ناوەکانی) خوای گەورە لەوانە: "الظاهر، الباطن، الأول، الآخر..."... هەروەها ناوو سیفاتەکانی دیکە، کە بە سەیرکردنێکی گشتی دوالیزمی دژیەکی تێدا بەدیدەکرێت. ئەم بابەتەی نێو (سیفات‌و ناوەکانی خوای گەورە)و جیهانی دیارو نادیارو پێکهاتەی مرۆڤ لە جەستەیەکی دیارو (ڕۆح)ێکی نادیارو چەندین بابەتی دیکە کەرەسەی (باطنية)کان بووە بەگشتی بە لادەرو ڕاستەڕەوەوە.

---

[1] محمد عزيز الوكيلى، المدارس الباطنية، بڕوانە لاپەڕەکانی 9 بۆ 21.

بەپێی دابەشکردنێك کە زاناو فەیلەسوفی ئیسلام (ابو حامد الغزالي) کردوویەتی بۆ (باطنیەکان) بەشێوەیەکی گشتی لە ترادسیۆنی ئیسلامیدا، دابەشیان دەکات بۆ (10) جۆر، کە بەمجۆرانە ناوزدەیان دەکات: "الباطنية، القرامطة، القرمطية، الخرّمية، الخرمدينية، الأسماعيلية، السبعّية، البابكية، المعمّرة، التعليمية"[1]، جگە لەوەی کە ئێمە لێرەدا مەودای ئەوەمان نییە باسی هەرکام لەم ڕێچکانە بکەین، هاوکات ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە لە هەرکام لەم ڕێچکانەدا چۆنیەتی کەوتنەوەی بابەتی دوالیزمی دژیەکە لای ئەم ڕێبازانە کە خۆشبەختانە (الشهرستانی) لە کتێبی (الملل والنحل)دا لەسەر بنەمای جیاوازیو دژایەتیان ئەم ڕێچکانەی پۆلێن کردووە کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەدەین:[2]

گروپی یەکەم: ململانێ و جیاوازیان لەسەر سیفاتی خوای گەورەو بابەتی یەکتاپەرستی لەو سیفاتانەدا کە سیفاتەکان لەچوارچێوەی دوالیزمەکانی (أزلي) و (حادث)، سیفاتی (ذات) و سیفاتی (فیعل)... کە ململانێکە لەنێوان (الأشعرية) و (الكرامية) و (المعتزلة)دا بوو.

گروپی دووەم: ململانێو جیاوازیان لەسەر چارەنووس (القدر) و (عدل)ی خوایی دابوو کە وەکو دوالیزمی دژیەك سەیریان دەکرد کە بابەتەکانی لەم دوالیزمانەدا خۆی دەبینیەوە: قەزاوقەدەر، (جبر) و (اکتساب)ی بوون، ویستی چاکەو خراپە، زانراوو نەزانراو... کە ململانێکە لەنێوان ڕێچکەکانی (القدرية، النجارية، الجبرية، الأشعرية، الكرامية)دا بوو.

گروپی سێهەم: ململانێو جیاوازیان لەسەر (الوعد) و (الوعيد) ناوەکانی پەیوەست بەم بابەتەوە بوو، کە بابەتە دوالیزمەکانی (باوەڕو تەوبە)، (خوف) و (رجا ء)، گومڕاکردنو ڕێنمایی کردن، (مضل و هادي))، دەگرتە خۆی، کە ململانێکە لەنێوان ڕێچکەکانی (المرجئة، الوعيدية، المعتزلة، الكرامية، الأشعرية)دا بوو.

گروپی چوارەم: ململانێو جیاوازیان لەسەر (بیستن) و (عەقڵ) (نیگا)و پاکیزەییو مرۆڤبوونی (ئیمام)دا بوو کە زۆر بابەتی جیاوازی دوالیزمی دژیەکی دەگرتەخۆیو ململانێکە لەنێوان (الشيعة، الخوارج، المعتزلة، الكرامية، الأشعرية)دا بوو.

1-2-8-ب/ عیرفان و تەسەوفی ئیسلامی:

ئەگەرچی هاوبەشیو هاوشێوەی هەیە لەنێوان عیرفانی یەهودیو مەسیحیو ئیسلامیدا، بەڵام ئەمە بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی کە عیرفانو تەسەوفی ئیسلامی درێژەپێدەری هەمان ڕێچکەو ڕێچکەکانی دەروونگەراییە لە ئاینە کۆنەکانی هیندو ئاسیادا. چونکە باسی پاککردنەوەی دەروون بوونی ململانێی چاکەو خراپە لە دەروونی مرۆڤدا بابەتێکی پەروەردەییو ئەخلاقی ڕەسەنەو چاکبوونی گەردوون پەیوەست کراوە بە چاکبوونی نەفسی مرۆڤەوە "أن الله لايغيروا ما بقومٍ حتى يغيروا ما بأنفسهم"[3].

[1] ابو حامد الغزالي، فضائح الباطنية، تحقيق و تقديم: عبدالرحمن البدوي، إصدار مؤسسة دار الكتب الثقافية – الكويت. بڕوانە ل11.
[2] محمد عزيز الوكيلى، المدارس الباطنية، بڕوانە ل180.
[3] قورئانی پیرۆز، سورەتی الرعد، ئایەتی 11.

"عیرفان ڕێچکەیەکی فیکریە کە لە (فیطرەت)ی چۆنیەتی مرۆڤ سەرچاوەی گرتووە. مانای گشتی عیرفان، هەستکردنە بە ختوکەدانو بزوانێکی دەروونی مرۆڤ لەم جیهانی ماددەو سروشتەدا. ئەم هەستە دەرئەنجامی دڵەڕاوکێی مرۆڤە لەو کەمیو کورتهێنانەی کە هەیە لە پەیوەندی نێوان ئەوو سروشتدا، واتە بەو ئەندازەو ڕێژەی کە مرۆڤ پەی بە مرۆڤبوونی خۆی دەبات بەو ڕێژەیەش خواستو پێداویستی ئەوتۆی دەبێت کە سروشت ناتوانێت وەلامدەرەوەی بێت، بۆچی؟ چونکە سروشت ئەو شوێن جێگایە کە مرۆڤو گیاندارەکانی دیکە پێکەوە تێیدا دەژینو ئەم سروشتە لەسەر بنەمای خواستە ئاژەڵیەکان دروستکراوە. مرۆڤ چەندین خواستی هەیە کە لە سروشتدا بەدەست نایەن، لێرەوەیە کە هەستکردن بە (نامۆبوون) لە مرۆڤدا سەرهەڵدەداتو ئەم تینوێتیو خواستە لە مرۆڤدا دروستدەکات، کە سەرچاوە بنەڕەتیەکە لە (تجلی) بوونی گیانی عیرفانی مرۆڤدایە. کەواتە ئاساییە مرۆڤ بۆ دەسخستنی ئەم جۆرە خواستانەی کە خواستی باڵان بیر لە جیهانی مەعنەوی بکاتەوە چونکە تا لە سروشتدا زیاتر گەشە بکات زیاتر هەست بەو پێداویستیو نامۆبوونە دەکات. بەکورتی ئەو جیهانەی کە لێرە نییە جیهانی (غیب)ە، کەواتە عیرفان (تجلی) (فیطر)ەتی مرۆڤە بۆ چوونی بەرەو (غیب) و ئاشکراکردنی"[1].

هاوکات بابەتی عیرفانو تەسەوفی ئیسلامی ڕێچکەو ڕێبازی جۆراوجۆری هەیە کە پەیوەستە بە بابەتەکەی ئێمەوە (دوالیزمی دژیەك)، هێندەی پێویست بکات باسی دەکەین.

پاش سەرهەڵدانی زانستی (ئەپیستمولوژی) واتە (مەعریفەناسی) کە هەوڵی دا وەلامی ئەو گومانو پرسیارە بداتەوە کە ئایا هێزی (درك) پەی پێبردنو (ناسین) لای مرۆڤ ئەو توانایەی هەیە کە لەنێوان مرۆڤو جیهانی دەرەوەدا پەیوەندیەکی دروستو جێگای متمانە بسازێنێت؟، لەم بوارەدا بە بەڵێو نەخێر چەندین ڕێبازی فەلسەفیو دەروونی درووست بوون، عیرفان ڕەوشو ڕێبازێکە بۆ دۆزینەوەو ئاشکراکردنی ڕاستی جیهان، نەك لەسەر بنەمای عەقڵو بەڵگەی عەقلی بەڵکو لەسەر بنەمای (ذوق) و (اشراق) و (وصول) و (اتحاد)[2].

هەمان شارەزای سۆفییەتی دەڵێ: "عیرفان تەنها لەسەر (مەعریفە) کارناکات بەڵکو (کار) بنەڕەتی عیرفانە، هەربۆیە عیرفان دابەشدەبێت بۆ دوو جۆر: (کارەکی) و (تیۆری). ڕەهەندی کارەکی بەرنامەیەکی وردو پڕ لە زبریو ئازار لە ژیاندا دەگرێتە خۆی کە چەندین (مقامات) و (احوال) دەبڕێت تا دەگاتە (توحید) و (فنا) کە بەگشتی ئەمە بە (طریقەت) ناودەبرێت.

سەبارەت بە عیرفانی تیۆری، کۆمەڵێ دەربڕینی عارفەکان دەگرێتە خۆی لەوەی پێی گەیشتوون لە حەقیقەتی جیهانو مرۆڤو ئەمەش هەمان بابەتی ئیۆلۆجیایە چونکە هەوڵی ڕاڤەکردنی (بوون) دەدات"[3].

---

[1] علی شەریعەتی، فرهنگ لغات، ل262.

[2] سید یحیی یثربي، فلسفه عرفان، مرکز انتشارات دفتر تبلیغات اسلامی،حوزه علمیهٔ قم، چاپ چهارم،1377 هـ.ش.بڕوانە لاپەڕەکانی17-30.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل34.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا عیرفان و تەسەوفی ئیسلامی ڕێچکەو ڕێبازی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام بەگشتیو بە ڕێژەی جیاواز هەموویان لە جۆرەکانی عیرفانی تیۆرییو کارەکیشدا لەسەر ئەو باوەڕەن کە جیهانێکی باڵاو شاراوەو (واجب الوجود) هەیە کە (ئەزەلی)یەو تێیدا هەموو شتەکان کامڵن چونکە جیهانی کەماڵەو لەبەرامبەردا جیهانێکی ماددەو بینراو (فانی) و (ممکن الوجود) هەیە کە (حدث)ەو تێیدا هەموو شتەکان ناکامڵنو بەجیهانی (تناقض)و دوالیزمە دژەکان ناسراوە.

بابەتی عیرفان "گەڕانە بەدوای زاتی خواو ڕاستی سیفاتو ناوەکانیدا"[1] بۆ گەیشتن بە جیهانی کامڵیو دەربازبوون لە جیهانی ناکامڵیو دوالیزمە دژەکان.

عیرفان یاخود تەسەوفی ئیسلامی چوار ڕەگەزو بنەمای سەرەکی هەیە:

یەکەم: (وحدت)، هەبوون یەك ڕاستی هەیە کە لە (باطن)دا خاوەنی یەکبوونێکی تەواوە لە خۆیداو لە هەر جۆرە جیاوازییو فرەییەك بەدەرەو ڕووکەشێکی ئاشکرای دەرەکی هەیە کە سەرچاوەی نمایشکردنی فرەییە کە ئەم فرەییانە ڕووکەشو خەیاڵین نەك واقعیو ڕاستی.

دووەم: (شهود)، عارف دان بە بایەخو بەهای عەقڵو بەڵگەی عەقڵیدا دەنێت بەڵام جەختی لەسەر پەیوەندی (حضوری)یەو مەعریفەیەك کە دەرهاویشتەی (مکاشفات) و (مشاهدات) بێت بە باشتری دەزانێت لە دەرئەنجامێك کە زادەی بەڵگەی عەقڵی بێت، هەروەها مرۆڤ دەتوانێت پەیوەندی پەیدا بکات لەگەڵ حەقیقەتی تاقانەی جیهانو پەیوەندیەکی (حضوری) و (شهودی) هەبێت کە ئەمەش پەیوەستوو مەرجدارە بە دەستبەرداربوونی بە خواستە ڕووکەشەکانی دونیاوە.

سێهەم: (فنا)، ئامانجی زانا تێگەیشتنە لە حەقیقەت بەڵام ئامانجی عارف فەنابوونە لە حەقیقەتدا.

چوارەم: (ریاضت)، بەڵگەی کرداری ڕاستبوونی عارفە. عارف بۆ گەیشتن بە کەماڵی خۆی کە هەمان (توحید) و (فنا)یە، جەستەی خۆی دەخاتە بەر جۆرە ژیانێکی زبرو پڕ لە ناڕەحەتی لە کەم خۆراکیو کەم خەوی تا پلەی مەعنەویەتی بەرزتر بێتەوە[2].

هەر لەم بارەیەوە شاعیرو بیریاری عەرەب ئەدۆنیس دەڵێ: "ئامانجی سۆفی، یەکبوونی دژەکانە، یاخود (وحدة الوجود)ە، واتە یەکبوون لەنێوان (خود) و (بابەت)دا، بەواتایەکی تر (جیهانی دەرەکی) و (مەعریفە داخلی)"[3] بەوەی وەك بوونەوەرێکی جیهانی ئاشکرا پەیوەندی بکات بە جیهانی شاراوەو ناوەکییەوە، "ئەم یەکبوونی دژانە یاخود (وحدة الوجود) کە بە (المبدأ العلیا) ناودەبرێت (بریتون) بە (دەسپێکی باڵا) ناوی دەباتو بەم شێوەیە دیاری دەکات: هەموو

---

[1] سید یحیی یثربي، عرفان نظری، مرکز انتشارات دفتر تبلیغات اسلامی، حوزه علمیه ٔ قم، چاپ ششم، 1387 هـ.ش.ل25.

[2] سید یحیی یثربي، عرفان نظری، بڕوانە لاپەڕەکانی 40 بۆ 50.

[3] أدونیس. الصوفیة والسوریالیة، دارالساقي، بیروت – لبنان، الطبعة الرابعة، 2010م. ل48.

شتێك دەمانخاتە سەر ئەو باوەڕەی کە خاڵێکی دەسپێکی ڕۆحی هەیە کە تێیدا هەموو دژەکان نامێنن لەنێوان (ژیان و مردن)، (واقیع و خەیاڵ)، (ڕابردوو و داهاتوو)، (سەروو و خواروو)..."[1].

"لەم (دەسپێکە باڵا)یەدا وەك جێگەو شوێنێك وایە بۆ بەیەك گەیشتنی جیهانی ناوخۆیی خودیو جیهانی دەرەکی بابەتی..."[2].

"کرۆکی عیرفان هیچ نییە جگە لەوەی جۆرە هێزو هەستپێکردنێکی قوڵە سەبارەت بەو بیرو باوەڕانەی کە مرۆڤ لەبارەی جیهانەوە هەیەتی"[3].

عیرفانو تەسەوفی ئیسلامی قۆناغی مێژوویيو گۆڕانکاری زۆری بەخۆیەوە دیوە تا گەیشتووەتە ئەمڕۆو بێگومان "عیرفانی (ابن ادهم) و (فضیل) جیاوازی هەبووە لەگەڵ عیرفانی (قشیری) و (گولابادی)داو عیرفانی سەردەمی (قشیری)یش قۆناغێکی سەرەتاییە لەچاو عیرفانی سەردەمی (ابن فارض) و (ابن عربی) و (مەولانای ڕۆمی)"[4].

دکتۆر سید یحیا یثربي، قۆناغەکانی عیرفانو تەسەوفی ئیسلامی کردووە بە پێنج بەشەوە:

یەکەم: قۆناغی زەمینەسازی: ئیبن سینا بۆ ئەم قۆناغە ئاماژەی بە سێ نازناو داوە کە (عابد) و (زاهد) و (عارف)ە، یەکەمیان خوا دەپەرستێو خوازیاری حەڵاڵەکانی ژیانیشە، بەڵام (زاهد) ڕووی لە ژیان وەرگێڕاوەو کردوویەتیە قوربانی ژیانی کۆتایی و نەبڕاوە، (عارف) کە لەو دوانەی دیکە باڵاترە، تەنها خوای مەبەستەو هیچی ناوێت. عارف لێرەدا لەنێوان دوالیزمی دژیەکی (دونیاو قیامەت)دایە. لە عارفانی ئەم قۆناغە (وەیسی قەرەنی) و (ئەبو زەری غەفاری) و (سەلمانی فارسی).

دووەم: قۆناغی پاش زەمینەسازی: ڕابیعەی عەدەوی لە ناسراوترین کەسە عارفەکانی ئەم سەردەمە کە چەمکی (اخلاص)ی گۆڕی بۆ (عیشق) کە دواتر وەك دژێك لەبەرامبەر (عەقڵ) و هەردووکیان وەکو دوالیزمی دژیەك لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا دەرکەوتن. جگە لە ڕابیعەی عەدەوی (شقیق ابراهیم بلخی) و (ذوالنون مصری) و (معروف کرخی) لە ناودارانی ئەم قۆناغەن.

سێهەم: قۆناغی گەشەکردن: یەکەمین کەسایەتی ئەم قۆناغە (بائێزیدی بەسطامی)یە کە بابەتی (عیشق) و (فنا) لەبەرامبەر (عەقڵ) و (بقا)دا بە ئاشکرا خستەڕوو، هەروەها بۆ یەکەمجار باسی (مکاشفە)ی کرد کە بێگومان هەموو ئەمانە بابەتی دوالیزمی دژیەکن. جگە لەو (تستری) و (جنید بغدادی) و (ابو منصور حلاج) لە ناودارانی ئەم قۆناغەن کە (جنید بغدادی) بۆ یەکەمجار تیۆریزەی بابەتی فەنابوون لە حەقو یەکبوونی (وجود انسان) و (وجودی نامحدود)ی خستە بەر باسو بەڕای ئەو هەموو شتێك لە (حق)ەوە سەرچاوەی گرتووەو بۆ ئەویش دەگەڕێتەوەو دەرئەنجام هەموو جیاوازیو دژەکان بە کۆو گشتەوە پەیوەست دەبنەوە.

---

1 سەرچاوەی پێشوو، ل49.

2 سەرچاوەی پێشوو، ل50.

3 برتراند راسل، عرفان و منطق، ترجمهٔ نجف دریا بندری، انتشارات ناهید چاپ گلشن، چاپ سوم، 1384 هـ.ش. ل39.

4 سید یحیی یثربي، عرفان نظري، ل113.

چوارەم: قۆناغی ڕێکخستن و کەماڵ: لە عارفە ناودارەکانی ئەم قۆناغە (قشیری) و (باباطاهیری هەمەدانی) و (ابو حامید محمد بن محمد غزالی) و (سوهرەوەردی) و (شیخ فرید الدین عطار نیشاپوری) و (ابن فارض) و (ابن عربی) و چەندین عارفی گەورەی دیکە کە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەبووە، دەتوانین هەندێکیان بە ئارام و میانەڕەو و هەندێکیشیان بەپێچەوانەکەی ناوزەد بکەین. گرنگترین کەسیان (ابن عربی)یە کە بە داڕێژەری (عیرفانی تیۆری) دەزانرێت، (ابن عربی) دانەری جیهانبینی دوالیزمی دژیەکی و (حدث) و (کثرت) واتە خوا لە خۆیدا یەکەیەکی کامڵ و تەواوە دواتر لە جیهانی ئاشکرادا بەشێوەیەکی (کثرت) فرەیی و جیاواز دەرکەوتووە، ئەوەی هەیە خودی خۆیەتی خوای تاقانەیە، بەڵام لە جیهانی دوالیزمە دژەکان و فرە جۆریەکاندا بەشێوەی جیاجیا دەردەکەوێت.

پێنجەم: قۆناغی ڕاڤەکردنی نوسینەکانی (ابن عربی) و دەرکەوتنی چەندین کەسایەتی و عارفی گەورە و ناوداری دیکە کە دیارترینیان (مەولانای ڕۆمی)یە[1]. مەولانای ڕۆمی لە دیارترینی ئەو عارفانەیە کە بەپێزترین و زۆرترین بەرهەمی ئەدەبی عیرفانی پێشکەش کردووە کە لە دواپاری ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەماندا باسی ئەدەبی عیرفان و دوالیزمی دژیەک و چۆنیەتی کەوتنەوەی لە ئەدەبی عیرفانیدا باسدەکەین، کە ئەوە ئامانجی بنەڕەتی لێکۆڵینەوەکەمانە.

1-3/ دوالیزمی دژیەک لە فەلسەفەو لۆژیك (منطق) دا:

"بەشێوەیەکی گشتی لە فەلسەفەی ئیسلامیدا، کە ئەویش پەیڕەوی کەرو وەرگیراوە لە فەلسەفەی (ئەرسطو)، دوو جۆر دژیەک و دوالیزمی دژیەکیان هەیە کە هەریەکەیان تایبەتمەندی و جیاوازی خۆی هەیەو پێویستە لە یەکتریان جیابکەینەوەو کۆبوونەوەیان لەژێر ناونیشان و وشەیەك کە (دژیەك)ە، نەبێتە هۆی تێکەڵبوونی ئەم دوو ئاراستە جیاوازە. ئێمە لێرەدا ئەم دوو جۆرە بە (دژیەکی فەلسەفی) و (دژیەکی لۆژیکی) ناوزەد دەکەین"[2].

یەکەم: دژیەك بوون یاخود دوالیزمی دژیەك لە فەلسەفەدا:

بەکورتی و لەڕوانگەی مەبەستەکەی ئێمەوە، فەلسەفە بریتیە لە: "فەلسەفە، خواستی مرۆڤە بۆ کامڵ بوون و بەرزکردنەوەی نەفسی مرۆڤە بەرەو کەماڵ، لەڕێی یاخود بەهۆی پەی بردن بە حەقیقەتی بوون، بەوجۆرەی کە لە واقیعدا هەیەو (حوکمدان) بەسەر بوون و هەبووندا بەشێوەی لێکۆڵینەوەو پێدانی بەڵگە نەك بە لاسایی کردنەوەو گومان، هەموو ئەمانەش لە چوارچێوەی توانایی مرۆڤدا..."[3].

---

[1] سید یحیی یثربي، عرفان نظري، ل114 بۆ 192.

[2] عبدالکریم سروش، تضاد دیالکتیکی، ل7.

[3] مولا صدرا، محمد ابراهیم (صدرالدین شیرازی). اسفار اربعه، مؤسسهٔ انتشارات حکمت، چاپ اول، 1383 هـ.ش. ل20.

فەلسەفە بۆ گەیشتن بە چییەتی بوون، زۆرجار بابەتەکانی کە بەگشتی (دوالیزمی دژیەك)ن دەکاتە ڕێچکەی لێکۆڵینەوەو بابەتی بەدواداچوون تا بەپێی (مەنهەجێکی عەقڵی) بە حەقیقەتێکی دیاریکراو بگات.

بابەتی دژیەك بوونی فەلسەفی یاخود دوالیزمی دژیەك لە فەلسەفەدا، باسکردنی ئەوە نییە کە بابەتێك دوو سیفەتی جیاوازی بدرێتە پاڵ، بەڵکو باسی دوالیزمی دژیەك بابەتی بەریەك کەوتن‌و دژبوونی دوالیزمەکانەو دەرئەنجام سەرکێشانی ئەم بابەتەیە بۆ باسی دوالیزمی دژیەکی (چاکە) و (خراپە)، کە ئایا بۆچی لە جیهاندا خراپە بوونی هەیە؟! زانایانی بواری فەلسەفە بە شێوازی تایبەتی خۆیان ئەم بابەتەیان چارەسەر کردووە (هەروەك لە پاری دووەمی ئەم بەشەدا باسمان کرد – وەرگێڕ) و لێرەدا وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە جێگای بایەخی ئێمە نییە.

کرۆکی بابەتی فەلسەفە لێرەدا، باسی ماددەیە، واتە پێکهاتەی ئەم جیهانە بە جۆرێکە کە ماددەیەك بوونی هەیەو لەگەڵ وێنەی یاخود شێوازی دەرەکی. ماددە پێکهێنەری بنەڕەتی ئەم جیهانەیە، ماددە وەکو ناوەڕۆکێك گۆڕانکاری لەخۆدەگرێت واتە دەتوانێت شێوازو تایبەتمەندیو وێنەی فرەو جۆراوجۆر لەخۆبگرێت.

بەکورتی جیهان لە پێکهاتەیەك دروستکراوە کە ماددەیەو ماددەش وێنەی جیاوازو گۆڕاو لەخۆدەگرێ، لێرەوەیە کە بابەتی (خراپە) دێتە پێشەوە، کە ئەویش گۆڕانی (نسبی)یە لە شێوازێکەوە بۆ شێوازێکی تر، بە واتایەکی دیکە (هێزو ئامادەیی)یەك هەیە لەگەڵ (کارو ئەگەرو واقیع)دا.

کورتەو مەبەستی بنەڕەتی ئەوەیە، کە ئەو جۆرە ئاڵوگۆڕە بەردەوامەی وێنەکان یاخود ڕووکاری ماددەی ئەم جیهانە واتە شێواز گرتنە خۆی جیاوازو بەردەوامی ئەم جیهانە بەهۆی لێکدان‌و بەیەکگەیشتنی بوونەوەرە جیاوازەکانە، هەمان ئەو بابەتەی کە زانایان بە لێکدان‌و بەرامبەربوونەوە تەعبیری لێدەکەن. ئەم تەنها شتەی یاخود بابەتەی کە ئەمڕۆ شتێکەو شێوازێکی هەیە، بۆئەوەی ببێتە شتێکی دیکە، پێویستە ئەم حاڵەتەی ئێستای بەڕێبکات‌و ببێتە شتێکی دیکە. ئەم دوو شێوازییە کە بەردەوام بەسەر ماددەو بابەتێکدا دێت‌و لێکدان لەو نێوەندەدا دروست دەبێت، پێی دەوترێت (دژیەك بوونی فەلسەفی)[1].

بەگشتی دەتوانین کۆی ئەو بابەتەی سەرەوە لە دوو خاڵدا کۆبکەینەوە:

1– ئامادەیی جیهان و ماددە بۆ گرتنەخۆی وێنەو شێوازی دژیەك.

2– ئەگەری (تفاعل) و کاریگەری حاڵەتەکانی دژیەك، لەسەر یەکتریو پەیدابوونی، هەبوونی (نویێ).

بێگومان هیچ کام لەم دوو خاڵە بەواتای کۆبوونەوەی دوو دژیەك نییە لە یەك بابەت‌و لە یەك کاتدا، بەڵکو شێوازەکانی کە دژیەکن لە کایە جیاوازەکانداو لە ماددەدا بوونیان هەیەو پێکدادان‌و پێکەوەبوونی ئەو شێوازە دژیەکانە، دەبێتە مایەی کارو کاردانەوەو گۆڕانکاریەکان.

---

[1] عبدالکریم سروش، تضاد دیالکتیکی، بڕوانە ل38.

ئەم بابەتە واتە دوالیزمی دژیەك و جۆرەکانی، بووەتە چەق و بابەتی یەکەمی زۆرینەی فەیلەسوفەکان و ڕێچکە فەلسەفیە جیاوازەکان، کە لەم پارەدا بەشێوەیەکی گشتی و هێندەی خزمەت بە بابەتە سەرەکیەکەمان بکات، ئاماژە بە هەندێك لەو زاناو ڕێچکە فەلسەفیانە دەکەین، وەك بەڵگەیەك کە دوالیزمی دژیەك لە فەلسەفەی کلاسیك و مۆدێرنیشدا، گرنگی و بایەخێکی سەنتەری هەیە.

1-3-1/ دوالیزمی دژیەك لای هەندێ لە فەیلەسوفەکانی پێش (سقراط)دا:
(زەینونی ئەیلی، هیرۆقلیدس، سوفستائیەکان و گۆرگیاس وەك نموونە، فیساگۆرسیەکان، ئەفلوتین)

فەیلەسوفەکانی "بەر لە (سقراط) بە (12) بیریاری گەورە دەوترێت کە بەر لە (سقراط) هەوڵیانداوە پێکهاتەی جیهان و سروشتی واقیع ڕاڤە بکەن، ئەرەستۆ بە (لێکۆڵەرانی بواری سروشت) ناوزەدی کردوون، چونکە ئەوان سروشت و پێکهاتەی شتەکانیان وەك (کُل) گشتێك سەیر دەکرد، ئەگەرچی واقیعیان دابەشدەکرد بۆ (واقعی دەرەکی) و (ناوەکی) بەڵام هەردوو واقعەکەیان وەکو واقعێکی فیزیکی ڕاڤە دەکرد"[1].

بەگشتی بابەتی دوانەیی یاخود دوالیزمی دژیەك، باسی دوانەیی (جوهر) یاخود بوونی باڵا نییە وەك لە ثیۆلۆجیادا ئاماژەمان پێکرد، بەڵکو باسی دوالیزمی دژیەکە وەك سیفاتی بوون (وجود).

یەکێك لەو فەیلەسوفانە زەینونی ئەیلی یە "زینون فەلسەفەیەکی تایبەت بە خۆی نەبووە، بەڵکو هەموو هەوڵەکانی خۆی خستبووە خزمەت بەرگریکردن لە فەلسەفەی مامۆستاکەیەوە، واتە (بارمنیدس)، کە کرۆکی فەلسەفەکەی لەسەر دوو بابەتی گرنگ بوو:

1- (الوجود الواحد)، واتە یەك هەبوون. یاخود بوون تەنها یەکە.
2- (الوجود الساکن)، واتە بوون نەگۆڕە.

لەوبارەوە (زینون) کتێبێکی نووسی کە ئامانجی لەو نووسینە ئەوەبوو تا بۆ خەڵکی ڕوونبکاتەوە کە باوەڕبوون بە فرەیی، سەردەکێشێت و بۆ چەندین جیاوازی و دژیەکی"[2]. بەگشتی فەلسەفەی ئیلیەکان و زینون لەوەدا کورت دەبێتەوە کە: "حەقیقەت یەك دانەیە و یەکە، ئیتر هەموو شتەکانی جگە لە ئەو ناڕاستە"[3]، واتە جیهانی ڕووکەش و دوالیزمە دژەکان تەنها ڕووکەشە و خودی حەقیقەت نییە.

فەیلەسوفێکی دیکە کە (هیرۆقلیدس)ە لە (576-480)ی پێش زایندا ژیاوە "بڕوای وایە کە سروشتی جیهان لە کەشتیەك دەچێت کە لێوانلێوە لە دوالیزمی دژیەك، کە چەندین نمونەی

---

[1] الموسوعة الفلسفية المختصرة، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە بۆ عەرەبی: فواد كامل، جلال العشرى، عبدالرشيد الصادق، مكتبة النهضة، بغداد، ل304.

[2] امام عبدالفتاح امام، المنهج الجدلي عند هيجل، دار المعارف بمصر – القاهرة، الطبعة الأولى، 1987م. ل51.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل56.

هێناوەتەوە. سەرەتا لە باڵاترینی بوونەوەرەکانەوە بۆ نزمترینیان، خوا ڕۆژو شەوە، زستانو هاوینە، جەنگو ئاشتییە، تێری و برسیەتیە، شتە ساردەکان دەبنە گەرم و گەرمەکانیش سارد دەبنەوە. وشکەکان تەڕو تەڕەکان وشك دەبنەوە. هەر لە ئێمە مرۆڤدا دوالیزمەکانی ژیان و مردن، خەوتنو بێداری، بچوکی و گەورەیی، بوونی هەیەو کۆی ئەم دوالیزمە دژانە دەگۆڕێن بۆ دوالیزمی دیکە، هیرۆقلیدس یەکبوون لە دژەکاندا بە دەرئەنجامی فرەیی دژەکان دەزانێ بۆیە (یەك) لە (کۆ) کردنەوەی شتەکان پێکدێتو هەمووانیش لە (یەك) دەردەچن"[1].

لە چوارچێوەی باسکردنی فەیلەسوف و ڕێچکە فەلسەفیەکانی پێش سۆکراتدا (پەیوەست بەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمە)، نابێت باسی سوفستائیەکان و لەنێویشیاندا بەتایبەتی (گۆرگیاس) لە یاد بکەین. بەگشتی گۆرگیاس جگە لەوەی ئینکاری (وجود) بوونی دەکرد هەروەها ئینکاری (مەعریفە)شی دەکردو ڕەدیشی دەکردەوە کە هیچ پەیوەندیەك لەنێوانیاندا هەبێت[2]. بەگشتی سۆفستائیەکان (پەیوەست بە بابەتەکەی ئێمەوە)، "بابەتەکانی دوالیزمی دژیەکیان وەك هۆکارو کەرەسەیەك دەگرتەبەر بۆ (قەناعەت) پێکردنی نەیارو بەرامبەرەکانیان تا لە کۆتاییدا یەکێك لە دوالیزمە دژەکانیان سەردەخست بەسەر ئەوی دیکەدا"[3].

فیساگۆرسیەکانیش ڕێچکەیەکی دیکە بوون کە دوالیزمیان وەك بنەمایەکی شیکاری گەردوونی باسکردووە. "فیساگۆرس خۆی فەیلەسوفێکی یۆنانیە کە لە ساڵانی (530) پێش زاین دا ناوی هاتووە، ڕاڤەی بۆ جیهان ڕاڤەیەکی ژمارەییانە بووە کە باوەڕی وابوو جیهان پێکدێت لە دوالیزمی (سنوردار) و (بێ سنور) و دواتر فیساگۆرسیەکان لەسەر بنەمای ئەو دوالیزمە (قائمة الأزواج العشرة) واتە دە دوالیزمەکەی بڵاوکردەوە کە پێیان وابوو جیهان لەوانە پێکدێت، کە بریتین لە (تاك، نێر، ڕاستەوخۆ، چاکە، چەسپاو...هتد) و دژەکانیان"[4].

لە کۆتایی ئاماژەماندا بە نموونەکانی بەر لە سۆکرات پێویستە باسی (ئەفلوتین) بکەین. "هەندێك لە زانایان باوەڕیان وایە کە فەلسەفەی ئەفلوتین، دەسپێكو سەرەتایەکە بۆ (وحدة الوجود) کە لە عیرفاندا هەیە، بەڵام هەندێکی تر باوەڕیان وایە کە ئیفلوتین باوەڕی بە پلەبەندیەکی بزواوی یەك لەدوای یەك هەیە کە سەرەتا لە بوونی یەکەمەوە دەستپێدەکاتو تا بوونەکانی دیکە کە پلەکانی بوونی خوارەوە یاخود بوونەکانی لە پلەکانی خوارەوە زۆرترین جیاوازی و دوالیزمی تێدایە، هەروەها باوەڕی بە (النفس الكلية) بوونو نەفسی گشتی هەیە کە بەردەوام پێویستە نەفسە (فرد)یەکان، بوون لە گشتیەکەوە وەرگرن"[5].

---

[1] امام عبدالفتاح امام، المنهج الجدلي عند هيجل، ل59.

[2] سەرچاوەی پێشوو، بڕوانە ل63.

[3] بولس سلامه، الصراع في الوجود، دارالكتب اللبناني، بيروت – لبنان، الطبعة الثالثة، 1973م. ل39.

[4] كامل ومجموعة من المؤلفين. الموسوعة الفلسفية المختصرة، مكتبة النهضة – بغدا ل321.

[5] مصطفى غالب، في سبيل موسوعة فلسفية، ج1، ل22.

1-3-2/ سۆكرات (سقراط) و هەندێ لە فەیلەسوفە كلاسیكەكانی مێژووی فەلسەفەو بابەتی دوالیزمی دژیەك:

(سۆكرات، ئەفلاتون، ئەرستۆ)

"(ئەی مرۆڤ خۆت بناسە)، ئەم گوتەیەی سۆكرات، مێژووی فەلسەفەی گۆڕی بەوەی كە بیریارانی لە تێڕامان بۆ (جیهانی دەرەكی) لەپێناو ڕاڤەكردنی گەردووندا وەرچەرخاند بۆ تێڕامان لە (جیهانی ناوەكی) واتە لەبری تێڕامان لە سروشت (ئاو، هەوا، ئاگر، خۆڵ) جەختی كردەوە لە تێڕامان لە خودی مرۆڤ واتە (عەقڵ)ی نەك جەستەی.

سۆكرات دوالیزمە دژەكانی بەرامبەر یەك دادەناو لە (جدل)ەكەیدا دەیكردنە پێوانەو پێوەر بۆ یەكتری، واتە سۆكرات بابەتو دژەكەی دەكردە جێگای بایەخو بەرگریكردن لێی نەك بۆ هێنانەكایەی (نوێ)یەك بەڵكو لەپێناو گەیشتن بە حەقیقەت"[1].

بەگشتی دەتوانین سێ خاڵی سەرەكی لە فەلسەفەی سۆكرات دا دیاری بكەین:

1- پەی بردنی مرۆڤ بە خودی خۆی، كە بەگشتی لە بابەتی دوالیزمی (خود)و (بابەت) دەدوێ.

2- سۆكرات لە گفتوگۆكانیدا بابەتێكی وەردەگرتو دەیخستە بەر گفتوگۆو دەرئەنجام (جهل) بەرامبەرەكانی دەسەلماند بۆ ئەو بابەتەو پاشان حەقیقەتی چەمكە دژەكەی دەخستە ڕوو بە شێوازی پێوانەو پێوەركردنی دوالیزمە دژیەكەكان. وەك ئەو پرسیارەی (سۆكرات) لە (مینون)ی دەكات دەربارەی (الفضیلة) دواتر بە پێوەركردنی لەگەڵ (الرذیلة)[2].

پاش سۆكرات، (ئەفلاتون)، وەك گەورەترین فەیلەسوفی سەردەمی خۆی ئاماژەی بە دوالیزمی دژیەك وەك بنەمایەكی فەلسەفی و شیكاری داوە. ئەفلاتون بە سودوەرگرتن لە هەندێ ڕەگەزی بنەڕەتی فەلسەفەكانی پێش خۆی بووە داڕێژەری فەلسەفەو ڕێچكەیەكی نوێ لە فەلسەفەدا. لە (بارمنیدس)ەوە ئەو باوەڕەی وەرگرت كە (حەقیقەت) هەمیشەییەو ناچێتە چوارچێوەی (كات)ەوە، هەروەها لە (هیرۆقلیدس)ەوە ئەو بیرۆكەی وەرگرت كە (العالم المحسوس) جیهانی هەستپێكراو نەمرو بەردەوام نییە "بەڕای ئەفلاتون (مەعریفە) لە عەقڵەوە وەردەگیرێتو تەنها (عەقڵ) سەرچاوەی حەقیقەتەو (هەستەكان) سەرچاوەی بەهەڵە بردنمانە، چونكە هەستەكان ڕووكەش (ظاهر)مان نیشان دەدات، بەڵام عەقڵ خودی حەقیقەتمان بۆ دیاری دەكات"[3]، واتە لای ئەفلاتون مەعریفە دابەشبووە بۆ دوالیزمە دژیەكەكانی (عەقڵ و هەستەكان) و (جیهانی ڕووكەش و حەقیقەت).

"ئەفلاتون باوەڕی بە حەقیقەتێكی گشتگیرو هەمیشەیی هەیە كە خودی ماهیەتی شتەكانەو بە (مثل)، نموونەو (نمونەیی) ناوزەدی دەكات، ئەمە ڕاستیو حەقیقەتی شتەكانە كە لە جیهانی هەستپێكراوەكاندا (جیهانی ڕووكەش)دا دەبینرێن، فەیلەسوف لە حەقیقەت و ماهیەتی

---

[1] بولس سلامە، الصراع في الوجود، ل44.

[2] امام عبدالفتاح امام، المنهج الجدلي عند هیجل، بڕوانە ل63-67.

[3] امام عبدالفتاح امام، المنهج الجدلي عند هیجل، ل68-69.

شتەکانی نێو ئەم جیهانە ناگات تەنها لەڕێگەی (جدل) (دیالیکتیك)ەوە نەبێت"[1]، دیالکتیکیش پێکەوە هێنانی دوالیزمە دژیەکەکانی نێو سروشت و بوونە تا بە حەقیقەتی شتەکان بگەین. (هەروەك چۆن دواترو بەتایبەت باسی دیالیکتیك دەکەین).

ئەفلاتون پێی وایە دیالکتیك دوو ڕێگای هەیە، دیالکتیك بەرەو بڵندیو باڵاو دووەمیان، دیالکتیك بەرەو خوارەوە. لەوەی یەکەمیاندا مرۆڤ پارچە ڕووکەشو جیاوازو دژیەکەکان دەبینێت و پاشان بەرزدەبێتەوە بۆ ئەو (عەقڵە گشتیە)ی کە پەیوەندی لەنێوانیاندا دروست دەکات واتە لە فرەیی هەستپێکراوەکانەوە بەرزدەبێتەوە بۆ یەکیەتی عەقڵی. بەرزبوونەوە بەردەوامە لە تاکەکانەوە بۆ جۆرەکانو پاشان بۆ ڕەگەزە پێکهێنەرەکانو دواتر بۆ سەرچاوەی هەموو پێکهاتەو ڕەگەزەکان، بۆ فیکرەیەك کە زۆرترین حەقیقەتی لەخۆگرتووەو باڵاترین پلەو پایەی هەیەو ئەم فیکرەیەش هیچ نییە جگە لە (مُثل) کە سەرچاوەی (چاکە)یە. ئەم سەرچاوەیە لە (جیهانی معقول)دا ڕۆڵی هەمان (خۆر)ی هەیە لە جیهانی هەستپێکراوەکاندا[2].

سەبارەت بە ئەرستۆش "بنەمای دوالیزمی دژیەك لە فەلسەفەی ئەرەستۆدا، جێگاو بایەخی خۆی هەیە. ئەرەستۆ ئەم بنەمایە بە (اول الاوائل) یەکەمی یەکەمەکان ناوزەد دەکاتو لە میتافیزیکدا باسی کردووە. ئەرستۆ لە باسی میتافیزیکدا وەك بەرێزترین زانستو بەرفراوانترین هاوکێشەی بوونناسی باسی کردووەو هەر لەوێشدا بنەمای دوالیزمی دژیەکی وەك ناسراوترینو بەرێزترینو لەپێشترین بنەما ناساندووە. بنەمای دوالیزمی دژیەك لە ڕوانگەی ئەرەستۆوە بە (مبدء المبادئ) ناودەبرێتو بەواتایەکی دیکە دەربڕی پایە سەرەکیەکانی بوونە، بەجۆرێك بە ڕەدکردنەوەی دوالیزمی دژیەك هەموو یاساو سیستمی بوونەوەر لەیەك هەڵدەوەشێتەوە. ئەرەستۆ بەردەوام هەوڵیداوە لە هەریەك لە بابەتو بەرهەمەکانی خۆیدا باسی دوالیزمی دژیەك بکات، لە باسکردنی هەندێك بابەتدا، بڕوای وایە کە بۆ دژیەکبوونی دوو دوالیزم پێویستە هەڵگری تایبەتمەندی یەکبوونو یەکیەتیش بن. بەجۆرێك کە دەتوانرێت ئەرەستۆ بە یەکەمین فەیلەسوف و لۆژیك دان ئەژماربکرێت کە لێکۆڵینەوەی کردووە لە (الوحدة الأعتبارية) لە دوالیزمی دژیەکدا واتە گەڕان بۆ بنەڕەتی یەکبوون لە دوالیزمی دژیەکدا.

ئەرەستۆ بە هەشت جۆر دەربڕینی، تێڕوانینی خۆی بۆ بنەمای دوالیزمی دژیەك دەربڕیوە:

أ- هەبوون و نەبوونی شتێك لە یەك کاتدا نەگونجاوە.

ب- نەگونجاوە شتێك پێکەوە لە یەك شوێن و یەك کاتدا هەبێت و نەشبێت.

ج- دوو گوتەی دژیەك دەربارەی یەك شت ناکرێت ڕاست بێت.

د- هیچکات ناکرێت دوو گوتەی دژیەك وەك یەك و بۆ یەك بابەت ڕاست بێت.

بەگشتی هەشت جۆر دەربڕینی هەیە کە دوالیزمی دژیەك بنەڕەتو بابەتی جیاوازیو پۆلێن بەندیەکەیە[3].

---

1 مصطفى غالب، في سبيل موسوعة فلسفية. من منشورات دار و مكتبة الهلال، بيروت، 1979م. ل48.

2 امام عبدالفتاح امام، المنهج الجدلى عند هيجل، ل70.

3 على اكبر احمدى افرمجانى، تعبيرهاى ارسطو از اصل تناقض، فصلنامهٔ دانشگاه قم شماره سوم، و چهارم. 1381 هـ.ش

هەروەها وەك لێكۆڵەرێکی تر دەڵێ: "بابەتێکی زۆر گرنگ لای ئەرەستۆ، بابەتی (تطور) گەشەکردنە، ئەو پێی وایە کە شتەکان بەردەوام لە ململانێ و کێبەرکێدان تا بگەنە بالاترین (صورة) شێوەو وێنەی خۆیان و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە (ئامانج) کە هۆکاری بزوێنەری هەموو جیهانەو هۆکاری یەکە..."[1].

1-3-3/ میتافیزیك (میتافیزیقا):

"لێکۆڵینەوەیە لە پرنسیپە سەرەتاییەکانی یاخود یەکەمەکانی شتەکان. هەروەها دەگوترێت لێکۆڵینەوەیە لە (جوهر) کرۆکی شتەکان، (جوهر)یش ئەوەیە کە هەر لە دەستپێك و سەرەتاوە هەبووەو ڕاڤەکردنی هەر شتێك پێویستی بە ناسینی (جوهر)ی ئەو شتە هەیە.."[2].

د.عەبدولکەریم سرووش دەربارەی ئەم زاراوەیە پێی وایە: "بەکارهێنانی زاراوەی میتافیزیك بۆ (جیهانی ناهەستیار) هەڵەیە، ئەم هەڵەیە لەڕاستیدا هەندێك فەیلەسوفی ڕۆژئاوایی کردوویانە، تەنانەت فەیلەسوفەکانی وەکو (سوهرەوەردی) و (مولاسەدرا) و (بوعلی سینا)ش کە زادەی ڕۆژهەڵاتن نەکەوتوونەتە ئەو هەڵەیەوە. میتافیزیك جۆرێکە لە دابەشکردنی مەعریفە، نەك دابەشکردنی جیهان و بوون. میتافیزیك جۆرێکە لە مەعریفە کە پەیوەستە یاخود پەیوەندی بە هەموو بوونەوە هەیەو لەوانەش ئەم جیهانە. میتافیزیك هەروەك زانست چۆنیەتی و ڕەوش و ئەحکامی خۆی هەیەو ئەمەش بەواتای ئەوە نییە کە (دژیەك) بن. تەنها جیاوازیان لەوەدایە کە بابەتەکانی میتافیزیك (سەلماندن) و (ڕەدکردنەوە)ی خۆی لەڕێی (ئەزموونکردن)ەوە ئاشکرا ناکات، بۆ نموونە هاوکێشەکانی لۆژیك جۆرێکە لە میتافیزیك. بەگشتی زانستێك کە باس لە هاوکێشەکان و یاساکان و ئەحکامەکانی (بوونی ڕەها) دەدوێت. بە میتافیزیك ناوزەد دەکرێت"[3].

بێگومان ئەم جۆرە زانستەش جگە لەوەی گریمانەی دوو جیهان و دوو بنەڕەت و بابەتی چاکەو خراپەو...هتد، دەکاتە کەرەسەی لێکۆڵینەوەی خۆی، دوالیزمە دژیەکەکانی جیهانی واقعیش دەکاتە خاڵی دەستپێك و سەرەکی بۆ دۆزینەوەی بوونی ڕەها.

1-3-4/ دوالیزمی دژیەك لای هەندێك لە فەیلەسوفەکانی مۆدێرنە: (کانت، هیگڵ)

کانت فەزڵێکی زۆر گەورەی بەسەر (دیالکتیك)ەوە هەیە، بەوەی بابەتی دوالیزمە دژیەکەکانی هێنایە کایەوەو کەلێنی نێوان وەك یەك یاخود یەکبووەکانی ئاشکرا کرد[4].

---

1 مصطفى غالب، في سبيل موسوعة فلسفية، ل63.

2 الموسوعة الفلسفية المختصرة، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە بۆ عەرەبی: فواد کامل، جلال العشری، عبدالرشيد الصادق، ل466.

3 عبدالكريم سروش، تضاد دیالکتیکی، ل122.

4 بولس سلامه، الصراع فی الوجود، ل49.

لەم بارەیەوە وتراوە: "کانت یەکەم کەس بوو کە جیاوازی نێوان (عەقڵ) و (فهم)ی دۆزیەوە، کە پێی وابوو بابەتی ژێری دوایی نەهاتوو و بێ مەرجە بەپێچەوانەی تێگەیشتنەوە کە بابەتەکەی کۆتایی هاتوو و مەرجدارە"[1].

لە گرنگترین کارەکانی کە (کانت) کردی، دەرخستنو ڕووناکی خستنە سەر فیکرەی دژیەکەکان یاخود دوالیزمە دژیەکەکان بوو "پێشتر وا باوبوو کە ئەگەر مەعریفە سەربکێشێت بۆ (تناقض) جیاوازیو دژیەکبوون، ئەوا وەك بەڵگە سەیردەکرا بۆ لادانو هەڵەی خودی یاخود لە بەڵگەکاندا، بەڵام کانت باوەڕی وابوو کە (فیکر) بەشێوەیەکی سروشتی دەچێتە ناو بابەتە جیاوازو دژیەکەکانەوە بەتایبەتی کە بیەوێت پەی بە دوایی نەهاتوو (اللامتناهی) بەرێت، هەر لێرە کانت خزمەتێکی گەورەی بە فەلسەفە کرد، بەوەی ئاماژەی دا بە (متناقض)ەکانی عەقڵ، چونکە ناسینی دوالیزمە دژیەکەکان ڕووی هەمووانی وەرگێڕا بۆ جوڵەو تێگەیشتن لە (دیالکتیك). کانت بڕوای وابوو کە ناتوانین هیچ شتێك تەنها لە خودی خۆیەوە بناسینو پەی پێ بەرین بەبێ پەی بردن بە دوالیزمە دژەکەی بەرامبەری، (دژ) بەواتا پۆزەتیڤەکەی کە مەبەستمان لە پۆزەتیڤ ئەوەیە کە هەر شتێك بوونی (فعل)و حەقیقی هەبێت ئەوا لەناخی خۆیدا چەندین ڕەگەزی دژیەکی کۆکردووەتەوە، هەربۆیە ناسینو پەی بردن لای کانت پەی بردنە بە شتەکان وەك یەکەیەکی زیندوو لە پارچەو پێکهاتەی جیاوازو دژبەیەك"[2].

سەبارەت بە (هیگڵ)، کۆی هەوڵی هیگڵ بەرزکردنەوەی فەلسەفە بوو بۆ پلەی (زانست)، واتە دەربازکردنی لە هەموو بابەتێك کە پێچەوانەی عەقڵە یاخود لەگەڵ ئەزموونگەری (عەقڵ)دا نایەتەوە.

هیگڵ باوەڕی بە ململانێی دوالیزمە دژەکان هەبوو "باوەڕی بە فەلسەفەی مێژوو هەروەها بزاوتنی مێژوو هەبوو بەرەو کۆتایی، کۆتاییەك کە چینی (ناوەند) کۆمەڵگا پێکدەهێنێو حکومەتی مۆدێرن بە سیستمێکی دیاریکراوی فەلسەفیەوە پەیوەست دەبێت"[3].

وەك زانای شەریعەتی دەڵێ: "ئەگەر لە دوو وشەدا فەلسەفەی هیگڵ کورت بکەینەوە ئەوا دەڵێین خوازیاری ئازادی بوو. بۆیە دژی هەموو جۆرە سنورەکانی ئاین و مەزهەب بوو. هیگڵ لە نیوەی دووەمی ژیانیدا واتە لە سەدەی نۆزدەهەمدا، بابەتی (سنوردار) و (بێ سنوری) یاخود (دروستکراو) و (دروستکەر)ی وروژاندو پێی وابوو پەیوەندی نێوان خواو مرۆڤەکان بەندایەتی نییە، چونکە ئەوە دژە لەگەڵ (ئازادی) مرۆڤدا، بەڵکو تەنها پەیوەندی (عاشقانە) دەتوانێت (خالق) واتە (تز) و (مخلوق) (ئەنتی تز)دا، (سنتز)ێکی نوێ بخولقێنێ"[4].

---

[1] امام عبدالفتاح امام، المنهج الجدلی عند هیجل، ل82.

[2] سەرچاوەی پێشوو، بڕوانە ل83.

[3] علی شەریعەتی، فرهنگ لغات، ل379.

[4] عبدالكريم سروش، تضاد دیالکتیکی، ل39.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە بابەتی دوالیزمی دژیەك لای هیگڵ پێویستە باسی دیالکتیك بکەین چونکە ئەگەرچی ڕەگەزو ڕیشەی دیالکتیك لای زۆرێك لە فەیلەسوفەکانی پێش سۆکرات و دوای ئەویش هەیە، بەڵام دیالکتیك بەشێوەیەکی تیۆری و تەواو لای هیگڵ باسکراو دەرکەوت.

1-3-5/ دیالکتیك و دوالیزمی دژیەك لای هیگڵ:

لەڕووی واتاو بەکارهێنانەوە. دیالکتیك بریتیە لە: "گەیشتن بە حەقیقەتو سەلماندنی ئامانجێك لەڕێگەی ئاشکراکردنو بەدوای یەکتردا هێنانی دوالیزمە دژیەکەکان لە فیکرو گوتاردا"[1].

وەك پێشتر باسمان کرد سۆکرات لە ڕەوشی گفتوگۆی دا لەگەڵ نەیارەکانی بە خستنە ڕووی دوالیزمە دژیەکەکان، نەیارەکەی خۆی شکست پێدەهێناو بەسەریدا سەردەکەوت. "ئەم شێوازەی سۆکرات لای هیگڵ بەردەوام بوو بەڵام بەو جیاوازییەی کە دیالکتیکی هیگڵ بریتی بوو لە تێگەیشتن لە دیاردەکانی جیهانو کارو کاردانەوەکانی بوون لەسەر بنەمای دۆزینەوەی یاساکانی دوالیزمی دژیەكو باوەڕ بەو بنەمایەی کە دەرئەنجامی ململانێ لەنێوان دوو دژیەکدا، دیاردەیەکی نوێ دێتە کایەوە. هەروەها باوەڕ بوون بەوەی ململانێو دژایەتی نێوان دژەکان هەمیشەییەو لە هەموو کایەکاندایەو دواجار باوەڕ بەو بنەمایەی کە هەر دیاردەیەك لە خۆیدا دوالیزمی دژە خۆی هەڵگرتووە بەشێوەیەکی (جبری) واتە لە دەرەوەی ویستی خۆی بۆیە دیالکتیکی هیگڵ لەسەر سێ بنەماو پایە وەستاوە:

1- (تز) یاخود (بنەڕەت)، (کار).

2- (ئەنتی تز) دژەکەی.

3- (سێنتێز) ئەو دەرئەنجامەی کە لە کۆکردنەوەی ئەم دوو دوالیزمە دژە دێتە کایەوە"[2].

"دیالکتیك، وەك پێکهاتەیەکی لەیەك جوداو سەربەخۆ ناڕوانێتە شتەکان، بەڵکو لەڕوانگەی پەیوەندی هاوبەشی نێوان هەموو پارچەو بەشەکان، وەك یەکەیەکی گشتو کامڵو تەواو سەیری هەمو جیهان دەکات، ئەمەش واتە گشتگیری یەکێکە لە بنەماکانی دیالکتیك، کە تێیدا هەموو دیاردەیەك پەیوەندو پەیوەستە بە هۆکاری دیکەوەو هەموو بەشێکیش فەرمانو ئەرکی خۆی هەیەو جیهانیش تەنها لەسەر ئەم بنەمایە ڕاڤە دەکرێت. بۆنمونە چاو چ مانایەکی هەیە ئەگەر پەیوەست نەبێت بە جەستەوە؟ ئایا ڕاستە پێی بوترێت چاو؟ ئایا ئەو کاتە دەبینێت؟ کێیە بینەرەکە؟ هەروەها پرینسیپی بەردەوامبوون و گەشەکردن هەردەم لە گۆڕانکاری دایەو هیچ شتێك لەم بوونەوەرەدا جێگیرو چەسپاو نییە، هەموو شتێك لەدایکدەبێتو گەشە دەکاتو پاشان دەمرێت. هەموو شتێك مێژووی خۆی هەیە. ڕابردوو ئێستاو داهاتووی هەیە. کەواتە دیالکتیك سەیری شتەکان دەکات لەڕوانگەی گەشەو ژیانیانەوە"[3].

---

[1] علی شەریعەتی، فرهنگ لغات، ل194.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل194.

[3] بولس سلامه، الصراع فی الوجود، ل41.

"سەبارەت بە (دوالیزمی دژیەك) یاخود (دژیەك)، بنەمای سەرەکی ڕێچکەی (دیالکتیك)ەو پێچەوانەی لۆژیکی ئەرەستۆیە، چونکە لۆژیك پێی وایە کە هەموو شتێك یەکسانە بە خودی خۆی بۆنمونە (ئەحمەد) یەکسانە بە (ئەحمەد)، بەڵام دیالکتیك بڕوای وایە هەموو دیاریکردنێك یەکسانە بە نەیکردن لە ئەوانی دیکە یاخود دژەکەی، بۆنمونە کە دەڵێین ئەوە (ئەحمەد)ە واتە ئیبراهیم نییە، بەڵکو دیالکتیك لەوە زیاتر دەڕوات‌و بڕوای وایە هەموو شتێك لە خۆیدا دژەکەی هەڵگرتووە بۆنمونە (تۆو)ی ڕوەکێك (مردووە)، بەڵام لە خۆیدا ژیانی ڕووەکێکی هەڵگرتووە پاشان ئەویش دەمرێ‌و ژیانی لە تۆودا جێهێشتووە... کەواتە دژیەکبوونی دیالکتیکی وێرانکاری‌و مردن نییە، بەڵکو بزوێنەری ڕاستەقینەیە. دوالیزمە دژەکان بەرزدەبنەوە تا دژیەکبوون تێپەڕێنن‌و (نوێ)یەك بهێننە کایەوە.."[1].

6-3-1/ مارکسیزم:

لەڕاستیدا ئەگەرچی واباوە کە دیالکتیکی مارکسیزم تەواو جیاوازو دژە لەگەڵ دیالکتیك هیگڵ دا، بەڵام بەگشتی جیاوازیەکی ئەوتۆ لەنێوان هەردوو دیالکتیکەکاندا نییەو مارکس بڕوای وایە کە تەنها ڕێبازێك کە پێویستە فەلسەفە بیگرێتە بەر، بریتیە لە ڕێبازی دیالکتیکی هیگڵی‌و هەردووکیشیان بە تەواوی میتافیزیك ڕەد دەکەنەوە[2].

زانایەکی ئەم بوارە دەڵێ: "خاڵی سەرەکی جیاوازیی نێوان مارکس‌و هیگڵ، لە وێناکردنی هەردووکیانەوەیە بۆ (بوون) گەردوون، یاخود ئەگەر وردتر ئاماژەی پێبکەین، جیاوازی هەردووکیان پەیوەندی بە (فکر) و (وجود)ەوە هەیەو لەڕووی لۆژیکیەوە کامیان لەپێشترن، هیگڵ بڕوای وایە کە (فیکر) مەرجی بنەڕەتی‌و (مبدأ) یەکەمی گەردوونە. هەروەها چیەتی‌و کرۆکی جیهانی واقعیەو هەربۆیە پێویستە لە (فکر)ەوە دەستپێبکەین بۆ (سروشت)، بەڵام مارکس ئەم تێڕوانینە میسالیانە ڕەددەکاتەوە و پێی وایە کە (سروشت) بنەڕەتی یەکەمەو مەرجی لۆژیکیانەی بوونی (فیکر)و ژیانی ڕۆحیشە بەگشتی. ئەم خاڵە بنەڕەتیەش لە جیاوازی نێوان هیگڵ و مارکس دا کارناکاتە سەر خودی ڕێبازەکە. خاڵی دەسپێك هەرچیەك بێت، بابەتی فەلسەفەو تێڕوانینیان بۆ فەلسەفە هەرچیەك بێت، ئەوا هیچ لەو ڕاستیە ناگۆڕێت کە هەردووکیان بڕوایان وایە ڕێگەی ڕاست هیچ نییە جگە لە دیالکتیك"[3].

کەواتە مارکس و هیگڵ بڕوایان بە دیالکتیك هەیە، بەڵام هیگڵ بە (فیکر) دەستپێدەکات‌و مارکس بە (مادده). کەواتە بابەت‌و بنەڕەتی دوالیزمی دژیەك کە لە (هیرۆکلیس)ەوە ڕیشەکەیمان هێنا، لێرەدا (مارکس)یش دەیکاتە بنەڕەتی دیالکتیکی خۆی وەك زادەی سروشت. چونکە وەك لە ئایدیای مارکسیزمدا هاتووە ئەگەر دژیەکبوون‌و دوالیزمی دژیەك نەبێت ئەوا هەموو شتەکان وەك خۆیان و بەبێ گۆڕانکاری‌و بە چەسپاوی دەمانەوە "لە مارکسیزم دا (مبدأ) دوالیزمی دژیەك‌و

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل41.

[2] امام عبدالفتاح امام، المنهج الجدلی عند هیجل، ل330.

[3] امام عبدالفتاح امام، المنهج الجدلی عند هیجل، ل331.

دژیەکبوون سەردەکێشێ بۆ گۆڕانکاری لە چۆنیەتیدا، بۆنمونە دەنکە (گەنم) یاخود (جۆ)یەك کە دەبێتە (گوڵ) ئەوە گۆڕانە لە جۆردا نەك تەنها لە چەندیەتیدا. ئەم گەشەکردنە لە جۆردا لەگەڵ کاتدا دەبێتو لەناو سروشتدا. ئەگەر سەرنجێکی وردی ناو سروشت بدەین چەندین گۆڕانکاری بەدیدەکەین، ئەم گۆڕانکاریە گەورانە (شۆڕش)ن و مارکسیزمیش لەسەر بنەمای (شۆڕش) دامەزراوە. شۆڕش لە نەریتی مارکسیزمدا ڕۆژانە بەرچاو دەکەوێت، ئەمە ڕای مارکسیزم بوو لەسەر ئاستی سروشتو ماددە، بەڵام بابزانین لەسەر ئاستی مێژوو چۆنە، چونکە ئەم خاڵە گرنگترین خاڵی ناو دیالکتیکی ماددەیە. لە مارکسیەتو لە ململانێی مارکسیزمدا کە بڕوای بە شۆڕشو دژایەتی نێوان دژو دوالیزمە دژیەکەکان هەیە، ململانێکە داستانی خودی مرۆڤەو پاڵەوانو پلەی بالاش (چینی کرێکار)ە. مرۆڤ لە مێژوودا هاتە بوونو دواتر دەرئەنجامی دابەشکردنی کار (موڵکی تایبەت) پەیدابوو. لەبەر موڵکداریو خاوەنداریەتی تایبەت مرۆڤەکان بوونە دژی یەکترو دەرئەنجام (بەرژەوەندی گشتی) کەوتە ململانێ لەگەڵ (بەرژەوەندی تایبەت)دا، دەرئەنجام لەناو خوازیارانی بەرژەوەندی گشتیدا کەسانێکی خاوەن دەسەڵات دروستبوون کە بوونە خاوەنی (سەرمایە) و ئازادی مرۆڤیان کردە قوربانی سەرمایەی خۆیانو بەڵکو خودی مرۆڤیشیان کردە کاڵاو...هتد و دەرئەنجامی ئەم هەموو ململانێیەو لە دەرئەنجامی گەشەی ململانێی نێوان ئەم دژیەکانەدا، مارکسیش قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵگای کردووە بە "سەرەتایی، کۆیلەیی، دەرەبەگایەتی، سەرمایەداری...) و دەرئەنجام ئەم ململانێ دیالکتیکیەی نێوان دژەکان کۆمەڵگا دەبات بەرەو (سۆشیالیزم) و دواقۆناغیش بەرەو کۆمۆنیزم کە کۆتایی ململانێو دژایەتی کردنە"[1].

بەگشتی و بەکورتی لە فیکری مارکسیزمدا بزوێنەری دیالکتیکی ماددی و مێژوویش ململانێی نێوان دوالیزمە دژیەکەکانەو قۆناغی کۆمۆنیزمیش هیچ نییە جگە لە قۆناغی کۆتایی ململانێو دژایەتی نێوان دژەکان.

بەگشتی زۆر فەیلەسوف و ڕێچکەی فەلسەفی هەن کە دوالیزمی دژیەك وەك بنەماو ڕەگەزو بابەتی سەرەکی بووەتە هۆکار یاخود تایبەتمەندی بوونیان، بەڵام لەم بابەتەی ئێمەدا ناتوانین باسی هەموویان بکەین، ئەگەر (دیکارت) وەرگرین (شك) گومان دەکاتە ڕێبازو ڕێگای گەیشتن بە (یقین) کە ئەمە دوالیزمی دژیەکە[2]. ئەگەر باسی (نیتشە) بکەین ئەوا "لای لێکۆڵەرانی بواری فەلسەفە، نیتشە ناسراوە بە فەیلەسوفێکی ئازادو (متناقض) کە هیچ بایەخێکی بۆ لۆژیكو یاساو ڕێسا دانەناوە"[3].

وجودیەت، (بوونی تاکگەرا) و (بوونی گشتی) دەکاتە چەقی بابەتی خۆی کە کامیان ڕاستەقینەیە. (تناقض) و (توتر) واتە دڵەڕاوکێ هەموو فیکری وجودی داگیرکردووە تەنانەت

---

[1] بولس سلامه، الصراع فی الوجود، ل125.

[2] مجموعة من المؤلفين، في سبيل موسوعة فلسفية، چ5، بڕوانە لاپەڕەکانی 110-118.

[3] سەرچاوەی پێشوو، چ6، بڕوانە لاپەڕەکانی 31-38.

فەیلەسوفی ناوداری وجودی (کێرکیگارد) دەڵێ: فیکر عاشقی ململانێیە، بیریار یاخود (مفکر) بەبێ ململانێ وەك عاشقی بێ خۆشەویست وایە[1].

1-3-7/ دوالیزمی دژیەك لای هەندێك لە فەیلەسوفەکانی ئیسلام:

لەڕاستیدا فەلسەفەی ئیسلامیش کە وەکو قۆناغ و بابەت بەشێکە لە کۆی مێژووی فەلسەفە، لەڕووی بابەتو پانتاییەوە کاریگەری خۆی هەیەو ئەمیش وەکو کۆی فەلسەفە ئامانجی گەیشتنە بە وەڵامە بنەڕەتیەکان سەبارەت بە (بوون)، لەو ڕوانگەوە (دوالیزمی دژیەك) یان کەرەسەو ئامڕازی لێکۆڵینەوەیە یاخود بابەتەکانی کە بوونەتە جێگای مشتومڕی فەیلەسوفەکانی هەر قۆناغێك لە خودی خۆیاندا دوالیزمی دژیەکن، لێرەداو وەك بەڵگە، نمونەی چەند فەیلەسوفو ڕێچکەیەك باسدەکەین تا بزانین دوالیزمی دژیەك لەکوێی بایەخو بابەتی ئەواندایە:

1-3-7-أ/ فەلسەفەی ئیشراق (اشراق) یاخود (ئیشراقییەکان):

پەیڕەوانی ئەم جۆرە فەلسەفەیە، جگەلەوەی پەنادەبەنە بەر بەڵگەو لێکۆڵینەوەی عەقڵیو فیکری هاوکات، بەدەستهێنانی مەعریفە لەڕێگەی (تأملات باطني) و چێژی ڕۆحی و ڕێژەن و ڕووناکبوونەوەی دەروون، بە پێویست دەزانن، کە ئەویش بەرهەمی کۆششی دەروونیو ڕۆحیە چونکە پێیان وایە عەقڵو فیکر بەبێ ڕووناکیو پاکبوونەوەی دەروونو زیندووکردنەوەی هەستە دەروونیەکان کەموکورتە. "پەیڕەوانی ئەم جۆرە فەلسەفەیە، کە تێکەڵکردنی (فەلسەفە) و (باطني) بوونە، لە ترادسیۆنی ئیسلامیدا پێکدێن لە (شێخ الأشراق) واتە (شێخ شهاب الدین سهروردی) و (شارەزووری). شێخ شەهابەددین فەلسەفەکەی خۆی لەسەر شوێنەواری فەیلەسوفو حەکیمەکانی دێرینی هیندو ئێرانو بابلو میسرو یۆنان، بونیادناوە"[2].

شێخ شەهابەددین لە سەرەتای کتێبەکەیدا (کتاب حکمة الأشراق)، سەرەتا باسی مەعریفە دەکاتو پێی وایە جگە لە بەدەستهێنانی مەعریفە لەڕێی هەستەکانەوە. هەموو مرۆڤێکیش بە ڕێژەی کەم یاخود زۆرو بە ئەندازەی کۆششی خۆی دەبێتە خاوەنی (ذوق) کە هۆکاری بەدەستهێنانی حەقیقەتی مەعریفەو مەعریفەی (باطن)ە، واتە هەر لەسەرەتاوە مەعریفە دابەشدەکات بۆ سەر دوالیزمەکانی (حەقیقەتو ڕووکەش)، (هەستەکان و ذوق).

سوهرەوەردی پاشان باس لە (فیساغورس) دەکات تا (ئەفلاتوون) و پێی وایە کە ئەم ڕەوشی مەعریفە وەرگرتنە لەڕێی (ذوق) و کۆششی (باطن) یەوە، ڕەوشی ئەو فەیلەسوفە گەورانەش بووەو پاشان باس لەوە دەکات کە گوتەی ئەو حەکیمە گەورانە بە شێوەی (ڕەمز) بووە بۆیە هەندێك ڕەخنەیان لێ دەگرن ئەگەرنا (باطن)ی ناوەڕۆکی نوسینو گوتەکانیان بگرینو (ظاهر) ڕووکەش تێپەڕێنین، ئەوا مەبەستە سەرەکیەکەمان بۆ دەردەکەوێت.

---

[1] بولس سلامە، الصراع ڤ الوجود، بڕوانە ل135.

[2] سید یحیی یثربي، فلسفة عرفان، ل28.

پاشان باس له بنەمای (ڕووناكی و تاریكی) دەكات كه له ڕۆژهەلآت دا، بنەمای تێڕوانینی حەكیمەكانی ئێران‌و (براهمن) بووە. دواتر بەگشتی زانایان پۆلێن دەكات بۆ سێ جۆرو باشترینیان بەوانه دەزانێت كه پەیڕەوی له (علوم ذوقي) و (علوم بحث)ی دەكەن‌و لەڕاستیدا تەنها ئەوانەن كه (خليفه الله)ن.

جگه لەم دوالیزمه دژیەكانەی كه له باسكردن و پۆلێنكردنی مەعریفەدا هەیەتی بەگشتی (عالم محسوسات) یاخود (عالم بحث) به جیهانی دوالیزمه دژیەكەكان دەزانێت كه هەر خودی دوالیزمی دژیەكیش كەرەسەی پەی بردنه بەو جیهانه[1].

1-3-7-ب/ ڕەوشی (متكلمين):

بەگشتی ئەمانیش بابەته دوالیزمەكان كه لەهەمان كاتدا وەك دوالیزمی دژیەك دەردەكەون، بابەتی ململانێ و گفتوگۆكانیان بوو، بۆ نموونه (ابو الهذيل علاف) كه له (135-235) كۆچیدا ژیاوە تیۆری (جوهر فرد)ی كردبووە بنەمای لێكۆڵینەوە شەرعیەكان‌و به گونجاوتری دەزانی له (هیولی) و (صورة)ی لای ئەرەستۆ، لەو ڕوانگەوە كه ئەوەی لای ئەرەستۆ (قدیم)ە بەڵام دەگونجێت (جوهر فرد) لەگەڵ (حادث) بووندا بێتەوە. بەكورتی ئەم جۆرە بابەتانه كه دوالیزمی دژیەكن له چوارچێوەی لێكۆڵینەوەكانی (متكلمين)یشدا بوو.

له دامەزرێنەران و پەیڕەوانی ئەم ڕەوشه، بریتی بوون له: حسن بەسری، جاحظ، باقلانی، ئەبولحەسەنی ئەشعەری، غەزالی، خواجه نصیرەدینی طوسی[2].

1-3-7-ج/ اخوان الصفا:

كۆمەڵەی (اخوان الصفا و خلاف الوفاء) كۆمەڵەیەكی نهێنی بووە، كه له (بصرة) و له سەدەی (10)ی زاینیدا دروستبوون و (52) نامەی نوسراویان هەیه بەناوی (رسائل أخوان الصفا)و چەندین نوسراوو بەرهەمی دیكەیان هەیه.

بڕوایان وایه كه (مردن)ی (جەسته) هیچ نییه جگه له (لەدایكبوونی) (ڕۆح) هەروەك چۆن (گەوهەر) له (صدف) دەردەهێنرێت. بڕوایان وایه كه (قیامەت) ئەوساتەیه كه (عارف) دڵ‌و دەروونی ڕووناك دەبێتەوە به مەعریفەی خوایی‌و دەچێته جیهانێكی نوێوە.

بڕوایان بەوە هەیه كه (ڕۆح) بەشێكه له نوری خوا كه له تاریكی جەستەو ماددەدا زیندانی كراوەو تەنها به ناسینی خۆی ڕزگاری دەبێت‌و مرۆڤی عارف بەرزدەبێتەوە بەرەو (باڵا) و ئەم جیهانه نزم‌و پڕ له دوالیزمی دژیەكه بەجێدێڵێت[3].

---

[1] سيد يحيى يثربي، له ڕاڤەی كتێبی حكمة الأشراق، فەلسەفەی عرفان، بڕوانه ل30.

[2] سيد يحيى يثربي، فلسفة عرفان، بڕوانه لاپەڕەكانی 28-33.

[3] فراس السواح، طريق اخوان الصفا، منشورات دار علاءالدين، دمشق – سوريا، الطبعة الأولى، 2008م. بڕوانه ل20-39.

1-3-7-د/ هەندێك لە فەیلەسوفەکانی ترادسیۆنی ئیسلامی:
(کندی، ئیبن سینا، مولا صەدرا، غەزالی، فارابی، ئیبن روشد، ئیبن خەلدون)

(کندی) یەکێکە لە فەیلەسوفەکانی ترادسیۆنی ئیسلامی، ئەم فەیلەسوفە پێی وایە کە جیهان ڕەنگدانەوەی (الله) کە باڵاترین (علة)یەو یەکەمین (علة) هۆکارە کە دەرئەنجام چەندین (علة) و (معلول)ی لە ئاستی خوارەوەدا لێکەوتووەتەوە. (علة) کاریگەری هەیە بۆ (معلول) بەڵام (معلول) هیچ کارناکاتە سەر (علة).

بەگشتی تیۆری مەعریفە لای ئەم زانایە دوالیزمییە، کە پێی وایە بەهۆی هەستەکانی جەستەوە پەی بە (جزئیات) دەبەین‌و بەهۆی (عەقڵ)یشەوە پەی بە (کلیات) دەبەین[1].

جگە لەم زانایە هەردوو زانای ناوداری نێو ترادسیۆنی ئیسلامی، واتە (ئیبن سینا)و (مولا صەدرا) دوالیزمی دژیەکیان لە ڕەوشی مەعریفیی خۆیاندا بەکارهێناوە. بەگشتی‌و بەکورتی ئەم دوو حەکیم و فەیلەسوفەی ترادسیۆنی ئیسلامی ڕەوشێکی پێشبینی کراوی لەوجۆرەیان گرتووەتەبەر کە (خوا) بە (علة) هۆکاری یەکەم و کامڵ دەزانن‌و هەموو دروستکراوەکانی بە (معلول)ی ئەو (علة)یە دەزانن و سەبارەت بە بوونی شەڕەنگێزی‌و (خراپە) لە (بوون)دا بەوجۆرە ڕاڤەی دەکەن کە:

1- (خراپە) بە بەراورد لەگەڵ (چاکە) زۆر دەگمەن و کەمە.

2- ئەم (خراپە)یە کە زۆر کەمە بە کارکردن لەسەری بە بەڵگەو شیکردنەوە، لە نەبوونەوە سەر دەردەکات واتە لە ژیاندا بەسەردەچێت.

3- (خراپە) بە دەرئەنجامی یاخود زادەی گۆڕانکاری‌و دژیەکبوونی دیاردەکانی جیهانی (سروشت) دەزانن‌و نەبوونی گۆڕان‌و دژیەکبوون یاخود دوالیزمی دژیەك وەك (حوکم) دانە بە نەمانی (جیهانی سروشت) چونکە ئەوە سروشتی ئەو جیهانەیە واتە دوالیزمی دژیەك تایبەتمەندی نەگۆڕی جیهانی ماددەیە[2].

فەیلەسوفێکی دیکە کە (غەزالی)یە ئاماژەی داوە بە دوالیزمی دژیەك لە دیدە فەلسەفی‌و تێڕوانینە دەروونی و ڕەوشتیەکانیدا. ئەم فەیلەسوفە ناودارەی ترادسیۆنی ئیسلامی لەو قۆناغەدا کە لە بواری فەلسەفەدا کاری کردووە بە فەیلەسوفی (شك) و (یقین) ناسراوە کە دوانەیەکی دوالیزمی دژیەکە[3].

(فارابی) یەکێکی دیکەیە لە فەیلەسوفەکانی ترادسیۆنی ئیسلامی کە زۆر هەوڵی نزیککردنەوەی فەلسەفەی یۆنانی‌و ئیسلامی داوە. فارابی هەموو (بوون) دەکاتە دوو جۆر (واجب الوجود) یاخود (ممکن الوجود). (ممکن الوجود) (علة)ی دەوێ بۆ بوونی (علل)یش ناکرێت تا کۆتایی بڕوات بۆیە پێویستیمان بە (واجب الوجود) کە بوونی یەکەمەو وەکو بوونەکانی دیکە نییەو لە بووندا تاکەو (دژ)ی نییە بەو واتایەی کە (ضد) دژ بەگشتی لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا کە

---

[1] مجموعة من المؤلفين، الموسوعة الفلسفية المختصرة، بڕوانە لاپەڕەکانی 348-352.

[2] منصور ایمانپور، کاملیت جهان و مسئلهٔ شرّ در اندیشهٔ ابن سینا و ملا صدرا، نشریهٔ دانشگاه تبریز، شماره 199.

[3] مجموعة من المؤلفين، الموسوعة الفلسفية المختصرة، ج7، ل78.

دژیەکنو دوالیزمی دژیەك پێکدەهێنن، هاوبەش یاخود هاوسەنگی دژەکەیەتیو دوو دژەکەش هەر جارەو یەکێکیان ئەوی دیکە (باطل) دەکاتەوە، دەرئەنجام لەبەرئەوەی ئەو (واجب الوجود)ە هیچ (باطل)ی ناکاتەوە کەواتە هیچ دژی نییە، بەڵام بوونەکانی تر هەموویان دژیان هەیەو پێکەوە دوالیزمی دژیەك پێکدەهێنن[1].

فەیلەسوفێکی دیکەی ناو ترادسیۆنی ئیسلامی کە لە هەوڵی نزیککردنەوەی (فەلسەفە) و (شەریعەت)دا بوو، (ئیبن روشد)ە. ئیبن روشد داهێنەری ڕاڤەی (باطن) لەبەرامبەر ڕاڤەی (ظاهر)یدا. لەپێناو نزیککردنەوەی (فەلسەفە) و (شەریعەت) لەیەکتری و دەرئەنجام پێی وایە ڕاڤەکردنی (باطن)یانە بۆ کەسانێکە کە (اهل البرهان) بەڵگە ویستو خاوەن ژیری تەواون[2].

دواجار بە پێویستی دەزانین ئاماژە بە (ئیبن خەلدون) بکەین. ئەم زانایە بڕوای وابوو کە واقعی مێژوویی زادەی دیاردەو ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکانە کە ئەویش زادەی ململانێو هاوکێشە هۆکاریەکانی نێوان دژەکانە لە سروشتدا.

ئەم زانایە (شارستانیەت) بە دوائامانجی قۆناغەکانی گەشەکردنی سروشتیانەی ژیانی کۆمەڵگا دەزانێت، ئەویش لەبەر دوو هۆکار:

1- گەشەکردن لە ژیانی (لادێ) وە بۆ (شار).

2- (تفاعل) نێوان گەلانو کاریگەری ململانێی نێوان (غالب) و (مغلوب) و لەو ڕوانگەوە کە (دولة) دەوڵەت دروستنابێتو پێکنایەت تەنها بە لۆژیکی (غلبة) نەبێت کەواتە (شەڕ) و ململانێ بابەتێکی سروشتی نێوان گەلانو نەتەوەکانە.

بەگشتی ئەم زانایە ململانێی نێوان دژەکان دەکاتە هۆکاری گەشەی مێژوو و پێکهێنانی دەوڵەتو شارستانیەتو پێی وایە ململانێی نێوان دژەکان لە سروشتی ژیانو کۆمەڵگایە[3].

لە کۆتایی ئەم خاڵەی پاری سێهەمدا کە باسی (دوالیزمی دژیەك) بوو لە فەلسەفەدا، گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە (دوالیزمی دژیەك) گرنگترین بابەت و کاراترین هۆکارو ڕەگەزی چۆنیەتی گەڕان بوو بەدوای حەقیقەتو چیەتی بووندا. لێرەداو لە کۆتایی ئەم پارەدا بەگشتی، خاڵی دووەم زۆر بەکورتی دەخەینە بەر باس (دوالیزمی دژیەك لە لۆژیك دا) چونکە خودی پاری یەکەم لەهەمان کاتدا کە پێناسەی فەرهەنگی (دوالیزمی دژیەك) بوو، لە چوارچێوە لۆژیکیەکەی دا، بابەتەکەمان خستبووە ڕوو، چونکە پێناسەی فەرهەنگیو بەکارهێنانی زاراوەیی لە دەرەوەی لۆژیك نییە.

دووەم: دوالیزمی دژیەك لە لۆژیك دا:

دژیەکبوون یاخود دوالیزمی دژیەك لە لۆژیك دا، دەچێتە جوغزی یاخود چوارچێوەی بەشی (تقابل) لۆژیکی، واتە ئەو بابەتانەی کە لە لۆژیك بەرامبەر یەكو وەکو دوو جەمسەر

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، چ8، بڕوانە ل52.

[2] سەرچاوەی پێشوو، چ10، بڕوانە ل178.

[3] سەرچاوەی پێشوو، چ11، بڕوانە ل85.

دادەنرێن. لۆژیك واتە ئەو هونەرەی کە نیشانمان دەدات کە چۆن باش بیربکەینەوەو خۆمان لە هەڵەکانی (فیکر) دووربخەینەوە.

لە لۆژیك دا ئەگەر مرۆڤ فێری ئەوە ببێت کە چۆن بیربکاتەوەو ڕێنمایی (فیکر)ی بکاتو لە پێشینەکان (مقدمات) دەرئەنجام (نتیجە)ی ڕاست وەربگرێت. ئەوا ئیتر کەمتر تووشی سەرلێشێوان دەبێت.

(تقابل) یاخود بەرامبەر یەك دانان، واتە ئێمە دوو سیفەتمان هەبێت کە پێکەوەو لەیەك بابەتداو لەیەك کاتو لەیەك ڕووەوە نەتوانرێت کۆبکرێتەوە، واتە (لۆژیك) ڕێگە نادات کۆیان بکەینەوە، چونکە بەپێی هاوکێشە لۆژیکیەکان نابێت و ناگونجێت.

بەگشتی (تقابل)یش چەند جۆرێکی هەیە کە جۆرەکانو پێناسەو بەراوردو جیاوازیان، لە پاری یەکەمی ئەم بەشەدا باسمان کردوەو پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات[1].

ئەم بابەتی دوالیزمی دژیەکە کە لە (لۆژیك)دا ڕەد دەکرێتەوەو پەسەند نییە، لە ئەدەبدا دەبێتە هونەرو دەربڕینی هونەریانە، کە لە دواپاری ئەم بەشەدا باسی دەکەین.

1-4/ دوالیزمی دژیەك لە ئەدەبدا بەگشتیو لە ئەدەبی عیرفانیدا بەتایبەتی

1-4-1/ بەهای ئەدەبی دوالیزمی دژیەك:

دوالیزمی دژیەك یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی زمان، هەروەك چۆن بنەماو ڕەگەزێکی سەرەکی سروشتە. ئەدەبناسێك لەم ڕووەوە دەڵێ: "لە دەقی ئەدەبیدا بۆ لێکۆڵینەوەی ئیستێتیکیانە لە دوالیزمی دژیەك، پێویستە ئاگاداربین کە ئایا شاعیر بەشێوەیەکی بەئاگایانە دوالیزمی دژیەك بەکاردەهێنێت* لە هۆنراوەکانیدا یاخود نا؟ ئەگەر وەڵامەکە ئەرێنی بێت ئەوا بێگومان لە هێنانی دەستەواژەو چەمکە دژەکان لە هۆنراوەکانیدا ئامانجێکی هەیەو پێویستە لە سەرنجدانی وردمان بۆ ئەو دوالیزمە دژیەکانە، لە پەیامی شاعیر تێبگەین، بەڵام ئەگەر وەڵامەکە نەخێر بوو، ئەوا ئەو هێنانی دوالیزمی دژیەکە جێگای بایەخی جوانکاری نییەو ناتوانرێت وەك ئەفراندنێکی ئەدەبیو هونەری ئەژماربکرێت چونکە تەنها سەرفکردنی زاراوەی دژیەك لە دەقو گوتاردا، ناتوانێت قایلمان بکات بە بوونی وەستایەتیی ئەدەبیو سەرسامبوون، هونەری ئەدەبی بۆ جوانکردنی دەربڕینو ئامانجی تایبەت بەکاردێتو پێویستە هەڵگری ڕەهەندی ئیستێتیکی بێتو هەستی جوانیناسیو سەرسوڕمانی گوێگر یاخود بەرامبەر ڕازی بکات، جگە لەوە هەڵگری هیچ بەهایەکی ئەدەبی نییە"[2].

دوالیزمی دژیەك، خۆی جۆرە ڕێکخستنو گونجاندنێکی وشەکانە لەگەڵ یەکتر... کاریگەری و کارایی دوالیزمی دژیەكو چەمکەکانی لە شیعردا، تەنها کاتێك بە سنعەتی ئەدەبی

---

[1] عبدالکریم سروش، تضاد دیالیکتیکی، ل7–15.

* لێرەدا مەبەستمان لە بەئاگایی، ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری شاعیرە بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی و دەربڕین، ئەگەرنا زۆرجار بێئاگایی (لاوعي) دەبێتە زەمینەی ئەفراندنی شاعیر.

[2] جواد مرتضایي، نقد و تحلیل پارادوکس، مجلهٔ دانشکده ادبیات، دانشگاه اصفهان، شماره 47، ل159.

ئەژماردەکرێت، کە شاعیرەکە بەو هونەرە بالآنسی جوانی هۆنراوەکە بەرزتر بکاتەوەو ببێتە مایەی هەڵچونی سۆزی گوێگر...[1].

دوالیزمی دژیەك لە سروشتو هەموو مەوداکانی ژیاندا بوونی هەیەو وەك پێشتر باسمان کرد لە جیهانی فیکریشدا یەکێکە لە ڕێگاکانی مەعریفە، هەربۆیە پێدەچێت کە شاعیرانو ئەدیبان پەیانبردبێت بە نهێنی دوالیزمی دژیەكو بایەخی لەڕووی ڕاکێشانی باری سەرنجی گوێگرانەوە، هەربۆیە دوالیزمی دژیەکیان لە جیهانی ئەندێشەو خەیاڵو هەستەوە بۆ ئەفراندنی وێنەی جوانی هونەری، هێناوەتە ناو دەقی شیعری و ئەدەبیەوە. لەم بارەوە عەبدولکەریم سروش دەڵێت: "لە ئەدەبیاتدا، دوالیزمی دژیەك، وەك دەربڕینێکی هونەرمەندانە، وەك دەرهاویشتەیەکی زەینی مرۆڤ بۆ چەمکی دوالیزمی دژیەكو لە دەرئەنجامی هێزی کاردانەوەی دوالیزمی دژیەك، لەپێناو دەربڕینی ئەندێشە ناسكو وردەکانی شاعیراندا، سود لەم دەربڕینە هونەرمەندانەو دەرهاویشتە زەینیو هێزە وەرگیراوە بۆ جوانکردنی چۆنیەتی دەربڕینو دەقی ئەدەبی.."[2].

هەروەها دەڵێت: "ئەمە سنعەتێکی ئەدەبی چێژبەخشەو نهێنیەکەشی هەر دەڵێی لەوەدایە کە دەربڕینێکە پێچەوانەی نەریتو لۆژیکە... ڕۆڵی دوالیزمی دژیەك لە دەقی ئەدەبیدا هەڵکشانی سەرسوڕمانو چێژە لە گوێگردا..."[3].

ئەدەبیاتیش هەروەك هەموو زانستەکانی دیکە دوو بابەتی دژبەیەك ڕەد دەکاتەوە، بەڵام هەندێك جار شاعیرانو نوسەران دوو سیفەتی دژبەیەك بەجۆرێکی هونەرمەندانەی ئەوتۆو هۆشیارانە لە دەقێکدا پێکدەهێننو بەکاری دەبەن، کە ئێمە ئەو گوتەو دەقە جگەلەوەی بە چێژەوە وەریدەگرین هاوکات بە بیری قوڵو کۆشش بۆ لێکدانەوەی عەقڵیو سەرنجدانی، چێژی تایبەت تری لێوەردەگرینو بەو جۆرە لە زەینماندا بە نەمری دەمێنێتەوە... بەکورتیو بە واتایەکی تر، بابەتو جۆرە گوتنێك پێچەوانەی ئەوەی وەرمانگرتووەو خومان پێوە گرتووە.

دوالیزمی دژیەك کەرەسەیەکی زمانی شاعیرانەیە کە شاعیر بە خستنە بەرچاوی زاراوە دژەکان سەرنجمان ڕادەکێشێو دەرئەنجام واتایەکی نوێمان بۆ دەخولقێنێ.

ئەو جۆرە زمانو نوسینەی کە دوالیزمی دژیەکی تێدایە، چۆنیەتی دەربڕینو توانایی بیرکردنەوە لە ئاستێکی نزمەوە بەرزدەکاتەوە، بۆ پەی بردن بەم جۆرە زمانە کە هەڵگری دوالیزمی دژیەکە پێویستیمان بە زەینو جۆرە عەقڵێکە کە بتوانێت چەمکە ناسازەکان بە جۆرێکی تر سازکاتەوە.

هەر دەربارەی دوالیزم توێژەرێکی تر دەڵێ: "هەرچەندە قوڵتر بڕوانینە دەربڕینەکانی کە دوالیزمی دژیەکی تێدایەو بەشێوەیەکی ڕووکەش بینانە سەیری نەکەین، ئەوکات دەتوانین چەندین ڕاستی شاراوە ئاشکرا بکەین کە لە دەقەکەدا بەئاسانی خۆی دەرناخات. دوالیزمی دژیەك لە بەرهەمی عارفو هونەرمەندو فەیلەسوفە گەورەکاندا چەندین ئەندێشەی قوڵی گرتووەتە خۆی

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل49.

[2] عبدالكريم سروش، ذكر جميل سعدى، انتشارات حكمت، چاپ اول، 1357 هـ.ش. ل257.

[3] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

کە هێندەی پانتایی دوالیزمەکان زیاتر بێت ئەوا گەورەیی و قوڵی ئەندێشەکەش والآترو سەرنج ڕاکێشترە"[1].

دوالیزمی دژیەك وەك هونەرێکی ئیستێتیکاو کەرەسەیەکی دەربڕین و هەڵسەنگاندن لە کایەکانی ڕەگەزو هونەرەکانی ئەدەبدا بوونی هەیەو بە پانتایی مێژووی ئەدەبی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بایەخی خۆی هەبووەو تەنانەت بووەتە سیماو تایبەتمەندی هەندێ نوسەرو قوتابخانەی ئەدەبی، کە لێرەدا هێندەی مەودامان هەبێت هەندێك لەو بوارانە وەك بەڵگە دەخەینە ڕوو.

1-4-2/ ئەفسانە:

ئەفلاتون یەکەمین کەس بوو کە وشەی (Mythologia)ی بۆ هونەری گێڕانەوەی چیرۆك بەکارهێنا بەتایبەتی ئەو جۆرەی کە ئەمڕۆ ئێمە بە (ئەفسانە) ناوزەدی دەکەین.

ئەفسانە چەند تایبەتمەندیەکی هەیە، لەوانە:

1- لەڕووی شێوازەوە ئەفسانە جۆرێکە لە جۆرەکانی ئەدەب، هەروەك چیرۆك، ڕەگەزەکانی پلۆت و گرێ و ململانێی کەسەکانی تێدایە.

2- بابەتی ئەفسانە ململانێی خواکانە، خوای تاریکی و ڕووناکی. چاکەو خراپە، جوانی و ناشیرینی.

3- لەڕووی کاتەوە، لە چوارچێوەی کاتێکی دیاریکراودا نییە، بەڵام بەردەوام ئامادەیی هەیە، بۆ نمونە خوای گەرمای (تەموز) کە دەکوژرێت تا لە بەهاردا بگەڕێتەوە، ئەمە ئەفسانەیەکی (سۆمەری)یەو بەردەوام ئێمە هاوین بەڕێدەکەین و لە کۆتاییدا چاوەڕێی بەهارین. خوای (مەردۆخ) لای ئێرانیەکان هەموو سەری ساڵێك واتە بەهاران سەرلەنوێ گەردوون دروست و نوێ دەکاتەوەو ئێستاش واباوە.. یاخود ململانێی خوای (بعل) لەگەڵ (لونان) ماردا کە شەش سەری هەیە، ئەمە ئاماژەیە بە ململانێی چاکەو خراپە کە هەمیشە بەردەوامە.

4- بابەتەکانی ئەفسانە لە چوارچێوەی بابەتە گەورەکانی ژیان و گەردووندایە، کە بەردەوام عەقڵی مرۆڤ عەوداڵی بووە، وەکو (مردن و ژیان) و (جیهانی بینراو و نەبینراو) و (دروستبوونی گەردوون و لەناوچوونی)، کە هەموو ئەمانە جگەلەوەی دوالیزمی دژیەکن جێگای بایەخی مرۆڤن.

5- خواکان و دژەکانیان کە ئەوانیش خوان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە ڕووداوەکانی نێو ئەفسانەداو ململانێ لەنێوان ئەو خوایانەدا هەیە کە وەك دوالیزمی دژیەك دەردەکەون (خوای ئاسمان و زەوی)، (چاکەو خراپە)، (شەڕو ئاشتی)، (خۆشەویستی و ڕق).. بەم جۆرە ئەفسانە جۆرێك لە پیرۆزی هەیەو زۆرجار جگەلەوەی سەرەتای بیری ئاینییە، دەشگونجێت وەکو کەرەسەیەکی گوزارشتکردنی ئاینیش بەکاربهێنرێت.

ئەفسانە یەکەمین بەرهەمی ئەدەبیە کە مرۆڤ بەرهەمی هێناوەو ململانێی نێوان دژەکان کە زۆرجار خوان و دوالیزمی یەکتریشن، بابەتی سەرەکی ئەفسانەیە. بەگشتی سێ جۆر ئەفسانە

---

[1] هوشنگ اشرافیان، زبان پارادوکس، سایتی: http/literature-dept.talif.ir

هەیە: یەکەمیان – ئەو ئەفسانانەی کە یۆنانییەکان بۆیان بەجێهێشتووین کە پەیوەستە بە جیهانبینیو بیروباوەڕیانەوەو بەشێك لە باوەڕی ئاینیان پێکدەهێنێت؛ دووەمیان – ئەو جۆرەیە لە ئەفسانە کە هیچ پەیوەندیەکی بە ئاینەوە نییە، بەڵکو بەرهەمی نەتەوەکانە وەکو ئەفسانەی (ڕۆستەمی زاڵ)، جۆری سێهەمیان ئەگەرچی کارەکتەرەکانی پڕن لە شەیتانو خواکانو هێزی چاکەو خراپە، بەڵام سەربەخۆیە لە ئاینو بابەتی ئاین نییە. ئەوەی بۆ ئێمە لێرەدا گرنگە ململانێی نێوان دوالیزمەکانە کە بابەتی بنەڕەتی هەر سێ جۆرەکەی ئەفسانەیە[1].

ئەفسانە چیرۆکە، چیرۆکێکی پیرۆزە، کارەکتەرەکانی خواکانن، تۆماری کاری خواکانە، یەکەمین دەربڕینە سەبارەت بە هەموو ئەو کارانەی لە جیهانی مرۆڤدا ڕوویان داوە، ئەفسانە جگەلەوەی بووە بە بابەتێکی بەهێزی شیعر، بووە داهێنەری شانۆگەریش کە زۆرجار لەسەر شانۆ خوادژەکان یاخود سیمبوڵەکانی چاکەو خراپەو ڕووناکی و تاریکی دەکەوتنە شەڕو ململانێ.

فرۆید لە کتێبەکەیدا (ڕاڤەی خەونەکان) زۆر بە سەرنجەوە باسی ئەفسانە دەکات، لەگەڵ (خەو)دا بەراوردیان دەکاتو بە یەکتریان دەچوێنێت، فرۆید پێی وایە کە خەونو ئەفسانە پڕن لە سیمبوڵ کە ئەگەر ڕاڤە بکرێن ئاماژە دەدەن بۆ دەروونی شاراوەی مرۆڤ کە چەند خواستی خنکێنراوی تێدایەو لەڕاستیدا مرۆڤ بەردەوام لە ململانێی دەروونی دژەکاندا دەژی وەك ئەفسانە. لێرەدا ئاماژەدان بە ڕاڤەی فرۆید بۆ ئەفسانەی (ئۆدیب) بەسە وەك بەڵگە بۆ ڕاکانمان کە لەو ئەفسانەدا منداڵەکان یاخود کوڕەکان هاوکاری یەکتری دەکەن بۆ کوشتنی باوکیان تا ژنەکانی باوکیان بۆخۆیان بێت، کاتێك ئەوەیان بەدەستهێنا، کەوتنە لۆمەی خۆیانو ژنەکانی باوکیان (بە یاسایەك) لە خۆیان حەرامکرد[2].

زۆر ڕا هەیە لەسەر چییەتی ئەفسانە، هەندێك بە کەڵەکەبووی بەرهەمی فیکری مرۆڤایەتی دادەنێن کە وەك شاکارێکی ئەدەبی دەردەکەوێتو هەندێکی تر ئەفسانە دەگێڕنەوە بۆ سەرچاوەی سروشت واتە دیاردەکانی سروشتو ڕووداوەکانی وەکو مانگو خۆر یاخود هەورەبروسکەو هەڵچونی دەریاکانو بومەلەرزەو...هتد.

هەندێکی تریش بە زیادەڕەوی لە گێڕانەوەی ڕووداوی مێژوویی و دواجار ڕای لەوجۆرەش هەیە کە بە نوسینەوەی سروتە ئاینیەکانی دەزانێت[3]. بەڵام بەگشتی ئاماژە بۆ ئەو ڕاستیە دەکەن کە ئەفسانە ململانێیەو ململانێی نێوان دژەکانو زۆرجار دوالیزمە دژەکانە.

1-4-3/ دوالیزمی دژیەك لە ڕەوانبێژی عەرەبیدا : (سەعدەدین تەفتازانی، ئەحمەد هاشمی)

کاتێك دەڵێین ڕەوانبێژی عەرەبی، مەبەستمان لەو هونەرەی دەربڕینە کە لەم ناوچەیەدا دەرکەوتووەو لە زمانی عەرەبیدا بەهۆی قورئانەوە گرنگی زیاتری پێدراوە چونکە هونەری پەی بردنو تێگەیشتن بووە لە واتای قورئان.

---

1 فراس السواح، دین الأنسان، بڕوانە لاپەڕەکانی 56–69.

2 فراس السواح، مغامرة العقل الأولى، منشورات دار علاءالدين، دمشق – سوريا، الطبعة الثالثة عشر، 2002م. بڕوانە ل5–39.

3 فراس السواح، مغامرة العقل الأولى، بڕوانە ل5–39.

"یەکێك لە سنعەتە واتاییەکانی نێو زانستی (جوانکاری) (طباق) یاخود (دژیەك) بوونە، ئەم هونەرە بەجۆرێکە کە لە دەربڕینەکەدا وشە دژیەکەکان لە نزیك یەکەوە دادەنرێن بەجۆرێك کە خودی دەربڕینەکە بخوازێتو پێویست بکاتو دەربڕینەکە لە حاڵەتی گونجانو هاوسەنگی دەرنەکات، وەك (هو الأول والآخر والظاهر والباطن) واتە هەر خوا خۆی ئەوەڵو کۆتاییەو ڕوکارو ناوەوەیشە"[1]. "دژیەك، بریتیە لە کۆکردنەوەی شت و بەرامبەرەکەی، یان شت و دژەکەی"[2]. "بریتیە لە کۆکردنەوەی نێوان دوو دژ لە ئاخاوتندا"[3].

(طباق) یاخود دژیەك، دەتوانرێت بە شێوازی جۆراوجۆر لە دەربڕینو گوتەدا دەرکەوێت بۆنمونە لەنێوان دوو (ناو)دا یان دوو کردار، یاخود دوو پیت، هەروەها دەگونجێت لەنێوان یەك ناوو یەك کاردا بێت، بەگشتیش دەگونجێ پۆزەتیڤ یاخود نێگێتیڤ بێت لەنێوان دوو دەستەواژەدا یاخود دوو ڕستەدا بێت، هەندێکجاریش واپێدەچێت دژیەك بێت ئەگەرنا دژیەك نییە.

هەر لەم بارەوە ئێستا لە ئەدەبو ڕەخنەی نوێدا، وێنەی دژبەیەك هەیە لە کۆی بەرهەمێکی ئەدەبیدا، کە بە (پارادوکس) ناوزەد دەکرێتو دواتر لە باسی دوالیزمی دژیەك لە ئەدەبی مۆدێرندا باسی دەکەین[4].

لە یەکەمین ئامارژەماندا بە یەکێك لە زانایانی بواری زانستی ڕەوانبێژیی پێویستە باسی (سەعدەدینی تەفتازانی) بکەین، ئەم زانایە کە زانای بوارەکانی (نحو، صرف، المعاني والبيان، الأصول والكلام، المنطق والفلسفة)یە. واتە (مەسعود کوڕی عومەری کوڕی عبدالله) ناسراو بە شێخ سەعدەدینی تەفتازانی (712-791ك) لە بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا بەناوی (شرح المختصر)، گۆشەیەکی تایبەت کردووە بەناوی (المطابقة)وە کە لەوێدا دەڵێ: "هەروەها (طباق) و (تضاد)یشی پێدەوترێت، بریتیە لە کۆکردنەوەی یاخود پێکەوە هێنانی دوو دژیەك، واتە دوو واتای بەرامبەر یەك لە ڕستەدا کە لەنێوانیاندا (تقابل) یاخود (تنافي) هەبێت ئەگەرچی لە چەند وێنەیەکیشدا بێت، ئیتر دەگونجێت (تقابل)ەکە (حقيقي) بێت یاخود (اعتباري)، دوالیزمی دژیەك بن یاخود بەرامبەر بوونی پۆزەتیڤو نێگێتیڤ... کۆکردنەوەی ئەم دوو دژە هەندێك جار لەنێوان دوو دەربڕین یا دوو ناو یان دوو کردار یاخود دوو پیتدا بێت وەکو (اليها ماكتسبت وعليها ماكتسبت)، لێرەدا پیتی (لام) بۆ (سودە) بەڵام پیتی (علا) بۆ زیانکردنە، بەگشتی باسێکی وردو دورودرێژی (طباق)ی کردووە بەڵام ئێمە ئەم هێندە وەك بەڵگە دەخەینە ڕوو لەسەر گرنگیو بەهای (طباق) لای زانایەکی گەورەی بواری ئەدەبو ڕەوانبێژی[5].

---

[1] غلامرضا كريمى فرد، پارادوكس خاستگاه و پيشينهٔ آن در بلاغت عربي. ئەنتەرنێت.

[2] فضل حسن عباس، البلاغة فنونها وأفنانها (علم البيان والبديع) دار الفرقان للنشر والتوزيع، عمان – الأردن، الطبعة الأولى، 1987م. ل275.

[3] أمين ابوليل، علوم البلاغة (المعاني والبيان والبديع)، دار البركة للنشر والتوزيع، عمان – الأردن، 2006م. ل214.

[4] سيروس شميسا، نگاهى تازه به بديع، نشر ميترا، چاپ چهارم، 1390 هـ.ش. بڕوانە ل25.

[5] التفتازانى، شرح المختصر، ج1، شرح المختصر، انتشارات دار الحكمه، چاپ أمير، چاپ سوم، 1360 هـ.ش. بڕوانە ل136-141.

ئەگەرچی چەندین زانای دیکە لە نموونەی (سکاکیو جورجانیو...هتد) لەم بوارەدا جێدەستیان دیارە، بەڵام دواجار یەکێکی دیکە لەو زانا ناودارانەی کە لە بابەتی ڕەوانبێژیدا پێشڕەویو دەستپێشخەرییان هەیە، (السید احمد الهاشمی)یە. ئەم زانایەش لە کتێبەکەیدا (جواهر البلاغة)، زۆر بە دوروودرێژی باسی (طباق)ی کردووەو بەمجۆرە پێناسەی دەکات: "بریتیە لە کۆکردنەوەی دوو دەستەواژە کە لەڕووی واتاوە (مقابل) بەرامبەر یەکتری بن، هەندێك جار دوو ناون وەکو (هو الأول والآخر والظاهر والباطن)، یاخود دوو کردارن..."[1] بەگشتی ئەم زانایە وەك پێشینانی خۆی باسی گرنگی (طباق)ی کردووە وەك هونەرێکی دەربڕین.

1-4-4/ دوالیزمی دژیەك لە ئەدەبی هاوچەرخدا:

لەم لێکۆڵینەوەیەداو لە بابەتی (دوالیزمی دژیەك لە فەلسەفەی مۆدێرندا)، باسی دوالیزمی دژیەکمان کرد، وەك بنەمایەك بۆ جیهانبینی نویو هەروەها وەك ڕێچکەیەکیش بۆ لێکۆڵینەوە لە (بوون)، بێگومان (ئەدەب)یش زادەی تێڕوانینو دیدمانە بۆ (ژیان)، دەرئەنجام دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە دوالیزمی دژیەكو ململانێی نێوان دژەکان پێکهێنەری زۆر ڕێچکەی ئەدەبییەو بەشێکە لە پێکهاتەی چۆنیەتی بیرکردنەوەی زۆر نوسەرو ڕەخنەگری بواری ئەدەب، بەجۆرێك کە لە سەردەمی مۆدێرندا (دوالیزمی دژیەك) جگەلەوەی بووەتە بابەتێکی گرنگ بۆ زۆر بەرهەمی ئەدەبی لەهەمان کاتدا لای ڕەخنەگرانی بواری ئەدەبیش شێوازێکی ناسینەوەی یاخود جیاکردنەوەی دەربڕینی بەهێزە لە دەربڕینی ڕووکەشو سادە.

دوالیزمی دژیەك بابەتێکی سەرەکی نێو ئەدەبی میللیو فۆلکلۆریشە (کە لە سەردەمی ئەدەبی هاوچەرخدا جێگای بایەخە)، بەو بەڵگە کە بەردەوام لەو دوو جۆرە ئەدەبەدا باس لە ململانێی نێوان دژەکان دەکات لە بابەتی نەریتی کۆمەڵایەتیو کۆنو نویو ململانێی چاکەو خراپەو تادەگات بە باسی دێوو درنجو پۆلێنکردنی ئاژەڵەکانیش بۆ دڕندەو مرۆڤ دۆستو فێڵبازو زیرەكو گەلحۆو بەوەفا.

لە ڕەخنەی نوێدا، دوالیزمی دژیەك لە تایبەتمەندییە بنەڕەتیەکانی (شیعر) ئەژمار دەکرێت، تا ئەو ڕادەیەی کە شاعیری سادەبێژیش ناچارە، دوالیزمی دژیەك بکاتە کەرەسەی دەربڕینی خۆی. بۆچوونی هەندێ لە بیرمەندو ئەدەبناسان بەم شێوەیەیە: "(دیچز) زمانی دوالیزمی دژیەك، بە زمانی شیعر دەزانێت کە بڕوای وایە دەربڕینەکان لەڕێی دوالیزمی دژیەکەوە زۆر گونجاوە لە زمانی شیعریدا، شاعیر لەڕێی دوالیزمە دژەکانەوە ڕاستیەکان دەردەبڕێت.

(فردریك شلليگل) و (توماس دکونس) سەلماندوویانە کە دوالیزمی دژیەك ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە دەربڕینی شیعردا هەیە، چونکە دوالیزمی دژیەك چیەتی ئەم جیهانە دژیەکە دەردەخات، کە هەمان ئەركو کاری شیعرە"[2].

---

[1] احمد الهاشمی، جواهر البلاغة، مرکز انتشارات دفتر تبليغات اسلامي – حوزهٔ قوم، چاپ سوم، 1370 هـ.ق. ل166–169.

[2] فرشید وز بله، متناقض نما در غزلیات حافظ، سایتی تحلیلی خبری عصر ایران.

یان هەرلەم ڕووەوە ئەدەبناسێك دەڵێ: "دوالیزمی دژیەك وەك دەركەوتەیەكی مۆدێرنە لە قوڵایی مێژوودا ڕەگ‌و ڕیشەو بوونێكی كارای هەیەو هەر ئەم دوالیزمی دژیەكەیە كە مرۆڤی بزواندووەو چالاكی كردووە لە ڕێڕەوی جیهانبینی خۆیدا، بەجۆرێك لە كایەی (ڕەوشت)دا دوالیزمی دژیەكی (چاكەو خراپە)و لە (لۆژیك)دا (ڕاست‌و هەڵە)و لە میتافیزیكدا (ظاهر و باطن)و...هتد خستووەتەوە. بنەمای بنەڕەتی فیكری مۆدێرنەش بەهەمان شێوە لە چوارچێوەی دوالیزمی دژیەكدایە كە هەمان بابەتی بنەڕەتیە كە خۆی لە (الذات) خودو (موضوع) بابەتدا دەبینێتەوە، خود وەك ئازادی‌و كارو ئیرادەو پێوەر، بابەتیش وەك تۆڕێك لە دەرهاویشتەی بابەت‌و حەتمی بوون یاخود ڕەهاو نەگۆڕ.. بەواتایەكی تر مرۆڤ لە تێڕوانینی فیكری مۆدێرندا بەردەوام لە ململانێدایە لەنێوان دوالیزمە دژەكانی (الأختیار) هەڵبژاردن و (جبر) سەپاندندا"[1].

دكتۆر (روح الله صّیادی نژاد) لە باسی (دوالیزمی دژیەك لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی عەرەبیدا) باس لە گرنگی‌و بایەخی دوالیزمی دژیەك دەكات‌و پێی وایە لە هەردوو بواری زمانەوانی یاخود ڕێزمانی‌و (سیمانتیك) واتایشەوە، بوون‌و كاریگەری هەیە. دكتۆر (صّیادی نژاد) لەڕوانگەی ڕەگەزەكانی ڕێزمانەوەو هەروەها لەڕوانگەی واتاییەوە چەندین پۆلێنبەندی دەكات بۆ دوالیزمی دژیەك[2].

دكتۆر (احمد مداس) لە كتێبی (لسانیات النص)دا كە ئامانجی كتێبەكەی بەمجۆرە دیاریكردووە (نحو منهج لتحلیل الخطاب الشعري) واتە بە ڕێبازێكی شیكاریانە بۆ دیسكۆرسی شیعری، لە بەشی دوالیزمی دژیەكدا دەڵێ: "دوالیزمی دژیەك شێوازێكی تایبەتە كە ڕەخنەگران شیكاریەكانی خۆیان لەسەر بونیاد ناوە، هەروەكو چۆن (كمال ابودیب) لە بنەمای دوالیزمی دژیەكەوە هەوڵی گەیشتنی داوە بەو نمونە فیكری‌و مەعریفیەی كە دواتر دەرئەنجامەكەی گشتاندووە بەسەر هەموو شیعری جاهلیدا، پاشان لە دوالیزمی دژیەكەوە جۆرە پەیوەندیەكی بونیادناوە لەنێوان بەش‌و پارچەكانی چامەی (لبید)دا كە لەسەر بنەمای دوالیزمی دژیەكی (ظاهر) ئاشكرایە..."[3].

پاشان دەڵێ: "دوالیزمی دژیەك بە هەموو جۆرەكانیەوە، هاوشێوەیی (التشاكل- Isotopie) و جیاوازی (التباین- Alotopie) دروستدەكات، لە بەكارهێنانی زمانەوانیدا.

جگە لەوانەش (سمیر الدیوب) ڕای وایە كە: "دوالیزمی دژیەك فەزایەكی ناوازە دەخاتەوە لە دەقدا، بەجۆرێك كە كۆمەڵێ پەیوەندی كاتی‌و شوێنی‌و كارەكی پەیوەست بە سەردەمی جیاوازەوە، بەگشتی ئەم پەیوەندیانە لە چەندین جەمسەرەوە بەیەك دەگەن، بەیەك دەگەن‌و بەیەكدا دەدەن‌و دەپچڕێن‌و پێكدێنەوەو دەرئەنجام ئەو بەرهەمەی لێدەكەوێتەوە كە دەقەكە دەوڵەمەند دەكەن‌و ئەگەرەكانی گریمانەیی ڕاڤەكردنی زیاتر دەكەن، دوالیزمی دژیەكی كرداری‌و ناویی پێكهێنەری جیهانی دیالێكتیكی نێوان واقیع و خودە كە ململانێیە لە ژیاندا. زۆری

1 سراتە البشیر، الخطاب الشعري والثنائیات الضدیة، 2011، ئەنتەرنێت.

2 روح الله صّیادی نژاد، متناقض نما در شعر معاصر عربی، بڕوانە: مجلهٔ زبان و ادبیات عربی، شمارە 2، سالی 1389 هـ.ف.

3 احمد مداس، لسانیات النص، عالم الكتب الحدیث للنشر والتوزیع، 2007م. ل62.

دوالیزمی دژیەك لە دەقێكی ئەدەبیدا بەڵگەیە لەسەر گونجان و كرانەوەی لە چەندین جەمسەرەوە بە جۆرێك كە لەوانەیە لە دەقێكی ئەدەبیدا كۆمەڵێ نەسەقی دژیەك بەرچاومان بكەوێت كە بزواوی دەداتە دەقە ئەدەبییەكە، ئەم نەسەقە دژیەكانە پەیوەستن بەو گەردوونەوە كە وێنای دەكەین هەربۆیە دوالیزمی دژیەك تایبەتمەندی جوانی دەداتە دەق"[1].

سەبارەت بە ئەدەبی هاوچەرخی فارسیش، زۆرن ئەوانەی كە گرنگی و بایەخیان بە (دوالیزمی دژیەك) داوە وەك (شفیعی كدكنی) كە لای فارسەكان بە داهێنەری (پارادوكسی وێنەیی) دادەنرێت[2].

هەروەها (سیروس شمیسا) كە لە كتێبەكەیدا (نگاهی تازه به بدیع) تێڕوانینی هاوچەرخانەی بۆ دوالیزمی دژیەك خستووەتە ڕوو[3]. جگە لەوانیش (د.مهدی محبتی) لە كتێبەكەیدا (بدیع نو) تێڕوانینێكی نوێی بۆ هەموو هونەرەكانی (جوانكاری) پێشكەش كردووە[4].

ئەوەی لێرەدا زیاتر جێگای سەرنج و بایەخە، دوالیزمی دژیەكە لە ئەدەبی مۆدێرنی ڕۆژئاواییدایە، چونكە ئەگەرچی (دوالیزمی) دژیەك ڕەگ و ڕیشەو بناغەی هەیە لە ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی لە ڕەوانبێژیدا، بەڵام لە چەرخی نوێدا دوالیزمی دژیەك وەك ستایڵی دەربڕین و بابەتی ڕەخنەی ئەدەبی، لە ڕۆژئاواوە بۆمان دێتەوەو دەبێتە بنەماو بناغەی چەندین ڕێچكەو میتۆدی ئەدەبی و ڕەخنەیی و مەودایەكی نوێش بۆ ئیستاتیكای دەربڕین دێنێتە كایەوە، لێرەدا وەكو بەڵگەو هێندەی مەوداو زانیاریمان هەبێت سەرەتاكانی گرنگی و بایەخ بە دوالیزمی دژیەك لە ئەدەبی هاوچەرخی ڕۆژئاوادا دەخەینە ڕوو یاخود بەواتایەكی تر هەوڵدەدەین بابەتی دوالیزمی دژیەك لە تایبەتمەندییەكانی هەندێ قوتابخانەو نوسەری بواری فیكری ئەدەبدا، بدۆزینەوە:

1-4-4-أ/ دی سۆسێر:

فردینان دی سۆسێر (1857–1913ز)، زانایەكی بواری زمانەوانیەو دواتر بۆچوونەكانی بوونە بنەمایەكی پتەو بۆ قوتابخانەی بونیادگەری. سۆسێر لە ناودارترین زانایانی هاوچەرخە لە بواری زمانەوانیدا.

دەگوترێت زانستی زمان لە (دی سۆسێر)ەوە دەستپێدەكات. ئەوەی لێرەداو بۆ لێكۆڵینەوەی ئێمە جێگای بایەخە، ئەوەیە كە سۆسێر تێڕوانینێكی نوێی بۆ زانستی زمان هێنایە كایەوە كە بەگشتی (دوالیزمی دژیەك) ڕەوشی چۆنیەتی لێكۆڵینەوەی سۆسێرە لە زمان، سەرەتا لە پێناسەی زماندا پێی وایە كە: "سیستمێكی هێماییە، هێماكانی یەكتری تەواودەكەن و ڕووندەكەنەوەو بەها لە یەكتری وەردەگرن"، هێمان، واتە پەیوەندی نێوان (هێما) و (واتا)كەی

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل63.

[2] شفیعی كدكنی، بروانە هەردوو كتێبەكانی صور خیال در شعر فارسی، مركز پخش، كتاب گزیده ٔ، چاپ چهارم، 1390 هـ.ش. و موسیقی شعر، مركز پخش، كتاب گزیده ٔ، چاپ دوازدهم، 1389 هـ.ش.

[3] سیروس شمیسا، نگاهی تازه به بدیع، ل109.

[4] مهدی محبتی، بدیع نو هنر ساخت و آرایش سخن، انتشارات سخن، چاپ دوم، 1386 هـ.ش. ل106.

ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیە، یەکتری تەواودەکەن واتە واتاو ڕۆڵ بۆ یەکتری تەواودەکەن، لە کۆتاییدا کە دەڵێ بەها لە یەکتری وەردەگرن، واتە کاتێك دەڵێین (چاك) بۆئەوەیە جیای بکەینەوە لە (خراپ) یاخود (ڕەش) بۆئەوەیە جیای بکەینەوە لە (سپی) و ڕەنگەکانی دیکە کە ئەمەش هەمان دوالیزمی دژیەکە، واتە هێنانی وشەیەك بۆ جیاکردنەوەیەتی لە بەرامبەرەکەی یاخود دژەکەی.

بنەماکانی تێڕوانینی سۆسێر بۆ زمان کە لەهەمان کاتدا (دوالیزمی دژیەك)یشن بریتین لە:

1- زمان و ئاخاوتن: سۆسێر پێی وایە کە بۆ لێکۆڵینەوە پێویستە پشت بە زمانی (ئاخاوتن) ببەستین نەك زمانی نوسراو. ڕای وایە کە ئاخاوتن یاخود زمانی ئاخاوتن تایبەت نیە بە کەسێك بەڵکو زمانی کۆمەڵگایە، بەڵام زمانی نوسین، ئەزموونو تایبەتمەندی کەسێکەو زمانی پەیوەندی کردنی نێو کۆمەڵگا نییە بەگشتی.

2- سۆسێر دوو ئاستی بۆ لێکۆڵینەوە دانا (کە ئەمیش جۆرێکی تری دوالیزمە) یاخود دوو جۆر پەیوەندی دیاریکرد کە ئەوانیش (پارادیگم) پەیوەندی واتایی و (سینتاگم) پەیوەندی ڕێزمانی بوو.

3- سۆسێر دوو جۆریشی بۆ لێکۆڵینەوە دیاریکرد کە ئەوانیش (سینکرونی) واتە لێکۆڵینەوە لە ئێستای زمان و (دیاکرونی) لێکۆڵینەوە لە قۆناغێکی مێژوویی زمان.

4- سۆسێر پێی وایە کە زمان لە دوو جۆر پەیوەندی پێکدێت، یەکەمیان پەیوەندیەکی (جدول) یاخود (اقتران)ی کە پەیوەندییەکە جۆرێکە کە لە دەرەوەی سیستمی زمانەوانیە. دووەمیان، پەیوەندی ڕێکخستن یاخود (ترکیب)ی کە دەکەوێتە ناوەوەی ئاخاوتنو وشەکان دەکەونە ناو جۆرە پەیوەندییەکەوە کە جیاوازە لە پەیوەندی یەکەم[1].

بەگشتی ئەم تێڕوانینانەی سۆسێرو بەکارهێنانی دوالیزمی دژیەك وەك ڕێچکەیەکی لێکۆڵینەوە چەندین قوتابخانەی ئەدەبی بەدوای خۆیدا هێنا، لەوانە:

1-4-4-ب/ فۆرمالیستەکان:

فۆرمالیستە ڕووسەکان لەنێوان سالآنی (1915-1930) سەریان هەڵدا، بانگهێشتیان دەکرد بۆ بایەخدان بە پەیوەندی ناوخۆیی دەقی ئەدەبیو بڕوایان وابوو کە ئەدەب سیستمێکی زمانەوانیەو زمانیش تەنها چەند هێمایەکە بۆ ئاماژەکردن بە واقیع نەك ڕەنگدانەوەی واقیع بێت. جگە لەمانەش ئەدەبیات دادەبڕێ لە فیکرو فەلسەفەو کۆمەڵگا[2].

لەڕاستیدا فۆرمالیستەکان لە کاردانەوەی ڕژێمی کۆمۆنیستیی ڕوسیادا دەیانویست بناغەی ڕێبازێکی سەربەخۆ بۆ ئەدەب دابنێن جیاواز لەوەی کە دەسەڵاتو ڕژێمی کۆمۆنیستیی دەیویست کە جەخت کردنەوەبوو لەسەر ناوەڕۆكو بابەت کە بەوپێیە ئەدەب تەنها دەربڕی ئەدەبیاتی مارکسی بوو و هیچ شتێك بەناوی فۆرم و ڕوخساری ئەدەبی جێگای بایەخ نەبوو[3].

---

[1] کمال بشیر، التفکیر اللغوي بین القدیم والجدید، دار غریب، القاهرة، 2005، بڕوانە ل45.

[2] إیناس محمود عبدالله، نقد النقد، عالم الکتب الحدیث، الأردن، الطبعة الأولی، 2012م. ل28.

[3] یوسف عوض، نظریة النقد الأدب الحدیث، ط1، الأمین – القاهرة، 1414 هـ.ق. بڕوانە ل16.

یەكێك لەو فەیلەسووف‌و زانایانەی، كە جاروبار بە هەڵە بە فۆرمالیست ناوی دەركردووە، چەردەیەك بیروبۆچوونی تازەی هێنایە ئارا (میخائیل باختین)ە، باختین لەوەدا هاوڕابوو لەگەڵ سۆسێر كە (زمان) بنەمای گشتی واتاو ڕەگەزی بنەڕەتی ناسینەوەی واتایە، بەڵام بەپێچەوانەی سۆسێرەوە زمانی بە دەرهاویشتەیەكی كۆمەڵایەتی‌و مێژوویی دەزانی. بەڕای باختین زمان بەهیچ جۆرێك جێگیرو چەسپاو نییە، بەڵكو بەردەوام لە گۆڕاندایە[1].

(لوشینیف) كە هاوڕێبازی (باختین)ە دەڵێ: "زاراوەو وشەكان چەند نیشانەیەكی كۆمەڵایەتین كە دەتوانن لەنێوان چینەكانی كۆمەڵگاو قۆناغە جیاوازەكانی مێژوودا، واتای جیاوازو چەمكی جیاواز هەڵبژێرن"[2].

"هەر گوتەیەك كە دێتە سەرزمان بەهەموو بوونی خۆی وەڵامی قسەكەرێكی نەبینراو دەداتەوەو كاردانەوە دەنوێنێت‌و ئاماژە بە شتێك دەكات لە دەرەوەی خۆی و زیاتر لە سنورەكانی خۆی"[3].

باختین باوەڕی وابوو كە زمان زادەی دوولایەنە یاخود چەند جەمسەریە، ئاماژە بەوە دەكات كە تایبەتمەندی گفتوگۆی ناو زمان لە زمانی ئەدەبیەوەیە بەتایبەتی لە (ڕۆمان)دا ئاشكراترەو دەتوانێت گریمانە جیاوازەكان نێوخۆی بە شێوازی جۆراوجۆر ڕێكبخات واتە باختین دۆزەرەوەی چەمكی (فرە دەنگیە) لە ڕۆماندا[4].

لێرەدا گرنگی‌و بایەخی (دوالیزمی دژیەك) لای فۆرمالیستەكان جگە لەوەی وەك كەرەسەیەكی زمانەوانی‌و دەربڕین دەردەكەوێت كە (دوالیزمی دژیەك) بەشێكە لە پێكهاتەی دەرەكی (دەق)و بەرهەمی ئەدەبی لەهەمان كاتدا لای باختین بەتایبەتی لەو گۆشەنیگایانەیدا كە دەربارەی ڕۆمانەكانی ف.م.دیستویڤسكی دەریبڕیون ململانێی دژەكان بەگشتی سروشتی ئاسایی خۆی وەردەگرێت.

1-4-4-ج/ بونیادگەرایی یاخود بونیادگەری (ستروكتورالیزم):

وشەی بونیادگەری لە (بونیاد) و پێكهاتەی بنەڕەتیەوە هاتووە، بەجۆرێك كە بونیادگەراكان ڕایان وایە كە: هەموو دیاردەیەك، مرۆڤایەتی بێت یاخود ئەدەبی، بونیادێكی هەیە یاخود بونیادێكی پێكهێناوە، بۆ لێكۆڵینەوە لەم بونیادە پێویستە شیبكەینەوە بۆ ئەو پێكهێنەرانەی یاخود ڕەگەزانەی كە ئەو بونیادەیان پێكهێناوە بەبێ گەڕانەوە یاخود بایەخدان بە هۆكارە دەرەكیەكان[5].

---

[1] بابك أحمدی، ساختارو هرمنوتیك، گام نو، چاپ سوم، 1383 هـ.ش. بڕوانە ل24.

[2] ویستر، راجر. پیش درآمدی بر مطالعه ی نظریه ی ادبی، ترجمة: الهه دهنوی، روزگار. چاپ اول، 1382 هـ.ش. ل58.

[3] رامان سلدن، ویدسون پیتر. راهنمایی نظریه ای ادبی معاصر، ترجمة: عباس مخبر، چاپخانه طرح نو، چاپ سوم، 1384 هـ.ش. ل28.

[4] ریچارد هارلند، درآمدی تأریخی بر نظریه ادبی – از افلاطون تا بارت. ترجمة: علی معصومی و شاپور جوكش، چشمه، چاپ دوم، 1385 هـ.ش. بڕوانە ل25.

[5] لیونارد جاكسون، بؤس البنیویة، ترجمة: ثائر دیب، دار الغرقد، الطبعة الثانیة، 2008م. بڕوانە ل126.

بونیادگەری ئەگەرچی لە بواری زانستی زمانو ڕەخنەی ئەدەبیدا زۆر لەبارەیەوە دەگوترێت، بەڵام بەگشتی ڕێبازێکی فیکریەو هۆکارێکی شیکارییە کە بونیادنراوە لەسەر فیکری گشتگیر یاخود کۆیەکی ڕێکخراو. بونیادگەری گرنگی بە هەموو کایەکانی مەعریفەی مرۆڤایەتی داوە[1].

لە کایەی زمانەوانیدا (سۆسێر) بە پێشڕەوی بونیادگەری زمانەوانی دادەنرێت. لە کایەی کۆمەڵناسیدا (کلود لیڤی شتراوس) بڕوای وایە کە کۆی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە پەیوەستە بە کۆمەڵگەوە، هەرچەندە جیاوازی هەبێت، دەرئەنجام سەردەکێشێت بۆ چەند بونیادێك، بەجۆرێك ئەو پێکهاتانەی نێو کۆمەڵ وا گریمانە دەکات یاخود بەجۆرێك خۆی دەسەپێنێت کە کۆیەکی پێکەوە گونجاوە لە خودی خۆیدا ئەوەش بەهۆی ئەو پێوەرە سەپێنراوانەوەیە کە کۆمەڵگا دەیسەپێنێت.

لە کایەی زانستی دەروونناسیدا (میشیل فۆکۆ) و (جان لاکان) هەردووکیان دژ بە ڕەوتی تاکگەرایی (الفردیة) وەستانەوە لە بواری (الأحساس) و (الأدراك)دا[2].

لە تێڕوانینی بونیادگەراکانەوە، لێکۆڵینەوە لە هەر دیاردەیەكو ڕاڤەکردنی، واتە پێویستە لێکۆڵەر مامەڵە لەگەڵ ڕەگەزە پێکهێنەرو بونیادیەکانی ئەو بابەتە بکاتو ڕێگە نەدات فیکرو بیروباوەڕی خۆی یاخود هۆکاری دەرەکی دزە بکاتە ناو لێکۆڵینەوەکەی لەسەر بونیادی دەقێك. وەك بونیادگەراکان دەڵێن خاڵی بنەڕەتی خودی بونیادەو تەنها ئەویش بەسەو پێویست بە چوونە دەرەوەی چوارچێوەی بونیاد ناکات[3]. بەڕای بونیادگەراکان، هەموو دیاردەیەك بونیادێك بۆخۆی پێکدەهێنێت، پیتە دەنگیەکان بونیادن، جێناوەکان بونیادن، بەکارهێنانی کارەکانو ڕێکخستنی هونەرەکانی ڕەوانبێژیو..هتد هەموو ئەمانە بونیادن[4].

لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، ڕەخنەی بونیادگەری، ڕێچکەیەکی تایبەتی هەیە کە کورتەکەی ئەمەیە کە: کاردانەوەکان و بڕیارە ویژدانیەکان یاخود دەروونیەکان بەگشتی ناتوانێت بگاتە ئەو لێکۆڵینەوەو دەرئەنجامەی کە لێکۆڵینەوە لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی بونیادی بەرهەمێك، پێیدەگات، بۆیە هەر بەرهەمێك پێویستە لەناو خودی خۆیدا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، لە ناوەڕۆكو (سیاق) و پەیوەندی بەشو ئەندامەکانی، ئەمەش کارێکی زۆر پێویستە چونکە پێویستە بگەینە ئەو ڕوکارە هونەرییە کە سەربەخۆیە لە هەموو بوونێکی یاخود هۆکارێکی دەرەکیو دەوروبەر.

بەگشتی بونیادگەری باوەڕی بە (ظاهر) هەیە وەك بونیادێك، دابڕاو لە هۆکارو پاساوەکانی دەوروبەری و هەوڵی شیکاریو ڕاڤەکردنی دەدات بۆ پێکهاتەو ڕەگەزە سەرەتاییەکان لەپێناو تێگەیشتنو پەی پێ بردنی. هەر لێرەوەیە کە ڕەخنەگرانی بڕوایان وایە کە حوکمەکانی شکڵێنو ڕووکەشن[5].

---

[1] عبدالقادر حمە أمین، ئەدەبو ڕێبازەکانی ئەوروپی– کوردی، سلێمانی 2011ز. بڕوانە ل179.

[2] ریتشرد هارلند، مافوق البنیویة، ترجمة: حسن حمامة، دار الحوار، سوریة، الطبعة الثانیة، 2009م. بڕوانە ل20–72.

[3] ریتشرد هارلند، مافوق البنیویة. هەمان لاپەڕە.

[4] محمد عزام، النص الغائب، عالم الکتب الحدیث – الأردن، 2011م. بڕوانە ل18.

[5] رولان بارت، نقد وحقیقت، ترجمة: شیرین دخت دقیقیان، نشر مرکز – تهران، چاپ پنجم، 1390 هـ.ش. بڕوانە ل73.

لیڤی شتراوس بڕوای وایە کە دەگونجێت ئەم ڕێبازو نەسەقە لە هەموو جۆرە لێکۆڵینەوەیەکدا پەیڕەو بکرێت[1].

یەکێك لە دامەزرێنەرانی ئەم قوتابخانەیە (رومان جاکبسون) کە ئەویش لە بواری زمانەوانیدا وێنەیەکی تەواوی لە پەیوەندی ئاخاوتن پێشکەش کردو دابەشیکرد بۆ (گەیەنەر) و (وەرگر).

لە دەرئەنجامی بەیەکگەیشتن و هاوکاری و پێکەوە کارکردنی (شتراوس) و (جاکبسون) کە پێکەوە شیکاریەکیان کرد بۆ دەقی (پشیلەکان)ی (بۆدلێر)، دەتوانین بڵێین بونیادگەری بەڕەسمی لەدایکبوو[2].

سەبارەت بە لێکۆڵەری (سیمیولوجی) ڕوسی (لۆتمان- Lotman) ڕای وایە کە دیاریکردنی (دەق) پشت دەبەستێت بە پێکهاتە (تەعبیری) و (بونیادی) و دیاریکراوەکانی لە دەربڕیندا، دەق لە چوارچێوەی پەیوەندیەکی سنورداردایە، جیاوازە لەو بونیادانەی کە دانراون لە دەرەوەی دەق. ئەگەر دەق ئەدەبی بوو ئەوا دەربڕین سەرەتا لەڕێگەی پەیوەندییە سروشتیەکانی زمانەوە دەبێت[3].

شایانی باسە بوترێ، کە یوری لۆتمان پێی وابوو کە نابێ ڕێگا لەو کۆدانەی دەری دەقیش بگرین کە خزمەتی توێژینەوەکە دەکات، هەر ئەم ڕایەش دواتر دوابونیادگەرەکان ئاوڕیان لێدایەوە.

1-4-4-د/ ڕۆلان بارت و دەق:

ڕۆلان بارت کە لە گرنگترین تیۆریستەکانی بواری ڕەخنەی ئەدەبیەو ڕای خۆی هەیە لەسەر پێناسەو سروشتی (دەق) کە دەتوانین کورتی بکەینەوە بۆ: "دەق دابڕاوە لە داهێنەرو سیاقە مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکەی و دەق ڕووکاری دەرەکی بەرهەمی ئەدەبیەو چنراوێکە لە وشەی جیاوازو پێکدادراو و ڕێکخراو بەجۆرێك واتایەکی بەهێزو قوڵمان دەداتێ، (دەق) چنراوێکە لە هونەری ڕەوانبێژی دەربڕین بەجۆرێك کە ڕەوانبێژی ئاخاوتن و زمان دەکاتە (چەك)، ڕەوانبێژی کۆمەڵێ کەرەسە دەخاتە بەردەست بەکاربەری بۆ ململانێ. لێرەوەیە کە ڕەوانبێژی تەنها ئیستاتیکای دەربڕین نییە، بەڵکو فەلسەفەی بیرکردنەوەو ڕۆشنبیری کۆمەڵگاو بەگشتی شێوازی وتووێژو گفتوگۆیە.."[4]، بەڵام دواتر ئەمیش ئەم ستراتیژەی گۆڕی و بایەخی دەدا بەو دەوروبەرە کولتوورییەی کە دەقەکەی تێدا هاتۆتە بەرهەم.

---

[1] لیونارد جاکسون، بؤس البنیویة، الأدب والنظریة البنیویة، ترجمة: ثائر دیب، بڕوانە ل126.

[2] سەرچاوەی پێشوو.

[3] محمد عزام، النص الغائب، ل64.

[4] فانسان جوف، الأدب عند رولان بارت، ترجمة: عبدالرحمن بوعلي، دارالحوار، الطبعة الأولى، 2004م. ل47. هەروەها بڕوانە کتێبی (رولان بارت. قراءة جدیدة للبلاغة القدیمة، ترجمة: عمر أوکان، رؤیة للنشر والتوزیع، 2011م).

لە کورتەی ئەم بابەتەدا گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە بونیادگەری لە تێڕوانینی بۆ دەق و ڕێچکەی ڕەخنەگری خۆیدا (ظاهر) بونیادی دەرەکی دەق دەکاتە پێوەرو لەوپێناوەدا لەسەر بنەمای پەیوەندی کەرەسەکانی ناو دەقێك شیکاری بۆ دەقەکە دەکات کە بێگومان (دوالیزمی دژیەك) لە گرنگترین ئەو چنراوانەیە لەناو پێکهاتەی دەقداو دەتوانێت بنەمایەکی زۆر گونجاو بێت بۆ ئەو دەرئەنجامەی کە شیکارو ڕاڤەکاری بونیادگەر یاخود ڕەخنەگری بونیادگەر دەیەوێت پێی بگات.

1-4-5/ دوالیزمی دژیەك و ئەدەبیاتی عیرفان و تەسەوف:

ئەدەبیاتی عیرفانی یاخود سۆفیانە، بەشێکی زۆر گەورەیە لەو سامانە ئەدەبی و فیکری و بەگشتی ڕۆشنبیریەی کە عارفانی ئەم ناوچەیە بەرهەمیانهێناوەو پانتاییەکی فراوانی لە هۆنراوەی کلاسیکی گەلانی ئەم ناوچەیە بۆخۆی بردووە، تەنانەت لای نەتەوەیەکی وەکو ئێمە (کورد)، عیرفان و ئەدەبی عیرفانی دەستپێك و سەرچاوەی ئەدەبی کلاسیکیمانە.

ئەم ئەدەبیاتە واتە ئەدەبیاتی عیرفان لەمێژووی ئەدەبیاتی ئیسلامیدا (کە خاڵی هاوبەشی ئەدەبیاتی نێوان گەلانی ئەم ناوچەیەیە، بەڵام هەریەکەیان بە تایبەتمەندی خۆی) سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێچکە فیکریەی کە لە سەرەتاکانی سەدەی دووەمی کۆچیەوە بەتایبەتی پاش خەلافەتی (عوسمانی کوڕی عەفان) سەریهەڵدا. کەسانێك نەیارو ناڕازی بوون بەو شێوە ژیان و ڕەفتارانەی کە کەسانی خاوەن دەسەڵات ئەنجامیان دەدا لە دنیاویستی و لاوازی باوەڕیان، هەربۆیە ئەمان دوورکەوتنەوە لە دەسەڵات و کەوتنە باسی زەمی دونیاو پێویستی پەروەردەی دەروون و عیشق بۆ خواو خۆیەکلاکردنەوە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەوو گرنگیدان بە ناخ و پاکردنەوەی (نەفس). سەرئەنجام ڕێنمایی و گوتەکانی ئەم ڕێچکەیە لە مێژووی ئیسلامیدا بووە دوو بەش، بەشێکیان کەوتنەوە ئامۆژگاری و ڕێنمایی خەڵکی کە دەتوانین بەرهەمەکانیان بە (ئەدەبی فێرکاری) ناوبەرین، بەڵام بەشێکی تریان کەوتنە بابەتی (جذبة) و (عشق) کە دەتوانین بە (ئەدەبی عاشقانە) ناوزەدی بکەین. کە هەموو ئەمانە دواتر میراتێکی گەورەی ئەدەبیان بۆ بەجێهێشتین کە بەگشتی بە (ئەدەبی عارفانە) ناسراوەو لەو ڕێچکە فیکریەوە دەسپێك و ئیلهامی وەرگرتووە[1].

لەم رووەوە نووسەرو بیریاری گەورەی ڕووسی (برتلس)، لە کتێبەکەیدا (تصوف وادبيات تصوف) بەشێکی تایبەتکردوە بەو بابەتە، کە سۆفی و عارفەکانی سەرەتای مێژووی ئیسلامی کەوتنە ئەدەبیات و بەتایبەتی شیعر نووسین. لەمبارەیەوە ڕای وایە کە سۆفیەکان زۆر گرنگیان دەدا بە (حاڵ) و بە دابەزینی ڕەحمەتی خوایان دەزانی، بۆیە بەردەوام بەدوای ئەو هۆیانەوە بوون کە دەیانتوانی (حاڵ) لە سۆفیدا بەدیبهێنن کە دواتر (سماع)یان داهێنا کە سەرەتا دەنگ و ئاوازی خۆشبوو دواتر سەریکێشا بۆ مۆسیقاو دەرئەنجام ئەم مۆسیقاو دەنگە خۆشە پێویستی بە وشەو دەستەواژەی پڕ لە جوانکاری (بديع) هەبوو، بەڵام پێویستبوو لە دەربڕینەدا وشەو زاراوەو

1 عبدالحسين زرين كوب، ارزش ميراث و صوفيه، انتشارات سخن، چاپ چهارم، 1389هـ.ش. بڕوانه ل140-144.

دەستەواژەی ئەوتۆ هەڵبژێرن کە بۆ ئاستی گشتی گوێگران گونجاو بێتو لێی تێبگەن، بەڵام کەرەسە زمانیەکان ئاوازدار بن بەجۆرێك جوڵەو تاسەبوون لای گوێگر دروستبکات. سەرئەنجام لەبەرامبەر ئەو شیعرانەی دەربارو چینی فەرمانڕەوادا کە بەردەوام سنعەتکاری تێدا دەکرا بە تایبەتمەندی خۆی، هۆنراوەی لیریکیی (شیعری غەزەلی) سۆفیانە سەریهەڵدا کە جگەلەوەی ساکارو سروشتیو پڕ لە پەندو نزیکبوو لە تێگەیشتنی خەڵکییەوە بەگشتی، هاوکات هەموو هەوڵو ئامانجی ئەم جۆرە شیعرە وروژاندنی هەستو سۆز بوو. هەستو سۆزێك کە دەرئەنجام (سماع) (حاڵ) دروستبکات.

ئەم چۆنیەتی دەربڕینە بەردەوامبوو تا کوشتنی (حلاج)، پاش ئەوە شیعرو ئەدەبیاتی سۆفیو عارفەکان زمانێکی شاراوەو ئاڵۆزی هەڵبژارد بەجۆرێك چەندین هونەری دەربڕینی هێنایە کایەوە کە لەیەك کاتدا جگەلەوەی جوانکاری بوو لە دەربڕیندا، بەهەمان شێوە ئەو جۆرە زمانەی شیعر بووە زمانێکی شاراوەی بە جورئەت کە هەموو شتێکی لێوە بگوترێو ترسیش نەبێت لە سزادان چونکە دەربڕینەکان بەجۆرێك بوون ڕاڤەی جیاوازیان هەڵدەگرت. ئەگەر لای شاعیران بەگشتی زمانی خوازە بەکارهاتبێت بۆ دەربازبوون لە کەمیو هەژاری لە کەرەسەی دەربڕیندا ئەوا لای سۆفیو عارفەکان جگەلەوە، وەك نیشانەیەك یاخود سیمبوڵێك بەکارهاتووە بۆ دەربڕینی ئەو چەمکە عیرفانیو فەلسەفیانەی کە ویستوویانە بە توێکڵداریو نهێنیو ناڕوونی گوزارشتی لێ بکەن.

زمانی خوازە لای عارفەکان زۆرجار بەجۆرێکە، لەکاتی هێنانی چەمکێکدا بە خوازەیی چەمکەکەی بەرامبەریشی وەکو دوالیزمێکی دژیەك. هێنراوە بۆنموونە (خوف و رجا)، (بسط و قبض)، (محو و سکر)، (زوڵف و ڕوو)، (خۆر و مانگ)...هتد[1].

لەو ڕوانگەوە کە بابەتی (ئەدەبیاتی عیرفان) نەك پەیوەندی ڕاستەوخۆ، بەڵکو خودی بابەتەکەی ئێمەیە، بە پێویستی دەزانم لەسەر دوو ئاست یاخود ڕەهەند باسی (ئەدەبیاتی عیرفان) بکەم:

یەکەمیان، زمانی دەربڕین، واتە ئەو زمانەی کە ئەدەبیاتی عیرفانی پێ گوزارشت کراوە:

یەکێك لە تایبەتمەندییە گەورەکانی ئەزموونی عیرفانی، ئەوەیە کە دەربڕینو گوزارشت کردن لەو حاڵەتە ئەگەر ئەستەم نەبێت، ئاسان نییە، بەجۆرێك کە محمد غەزالی دەڵێت: "کەسێك کە ئەم ڕێگاو دەرگایەی بۆ بکرێتەوە، هێندە کاری گەورە دەبینێت کە ناتوانێت بگاتە سنوری وەسفکردنی"[2].

بەگشتی دەتوانین ئەم هۆکارانە وەك ڕێگر باس بکەین لە دەربڕینی عیرفانیدا:

أ- ڕێگری بابەت: ئەزموونی عارفانە، بابەتی دووبارەکردنەوەو ئەزموونکردن نییە، بەجۆرێك بتوانرێت وەك هاوکێشەیەکی جیهانی ماددیو هەستەکان ئەزموون بکرێت. دەتوانین ئەم

---

[1] یوگنی ادوارد ویچ برتلس، تصوف وادبیات تصوف، ترجمه سیروس ایزدی، مؤسسهٔ انتشارات امیر کبیر – تهران، 1387 هـ.ش. بڕوانە لاپەڕەکانی 50–78، هەروەها 146–157.

[2] احمد غزالی، دو رسالەی عرفان در عشق، به کوشش ایرج افشار، بی چا – تهران، 1359 هـ.ش.ل54.

ڕێگرو هۆکارەش بە سەرەکی بزانین چونکە (دەربڕین) کاری عەقڵەو عەقڵیش تەنها لە توانایدا هەیە چەمکە لێکدراوەکان دابەشبکات‌و پۆلێنیان بکات‌و هەندێك جاریش دووبارە لێکیان دەداتەوە. بەواتایەکی تر، بابەتێك کە هێشتا عەقڵ دەستەوسانە لە قبوڵکردنی ئیتر چۆن زمان گوزارشتی لیٚ بکات.

ب- ڕێگری زمان: زەمینەی ئەزموونی عیرفان، زەمینەی ژیانی ڕۆژانەو زمانی ئاخاوتنی خەڵکی ئاسایی نییە کە ڕۆژانە لەڕێی زمانی ئاخاوتنەوە وەك گوێگرو قسەکەر، ئەرك دەبینن. زمانی ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانە خۆی کورتی هێناوە لەوەی مەبەست‌و واتاکانی ڕۆژانە بخاتە قاڵبی گوتن‌و ئاخاوتنەوە، ئیتر چۆن دەتوانێت گوزارشت لە واتا گەردوونیەکانی عیرفان بکات؟!

ج-ڕێگری خودی (بکەر): خودی بکەر واتە (عارف)، لێرەدا ڕووبەڕووی حاڵەتێکی دەروونی دژوار دەبێتەوە کە تێپەڕاندنی ئاسان نییە، ئەویش ئەوەیە کە کەسی عارف پاش گەیشتن بە پلەیەکی تایبەت، دەرئەنجامی ئەوەی کە دەیبینێت تووشی شۆك دەبێت‌و لە حاڵەتی سۆزداریدا نقوم دەبێت بەجۆرێك کە خۆی لەیاد دەکات، دیارە دەربڕینیش بەشێکە لە خودی عارف، بۆیە توانای گوزارشت‌و دەربڕینی نامێنیٚ.

د- ڕێگری گوێگر: زۆرجار لەم کاری دەربڕین‌و گوێگرتن‌و لەیەکتر حاڵی بوونەدا کێشەی ئەوە دروست دەبێت کە گوێگر ناتوانێت لە ئەزموونی عیرفانیانە حاڵی ببێت، چونکە هەروەك وەسفکردنی ڕەنگ‌و چۆنیەتی ڕەنگەکانە بۆ کەسێکی نابیناو کوێر.

ئەگەرچی ئەو چوار خاڵەی سەرەوە لە جۆرەکانی ئاستەنگ‌و ڕێگربوون لەبەردەم دەربڕینی عیرفانیدا، بەڵام ڕاستیەکی بەرچاومان هەیە کە ئەویش بوونی بەرهەمێکی زۆری ئەدەبی عیرفانیە[1].

(شطح) بزڕکاندن، لە تایبەتمەندیەکانی زمانی دەربڕینی عارفانە:

بزڕکاندن گرنگترین وێستگەو خاڵی پێکدادانی نێوان (عیرفان) و (لۆژیك)ە، ئەم بابەتە لە زۆر ڕوانگەوە بابەتی قسە لەسەرکردنە، بەڵام لەڕوانگەی لۆژیکەوەو لە دیدێکی ڕەخنەی لۆژیکیانەوە، جۆرێکە لە کۆبوونەوەی دژەکان یاخود دوالیزمە دژیەکان، واتە گونجاندنی دوو نەگونجاو. جگە لە بزڕکاندن هەموو جۆرەکانی دیکەی دوالیزمی دژیەك‌و بەگشتی (دژەکان) لە زمانی عیرفاندا بوونی هەیە، لێرەدا پرسیاری بنەڕەتی ئەمەیە کە بۆچی (دوالیزمی دژیەك) لە زمانی عیرفاندا بوونی هەیە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا سیٚ تیۆری هەیە:

1-تیۆری دژیەکبوونی ئەزموون: لەسەر بنەمای ئەم تیۆریە، دژیەکبوون لە بزڕکاندنی عارفەکاندا، پەیوەستە بە بوونی دژیەکی لە ئەزموونی عیرفانیدا. ئەم تیۆریە ڕای (استیلس)ە کە بڕوای وایە ئەزموونی عارفانە هیچ نییە جگە لە دژیەکیەکی بیٚ مانا. هەڵەی ئەم تیۆریە لەوەدایە تەنها لە ڕوانگە لۆژیکیەکەوە سەیری دەکات.

---

[1] علیرضا فولادی، زبان عرفان، انتشارات سخن باهمکاری انتشارات فراگفت، 1389هـ.ش. بڕوانە ل78.

2- تیۆری هەڵەی دەربڕین: ئەم تیۆرییە ڕای وایە کە (دژیەکبوون) لە دەربڕینی عیرفانیدا، دەرئەنجامی هەڵەیەکە کە عارف لە وەسفکردنی ئەزموونە عیرفانیەکەیدا دەیکات، واتە بەبێ هیچ مەبەستێك عارف دەکەوێتە هەڵەوە لە وەسفکردنی ئەوەی کە بینیویەتی.

3- تیۆری هەڵگرتنی (دژیەکبوون): بەپێی ئەم تیۆرییە بزرکاندن و هەرکام لە (دژیەك)ەکانی دیکە لە دەربڕینی عیرفانیانەدا ئەگەرو گریمانەی ئەوەی تێدایە کە دژیەکبوونی لۆژیکیانەی لەسەر هەڵگرتبێت، چونکە بوونی دژیەك‌و دوالیزمی دژیەك لە دەربڕینی عیرفانیانەدا تەنها وەك هێنانی (هاوواتا) وایە بە مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی مانای دەربڕین.

4- تیۆری هونەری ئەدەبی: بەپێی ئەم تیۆرییە بزرکاندن و بەگشتی دژیەك‌و دوالیزمی دژیەك، جۆرێکە لە هونەری دەربڕین‌و عارفەکان لەپێناو جوانترکردنی دەربڕینەکانیاندا سودیان لەم هونەرە وەرگرتووە.

بەگشتی ئەو زمانەی کە عارف لە دەربڕینی عیرفانیدا بەکاریدەهێنێت یا زمانێکی (ڕاڤەکارانە) واتە ئەرکی ڕاڤەکردنی لەئەستۆیە یاخود ڕوونبێژییەو ئەرکی گەیاندنی واتاو ڕوونکردنەوەی لەئەستۆدایە. مامەڵەکردنی لە جۆری لەگەڵ ئەزموونی عارفانەدا چوار ئاستی زمانی عیرفانی پێکهێناوە کە یەکەمیان بریتیە لە ئاستی دژیەکی یاخود بزرکاندنی کە لەم ئاستەدا ڕووبەڕووی کۆبوونەوەی دژیەك‌و دوالیزمە دژیەکەکان دەبینەوە. بەشێوەیەکی گشتی (دژیەکی) یاخود بزرکاندن بە هەموو جۆرەکانیەوە، لایەنە بنەڕەتیەکانی ئاستی دژیەکی دەردەخات لە زمانی عیرفاندا.

سێ ئاستەکەی تریش بریتین لە: (ئاستی سیمبولی) و (ئاستی بەڵگەیی یاخود عەقڵی) و دواجار (ئاستی نەقلی)، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە بابەتە سەرەکیەکەی ئێمە ئاستی یەکەمە[1].

دووەمیان، خودی بابەتی ئەدەبیاتی عیرفان:

وەك لە سەرەتای بابەتی (دوالیزمی دژیەك‌و ئەدەبیاتی عیرفان‌و تەسەوف)دا ئاماژەمان پێکرد، پەیوەندی‌و مێژووی نێوان ئەدەبیات‌و عیرفان (بەتایبەتی لەم ناوچانەدا) هاوتەریب‌و پەیوەندیەکی تەنگاوتەنگیان هەیە بەجۆرێك کە چەندین هاوبەشیان هەیە، لەوانە (زمان) هۆکاری دەربڕینی عیرفان‌و ئەدەبیشە، جگەلەوە ئەم جۆرە بەرهەمە، واتە (ئەدەب) و (عیرفان) هەردووکیان ڕەنگی وێناکردن دەدەنە ئەزموونی (ذوقي) و چێژی ڕۆحی. وەك (زکی مبارك) لەمبارەوە دەڵێت: "ژیانی سۆفی لەسەر بنەمای (ذوق)ەو هەر ئەمەش بنەمای یەکەمی هونەرە، کەواتە سۆفی کەسێکە کە (ذوق)ێکی زۆری هەیەو هەرچی دەبینێت‌و دەخوێنێتەوەو دەبیستێت، بەدوای واتاکانیدا دەگەڕێت، لەم ڕوانگەیەوە سۆفی هۆشیارترین‌و بەئاگاترین کەس بوون لە شیعر بەگشتی‌و هۆنراوەی لیریکی بەتایبەتی"[2].

---

[1] استیس و.ت، عرفان و فلسفه، ترجمه: بهاءالدین خرمشاهی سروش – تهران، چاپ هفتم، 1388 هـ.ش. بڕوانە ل268.

[2] محمود زیدان، نظرية المعرفة عند مفكري الاسلام، مؤسسة الرسالة، الطبعة الأولى، 2001م. ل68.

(شفیعی کدکنی) تەسەوف و عیرفان بە (وەرگرتنێکی هونەریانەی ئاین) دەزانێت[1].

خاڵێکی تر کە پەیوەست بە ئەدەبو عیرفانەوە جێگای بایەخ و گرنگییە جیهانی نمونە یاخود (عالم المثال)ە، بەواتایەکی تر، واتاو مانا ئەدەبیەکانیش هەروەك واتاو مانا عیرفانیەکان، بۆ دەربازبوون لە جیهانی شاراوەیی‌و نادیاری، پێویستە پەنابەرنە بەر وێنەی (مثالي)، چونکە تەنها ئەم وێنانە دەتوانێت دەربڕینی واتا دەروونییەکان لەئەستۆ بگرێت. بێگومان لە چوارچێوەی ئەم وێنانەشدا، وێنەکانی کە وێنەی دژیەك‌و دوالیزمی دژیەکن ڕوونترین جۆری وێنە پێکدەهێنن لە گوزارشتی ئەدەبو ئەدەبی عیرفانیدا.

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا جەخت لەوە دەکەینەوە کە: "سەرچاوەی دوالیزمی دژیەك‌و جۆرەکانی پێویستە لە ئەدەبیاتی پڕ لە سیمبوڵی عیرفاندا بۆی بگەڕێین"[2]. "دوالیزمی دژیەك لە هەموو بابەت‌و قۆناغەکانی ئەدەبیاتی عیرفانیدا بوونی هەبووە"[3].

بەگشتی لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا چەند ئاستێك لە دژیەکی و دوالیزمی دژیەك دەردەکەوێت، کە لەوانە دەتوانین جۆرەکانی (پارادوکس)، (جیاوازی لە هەست ئامێزیدا)، (پێچەوانەیی بوون)، (تجرید)[4]...هتد و هەروەها چەندین ئاستی تری پۆلێنکردن‌و ئەژمارکردنمان هەیە بۆ دوالیزمی دژیەك کە لە بەشی دواییدا (گونجاوترین جۆریان یاخود پۆلێنیان بەکاردەبەین بۆ (تطبیق) کردنی لەسەر هەردوو شاعیری عارفمان مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزی). کە لە بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەماندا بە فراوانی و هەمەلایەنە لە (چەمکی دژیەکی) شیعرە لیریکییەکانی هەردوو شاعیر دەکۆڵینەوە.

---

[1] شفیعی کدکنی، دستور زبان عرفانی و عرفان دستور زبان، طرح نو – تهران، چاپ اول، 1374 هـ.ش. بڕوانە ل105.

[2] شفیعی کدکنی، دفتر روشنایی، (از میراث عرفان بایزید بسطامی) سخن – تهران، چاپ دوم، 1384 هـ.ش. ل25.

[3] سەرچاوەی پێشوو.

[4] علیرضا فولادی، زبان عرفان، بڕوانە ل195.

بەشی دووەم

چۆنیەتیی بەکارهێنان و کەوتنەوەی دوالیزمی دژیەک
لە هۆنراوەکانی مەولانای ڕۆمیو مەولەوی تاوەگۆزیدا

2/ چۆنیەتیی بەکارهێنان و کەوتنەوەی دوالیزمی دژیەك لە هۆنراوەکانی مەولانای ڕۆمیو مەولەوی تاوەگۆزیدا:

دوالیزمی دژیەك چەمکێکی بنەڕەتیو جەوهەرییە لە زمانو هزرو پەیوەندییە هەمەلایەنەکانی ژیاندا. مرۆڤ بەهۆی دوالیزمی دژەوە دەتوانێت پۆلێنی شت و دیاردەکان بکاتو سیستمێکیان بۆ پێکبهێنێ.

ئەم بیرە هەر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە وەك بەشێکی گرنگی (تیۆریی واتا) بۆ لێکدانەوەی واقیع و بیر هاتۆتە ئارا. لە ڕاستیشدا – وەك پێشتر وترا – بنەوانو دەستپێکی بەکارهاتنی ئەم چەمکە لەگەڵ لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی فردیناد دی سۆسێر پەیدابوو، لە ڕۆژگارێکی دواتریشدا زاناو فەیلەسوفە فەرەنساییەکانی وەك کلۆدی– لیڤی شتراوس و ڕۆناڵد بارت و...هتد گەشەیان پێدا.

دوالیزمی دژیەك شێوازێکی گونجاوو شایانی توێژینەوەی تێکستە. بوونی دوالیزمی دژ لە تێکستدا، کە لە سەرجەمیشیدا هەیە، هۆیەکی گرنگە بۆ گەشەپێدانی شیکاریی ماناو نوێکردنەوەی کولتورو تەنانەت یاساو ڕێساکانی کۆمەڵیش.

ئەوەشی کە پەیوەندی بە توێژینەوەی ئەدەبییەوە هەبێت، دۆزینەوەو خستنەگەڕی ئەم چەمکە، بۆتە شێوازێکی بنەڕەتیی خوێندنەوەو ستراتیژێکی شیکارییو لێکۆڵینەوە، بەتایبەتیش یەکێکە لە پرینسیپە هەرە گرنگەکانی بونیادگەریی و دوابونیادگەرییو...هت

دوالیزمی دژیەك بە چەشنێکی بەرچاویش لە هۆنراوەکانی ئەم دوو شاعیرە: مەولانای ڕۆمیو مەولەوی تاوەگۆزییدا هەیەو هەریەکەیان بە چەندین جۆری دەربڕینو هونەری ڕەوانبێژیو داڕشتنی وێنەی شیعریی بۆ ناوەرۆکی هەمەچەشنی هۆنراوەکانی بەکاریهێناوە، بەجۆرێك کە دەتوانین چەندین پۆلێنبەندیی لە بەکارهێنانی ئەم هونەرەدا بۆ هەر شاعیرەیان بکەینو تایبەتمەندی هەریەکەیان بپارێزینو بخەینە ڕوو، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستو ئامانجی ئێمەیە هەڵبژاردنی جۆرە پۆلێنبەندییەکە، جگە لەوەی لەڕووی کارەکیو (تطبیق)یەوە بەڵگە بێت بۆ هەموو ئەوەی وەك تیۆری ئاماژەمان پێداوە، لەهەمان کاتدا پۆلێنبەندییەکەمان بەجۆرێك بێت کە هەردوو شاعیرەکەمان لەسەر ئەو بنەماو خاڵە کۆبکاتەوە کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەشێوەیەکی لاوەکی یاخود ناڕاستەوخۆ بەراوردو کۆکردنەوەی ئەم دوو شاعیرە مەزنەیە لە جوغزی ناوەڕۆك یاخود چۆنیەتیی دەربڕینی هاوبەشدا.

سکێچی پۆلێنبەندییەکەشمان لە چوارچێوەی یاخود لە ڕوانگەی جۆرو دابەشکردنەکانی هونەرەکانی ڕەوانبێژیدایە، بەو ئەندازەی کە هۆنراوەکانی ئەم دوو شاعیرە وەکو خاڵی هاوبەشی نێوان هەردووکیان، هەڵیدەگرێت، ئەگەرنا هەریەکێك لەم دوو شاعیرە بەتەنها بگریت، توانای دەربڕینو جۆری هونەری دەربڕینی (لە دوالیزمی دژیەك دا) زۆر لەم پۆلێنبەندییەی ئێمە فراوانترەو سنووری تیشکدانەوەی داهێنانیان ئەگەر بێسنوریش نەبێت ئەوا لە توانای ئەم باسو بابەتەی ئێمەدا نییە کە بەشو پشکی لێکۆڵەرانی تر نەهێڵێتەوە تا هەوڵو کاری تری بۆ زیاد بکەنو وەك لە بەرایی بابەتەکەشدا ئاماژەمان پێداوە بە پەرۆشەوە دەمانەوێت ڕەخنەگرانو لێکۆڵەرو خەمخۆرانی ئەدەبی کوردیمان بخەینە بەردەم شێوازو ڕوانینێکی نوێ بۆ چۆنیەتیی نرخاندنی بەرهەمی ئەدەبیمان کە ئەم شێوازە جگە لەوەی وەکو هونەرێك بەشێکە لە شوناسی ئەدەبی کلاسیکمانو لەڕووی هونەری دەربڕینەوە پانتاییەکی بەرفراوانی بۆخۆی بردووە، لەهەمان کاتدا ڕێبازو پێوەرێکی نوێو هاوچەرخیشە کە پسپۆڕانی ئەدەب لە گەلانی دراوسێو جیهان، بەشێك لە کارامەییو جوانکاری ئەدەبی خۆیانی پێ نمایش دەکەن.

دوالیزمی دژەیەك یەکێکە لە دەرکەوتەکانی جوانی ڕوونبێژی لە بەرهەمی ئەدەبیدا. ئەم هونەرە ئەدەبیە دەگونجێت بە شێوازی (تەعبیر، دەربڕین) یاخود (ترکیب، ڕۆنان) بەکاربرێت. لە هۆنراوەکانی مەولانای ڕۆمیو مەولەوی تاوەگۆزیدا ئەم هونەرە ئەدەبیە لەتەك هونەرەکانی ڕەوانبێژیو جوانیناسی (خواستن، لێچواندن، وێنەی دوو ڕەهەندی، درکە، خوازە، فرەواتایی، ڕۆچوونو زیادەڕەوی) ئاوێتەبووەو ئاستی جوانی ناوەڕۆكو ڕوونبێژییەکەی دوو هێندە بەرزکردووەتەوە. دەرخستنو ئاشکراکردنی ئەم پەیوەندییانە دەتوانێت زۆر ئاسانکاریمان بۆ بکات تا زیاتر پەی بە تێگەیشتنو ئامانجی شاعیرەکەمان بەرین. لێرەدا پۆلێنبەندیو بەشەکانی دوالیزمی دژیەك لای هەردوو شاعیر بە نمونەی هۆنراوە لیریکیەکانیانەوە دەخەینەڕوو.

بەشەکانی دوالیزمی دژیەك لە هۆنراوەکانی مەولانای ڕۆمیو مەولەویدا :

دوالیزمی دژیەك لە هۆنراوەکانی مەولانای ڕۆمیو مەولەوی تاوەگۆزیدا، لە ڕوانگەی پێکهێنانو بناغەی دروستبوونەوە، دەکرێت بە دوو بەشی سەرەکی، واتە (واتاییو دەربڕین) و (لێکدراو یاخود ڕۆنان).

2-1/ دوالیزمی دژیەك بە شێوازی واتایی و دەربڕین:

هەندێك جار دوالیزمی دژیەك و پارادۆکس (پێچەوانەی داب و نەریتی باو) لە چەمك و واتاو تێگەیشتنماندا بۆ واتای چەمکی نیوە دێڕێك یاخود کۆپلەی هۆنراوەیەك بە شێوازی دەربڕینی واتا یاخود وێنەو دەربڕینێکی تایبەت دێت، بە جۆرێك کە ئەم وێنانە بۆ زەینی خوێنەرو چێژلێوەرگرتن، هونەری و جوانتر دەکەوێتەوە لە بەش و شێوازی دووەمی دوالیزمی دژیەك کە (دوالیزمی دژیەك بە شێوازی لێکدراو یاخود ڕۆنانە) وەکو: لە زمانی فارسیدا (تاریکتر شدن از چراخان، صحّت بودن بیماری، احسان بودن ترك احسان...) لە کوردیشدا وەکو: (غەمی بێ غەمی، دەردی بێ دەردی، چاکی مەکە با خراپ نەبێت).

- دوالیزمی دژیەك لە شێوازی گوزارشتی واتاییدا، دەکرێتە دوو چەشن:

2-1-أ/ ئەو گوزارشتە واتاییانەی کە لە پێکهاتەی ڕووکاریاندا دژیەك بەدیدەکرێت:

ئەم چەشنە لە دوالیزمی دژیەکیش دەکرێتە دوو جۆر: ناوەرۆکی و جوانناسی.

2-1-أ-1/ دوالیزمی دژیەکی (ناوەڕۆکی):

لەم چوارچێوەیەدا، دوالیزمی دژیەکی ناوەرۆکی گوزارشتێکە لە پاشخانی بینراوە سروشتی و عادەتیەکەوە کە گونجاویشە لەگەڵ باوو نەریتی پەسەندکراودا، ڕاستیەك خۆی شاردۆتەوە کە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو دیاردە ئاشکرایەدا، هەربۆیە دەربڕینی ئەم ڕاستی و واقیعە لەبەرئەوەی لەگەڵ باوو لۆژیکی ئاسایی و باودا دژو پێچەوانەیە، لەسەرەتادا وەك دژو پێچەوانە بەدیدەکرێت، بەڵام لە خودی خۆیدا هونەرێکی دەربڕینە بۆ زیاتر چێژ لێ وەرگرتن و دەرکەوتنی مەبەستی شاعیر.[1]

مەولانای ڕۆمی دەڵێ: چو دانستی کە دیوانە شدی، عقل است این دانش
چو می دانی کە تو مستی، پس اکنون هوشیاری تو[2]

واتە کاتێك ئاگاداری بە شێتی خۆت، ئەوە عەقڵ و ژیری و زانینە، چونکە عەقڵت هەیە کە شێتی، کاتێك ئاگاداری کە تۆ مەست و بێ هۆشی، ئەوە هۆشیاری و بەئاگابوونە، چونکە هۆشت هەیە کە بێهۆشی.

---

[1] تقی وحیدیان کامیار، متناقض نما (paradox) در ادبیات، نشریهٔ دانشکدهٔ ادبیات وعلوم انسانی دانشگاه فردوسی مشهد، سال بیست و هشتم 1376 هـ.ش، شمارهٔ 4 و 3. ل271.

[2] جلال الدین محمد بلخی، مولانا. غزلیات شمس تبریزی، مقدمە گزینش وتفسیر: محمد رضا شفیعی کدکنی، جلد دوم. انتشارات سخن – تهران، چاپ سوم، 1387 هـ.ش. ل306.

مەولەوی تاوەگۆزی دەڵێ: **بەدی نیکیەن، نیکی بەدنامی**
فامای شێتیەن، شێتی پڕ فامی[1]

بەدی: خراپە. نیکی: چاکە. فامای: تێگەیشتن.

واتای وێنەی نیوە بەیتی یەکەمی مەولانا، لە نیوە بەیتی دووەمی مەولەویدا ڕەنگی داوەتەوە، لەوەش بگەڕێ کە هەر لەسەر بنەمای چەمكو زاراوەکەی ئێمە بەیتی هەردوو شاعیرەکە داڕێژراون، بەڵام ئەوەی بە تایبەتمەندی بۆ مەولەوی تاوەگۆزی دەگەڕێتەوە، ئەوەیە کە نەهاتووە دەقاودەق کۆپی بەیتەکەی مەولانا بکات، بەڵکو دژیەکی (بەدیو نیکی) هێناوە، کە لە ڕووی قووڵیو فراوانیی واتاکەیەوە ئەگەر لە (دانایی و نەدانی) قووڵتر نەبێت، تەنکتر نییە.

دەتوانین گەلێك نمونەی تر بۆ هەمان مەبەست بهێنینەوە، لە شوێنێکی تردا مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

اول نظر، ارچه سرسر بود **سرمایه واصل دلبری بود**
گر عشق و بال و کافری بود **آخر نه بەروی آن پری بود؟**
زان رنگ تو گشتەایم بی رنگ **زان سوی خرد هزار سنگ**[2]

مەولانا باس و حەقیقەتی (عیشق) دەخاتە ڕوو، کە ئەگەرچی تیلەنیگای یەکەمی عاشق بۆ ئەویندارەکەی سەرسەریانەیە، بەڵام هەر ئەوە سەرمایەی سەرەتاییو خودی دەستپێکی ئەویندار‌بوونو دڵ لەدەستدانە...

پاشان لە دوادێڕدا، کە مەبەست و ئامانجی ئەم خاڵەی ئێمەیە، مەولانا ڕوو لە (عیشق) دەکاتو دەڵێ: لە جوانی ڕەنگی تۆداو لە ڕەنگاوڕەنگیو جوانیتدا ئێمە (بێ ڕەنگ) بووین، بێ ڕەنگ بوون بە واتای (سپی بوون) و پاکبوونەوە یاخود داڕنینی ڕەنگی جیاوازو خاکی بوون لە جیهانی (عیشق)دڵ[3] چونکە لە نیوەی کۆتایی دوادێڕدا دەڵێ: لەو جیهانو شوێنەی کە بە هەزاران میل لە عەقڵەوە دوورە واتە (جیهانی عیشق)، چونکە لە فەرهەنگی عارفاندا (عەقڵو عیشق) وەك دوو جیاوازی دژ سەیردەکرێنو لەوبارەوە شاعیرە عارفەکانی ئەم ناوچەیە بەتایبەتی مەولانا زۆر

---

[1] دیوانی مەولەوی، سەرجەم هۆنراوەکانی ئەم بابەتە وەرگیراون لە (دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوەو لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس، سنندج، انتشارات کردستان، 1389)، ل519.

[2] جلال الدین محمد بلخی، مولانا. غزلیات شمس تبریزی، مقدمە گزینش وتفسیر: محمد رضا شفیعی کدکنی، جلد اول. انتشارات سخن – تهران، چاپ سوم، 1387 هـ.ش. ل261.

[3] احمد گلی، متناقض نمایی در شعر صائب، فصلنامە پژوهشهای ادبی سال 5، شمارۀ 20، تابستان 1387 هـ.ش. ل154.

هۆنراوەی سەبارەت بە دژبوونی (عەقڵو عیشق) هەیە. ئەوەی لێرەدا کرۆکی مەبەستو ئامانجی ئێمەیە، هەمان دەربڕینی نیوەی یەکەمی دوادێڕی هۆنراوەکەیە کە دوالیزمی دژیەکی دروستکردووە چونکە دەڵێ: لە جوانی ڕەنگی تۆدا ئێمە بێ ڕەنگ بووین.

تێبینی: ئەم دەربڕینی (ڕەنگو بێ ڕەنگی)یەی مەولانای ڕۆمی بە جۆرێکی ترو بەڵام بۆ هەمان مەبەستی هونەری دوالیزمی دژیەك لەڕووی ناوەڕۆکەوە، لای مەولەوی تاوەگۆزیش باسکراوە، وەك پاش ئەم نموونەیەی مەولانای ڕۆمی دێینە سەر باسی نموونە لای مەولەوی تاوەگۆزی. هەروەها لە نموونەیەکی دواتردا ڕوونمان کردووەتەوە کە (بێ ڕەنگی) لە فەرهەنگی عارفو سۆفیدا (درکە)یە بۆ پایەداریو نەگۆڕی.[1]

مەولانا لە هۆنراوەیەکی زۆر پڕمانای دیکەدا دەڵێ:

گم شدن در گم شدن دین من است نیستی در هست آیین من است[2]

واتە: ونبوون لەناو ونبووندا باوەڕی منە، نەبوون لە هەبووندا ئاینی منە.

واتە جۆرە ونبوونێك کە مرۆڤ تەنانەت هەست بە ونبوونی خۆیشی ناکات، لەگەڵ بوونو بەهرە وەرگرتن لە هەبووندا بەجۆرێك دووربکەویتەوە لە حەزو ئارەزووەکانی مرۆڤ کە هیچ کاریگەریو پاشماوەیەکیان لات نەمێنێت. بەم جۆرە هەم بوونە هەم نەبوون.[3] هەر لەم بارەیەوە مەولەوی تاوەگۆزی دەڵێت:

وەش ڕەنگی بازەم سادەی بێ رەنگی

شادی باوەس بۆ وەختەن دڵ تەنگی[4]

مەولەوی لەم هۆنراوەیەداو لە دوو بەیتی بەراییدا بە ئاراستەی "چەواشەی چەپگەرد" کە مەبەستی (قەدەر) و ڕووداوە خۆشو ناخۆشەکانی ژیانە، دەدوێو دواتر لە باسیداو لە نیوەدێڕی یەکەمی ئەم بەیتەی سەرەوەدا دەڵێ:

(جوان و ڕەنگاوڕەنگ یاخود ڕەنگی جوانت لەخۆگرتووە) بەڵام بەردەوامەو دەڵێ: (بازەم) لەهەمان کاتدا سادەیەکی بێ ڕەنگی.

ئەم گوزارشتە کە لە یەك کاتدا ڕەنگ جوانەو سادەو بێ ڕەنگیشە، گوزارشتێکی واتاییە کە لەڕووی ناوەڕۆکەوە دوالیزمێکی دژیەکی گرتووەتە خۆی چونکە لەڕووی لۆژیکی واقعییەوە چۆن

---

[1] دیوانی مەولەوی، ل114.

[2] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، ج1، ل291.

[3] کریم فیضی، (غزلیات شمس تبریزی به روایت دکتر دینانی)، جلد اول، انتشارات اطلاعات، چاپ اول، 1389 هـ.ش. ل30.

[4] دیوانی مەولەوی، ل172.

دەبێت لەیەك كاتدا جوانیو فرەڕەنگیو بێ ڕەنگی كۆبكرێتەوە، بەڵام دیارە شاعیر مەبەستی لە ژیانە كە خۆشیو ناخۆشی لەخۆگرتووە.

تێبینی: لە شیكاریی دیوانەكەی مەولەویداو لەهەمان لاپەڕەدا، مامۆستا مەلاعبدالكریمی مدرس مانای واتای (بازەم) بە (وازم لێبێنە) یاخود (لێم گەڕێ) لێكداوەتەوە، بەڵام لەڕاستیدا (بازەم) لە هەورامی خۆرهەڵاتی كوردستاندا واتە (لەهەمان كاتدا) و ئەگەر كۆی واتای هۆنراوەكەش بگرین بە واتای دووەم مانادار دەبێت.

لە هۆنراوەیەكی دیكەدا دەڵێ:

پەشێوی وەنەزم لوو لووی ئەسرین دا

پەروین دائیرەی خورشید تەزیین دا[1]

لەڕووی لۆژیكی جوانیەوەو لە واقیعدا (پەشێوی) نابێتە هۆی (تەزیین) واتە جوانی ڕازاندنەوە، بەڵام مەولەوی دەڵێ: ئەو دەنكە فرمێسكانەی نازداران كە ئەوسا بە ڕێكی وەك ڕشتەی مرواری دەهاتە خوارەوە، ئێستا بە ناڕێكی و پەشێوی دەڕژێتە خوارەوەو بە دەوری ڕوویاندا دەڕژێ دائیرەی ڕوویان دەڕازێنێتەوە. لەڕاستیدا لەڕووی ڕواڵەتی وشەكانەوە دژەكە: (پەشێوی× نەزم)ە، بەڵام –وەك وترا– پەشێویو بێسەروبەری –وەك باوە– نیشانەی جوانی نەبووە. لێرەدا هەر لەڕووی دژیەكییەوە، واتایەكی تر لەخۆدەگرێت، ئەویش گەڕانی (خۆشیی) جارانە بە (ماتەم)ی ئێستا،..كەواتە لە چەند ڕوویەكەوە شاعیر هونەری نواندووە بۆ نیشاندانی هەستو سۆزی.

2-1-أ-2/ دوالیزمی دژیەكی جوانناسی:

بەشێوەیەكی تایبەت تەنها یەكێكە لە شێوازەكانی ناساندنو ناسینەوەو ئەفراندنی (جوانی زمانی)یەو هیچ پەیوەندییەكی بە كرۆكو چەمكی دژیەك بوونەوە نییە. واتە لە واتادا دژیەك بوون نییە بەڵام لەو دەربڕینەدا دەستەواژەو زاراوەی ئەوتۆی تێدایە كە لە واتایەكدا پێكەوە دەبنە دژیەكو بەڵام بە ماناو واتایەكی دیكە دژیەك نین.[2]

دوالیزمی دژیەكی جوانناسی بەپێی لایەنەكانی ڕەوانبێژی بەشێوەیەكی گشتیو سەرەكی دابەشدەبێت بەسەر دوو لایەنی: ڕوونبێژی و جوانكاری (بدیع).

---

[1] دیوانی مەولەوی، ل140.

[2] تقی وحیدیان كامیار، متناقض نما (paradox) ل284.

ئەو جۆرە دوالیزمە دژیەکەی کە لەسەر بنەمای لایەنی هونەری ڕوونبێژییە، دابەشدەبێت بۆ پێنج جۆر کە ئەمانەن:

2-1-1-2-أ-1-أ/ لەسەر بنەمای خواستن:

لەم جۆرە دوالیزمە دژیەکەی جوانناسیدا، لێخواستراو کە (لەوچووە) بەجۆرێك هەڵدەبژێردێت کە لەگەڵ زاراوەو وشەیەکی ناو هۆنراوەکەدا دژیەك دروستبکاتو بە لابردنی لێخواستراو دژیەکبوونەکە (یاخود ئەوەی کە بە دژیەك دەزانرێتو وا بەدیدەکرێت) نامێنێت.[1]

جێگای ئاماژەبۆکردنە کە (خواستن) لەڕووی پێناسەی زاراوەییەوە لە ڕەوانبێژیدا: "ئەوەیە کە ناوی لایەکی دوولاکەی چواندن (چوێنراوو پێچوێنراو) بهێنیو مەبەستت لەلاکەی تر بێتو، واش پیشانی بدەیت کە چوێنراو چووەتە ڕەگەزی پێچوێنراوەوەو تایبەتییەکانی پێچوێنراوی تێدا بچەسپێت"[2] با نموونە بۆ شیکاریی ئەم جۆرە دوالیزمە بهێنینەوە، لەوبارەوە مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

گر قالبت در خاك شد، جان تو بر افلاك شد

گر خرقهٔ تو چاك شد، جان تورا نَبْوَد فنا[3]

جان: واتە گیان، ڕۆح.

قالب: واتە قاڵب و چوارچێوە، لێخواستراوە بۆ جەستە.

خرقهٔ: پۆشاکی دەروێشان، لێخواستراوە بۆ جەستە.

واتە: ئەگەر (قالبت) جەستەت بچێتە ژێرخاك، ئەوا گیانت بە بەرزی دەگات، هەروەها ئەگەر جەستەت (خرقهٔ)ت بدڕێت یان بکەوێت، گیانی تۆ نەمر دەبێت.

لێرەدا (قالب) و (خرقهٔ) لێخواستراوە بۆ جەستەو لاشەو ڕووکاری دەرەوە، لەگەڵ وشەی (جان)دا واتە گیان کە دەگونجێ مەبەستی گیانو کرۆکو دەروون بێت، دوالیزمی دژیەکیان دروستکردووە.

تێبینی: مەولەوی تاوەگۆزی شاعیریش هەمان جۆرە دەربڕینی هەیە کە دەڵێ:

"قاڵبم بێ ڕۆح، ئەروام نەمەندەن

من دانی حەیات زیندەگیم کەندەن"[4]

---

[1] تقی وحیدیان کامیار، متناقض نما (paradox). هەمان لاپەڕە.

[2] ابو یعقوب سکاکی، مفتاح العلوم، مطبعة مصطفى البابي الحلبي، القاهرة، 1973، ل180.

[3] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، ج1، ل162.

[4] دیوانی مەولەوی، ل44.

بەڵام لەبەرئەوەی لە شێوازی دووەمی سەرەکی "واتە لێکدراو ڕۆنانی"یە، لە جۆری (خواستن) وەکو نموونە هێنامانەوە کە لە دواتردا دێت.

مەولانا لە هۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵێ:

این <u>عدم</u> خود چە مبارک جای است   کە مدد های <u>وجود</u> از <u>عدم</u> است[1]

عدم: ئەم زاراوەیە لای مەولانا واتاو بەکارهێنانی تایبەتی هەیە، بەواتای ڕەهای (نەبوون) نییە، بەڵکو مەبەست لەو جێگەو پێگەیەیە کە ڕووخسارە دەرەکییەکان ئامادەگییان نییەو سنورێك نییە، ئەم زاراوەیە کە تەعبیرێکی ترە لە (عالم غیب) جیهانی شاراوە، شتێك نییە جگە لە (وجود مطلق) بوونی ڕەها کە لە کرۆکی ئەوەوە هەموو شێوەکان دەردێن.[2]

واتە: ئەم جیهانە پیرۆزەی (عدم) – نەبوونی، کە لێخواستراوە بۆ (وجود مطلق) بوونی ڕەها، زۆر پیرۆزە چونکە هەموو پاڵنەرەکانی (بوون) لەم جیهانە نەبووەوەن. لێرەدا دوالیزمی دژیەکی دروستکردووە واتە وشەکانی (عدم) و (وجود) کە (عدم) لێخواستراوە بۆ (بوونی ڕەها).

لەم بارەیەوە مەولەوی تاوەگۆزی دەڵێت:

<u>سیاییم</u> ئاوەرد، <u>سفیدیم</u> پێ ڕەشت
هەفتم کەردەوە گرێم دا لە هەشت[3]

سیایی: واتە گوناه و تاوان.

گوناهو تاوانم بەسەر خۆمدا هێناو نامەی کردارم کە سپیەو خراپەی تێدا نییە، ڕەشم کردەوە یاخود پڕم کرد لە تاوان و گوناه.

وشەی (سیاه) واتە ڕەشی لێخواستراوە بۆ (تاوان، گوناه)، کە وشە لێخواستراوەکە (واتە ڕەشی) دژ دێتەوە لەگەڵ (سفید) واتە سپی بوونی نامەی کردار، ئەگەر (سیاه) ەکە لابەرین و مەبەستە بنەڕەتیەکە بهێنین کە (خراپەو گوناهە) ئەوا دژبوونەکە نامێنێت.

تێبینی: لە نیوەی دووەمی دێڕی هۆنراوەکەدا (هەفت) واتە حەوت دەرگای دۆزەخی بۆخۆی خستووەتە سەر پشت، هەروەها (هەشت) واتە قفڵی لە هەشت دەرگای بەهەشت داوە بەڕووی خۆیدا، دیارە ئەم دووانەش دوالیزمی دژیەکن بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مەبەستە بنەڕەتیەکەیان، ئەمەش تەنها بۆ زانیاری و ئەگەر نا پێچەوانەی خواست و ئامانجی ئێمەیە لەم خاڵەدا.

---

[1] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، چ1، ل293.

[2] سەرچاوەی پێشوو.

[3] دیوانی مەولەوی، ل335.

2-1-2-1-أ-ب/ لەسەر بنەمای لێچواندن:

لەم جۆرە لە دوالیزمی دژیەکدا (لەوچوو) بە جۆرێك هەڵدەبژێردرێت کە لەگەڵ زاراوەو وشەیەکی ناو هۆنراوەکەدا دژیەك بوون دروست بکات و بە لابردنی (لەوچوو)ەکە، ئەوەی کە بە دژیەك دەزانرێت نامێنێت.[1]

وەك نمونەیەك بۆ ئەم هونەرە، مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

دلِ گردون خلل کند چو مَهِ تو نهان شود   چو رسد تیرِ غمزەات همەقدها کمان شود[2]

خلل کردن: بە فارسی (زیان دیدن و شکستگی یافتن)[3] زیان هێنانو پاشەکشێ کردن.

واتە: هەموو دروستکراوەکانی ناوجەرگەی گەردوون پاشەکشێیان کرد کە مانگی تۆ (واتە تۆی وەك مانگ) دەرکەوتی.

کە تیری غەمزەت گەیشت، هەموو قەدو باڵاکان وەکو کەمان چەمینەوە، لە ڕێزی هاتنی تۆدا.

لێرەدا (تیر) و (کەمان) هەردووکیان لێچوونو دوالیزمی دژیەکن، دواتر (غەمزە) و (قەدوباڵا) چوێنراوە بە (تیر و کەمان)، کە مەبەستە بنەڕەتیەکان واتە غەمزەو قەدوباڵا، هیچ دژیەك بوونێکیان تێدا نییە بەڵکو لێچووەکانیان دوالیزمی دژیەکن.

تێبینی: مەولەوی تاوەگۆزیش هەمان بەکارهێنانی (کەمان) ی هەیە بۆ قەدو پشتی چەماوە، بەڵام چەماوەی (پیری) هەروەها (تیر) بۆ (نظر) بەکارهێناوە نەك نازو غەمزە، کە دەڵێت:

سفیدیت قەڵغان پەی ڕووی سیات بۆ

کەمانیت شەفیع تیری دیات بۆ[4]

ئێمە ئەم هۆنراوەیەی مەولەوی تاوەگۆزیمان لە جۆرێکی تری ئەم هونەرەدا واتە دوالیزمی دژیەك بەکارهێناوە کە دواتر دێت.

مەولەوی تاوەگۆزی لەم بارەیەوە واتە لە چوارچێوەی ئەم هونەرەدا دەڵێت:

مەوتەنەکەی چەم دیدەش هانەڕێت

غەریبی تاکەی بۆوە ماوای وێت[5]

---

[1] تقی وحیدیان کامیار، متناقض نما (paradox) ل284.

[2] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، ج1، ل562.

[3] حسن عمید، فرهنگ فارسی عمید، مؤسسهٔ انتشارات امیر کبیر، تهران، 1379 هـ.ش. ل562.

[4] دیوانی مەولەوی، ل137.

[5] سەرچاوەی پێشوو، ل56.

مەوتەن: واتە نیشتمان و شوێنی خۆت.

(چاوم) کە وەکو مەوتنی خۆتە، چاو لەڕێتە، تاکەی (غەریبی) واتە تاکەی دوور لە وەتەن‌و وڵات بگەڕێوە شوێن‌و جێگەی خۆت.

(مەوتەن) و (غەریبی) دوالیزمی دژیەکن چونکە تەعبیرە لە دوو شوێنی جیاو دژ بۆ مرۆڤ بەڵام لێرەدا (مەوتەن) لەوچووەو لێچووەکەی (چەم) واتە چاوە کە ئەگەر لەوچوو واتە (مەوتەن) لابەرین دژیەك نامێنێت.

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا مەولەوی هەنگاوێك لەمەش زیاتر دەڕوات‌و دوو لەوچووی دژیەك لە دێڕێك هۆنراوەدا دەهێنێ و دەڵێت:

تۆ وێنەی بوڵبوڵ مەستی هەوای گوڵ

من چون بایەقوش چۆڵی نەوای دڵ[1]

(بوڵبوڵ) و (بایەقوش) هەردووکیان لەوچوون‌و دژیەکن چونکە بوڵبوڵ هێمایە بۆ جوانی‌و ئاوەدانی‌و خۆشی، بەڵام بایەقوش هێمایە بۆ ناشیرینی‌و چۆڵی‌و شومیی.

2-1-1-أ-2-1-ج/ لەسەر بنەمای وێنەی دوو ڕەهەندی (خواستن و لێچواندن):

لەم جۆرەی دوالیزمی دژیەکی جوانناسیدا، (لێخواستراو) و (لەوچوو) بەجۆرێك هەڵدەبژێردرێن کە پێکەوە لە هۆنراوەکەدا دژیەك دروست بکەن و بە لابردنی لێخواستراو و لەوچووەکەو گەڕانەوە بۆ مەبەستی بنەڕەتی، دژیەك بوونەکە (یاخود ئەو دژبوونەی کە وا بەدیدەکرێت) نامێنێت.[2]

بۆ ئەم بابەتە مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

عقل آمد، عاشقا! خود را بپوش	وای ما، ای وای ما، از عقل و هوش
یا برو از جمع ما، ای چشم و عقل	یا شوم از ننگ تو بی چشم و گوش
تو چو آبی ز آتش ما دور شو	یا در آ در دیگ ما، باما بجوش[3]

واتە: عەقڵ هات، ئەی عاشق خۆت داپۆشە- وای لە ئێمە، (خۆکۆکردنەوەو خۆداپۆشین‌و شەرمی ئافرەتان) وای لە تاو عەقڵ‌و هۆش (لای عارف‌و سۆفیەکان عەقڵ‌و عیشق دژی یەکترین چونکە عەقڵ سەرچاوەی مەعریفی فەیلەسوف‌و زانایانی کەلامە بەڵام دڵ‌و عیشق سەرچاوەی

---

[1] دیوانی مەولەوی، ل150.

[2] تقی وحیدیان کامیار، متناقض نما (paradox) ل284.

[3] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، چ1، ل661.

مەعریفی عارفانە). ئەی عەقڵ یا لەناو کۆمەڵی ئێمەدا مەمێنەو بڕۆ، یان لە داخی پەستی تۆ بێ چاوو گوێ دەبم تۆ ئەی عەقڵ کە وەکو (ئاو) وایت لە (ئاگر)ی ئێمە دوورکەوە یاخود وەرە ناو مەنجەڵی عیشقی ئێمە لەگەڵ ئێمەدا بکەوەرە جۆش‌و خرۆش.

(عەقڵ) وەکو (ئاو)ە... ئەمە لێچواندنە...

(ئاو) کە (لەوچووە) دوالیزمی دژیەکی دروستکردووە لەگەڵ (ئاگر)دا کە لێخواستراوە بۆ (عیشق).

مەولەوی تاوەگۆزیش دەڵێت:

چەمم چون شاباز وێڵ شکار بۆ

دایم باڵ پەرواز نەسەر دیار بۆ

واتە: چاوم هەروەك شاباز (کە جۆرێکە لە هەڵۆ و بۆ راوکردن بەکاردێت) وێڵەو بەدوای نێچیرەکەیدا دەگەڕێت‌و بەردەوام باڵەکانی دەدات بەیەکداو لە بەرزاییەوە دەڕوانێ بۆ دۆزینەوەی نێچیرەکەی.

لێرەدا (شاباز) کە وەك لەوچوو هاتووەو لە چاوی شاعیر (چەمم) دەچێت، دوالیزمی دژیەکی دروستکردووە لەگەڵ (شکار)دا کە (لێخواستراو)ە بۆ خۆشەویست‌و کەسێکی تایبەت کە شاعیر بەدوایدا دەگەڕێت. ئەگەرچی شاعیر ئەوکەسەشی بە (شکار) واتە نێچیر چواندووە بەڵام لەمەی دووەمدا تەنها (شکار) هاتووە، واتە (خواستن)ە[1].

2-1-2-1-أ-د/ لەسەر بنەمای (درکە):

لەم جۆرە لە دوالیزمی دژیەکی جوانناسیدا، (درکاو)، (چ وەك زاراوەو چ وەك واتای ئاشکرا) بە جۆرێك هەڵدەبژێردرێت کە لەگەڵ وشە یان پێکهاتە یاخود ڕستەیەکی دەربڕینەکەدا دژیەك بوون دروستدەکات بەڵام بە لابردنی (درکاو)ەکە دژیەك بوونەکە (یاخود ئەوەی کە وەك دژیەك بوون دەردەکەوێت) نامێنێت.[2]

مەولانای ڕۆمی لە نمونەی هۆنراوەیەکیدا دەڵێت:

خداوندِ خداوندان و صورتْ سازِ بی صورت!

چه صورت می کشی بر من، تو دانی من نمی دانم[3]

---

[1] دیوانی مەولەوی، ل33.

[2] تقی وحیدیان کامیار، متناقض نما (paradox) ل284.

[3] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، ج2، ل731.

صورت ساز: واته دروستکەرو بەدیهێنەری ڕوخسارو شێوازەکان، لێرەدا (درکە)یەو مەبەستی لە (خوا)یە.

بی صورت: بێ وێنەو بێ ڕوخسار.

واتە: ئەی خوای خواکان‌و ئەی دروستکەری وێنەو ڕوخسارەکان کە خۆت بێ وێنەو ڕوخساری.

هەر جۆرە ڕوخسارو شێوازێك بدەیتە من، ئەوە تەنها خۆت دەزانی‌و من نازانم.

(صورت ساز بی صورت) دەستەواژەیەکی لێکدراوە کە دوالیزمی دژیەکی دروستکردووە.

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵێت:

ابلیس مسلمان شد، تا باد چنین بادا[1] از "اَسْلَمَ شیطانی" شد نفس تو ربّانی

(اَسْلَمَ شیطانی) ئاماژەیە بە فەرموودەیەکی پێغەمبەر (خ) کە دەفەرموویت: "لکل نفس شیطان.. لکن اَسْلَمَ شیطانی بیدي".[2]

واتە: نەفسی هەموو مرۆڤێك شەیتانێکی لەگەڵدایە کە هانی دەدات بۆ خراپە، بەڵام من شەیتانەکەی خۆمم موسڵمان کردووە.

مەولانا دەڵێت: بە بەرەکەتی موسڵمانبوونی شەیتانەکەی پێغەمبەر، تۆش نەفست بووەتە (ربّانی) واتە پاکبووەتەوە چونکە لە بنەڕەتدا نەفسی (امارة بالسوء) فەرمان بە خراپە دەدات، ئەم کارە واتە موسڵمان بوونی شەیتانەکەی پێغەمبەرو هەر بەو بەرەکەتەش توانایی موسڵمانی ڕەبانی بۆ جڵەوکردنی شەیتان سەرکەوتنەو وەك مسوڵمانکردنی شەیتانە گەورە وایە کە (ابلیس) و سەرچاوەی هەموو خراپەیە.

لێرەدا (ابلیس) (موسڵمان) بوو دوالیزمی دژیەکەو (ابلیس) (درکە)یە بۆ هەموو خراپەکارو بەدڕەفتارێك‌و لە بنەڕەتدا (ابلیس) مەحاڵە موسڵمان بێت.[3]

مەولەوی تاوەگۆزیش لەم بارەوە دەڵێت:

ئامام سەرنیام وە بارەگاوە

غەریو، مووسفید، وە ڕووی سیاوە[4]

---

[1] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، چ1، ل200.

[2] فەرموودەی پێغەمبەر (خ)، مختصر صحیح البخاری، بیروت، دار نوبلیس للنشر، 2008.

[3] کریم فیضی، شعاع شمس، چ1، ل263.

[4] دیوانی مەولەوی، ل330.

(مووسفید) خوازەیە بۆ (پیری) کە لەگەڵ (ڕەشی) ڕوودا دژیەك یاخود دوالیزمی دژ دروست دەكات بەڵام بە لابردنی (مووسفید) و هێنانەوەی (پیری) کە هاوواتایەتی، دژیەك بوونەکە نامێنێ.

هەروەها لە هۆنراوەیەكی دیكەدا دەڵێت:

"فاتحەی کتاب" دوعام، شەو ئەرڕۆن

ئیلتیماسی حوسن خاتمەکەی تۆن[1]

فاتحە: ئەوەڵ، سەرەتا، دەستپێك

خاتمە: کۆتایی، کۆتا

(فاتحەی کتاب) درکەیەکە مەبەست لە سورەتی فاتیحەیە کە یەکەمین سورەتو سەرەتای ئەو کتێبەیە کە قورئانە بەڵام مەولەوی بەم درکەیە ئەو واتایەمان پێ دەگەیەنێت کە سەرەتای دوعام لە شەوو ڕۆژداو پاڕانەوەی بەردەوامم بۆ باشی (کۆتایی) ڕەفتارو تەمەنی تۆیە.

(فاتحە) و (خاتمە) دوو دوالیزمی دژیەکن کە یەکەمیان (درکاو)ە.

2-1-2-1-أ-ه/ لەسەر بنەمای خوازە:

لەو جۆرەیە کە لە پێکهاتەو دەربڕینەکەدا لەبری زاراوەیەك، (مرادف) هاوواتاکەی بهێنرێت بەجۆرێك کە لەگەڵ زاراوەیەکی دیكەدا لە ماناو واتایەکدا دوالیزمی دژیەك دروستبکاتو بەڵام لە ماناو واتا بنەڕەتیەکەی زاراوەکەدا دژیەك بوونەکە نامێنێت.[2]

سەبارەت بەم جۆرە مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

یك نفسی خموش کن، در خموشی خروش کن   وقت سخن تو خامُشی در خمشی تو ناطقی[3]

واتە: بۆ ساتێك بێدەنگ بەو بێدەنگی هەڵبژێرە، لەم بێدەنگیەدا لە ناخو دەروونتەوە بجۆشێ پڕهاواربەو بخرۆشێ. ئیتر لە کاتو ساتی قسەکردنو قاڵەقاڵی بێسوودی خەڵكی دیكەدا تۆ بێدەنگێکی کە بە زمانێکی پوختو لێزانو پڕواتا دەدوێیت واتە دەربڕینێکی جیاواز لە خەڵكی.

خامُشی: بێدەنگی

سخن: وتە، قسەکردن

ناطق: دەربڕینی جوان

---

[1] دیوانی مەولەوی، ل53.

[2] تقی وحیدیان کامیار، متناقض نما (paradox) ل284.

[3] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، چ2، ل1194.

بەگشتی دوو جۆر بێدەنگ بوون هەیە: یەکەمیان، بێدەنگی لە وتنی بابەتێك کە نابێت بگوترێت. واتە وەك دەربڕین دەتوانین دەریبڕین بەڵام نابێت بگوترێت چونکە بۆ گوتن ناشێت.

دووەم، هەندێك بابەت و مانا هەیە ناگوترێت لەبەرئەوەی کە بابەتەکە گەورەترە لە کەرەسەکانی دەربڕین کە زاراوەو وشەو زمانە بەگشتی، لێرەدا زۆرجار بێدەنگی نەك دەبێتە قسەو دەربڕین بەڵکو لە (سخن) دەردەچێ و دەبێتە (ناطق) بوون واتە دەربڕینی جوان یاخود جوانترین دەربڕین.[1]

لێرەدا (خامُشی) بێدەنگی (ناطق) لە جۆری دەربڕینی جوان، دوالیزمی دژیەکە، (ناطق) (خوازە)یە بۆ ئەو جۆرە بێدەنگیەی کە جوانترین دەربڕینە (هەروەك پێشتر باسمان کرد).

پێویستە تێبینی ئەوەش بکەین کە مەولانا بۆ قسەی خەڵکی (سخن) واتە (وتەو قسەکردن) بەکاردەهێنێت بەڵام بۆ جۆری دووەمیان کە جوانترین دەربڕینە بە بێدەنگی (ناطق) بوون بەکاردەهێنێت کە ئاماژەیە بۆ وەسفی دەربڕینەکە کە بێدەنگ بوونە.

مەولەوی تاوەگۆزیش لەمبارەوە دەڵێت:

دەخیل بیم وە نوتق خەمان لاڵ کەردەم

لاڵام جە خەیاڵ خەم غارەت بەردەم[2]

نوتق: واتە دەنگ و قسەکردن کە لەبری (زمان) هاتووە وەکو هاوواتایەك و لەهەمان کاتدا (خوازە)ی بەرەڵایەو پەیوەندییەکەی لازم و مەلزومی یەکترییە.

مەولەوی دەڵێ: کە نامەکەت هات دەسەو داوێنی (زمان)م بووم کە خەم لاڵی کردبوو هەروەها لاڵامەوە لە خەیاڵم کە خەم بە تاڵان بردبووی.

لێرەدا (نوتق) بە واتای دەنگ لێهاتن کە خوازەیەو لەبری (زمان) هاتووە دوالیزمی دژیەك دروست دەکات لەگەڵ (لاڵ بوون)، بە هێنانەوەی وشە بنەڕەتیەکە کە (زمان)ەو لابردنی (نوتق) کە دژی (لاڵ)یە، دژیەك بوونەکە نامێنێ.

2-1-أ-2-2/ ئەو جۆرە دوالیزمە دژیەکەی کە لەسەر بنەمای لایەنی هونەری جوانکاری واتاییە:
دابەشدەبێت بۆ دوو جۆر کە ئەمانەن:

[1] کریم فیضی، شعاع شمس، چ1، ل211.
[2] دیوانی مەولەوی، ل325.

2-1-أ-2-2-أ/ لەسەر بنەمای (فرەواتایی)[*] :

ئەو جۆرەیە کە لە دەربڕیندا، وشەو زاراوەیەك بەکارببرێت کە دوو واتا بگەیێنێت واتە دوو ماناو واتای هەبێت بە جۆرێك کە ئەو زاراوەیە بە یەکێك لەو واتایانە، دوالیزمی دژیەك دروست بکات لەگەڵ زاراوەیەکی دیکەی نێو دەربڕینەکەدا، بەڵام هەمان زاراوە ئەگەر بە واتاکەی دیکەیان بەکاربرێت ئەو دژیەك بوونە نەمێنێت.[1]

سەبارەت بەم هونەرەی جوانکاری (ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا) دەڵێت: "فرەواتایی، یەکێکی دیکەیە لە هونەرە قەشەنگەکانی جوانکاری، دەچێتە خانەی جوانکاری واتایی، چونکە لێرەدا مامەڵە لەگەڵ وشەو دەربڕین‌و ڕستەیێك دەکرێت، بۆ زیاتر لە واتایەك ئاساییەو زیاتر لە وێنەیەك درووست دەکەن، ئەم هونەرە بۆ یەکەمجار لە کتێبی (جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا) لەلایەن نووسەری ئەم نامەیە ئاماژەی بۆ کراوەو خراوەتە نێو جوانکاری، کە پێشتر چ ڕەوانبێژێکی کورد ئاماژەیان بۆ نەکردووە، بریتیە لە بەکارهێنانی وشە، یان چەند وشەو دەستەواژەیێك، کە بەسەر یەکەوە زیاتر لە واتایەك دەبەخشن".[2]

مەولانای ڕۆمی لە هۆنراوەیەکیداو لە چوارچێوەی ئەم بنەمایەدا (لە جۆری هونەری ئاراستە) دەڵێت:

سپاس آن عَدَمی را که هستِ ما بربود ز عشق آن عَدَم آمد جهان جان به وجود

به هر کجا عدم آید وجودگم گردد زهی عدم، که چو آمد، از او وجود فزود![3]

عدم: واتە (نەبوو) بە پێچەوانەی بوون (وجود)، زۆرجار بەواتای (جیهانی نەبینراو) دێت، بەڵام مەولانای ڕۆمی زۆرجار، بەتایبەتی لەم هۆنراوەیەدا سێ جاریان مەبەستی لە (عدم)، جیهانی بێ وێنەو ڕوخسار یاخود (وجود مطلق)ە کە خوای گەورەیە. جارێکیش مەبەستی جیهانی نەبڕاوەی نەبینراوە کە بەرامبەر جیهانی بینراوە.

---

[*] لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو تێبینییە بکەین کە جگە لە (د.ئیدریس عەبدوڵڵا) کە باسی (فرەواتایی) کردووەو ڕای وایە کە بابەتێکی نوێ‌و زانستی ڕەوانبێژییە، پسپۆڕانی دیکەی ئەم بوارە ڕایان وایە کە (فرەواتایی) بابەتێك نییە لەناو ڕەوانبێژیدا، بەڵکو (بەکارهێنان، ئاراستە، پۆشینی تەورییە) وەك چەند هونەرێکی ڕەوانبێژی هەن، بەڵام ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا فرەواتایی وەك ناونیشانی سەرەکی بەکاردەهێنین‌و لە ڕاڤەی شیعرەکاندا سێ چەمکەکەی تر بەکاردەهێنین.

[1] تقی وحیدیان کامیار، متناقض نما (paradox) ل284.

[2] ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ل376.

[3] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، ج1، ل552.

بۆیە دەڵێ: سوپاسی ئەو (عدم) خوایەی کە بوونی ئێمەی بردووە بۆلای خۆی لە خۆشەویستی ئەو (عدم) خوایەدا، جیهانی گیانەکان هاتووەتە بوون.

ئەگەر (عدم) لێرەدا واتە جیهانی نەبینراو، پەیدابوو ئیتر جیهانی بوون ون دەبێت، بەڵام ئەم (عدم)ەیان واتە خوای گەورە، زیاتر بوون دەخاتە سەر هەبوون.[1]

کەواتە لێرەدا، (عدم) و (وجود) دوالیزمی دژیەکیان دروست کردووە، بەڵام (عدم) زیاتر لە واتایەکی گرتووەتە خۆی. بەواتای (نەبوون) دژیەك دروست دەکات بەڵام بەواتای (خوا) هیچ دژیەکبوونێکی تێدا نییە.

مەولەوی تاوەگۆزیش لە چوارچێوەی ئەم بنەمایەداو لە هۆنراوەیەکیدا دەڵێت:

شیرینی ئیفتار دڵم تاڵییەن

جام نە جەماعەت دۆسان خاڵییەن[2]

"جەماعەت" بە دوو واتا دێت یەکێکیان بە واتای (نوێژ)، واتاکەی دیکەشیان بە مانای (کۆ، کۆبوونەوە، قەرەباڵغی، گردبوونەوە...).

ئەگەر بەواتای دووەمیان بێت واتە گردبوونەوەو قەرەباڵغی ئەوا لەگەڵ وشەی (خاڵی) یاخود (خاڵییەن) کە لە کۆتایی نیوە بەیتی دووەمدایە، دوالیزمی دژیەك دروست دەکات، بەڵام ئەگەر بەواتای یەکەمیان واتە (نوێژ) بێت، ئەوا هیچ دژبوونێکی تێدا نییە.

مەولەوی لەو هۆنراوەیەی سەرەوەدا دەڵێ:

دڵم لەباتی شیرینی، بە تاڵی بەربانگ دەکاتەوە، جێگاشم لەناو تاقمی برادەرانا خاڵییە چونکە لێیان دوورم.

تێبینی: جێگای ئاماژەیە کە (شیرینی) و (تاڵی)یش دوالیزمی دژیەکە بەڵام لێرەدا ئێمە تەنها ئاماژە بە نیوەدێڕی دووەم دەدەین کە مەبەستەکەی ئێمەی تێدایە.

2-1-أ-2-2-ب/ لەسەر بنەمای ڕۆچوون (موبالەغە):

ئەم جۆرە دوالیزمی دژیەك بوونە، لە دەرئەنجامی زۆر ڕۆچوونی شاعیر دێت لە وەسفو باسکردنی بابەتێکدا.[3]

مەولانای ڕۆمی لەمبارەیەوە دەڵێت:

[1] محمد رضا شفيعى كدكنى، در عشق زنده بودن (گزيده ٴغزليات شمس)، انتشارات سخن – تهران، چاپ اول، 1388 هـ.ش. ل554.

[2] دیوانی مەولەوی، ل78.

[3] تقى وحيديان كاميار، متناقض نما (paradox) ل284.

تو خوددانی که من بی تو عدم باشم عدم باشم
عدم خود قابل هست است از آن هم نیز کم باشم[1]

واته: تۆ خۆت دەزانی کە من بەبێ تۆ بە (عدم) لێرەدا بەواتای (نەبوو) یاخود (غەیبی)م نەك ئەوە، بەڵکو (عدم) بەواتای (غەیبی) ئەگەر ئاشکرابوون‌و دەرکەوتنی هەیە بەڵام من لەوەش کەمترم.

واتە لە (نەبوون)یش کەمترم، هێندە بوونم بێ بەهاو بایەخە.

ئەمە ڕۆچوونی تێدایە لەلایەن شاعیرەوە کە دوالیزمی دژیەکی دروستکردووە چونکە هەبوونی خۆی بە کەمتر دەزانێت لە نەبوون.

لە دێڕی کۆتایی هۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵێ:

نیست شو نیست از خودی زیرا بدتر از هستی ات جنایت نیست[2]

واتە: با بوونت نەمێنێت‌و ببەرە نەبوو، نەبوو لە خودی خۆت چونکە هیچ تاوانێك هێندەی بوونت خراپ نییە. بەکورتی بچۆرە دۆخی نەبوون چونکە بوونت خراپترین تاوانە.

ئەم جۆرە دەربڕینە، حاڵەتی دەروونی تایبەت بە عارف‌و سۆفیەکانە، کە نەفسی مرۆڤ‌و بوونی خواستە دنیاییەکانی بە خراپترین‌و گەورەترین دوژمن دەزانن‌و پێویستە کاربکەن‌و هەوڵ بدەن بۆ بەجێهێشتنی (خود) و هەبوونی ئارەزووەکان کە لە خودی خۆیدا تاوانە، بۆ نەبوون و جیهانی بێ خودی عیشق کە (من)ەکان نامێنن، ئەم ئارەزووکردنەی (نەبوون)و بە تاوان‌و خراپ زانینەی (بوون) جگەلەوەی دوالیزمی دژیەکە، ڕۆچوونی تێدایە لە دەربڕیندا.

مەولەوی تاوەگۆزیش دەڵێت:

جەو بێ قیمەتی وە قیمەت یاوام
وە پایەی ڕوتبەی عالی سەرساوام[3]

لە نیوە دێڕی یەکەمدا مەولەوی دەڵێ: لەو بێ نرخی‌و بێ قیمەتیەوە گەیشتمە پلەی بەقیمەتی‌و خاوەن نرخ‌و بایەخ و گەیشتمە پایەی بڵن

(بێ قیمەتی) و (قیمەت دار بوون) دوالیزمی دژیەکەو شاعیر بە دەستەواژەی بێ قیمەتی زۆر ڕۆچووە لە بێ بەهاکردنی خۆی‌و کەسێکیش کە بیەوێت بە بەهاو پلە بەرزە مەعنەوییەکان بگات.

---

[1] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، چ2، ل742.
[2] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، چ1، ل324.
[3] دیوانی مەولەوی، ل294.

لە ڕەوشی پەروەردەیی ئەهلی تەسەوف و عارفاندا، هاوکێشەیەك هەیە کە بریتیە لەوەی هەرکەس پلەی بەرزی لای خوای دەوێت دەبێت بە نرخی ژیانو بچووك بوونەوەو خۆداڕنین لە هەموو (خۆبەگەورەگرتن)ێك، ڕازی بێت وەك لە فەرموودەیەکدا هاتووە (من تواضع لله رفعه الله).

2-1-ب/ ئەو گوزارشتە واتاییانەی کە لە پێکهاتەی ڕووکاریاندا دژیەك بەدیناکرێت:

لەم چەشنەدا وشەو زاراوەی دژیەك بوونی نییە بەڵکو هاوکات لەگەڵ ئەوەی گوزارشتە واتاییەکەمان مەبەستە، دژیەك بوونەکەش لە کۆی واتای هۆنراوەکەدا وەك واتا یان وێنە یاخود بابەتێکی دژ لەگەڵ لۆژیكو نەریتی ژیانی باودا دێتەوە.

ئەمەش وەك چەشنی یەکەم دەکرێتە دوو جۆر: ناوەڕۆکی و جوانناسی

2-1-ب-1/ دوالیزمی دژیەکی (ناوەڕۆکی):

لەڕاستیدا مەولانای ڕۆمی بەگشتیو بەتایبەتی لە چوارچێوەی ئەم خاڵەدا، هێندە نموونەی بەرزو چێژبەخشی هەیە (لە یەك دێڕی و چوارینەو چامە...) کە مرۆڤ سەرسام دەکەنو ماوای خستنەڕووی زۆریانمان نییە، بەڵام وەك سەرەتاو چوونە ناوەوەیەك ئەم سێ نمونەیە دەخەینەڕوو:

مەولانا لە هۆنراوەیەکیدا دەڵێ:

داد جاروبی به دستم آن نگار گفت: ک "ز دریا برانگیزان غبار"[1]

جاروبی: گسك

واتە: ئەو نیگارە شۆخ شەنگەم گسکێکی دایە دەستمو پێی گوتم: "تۆزو خۆڵ لە دەریا هەستێنەو بەرزکەرەوە"!!

چۆن تۆزو غوبار لە دەریا بەرزدەبێتەوە؟!

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵێ:

مپرس از کشتی و دریا، بیا بنگر عجایب ها که چندین سال من کشتی در این خشکی همی رانم[2]

واتە: لەبارەی کەشتیو دەریاوە پرسیار مەکەو وەرە سەیری ئەوە بکە کە مایەی سەرسوڕمانە، کە چەندین ساڵە من لەم وشکانیەدا کەشتی لێدەخوڕم.

کەشتی چۆن لە وشکانیدا دەڕوات؟!

[1] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، چ1، ل605.
[2] سەرچاوەی پێشوو، چ2، ل731.

مەبەست لەم دوو بەیتە کە (تۆز لە دەریا هەڵسێنێ) و (لە وشکانیدا کەشتی بگێڕێ)، هەوڵدانی مرۆڤە بۆ گەیشتن بە (پەی پێ نەبراو). ئەم دوو بەیتە گەڕانو هەوڵی گەیشتن بە پلە بەرزەکانی مرۆڤی بەدوای ڕاستی گەڕاوداو بە ناخی خۆدا ڕۆچوونو لە (هونەر)دا گەیشتن بە (کەماڵ)، بیری مرۆڤ دەخەنەوە، جگە لەو کارامەییەی کە مەولانا لە (بە وشە) نیگارکێشاندا نیشانیداوەو وێنەکانی هێندە بەرچاوو هەستپێکراون کە لە زەینو بەردیدەی مرۆڤدا ڕۆشن و دیارن.

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵێ:

اگر یک دم بیاسایم، روان من نیاساید من آن لحظه بیاسایم، که یک لحظه نیاسایم[1]

واتە: ئەگەر بۆ ساتێکیش ئاسوودە بم، ئەوا ناخو دەروونم ئاسوودە نابێت. من ئەو ساتە ئاسوودە دەبم کە بۆ ساتێکیش ئاسوودە نەبم. ئەم بەیتەش هەر تەواوکەری دووانەکەی پێشووە بۆ مرۆڤێکی عەوداڵی راستی کە ساتێ ئارامیی دەروونیی بەخۆوە نەدیوە.

ئەمانە هەموو وێنەی دژیەکو دوالیزمی دژیەکین، لە خوێندنەوەو سەیرکردنی یەکەمدا، دژدەوەستنەوە لەگەڵ لۆژیکی باودا، بەڵام دەربڕینێکی چێژبەخشنو دوالیزمی دژیەکن لەڕووی ناوەڕۆکەوە ئەگەرچی لە ڕووکاردا وشەی دژیەك نابینرێت، هەروەها بەگشتی و بەتایبەتی دوو دێڕی یەکەم دوو وێنەی سوریالیزمی جوانیان پێکهێناوە.[2]

لەم چوارچێوەیەدا مەولەوی تاوەگۆزیش دەڵێت:

دەفنت نە پەهلووی مەیخانە کەردەن

وە سەرخاکتدا سەبووی مەی مەڕدەن[3]

پەهلوو: تەنیشت

سەبوو: کووپە

داواو وەسیەتت کردووە یان ویستراوە کە لە تەنیشت (مەیخانە)وە (قەبرت) بۆ هەڵکەنرێو بنێژرێیت؟!

یاخود کوپەی شەراب بەسەر قەبرەکەتدا بشکێنن؟!

گۆڕهەڵکەندن لە تەنیشت مەیخانەو شکاندنی شوشەی مەی لەسەر گۆڕی کەسێك نەك تەنها لەگەڵ بەهاکانی ئاینی ئیسلامدا دژەو ئەگەر بە ڕووالەت سەیری بکەین، دەڵێین: چۆن ئەم

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ج2، ل747.

[2] دکتر سید حسین فاطمي، تصویرگری غزلیات شمس، مؤسسهٔ انتشارات امیر کبیر – تهران، 1378 هـ.ش. ل237.

[3] دیوانی مەولەوی، ل82.

دەربڕینە لە کەسێکی وەك مەولەوی دەوەشێتەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستی بە ڕاڤەکردن هەیە، ئەوەیە کە زاراوەی (مەیخانە) و (مەی) لە کۆی ئەدەبیاتی سۆفییەکان و عیرفانی کوردیو ئەم ناوچەیەدا ئاماژەیەکی ڕەمزییەو لە فەرهەنگی تایبەتی عارفاندا واتاو بەکارهێنانی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نموونە:

مەیخانە: بە پلەو مەقامی لاهوتو حەزرەتی زاتی تاكو تەنها دەڵێن کە پیاڵەو جامی هەموو خاوەن پێگەو مەقامەکانی بوون، لە بادەی ئامادەی ئەو مەیخانەیە لێوانلێو کراوە.

مەی: مەبەست لە (تجليات الهی)یە.

سەبوو: بەوجۆرە عیشقە دەوترێت کە بگاتە پلەیەك کە لە مەیخانەی یەکتاپەرستی خواییدا زاڵ ببێت بەسەر هەموو عیشقە خودییەکاندا.[1]

تایبەتتر لەسەر ئەم بابەتە لای مەولەوی تاوەگۆزی، ئەنوەر قادر محەمەد نوسیوویەتی: "مەی لە سەرجەم شیعری ڕۆژهەڵاتدا دیاردەیەکی باو بووە. شاعیرە سۆفییەکان ئەم بابەتەیان بەشێوەیەکی فراوان پەرەپێداوەو لە کۆڕی مەیو مەیخواردنەوە گەلێ ڕەمزو وێنەیان بۆ دەربڕینی بیری فەلسەفیی خۆیان نەخشاندووە، بابەتی مەی لە بەرهەمی شاعیرانی کورددا هەیە، لای مەلای جزیریو ئەحمەدی خانی بە مانا سۆفییەکەی هەیە".[2]

هەروەها دەڵێت: "هەرچەندە غەزەلی سەربەخۆ بۆ مەی، وەك بابەتێکی بەرچاو و دیار لای مەولەوی نییە، بەڵام لە زۆربەی بابەتەکانی تریدا مەی و وێنەی ساقی دیاردەیەکی بەرچاون، بۆنموونە: (22) جار لە نامە شیعرییەکانیدا، (14) جار لە لیریکای شەخسیو (9) جار لە لاواندنەوەو (7) جار لە وەسپدا هەیە. جارێکیش لە سەرەتای غەزەلێکیدا پەنا بۆ ساقی دەبات. مۆتیڤی مەیو ساقی بەمانا سۆفییەکەی و لەکاتی باری ئاڵۆزی دەروونیی خۆیدا بەکاردێنێو بەو هیوایە کە مەی کولو کەسەری گیانو دڵی ساڕێژ بکاتو مەستو دڵخۆشی بکات".[3]

ئەوەی دەشێ هەر لەم ڕووەوە بوترێ، کە زۆرجاریش لە دنیای فیکرو لۆژیکدا ئاماژەی پێکراوە ئەوەیە: مرۆڤ نابێ هەر بە ڕواڵەت حوکم لەسەر شتەکان بدات، بەڵکو هەمەلایەنە لێیان بکۆڵێتەوە، تەنانەت لەم سیاقەی ئێمەشدا شاعیرێکی دیندارو داوای ناشتنی ئازیزێکی لای (مەیخانە)دا بکاو کووپەی شەرابی بەسەردا بکرێ، دیسانەوە دەچێتەوە سەر (دوانەی دژ)، بەڵام نەك بە شێوەیەکی قووڵو تەتەڵەکردنێکی ورد، بەڵکو هەر بە ڕواڵەتو خوێندنەوەیەکی سەرپێی.

---

[1] یوگنی ادوارد ویچ بیرتلس، وەرگێڕانی بۆ فارسی: سیروس ایزدی، تصوف و ادبیات تصوف، ل165.

[2] ئەنوەر قادر محەمەد، لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی سێهەم، سلێمانی، 2007ز. ل183.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل184.

2-1-ب-2/ دوالیزمی دژیەکی جوانناسی

هەروەك جۆری دووەمی چەشنی یەکەم، دوالیزمی دژیەکی جوانناسی بەپێی لایەنەکانی ڕەوانبێژی بەشێوەیەکی گشتیو سەرەکی دابەشدەبێت بەسەر دوولایەن: – ڕوونبێژی و جوانکاری– دا.

2-1-ب-2-1/ ئەو جۆرە دوالیزمە دژیەکەی کە لەسەر بنەمای لایەنی هونەری ڕوونبێژییە:

دابەشدەبێت بۆ پێنج جۆر، کە ئەمانەن:

2-1-ب-2-1-أ/ لەسەر بنەمای خواستن:

مەولانای ڕۆمی لە چوارچێوەی ئەم هونەرە ڕوونبێژییەدا دەڵێت:

چندان بنالم نالەها، چندان بر آزم رنگ ها   تا بر کَنَم از آینهٔ هر مُنکر من زنگ ها

بر مَرْکَبْ عشقِ تو، دل می راند واین مَرْکَبَشْ   در هر قدم می بگـذرد، زان سوی جان فرسنگ ها

بنماتو لَعْلِ روشنت، بر کوري هر ظلمتي   تا بر سرِ سنگین دلان، از عرش بارد سنگ ها[1]

رنگ ها: ڕەنگەکان، لێرەدا مەبەست لە جۆرە جیاوازەکانی هاوارکردنە.

آینهٔ: ئاوێنەی دەرخەری وجودو حەقیقەتی بوونی مرۆڤ.

آینهٔ منکر: ئاوێنەیەك کە پیس بووەو حەقیقەتی مرۆڤ ناداتەوە.

زنگ ها: واتە ژنگ ئەو دەرهاویشتەی لە ئاسن دەردێتو خراپی دەکات[2]

لَعْلِ روشنت: واتە حیکمەت و گوتارو فەرموودەکانی کە مایەی ڕووناکیە[3]

واتە: هێندە بناڵێنمو هاوارکەم کە ناڵەو هاوارم بە چەندین ڕەنگو جۆر دەربێت، تا لە ئاوێنەی بوونم کە دەرئەنجامی (ژەنگ) گرتن پێوەی پیس بووە، ئەو ژەنگو پیسیە هەڵکەنم.

دڵ، سواری کەشتی (عیشق) بووەو دەیبات، بە هەموو هەنگاوێکی چەندین ڕێگای دوور دەبڕێ بەرەو ئەولاترو ئەودیوی گیان.

حیکمەت و گوتەکانت کە ڕووناکین بیاننوێنە بەڕووی هەر جۆرە کوێریەك کە دەرئەنجامی تاریکیە، تا لە عەرشی خواوە بەرد بباریێت بەسەر ئەوانەدا کە دڵیان وەك بەردە.

---

[1] مولانا جلاالدین محمد بلخی، کلیات شمس تبریزي، انتشارات اشارات طلایی، چاپ اول، 1390 هـ.ش. ل84.

[2] حسن عمید، فرهنگ فارسی عمید، ل693.

[3] کریم فیضی، شعاع شمس، ل145.

(ئاوێنە) و (ژەنگ)، هەروەها (لعل روشن) و (ظلمت)، دوالیزمی دژیەکیان دروستکردووە ئەمە جگەلەوەی (ئاوێنە) لێخواستراوە بۆ (حەقیقەتی بوونی مرۆڤ)، (ژەنگ) بۆ (گوناه و تاوان) (لعل روشن) بۆ (حیکمەت و ژیری)، (کوری ظلمت) تاریکی نەزانی یاخود کوێری تاریکی.

بەگشتی (ئاوێنە) لە فەرهەنگی سۆفی و عارفاندا، مەبەست لە حەقیقەتی بوونی مرۆڤە کە دەبێت وەك ئاوێنە ڕەنگدەرەوەی ئەودیوی بوونی مرۆڤ بێت، بەڵام کە دەرئەنجامی تاوان ژەنگ دەیگرێ دەبێتە ئاوێنەی (منکر) کە کاری بنەڕەتی خۆی ناکات و پێویستی بە کۆششی سۆفی هەیە تا پاکی بکاتەوە.[1]

تێبینی: مەولەوی تاوەگۆزیش ئاوێنەی وەك هەمان ڕەمزو بۆ هەمان مەبەست بەکارهێناوە، کە ئێمە ئەو هۆنراوەیەمان لەهەمان بابەت و لە هونەرێکی دیکەدا بەکارهێناوە کە دواتر بەرچاوتان دەکەوێت.

مەولەوی تاوەگۆزیش لەم بابەتەدا دەڵێت:

وەی گشت ئایرەوە خەیاڵم خامەن

بەختم ناپوختەن فامم نەفامەن[2]

(ئایر) واتە (ئاگر) کە مەبەست لە دوورییە واتە (خواستن)ە لەبری وشەی (دووری).

خام: کاڵ و نەبرژاو.

واتە مەولەوی دەڵێت: بەم هەموو ئاگری دووریەوە یاخود بەم دووریەتەوە کە لە ئاگر دەچێت لە ناخ و دەروونمدا، هێشتا خەیاڵاتی سەرم و خەونەکانم خەیاڵی خام و خاوو نەبرژاون، لەگەڵ بوونی ئاگرێکی زۆردا، (کاڵ) بوونی خەیاڵم؟!

لێرەدا (ئاگر) و (کاڵ) بوون دوو دوالیزمی دژیەکن بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ واتە بنەڕەتیەکەی کە (ئاگر)ی وەکو لێخواستراوێك بۆ وەرگیراوە کە وشەی (دووری)یە لە ئازیز، ئەوا دژیەك بوونەکە نامێنێت.

تێبینی: نیوەدێڕی دووەمیش بابەتی دوالیزمی دژیەك دەگرێتە خۆی بەڵام نیوەدێڕی یەکەم لە چوارچێوەی ئامانج و بابەتەکەی ئێمەدایە.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل143.

[2] دیوانی مەولەوی، ل577.

2-1-ب-2-1-ب/ لەسەر بنەمای لێچواندن:

مەولانای ڕۆمی بۆ ئەم بابەتەی هونەری ڕوونبێژی دەڵێت:

ببین کە عالم دام است و آرزو دانە   بە دام او مشتاب و هوای دانە مکن[1]

دام: داو

دانە: گەنم و دانی باڵندە

واتە: بزانە کە ژیانو جیهان وەکو (داو) تەڵە وایەو ئارەزووی مرۆڤیش وەکو گەنمو دانو خواردنی باڵندە کە بۆی دەخرێتە بەردەم داوەکەوە.

هەڵپە مەکەو ڕامەکە بەرەو داوەکەو ئارەزووی ئەو هەوەسو خواردنە مەکە.

لێرەدا (عالم) و (ئارەزوو)مان هەیە کە چوێنراوە بە (داو) و (گەنم و دان)، کە ئەم دوانەی دوایی وەکو دوو لەوچوو، دوالیزمی دژیەکیان دروستکردووە (ئەم جۆرە لێچواندنە، لێچواندنی وێنە بە وێنەیە).

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵێ:

باز بر آورد عشق سر بە مثال نهنگ   تاشکند زورق عقل بە دریای عشق[2]

واتە: وا جارێکیتر هەروەك نەهەنگ، عیشق سەری دەرهێنا تا لە دەریای عیشقدا کەشتی بچوکی (عەقڵ) تێکبشکێنێ.

(عشق) لێچووە، (نهنگ) لەوچووە.

(عقل) لێچوو، (زورق) بەلەمی بچوك، لەوچووە.

لەوچووەکان، دوالیزمی دژیەکیان دروست کردووە، بەهەمان شێوە ئەم جۆرەشیان لێچواندنی وێنە بە وێنەیە.

مەولەوی تاوەگۆزیش دەڵێ:

گیای پەژمووردەی تەژنەکەی بێ شۆم

چەمە ڕای وارای هەوری لوتفی تۆم[3]

مەولەوی لەم هۆنراوەیەدا زۆر بەکورتی دەڵێ: من چاوەڕوانی لوتفی تۆم، کە ئەمە زۆر ئاساییەو هیچ دژیەکبوونێکی تێدا نییە، تەنها باسی کەسی (یەکەم) و (دووەم)ە واتە (من و تۆ) بەڵام کاتێك لێچواندن دێتە ناو بابەتەکەوەو (من) دەچوێنرێت بە گیای ژاکاوی (تینوو) و (لوتفی

[1] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، ج2، ل1035.

[2] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، ج1، ل678.

[3] دیوانی مەولەوی، ل351.

تۆ)ش دەچوێنرێت بە (هەوری باران)، ئیتر لێرەدا دوالیزمی دژیەك، یاخود ئەوەی کە وەك دژیەك خۆی دەنوێنێ دروست دەبێت بەڵام ئەگەر هونەری لێچواندنەکە لابەرینو دەربڕینە ساکارەکەی سەرەتا بەکاربەرین ئەوا دژیەکبوون نامێنێ.

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵێ:

بەڵکەم شەرارەی نائیرەی فیراق

نەسۆچنۆ تەمام سەوزەی ئیشتیاق[1]

واتە: بەڵکو (فیراق) و دووری تۆ کە وەکو (ئاگر) وایە، لەمە زیاتر شەوقو تاسەبوونم بۆ بینینت کە وەکو (سەوزایی) جوانو تەڕو پاراوە، نەسوتێنێت.

دوو لەوچووەکە (ئاگر) و (سەوزایی)یە دوالیزمی دژیەکیان دروست کردووە.

2-1-ب-2-1-ج/ لەسەر بنەمای وێنەی دوو ڕەهەندی (خواستن و لێچواندن):

لە هۆنراوەیەکیدا مەولانای ڕۆمی بۆ ئەم بابەتە دەڵێت:

ایشان چو ما زاوّل خفاش بوده اند

خفاش شمس گشت از آن بخشش و عطا[2]

خفاش: واتە شەمشەمەکوێرە، هەروەها (لەوچووە).

شمس: واتە خۆر، بەڵام لێرەدا (لێخواستراوە) بۆ شێخو پیرێکی تەریقەت کە بە پلەی کەماڵ گەیشتووەو ڕوناکی پەخش دەکاتەوە، هەروەها ئاماژەیەیشە بە شێخەکەی خۆی کە (شمس تبریز)ی یە.

واتە: ئەوانیش وەك ئێمە لە سەرەتادا وەك شەمشەمەکوێرە وابوون (کە توانای سەیرکردنی ڕووناکیان نەبوو و حەزیان لە تاریکی دەکرد).

بەڵام ئەم شەمشەمەکوێرەیە بووە (خۆر) دەرئەنجامی بەخششو ڕوناکی بەخشینەوە.

کەواتە: شەمشەمەکوێرەو خۆر کە لەهەمان کاتدا (لەوچوو) و (لێخواستراو)ن، دوالیزمی دژیەکیان دروستکردووە، ئەمە جگەلەوەی شاعیر دەڵێت: شەمشەمەکوێرە بووە خۆر!!

مەولەوی تاوەگۆزیش دەڵێت:

"مەعدوومی"! کردەی بەدی هەزار تەرز

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل269.

[2] کلیات شمس تبریزی، ل146.

زانووی ئومێدت ناوەرۆ ئەو لەرز

ئەو کەس مزانوو سەتارەن ئارۆ

جەو بوزورگتەرەن شەو ئەو ڕۆت نارۆ

سفیدیت قەڵغان پەی ڕووی سیات بۆ

کەمانیت شەفیع تیری دیات بۆ[1]

مەولەوی لەم سێ دێڕە هۆنراوەیەدا باسی خۆی دەکاتو جگە لە جوانی دەربڕینو بوونی چەندین هونەری دەربڕینو جۆری تری دوالیزمی دژیەك، لە کۆتا نیوەدێڕی دا:

(کەمانیت) واتە چەماوەیت کە وەکو کەمان وایە، وشەیەکی لێخواستراوە بۆ (پیری) ئەم وشەیە واتە (کەمان) کە (لێخواستراوە) دەبێتە دوالیزمی دژیەك لەگەڵ (تیر) کە ئەم وشەیەش (لەوچووە) و (لێچوو)ەکەی (دیات)ە واتە سەیرکردنو ڕوانینی حەرام، ئەمەش ناوەڕۆکی لەو فەرموودەی پێغەمبەر (خ) وەرگرتووە کە دەفەرموێت: "النظرة سهمةٌ مسمومة من سهام إبليس".[2]

کەواتە (تیر) و (کەمان) دوالیزمی دژیەکن لەو هۆنراوەیەدا بەڵام یەکەمیان وەك لێخواستراو هاتووەو دووەمیان وەك لەوچوو، ئەگەر بە واتا بنەڕەتیەکانی خۆیان بێت کە (ڕوانین) و (پیری)یە، ئەوا دژیەك بوون نامێنێت.

2-1-ب-2-1-د/ لەسەر بنەمای (درکە):

مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

بربند دو چشم عیب بین را　　　　بگشار دو چشم غیب دان را[3]

واتە: هەردوو چاوەکانی سەرت کە هەمیشە جیهانی عەیبو عارو بچوکی دەبینن (کە جیهانی ماددەیە) ببەستە.

چاوو بینایی (سیڕ) واتە ئەو چاوەی دەروون کە نهێنیەکان دەبینێ، ئەو چاوانەت بکەرەوە (چاوی بەصیرەتیشی پێ دەوترێت).

لێرەدا چاوی (غیب دان) هەمان (دیدەی سڕ)ی مەولەوی تاوەگۆزییە کە درکەیە – دواتر دەیهێنینەوە– لەگەڵ دوو چاوی ئاساییدا دوالیزمی دژیەکیان دروستکردووە.

لە هۆنراوەیەکی تری زۆر جواندا دەڵێ:

---

[1] دیوانی مەولەوی، ل137.

[2] فەرموودەی پێغەمبەر (خ)، مختصر صحيح البخاري، بيروت، دار نوبليس للنشر، 2008.

[3] كليات شمس تبريز، ل122.

بشستم دست از گفتن، طهارت کردم از منطق

حوادث چون پیاپی شد وضوی توبه شکستم[1]

واته: دەستم شتووە لە گوتن، خۆم پاككردووەتەوەو (تارەتم) گرتووە لە (لۆژیك)، دەرئەنجامی ڕووداوی یەك لەدوای یەك دا دەستنوێژی تەوبەم شكاندووە.

(بشستم دست) دەستم شتووە، دركەیە بۆ قسەنەكردن و بێدەنگبوون كە دژە لەگەڵ (گفتن) گوتن (طهارت كردم) خۆپاككردنەوە، لە شتی پیسە نەك (لۆژیك).

مەولەوی تاوەگۆزیش لە هۆنراوەیەكیداو لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا دەڵێت:

وەر تۆ بینایت پەردەش هانە سەر   ئەو تۆ موینۆ جە تۆ زەریفتەر[2]

مەولەوی دەڵێ: ئەگەر تۆ چاوەكانت پەردەی لەسەرە، ئەمەش (دركە)یەو بەو واتایە دێت كە ئەگەر تۆ سنوری بینینت دیاری كراوەو توانای بینینی (معشوق) واتە خوای گەورەت نییەو تەنانەت بینینی چاوەكانت هێندە سنوردارە، كە حەقیقەتی خودی خۆیشت نابینیت، ئەوا ئەو واتە خوای گەورە (معشوق) حەقیقەتی تۆ دەزانێ و دەیبینێ لە خۆت باشترو جوانتر.دوو جۆر بینایی و بینین كە دوالیزمی دژیەكیان دروستكردووە، یەكەمیان كورت بینە (پەردەی لەسەرە)و دووەمیان توانای بینینی خوای گەورەیە كە هەموو شت دەبینێ.

ناوەڕۆكی ئەم هۆنراوەیە لە فەرموودەیەكی پێغەمبەر (خ) وەرگیراوە كە دەفەرمووێت: "الإحسانُ أن تعبد الله كأنك تراه فأن لم تكن تراهُ فإنهُ يراك".[3]

مەولەوی لە هۆنراوەیەكی دیكەدا، باسی دوو جۆر بینایی و (دیدە) دەكات كە (دیدەی سەر) واتە چاوەكانی سەرو (دیدەی سڕ)ە واتە چاوی دڵ یاخود چاوی (باطن) كە چاوی (عارف بالله)یەو جیهانی نهێنی و وردەكاریەكانی پێ دەبینێ، وەكو دوالیزمی دژیەك باسیان دەكات و دوای ئەوەی (دیدەی سڕ) وەكو (دركە)یەك دەخاتە ڕوو لە دێڕەكانی تری هۆنراوەكەدا تایبەتمەندییە دژەكانیان دەخاتە ڕوو كە چەندین دوالیزمی دژیەكی تێدایە بەڵام ئێمە تەنها مەبەستمان نیوەی یەكەمی دێڕی یەكەمە وەكو بەڵگەیەك بۆ ئەم خاڵەو نیودێڕە دێڕەكانی تر تایبەتمەندییە جیاوازو دژەكانی ئەو دوو (دیدە)یەن.

مەولەوی دەڵێ:دیدەی سەر ئەرشی دیدەی سڕ كافین   ئێد دای مونافین ئەو دەوای شافین

[1] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی كدكنی، چ2، ل735.

[2] دیوانی مەولەوی، ل103.

[3] فەرموودەی پێغەمبەر (خ)، مختصر صحيح البخاري، بيروت، دار نوبليس للنشر، 2008.

ئید وەزیفەی گڵ، ئەو لەتیفەی دڵ   ئەو چوون مەنزڵەن، ئێد بێ چوون مەنزڵ

ئەو بە فاش نییەن، فەناش تاقییەن   ئێد عەتای تاقی و باقی و لاقییەن[1]

واتە: ئەگەرچی چاوەکانم کوێربوون‌و بینایی‌و دیدەی سەرم نەما، بەڵام چاوی دڵم بەسە کە هەموو نهێنیەکان دەبینێ‌و باشترەو گەلێ قازانجی زیاترە، لەوانە: چاوی سەر چونکە حەرامی پێ سەیر دەکرێ وەکو دەردو پەتا وایە بەڵام چاوی دڵ کە زیکری خوای پێ دەکرێ وەکو دەرمان و شیفا وایە. چاوی سەر سەیری شتی ماددی پێ دەکرێ، بەڵام چاوی دڵ خەریکی ئەرکی مەعنەوی خۆیەتی. چاوی سەر جێگای مادیاتەو ئەو شتانەیە وێنەی هەیە، بەڵام چاوی دڵ ماواو مەنزڵی خوای بێ وێنەیە، وەك لە فەرموودەدا هاتووە: "قلب المؤمن عرشُ الرحمن"[2] واتە: دڵی باوەڕدار عەرشی پەروەردگارە.

2-1-ب-2-1-ه/ لەسەر بنەمای خوازە:

مەولانای ڕۆمی لە هۆنراوەیەکیدا دەڵێت:

الا ای قادر قاهر، زتن پنهان بەدل ظاهر

زهی پیدای پنهانم تورا خانه کجا باشد؟[3]

تن: واتە جەستە بەڵام لێرەدا خوازەیە بۆ (چاو) چونکە دەڵێ (زتن پنهان) لە جەستە شاراوە واتە لە چاو شاراوەو بە چاو نەبینراو.

بە دل ظاهر: بە دڵ ئاشکرا.

بەگشتی واتاکەی: ئەی بەتواناو خاوەن دەسەڵات کە لە چاوان شاراوەیت‌و لای دڵ ئاشکراو دیاریت.

تۆ ئەی بینراوی نادیارم، تۆ ئیتر جێگەو ماڵت بۆچیەو لەکوێیە؟

جگە لەوەی نیوەدێڕی دووەم دوالیزمی لە جۆری (ترکیب) ڕۆنانی یاخود لێکدراوی تێدایە (کە دواتر وەکو نمونە باسی دەکەین)، لە نیوەدێڕی یەکەمدا (تن) و (دل) واتە جەستەو دڵ دوالیزمی دژیەکن چونکە (جەستە) لەوێدا خوازەیە بۆ (چاو).

مەولەوی تاوەگۆزیش دەڵێت:

ئیسە سۆچیای گەرمیی دڵسەردیم

سەودایی سارای دەردی بێ دەردیم[4]

---

[1] دیوانی مەولەوی، ل155.

[2] فەرموودەی پێغەمبەر (خ)، مختصر صحيح البخاري، بيروت، دار نوبليس للنشر، 2008.

[3] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، چ1، ل372.

[4] دیوانی مەولەوی، ل158.

له هەردوو نیوەدێڕەکەدا زۆر بەشێوەیەکی جوان و کارامە، دوالیزمی دژیەك بەکارهاتووە، بەڵام ئەو نموونەی نیوەدێڕی دووەم لەوجۆرەی دوالیزمەی دژیەکە کە (ترکیب– ڕۆنانی) یەو لە شوێن و کاتی خۆیدا وەك نمونە باسی دەکەین.

لەم نیوەدێڕەی یەکەمدا مەولەوی دەڵێت:

ئێستا سوتاوی گەرمای دڵ ساردیم، (سوتاو)ی (دڵ ساردی) دوالیزمی دژیەکەو لێرەدا (سوتاو) خوازەیە واتە (عاشق) یاخود (کوژراو)ی دڵ ساردی و بێ باکی یارم، کە ئەگەر بە واتا بنەڕەتیەکەی خۆی بهێنرێت ئەوا دژیەك بوون نامێنێت.

2-1-ب-2-2/ ئەو جۆرە دوالیزمە دژیەکەی کە لەسەر بنەمای لایەنی هونەری جوانکاری واتاییە:

دابەشدەبێت بۆ دوو جۆر کە ئەمانەن:

2-1-ب-2-2-أ/ لەسەر بنەمای فرەواتایی (لە جۆری ئاراستە):

مەولانای ڕۆمی لە هۆنراوەیەکیدا دەڵێت:

بی <u>خط</u> و بی <u>خال</u> تو این عقل <u>اُمّی</u> بُود

چون ببیند آن <u>خطت</u> را، می شود خط خوان چرا؟[1]

واتە: بەبێ خەت و خاڵی تۆ، ئەم عەقڵە نەخوێندەوارە، کاتێك کە خەتی تۆ دەبینێ خێرا دەبێتە (خوێندەوار) خەت خوێنەوە، بۆچی؟

(خط و خال) واتە خەت وخاڵ بە دوو واتا هاتووە، یەکێکیان بە واتای نوسین و خەتی نوسین و سەروبۆرو خاڵبەندی نوسین، دووەمیان بە واتای خاڵی دەموچاوو خەتی مووی (برۆ) یان دەموچاو کە بەگشتی بە جوانی دەمووچاو دەوترێ خەت وخاڵ.

لێرەدا ئەگەر بە واتای (نوسین)ەکە بێت لەگەڵ نەخوێندەواردا دوالیزمی دژیەکی دروستکردووە.

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵێ:

<u>شطرنج</u> <u>ندیده</u> ایم و <u>ماتیم</u>   یک <u>جرعه</u> <u>نخورده</u> ایم و <u>مستیم</u>[2]

واتە: ئێمە یاری و کێبەرکێ و ململانێی (شەترەنج)مان نەدیوەو کەچی (مات) بووین، مردووین، قومێك شەرابمان نەخواردووەتەوەو کەچی مەست بووین!!

---

[1] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، چ1، ل224.

[2] سەرچاوەی پێشوو، چ2، ل825.

(مات): به واتای قۆناغێك له یاری شەترەنج دێتو به واتای (مردن)ی هێزو ئیرادەش دێت که توانای ململانێی نییه.

بەگشتی دەربڕینەکه دوو وێنەو دەربڕینی دوالیزمی دژیەکی زۆر جوانی تێدایه که یاری شەترەنجمان نەکردووەو مات بووین، هەروەها نەمانخواردووەتەوەو مەست بووین.

بەڵام ئەوەی ئامانجی ئێمەیه لەم خاڵەدا (مات) بوونەکەیه که دوو واتای هەیه.

هەروەها مەولەوی تاوەگۆزیش لەم بارەیەوە دەڵێت:

خەڵاسیش دا پێت وه یەك پەیمانه

ئازاد بیت جه بەند بەستەی پەیمانه[1]

(خەڵاس بوون) واته (ڕزگاربوون) که لێرەدا به واتای (مردن)یش دێت. واته ئەوە وشه فرەواتاکەیه که به واتای (ڕزگاربوون) و (مردن)یش دێت، ئەم وشەیه لەگەڵ (بەستە)و تەنانەت (بەند)یش دا دوالیزمی دژیەکی دروستکردووە بەڵام ئەگەر وشه فرەواتاکه به مانای مردن بێت ئەوا دوالیزمی دژیەك نامێنێت.

مەولەوی دەڵێت: به پیاڵەی شەرابی مەرگ ڕزگاری کردیو له بەندی پەیمانی لەگەڵ خوادا بەسراوی، ئازادی کردی که دەبوو بەپێی ئەمرو نەی ئەو بجووڵێیتەوە.

2-1-ب-2-2-ب/ لەسەر بنەمای ڕۆچوون:

لەم بارەیەوە مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

هرچند پرستیدن بُت مایهٔ کفر است　　　ما کافر عشقیم گر این بُت نپرستیم[2]

واته: هەرچەندە پەرەستنی (بت) مایەی کافربوونه بەڵام ئێمه دەبینه کافری عیشق ئەگەر ئەم بته نەپەرستین.

له نیوەدێڕی یەکەمدا ڕاستیو واقیعێکی بەڵگەنەویستمان پێ دەڵێت، که پاش هاتنی ئیسلام پەرەستشی بتەکان مایەی کافربوونه. لێرەدا بیرمان نەچێت که کافرەکان دەیانوت ئێمه بتەکان ناپەرستین بەڵکو تەنها هۆکارێکن بۆ نزیکبوونەوە له خوا. له جیهانی عارفو سۆفیەکاندا که خۆیان به (عاشق) و (خوا) به (معشوق) دەزاننو شێخو پیرەکانیشیان به خۆشەویستی تایبەتی خوا دەزاننو (واته شێخەکانیان) دەیانکەنه هۆکارێك بۆ شەفاعەتو نزیکبوونەوە له خواو

[1] دیوانی مەولەوی، ل81.

[2] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، ج2، ل772.

ئەمەش بەگشتی بە (طریقەت) دەزانرێ واتە ڕێگایەك كە ڕێگای عیشقە، کەسی عاشق دەیبڕێ بۆ گەیشتن بە (معشوق) بەهۆی شێخان‌و عارفان‌و خۆشەویستانی تایبەت‌و نزیك لە خواوە، ئەم حاڵەتەی (ئەهلی طریقەت) لای (ئەهلی شەریعەت) زۆر جێگای ناڕەزایەتی‌و دژایەتی كردنەو بەجۆرێك كە بە بتپەرستی دەچوێنرێت. مەولانای ڕۆمیش بە حوكمی ئەوەی خۆی سەرەتا زانایەكی شەریعەتزان بووە، دواتر بووەتە عارف‌و سۆفی‌و عاشقی (بتی عیشق) بووە كە (شمس تبریز)یە ئەم هاوكێشەو قەناعەتەی خۆی بەشێوەی ڕۆچوون لە خۆشەویستی بۆ شێخەكەی دەربڕیوە كە ئەگەر وەك بت نەیپەرستێ كافر دەبێت!؟.

هەروەها لە هۆنراوەیەكی دیكەدا دەڵێ:

ای روز ز روی تو، شب سایە موی تو   چون ماه برآ امشب، ای طالع و فالت خوش[1]

واتە: ئەی ئەوكەسەی كە ڕۆژ ڕووناكی لەتۆوەیە، هەروەها شەو تاریكی‌و ڕەشی لە سێبەری قژو پرچە ڕەشەكانی تۆوەیە.

وەك مانگ ئەمشەو دەركەوە، ئەی ئەوكەسەی دەركەوتن‌و ئاوابوونیشت خۆشە.

مەولانا لە وەسفی كەسێكدا زۆر ڕۆدەچێت بە جۆرێك كە دەڵێ: ڕووناكی ڕۆژ لەتۆوەیە، ڕەشی‌و تاریكی شەو لە قژی تۆوەیە.

لەم دوو نمونەیەدا دوالیزمی دژ بۆ ڕەنگ و سێبەركردنی شیعرەكە بەواتای قووڵ‌و بۆ سەرنجی خوێنەر راكێشان، سەرسوڕهێنان‌و هاندانی بۆ بیركردنەوەو گەڕان لە واتای جوان، مەولانا دوو دژی زۆر ئاشكراو حاشاهەڵنەگری كۆكردۆتەوەو لەسەر بنەمایان شیعرەكەی داڕشتووە، مەبەستمان لە (كوفرو ئیمان) و (شەوو رۆژ)ە، كە هەردووكیان دەشێ ئەگەر بە رەنگ ئاماژەیان بۆبكەین دەبنە (رەش × سپی) و لە گەلێ سەرچاوەی ئاینی و كولتوریشدا ئەم دژە هەیە.

مەولەوی تاوەگۆزیش لەم بارەیەوە دەڵێت:

پەی چێش مەیلی لەیل پیریش مەحاڵەن؟

سەنەی باڵغیش سەد هەزار ساڵەن؟[2]

سەنە: ساڵ

واتە: چونكە خۆشەویستی لەیل پیری هەڵناگرێ و مرۆڤی دڵدار تا دێرزەمان هەر بە منداڵی دەمێنێتەوەو تەمەنی باڵغبوونی عەشق سەد هەزار ساڵە؟!

[1] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی كدكنی، ج1، ل645.
[2] دیوانی مەولەوی، ل107.

چۆن تەمەنی باڵغبوون سەد هەزار ساڵە؟! ئەمە ڕۆچوونەو پێچەوانەی لۆژیکی یاخود سروشتی ژیانەو ئەم گوزارشتە لەڕووی واتاوە دوالیزمی دژیەکە لەگەڵ ڕاستیو نەریتی ژیاندا.

لێرەدا مەولەوی بۆئەوەی خۆشەویستی ڕاستەقینەو حەقیقی دەرخات، پەنای بردۆتە بەر ئەم هونەرە ڕەوانبێژییەو بەهۆیەوە (عەشق)ی بە چەمکی نەمری – ئەبەدییەتەوە– بەستۆتەوە، چونکە نەباڵغبوون (سەد هەزار ساڵە) و نە عەشقی دنیاییش ئەو تەمەنە درێژەی هەیە.. کەواتە دژیەکییەکە کە جوانکاریی فرەواتاییە، هاتۆتەدی.

دوای ئەوەی لە جۆری یەکەمی دوالیزمی دژیەك – دەربڕینی واتایی، بە هەردوو لقەکەیەوە: ئەوەی لە ڕووکاری دەرەکیدا دژیەك هەیەو ئەوی تریشیان کە لە رووکاریدا دژایەتی نییە، بە هەردوو چڵی تریانەوە بۆ هەریەکیان: 1– ناوەڕۆکی و 2– جوانناسی. دواین، دێینە سەر (پێکهاتەی لێکدراو) و بە درێژیش لەم لاپەڕانەی دواتردا بەهەمان دابەشکردن دەدوێین.

2-2/ دوالیزمی دژیەك بە شێوازی لێکدراو یاخود ڕۆنان:

لەم هونەرەی ڕوونبێژیدا دوو دیو یاخود دوو ڕووی یەك پێکهاتەی لێکدراو لەڕووی چەمکەوە دژیەك بوون دروستدەکەنو وەك دوو دژ یەکتری ڕەددەکەنەوەو دەرئەنجام دوالیزمی دژیەك پێکدەهێنن لە پێکهاتەیەکی کورتی لێکدراودا کە دەربڕینێکی کورتو جوانو سەرنجڕاکێشو چێژبەخش دەبێت.[1]

وەکو لە زمانی فارسیدا: (خامش گویا، غریب وطن، جرم بی گناهی).

لە کوردیشدا: (دەردی بێ دەردی، دەسەڵاتداری بێ توانا، زانای نەزان).

لەم پێکهاتانەدا کە خراونەتە سەر یەکتری، لەڕووی چەمکەوە دژیەك بوونێکی پێکەوە نەگونجانی تێدایە کە ئەم شێوازە دەربڕینە ئەگەر لە لۆژیکدا ناڕاستو نەگونجاو بێت بەڵام لە هونەردا لە ترۆپکی بەرزیو جوانیدایە.[2]

ئەم جۆرە هونەرو بەکارهێنانە بەشێوەیەکی کارامەو بەرفراوان لای هەردوو شاعیر (مەولانای ڕۆمی) و (مەولەوی تاوەگۆزی) بەدیاردەکەوێت:

بۆ نموونە مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

کفر من آیینهٔ ایمان توست — **بنگر** اندر <u>کفر ایمان</u> ای **پسر**

می زنم من **نعره‌ها** در خامُشی — آمدم <u>خاموش **گویان**</u> ای **پسر**[3]

---

[1] محمد رضا شفیعی کدکنی، شاعر آینه‌ها، (بررسی سبك هنری و شعر بیدل)، کتاب گزیده، چاپ ششم، 1366 هـ.ش. ل54.

[2] محمد رضا شفیعی کدکنی، موسیقی شعر ل37.

[3] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، ج1، ل609.

مەولەوی تاوەگۆزیش دەڵێت:

ئیسه سۆچیای گەرمیی دڵ سەر دیم

سەودایی سارای دەردی بێ دەردیم[1]

دوالیزمی دژیەکی لێکدراو یاخود (ڕۆنان)یش دوو چەشنە:

2-2-أ/ ئەو پێکهاتەو ڕۆنانەی کە لە پێکهاتەی ڕووکاریاندا دژیەك بەدیدەکرێت:

ئەم چەشنە لە دوالیزمی دژیەکیش دەکرێتە دوو جۆر: ناوەڕۆکی و جوانناسی.

2-2-أ-1/ دوالیزمی دژیەکی ناوەرۆکی:

دەگوترێت "تعرفُ الأشياء باضدادها" واتە شتەکان یاخود هەر شتێك بە دژەکەیدا دەناسرێتەوە، بۆنموونە ئەگەر (گەرماو گەرمی) نەبێت پەی بە (سەرماو ساردی) نابرێت یاخود ئەگەر (زانین و زانا) نەبێت پەی بە (نەزانین و نەزان) نابرێت.

دیارە ئەم بۆچوون و تێگەیشتنە لە زمانەوانیی تازەدا، بە جەوهەری سیستێمی زمان دادەنرێت، کە پێی وایە مانا لە جیاوازی (difference)ەوە دێتە ئاراو دژیەکیش بەشێکی گرنگی ئەم ڕوانگە زمانەوانییە پێکدێنێ.

لێرەدا بە هێنانەوەی چەند نمونەیەکی شیعری و شیکارییان دەست پێ دەکەین، کە سەرەتا لەم بارەیەوە مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

مرا گويد: "مرو هر سو، تو استادى، بيا اين سو."

كه من آن سوى بى سو را نمى دانم نمى دانم

همى گيرد گريبانم، همى دارد پريشانم

من اين خوش خوى بدخو را نمى دانم نمى دانم[2]

واتە: بە من دەڵێت: "بە هەرلایەکدا مەڕۆ، تۆ کارامەو شارەزای، وەرە ئێرە"

من ئەولا بێ لایە یاخود شوێنە بێ شوێنە نازانم نازانم

بەردەوام یەخەم دەگرێ و پەرێشانمە

من لەم جوان ڕەفتاری بەدڕەفتارە نازانم نازانم

[1] دیوانی مەولەوی، ل158.

[2] غزليات شمس تبريز، گزينش و تفسير محمد رضا شفيعى كدكنى، چ2، ل748.

لێرەدا (سوی بی سو) واتە لای بێ لا و (خوش خوی بد خو) جوان ڕەفتاری بەدڕەفتار، دوالیزمی دژیەکن.

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵێت:

هله، تا دُوی نباشد، کهن و نوی نباشد
که در این مَقامِ عِشرت من از آن جمعِ فردم[1]

واتە: بێگومان، تا دوالیزم بوونی نەبێت، کۆن و نوێ بوونی نییە.

هەر لەم پێگەی پێکەوەبوونەوەیە کە من کۆی تاکم.

(کۆی تاک) دوالیزمی دژیەکە.

مەولەوی تاوەگۆزیش لە چوارچێوەی ئەم هونەرەدا دەڵێت:

هەرکەسێ دانش نەفامش نە بۆ

بینیی عیرفانشن زو کامش نە بۆ[2]

مەولەوی لە نیوە بەیتی یەکەمدا (کە مەبەست و ئامانجی ئێمەیە) دەڵێت:

هەرکەسێك زانین و مەعریفەی نەزانی نەبێت یاخود عەقڵ و هۆشی نەفام و بێ عەقڵانی نەبێت، ئەمەش نالۆژیکیە بە پێوەری ئاسایی بیرکردنەوە بەڵام لە هونەردا جوانییەو دوالیزمی دژیەکە.

لە فەرهەنگی ڕۆشنبیری عارف و ئەهلی تەسەوفدا جۆرێك لە نەفرەت کردنی (عەقڵ) هەیە کە سەرچاوەی زانستی عەقڵی و فەلسەفیە بەڵام عارفەکان (دڵ) بە سەرچاوەی وەرگرتنی زانین دەزانن و لەو پێناوەشدا بۆئەوەی (دڵ) کارا بێ دەبێت (عەقڵ) جیهانی موجادەلەو مشتومڕی لۆژیکیانە بەجێبهێڵێت. هەربۆیە هەنگاوی یەکەمی یاخود مەقام و پلەی یەکەمی عارف بوون دەرچوونە لە جیهانی عەقڵانی بوون و تەسلیم بوونە بە دۆگما.

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵێ:

سەرد بییەن گەرمی شەوقی هام فەردان

گەرمەن سەردی زەوق جەرگەی هام دەردان[3]

لە نیوەبەیتی یەکەمدا (سارد) بووەتەوە (گەرمی) ⟵ (شەوق)

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، چ2، ل825.

[2] دیوانی مەولەوی، ل526.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل97.

له نیوەبەیتی دووەمدا (گەرمە) (سارد)ی ←——— (زەوق)
هەردووکیان دوالیزمی دژیەکن.
نمونەی شیعریی هەردوو شاعیر دەریدەخەن، کە پڕاوپڕ لەگەڵ ئەم چەمکە هونەرییەی دوالیزمی دژدا ڕێکدەکەون.

2-2-أ-2/ **دوالیزمی دژیەکی جوانناسی:**

هەروەك ڕابردوو دوالیزمی دژیەك جوانناسی بەپێی لایەنەکانی ڕەوانبێژی بەشێوەیەکی گشتیو سەرەکی دابەش دەبێت بەسەر دوو لایەنی: ڕوونبێژیو جوانکاری، ئەو جۆرەش لە دوالیزمی دژیەك کە لەسەر بنەمای لایەنی هونەری ڕوونبێژییە، دابەش دەبێت بۆ چوار جۆر، کە ئەمانەن:

2-2-أ-2-1-أ/ **لەسەر بنەمای خواستن:**

مەولانای ڕۆمی لەم جۆرەو لە چوارچێوەی ئەم بنەمای هونەری دەربڕینەدا دەڵێت:

سایه نوری تو و ما، جمله جهان سایه تو — نورکه دیدەاست که او باشد از سایه جدا؟
گاه بود پهلوی او، گاه شود محو در او — پهلوی او هست خدا، محودر او هست لقا
سایه زده دست طلب، سخت در آن نورعجب — تاچو بکاهد، بکشد نور خدایشبه خدا[1]

سایه نور: واتە سێبەری ڕووناکی، سێبەر جۆرێکە لە ناڕووناکیو پلەیەکە لەنێوان ڕووناکیو تاریکی کە پاش هەڵهاتنی ڕووناکی، تاریکیو سێبەرەکان ڕووناك دەبنەوە بەڵام لەدوا سنوری ڕووناکیدا سێبەر دروست دەکات، بەڵام دەستەواژەی سێبەری ڕووناك یاخود ڕووناکی، دوالیزمی دژیەکی دروستکردووەو هەروەها لێرەدا (نور) لێخواستراوەو لەبری (خودا) هاتووە.
بەگشتی واتاکەی مەولانا ڕوو بەشێخەکەی شمس تەبریزی دەڵێت:

هەر بەو شێوازەی تۆ سێبەری خودایت، ئێمەش سێبەری تۆین، تۆ (شمس)یتو پەیوەستی بە خوداوەو ئێمەش لەتۆ جیانین، هەروەك سۆفیەکان دەڵێن: "المتصل الی المتصل، الی متصل، متصلٌ" واتە گەیشتوو بە گەیشتوو بە گەیشتووە گەیشتووە.

هەندێك جار (عاشق) لە کەنار (معشوقە)وەیەو هەندێك جاریش لەودا (محو)ە واتە دەتوێتەوە کە هەردووکیان گرنگن، چونکە لە تەنیشت ئەو بوون باسو زیکری ئەوەو باسی بەیەك گەیشتنە بەڵام (محو) بوون خودی بەیەکگەیشتنە.

---

[1] کلیات شمس تبریز، ل93.

له دوادێڕیدا دەڵێت: سێبەر کە درێژدەبێتەوە بۆلای نورو ڕووناکیو خواستی ئەوەی هەیە کە ببێتە ڕووناکیو دوعا دەکات لە سێبەربوون دەرچێتو ببێتە ڕووناکی.[1]

تێبینی: مەولەوی تاوەگۆزی بۆ هەمان بابەتو بەهەمان زاراوەو دەربڕین هۆنراوەیەکی هەیە کە دەڵێ:

ئەی گرد مەوجوودێ جە تۆ گرت مایە- مەوجوود هەر تۆنی، ماسیوا سایە[2].

مەولانای ڕۆمی لە هۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵێ:

دَی را بهار بخشد، شب را نهار بخشد

پس این جهان مرده زندەست از آن جهانش[3]

واتە: مانگی (دی) کە چلەی زستانە، بەهار دێنێ، هەروەها ڕۆژی بەخشیوەتە شەو کەواتە ئەم جیهانە مردووی زیندووە لەجیهانێکی دیکەدا.

(مرده زنده) مردووی زیندوو، دوو وشەی لێکدراوە کە دوالیزمی دژیەکی دروستکردووە.

تێبینی: هەمان دەربڕین لەو هۆنراوەی مەولەوی تاوەگۆزی دا بەکارهاتووە کە دواتر لەهەمان خاڵو بنەمای هونەری دا بەکاریدەهێنین پاش ئەم نموونەی مەولانای ڕۆمی.

مەولەوی تاوەگۆزیش دەڵێت:

تۆ مەردەی شەهید زیندەی بێ باکی

من زیندەی مەردەی دەشتی خەمناکی[4]

(زیندەی مەردە) واتە (زیندووی مردوو)، لێرەدا وشەی (مردوو) (خواستن)ە بۆ مرۆڤێك کە هیچ لە توانایدا نییەو بێ جوڵەو بێدەسەڵاتە لەساراو دەشتی خەمناکیدا. ئەم دوو وشەیە واتە (زیندووی مردوو) پێکهاتەیەکیان دروستکردووە کە دوالیزمی دژیەکە بەڵام ئەگەر وشەی خواستن واتە مردووەکە بگێڕینەوە بۆ بنەڕەتەکەی خۆی ئەوا دوالیزمی دژیەك نامێنێت.

مەولەوی دەڵێ: تۆ مردوویەکی شەهیدیت لەبەر ئەوە زیندوویو ترست نییە بەڵام منیش کە ماومو بەسەر زیندووم، مردووی دەشتی خەمباریو بێ دەسەڵاتیو داماویم.

---

[1] کریم فیضی، شعاع شمس، ل236.

[2] دیوانی مەولەوی، ل60.

[3] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، چ1، ل663.

[4] دیوانی مەولەوی، ل165.

2-2-أ-2-1-ب/ لەسەر بنەمای لێچواندن:

لە چوارچێوەی بنەمای لێچواندندا مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

مرا آن صورت غیبی، به ابرو، نکته می گوید   که غمزەی چشم و ابرو رانمی دانم نمی دانم[1]

صورت: واتە (ڕوخسار) شکڵ، بۆ بوونێکی ماددی (محسوس)ی بینراو دەبێت.

غیبی: واتە نەبینراو، شاراوە نا (محسوس).

لێرەدا (صورت)و (غیبی) دوو وشەی لێکدراوە کە دوالیزمی دژیەکیان دروستکردووە هەوڵدراوە (غیبی) شتێکی نەبینراو بە (محسوس)و شتێکی بینراو بچوێنرێت کە (صورت)ە واتە (ڕوخسار)ە.

واتە: ئەو کە ڕوخسارێکی نەبینراوو (غەیبی) هەیە، بە برۆکانی نوکتە دەگێڕێتەوە، کە من لەغەمزەی ئەم جۆرە چاوو برۆیە حاڵی نابمو نازانم.

تێبینی: هەر لەم نمونە یاخود خاڵەدا، لە نمونەی شیعری مەولەوی تاوەگۆزی دا ئەو هۆنراوەی کە بە نمونە هێناومانەتەوە لەم جۆرە دەربڕینەی تێدایە بەڵام بەو جیاوازیەی کە مەولەوی تاوەگۆزی دەڵێت: (چهرەی خەیاڵ) واتە لەبری نەبینراو (غەیبی) وشەی خەیاڵی بەکارهێناوە.

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

آتش در آب گشته نهان وقتِ جوشِ آب   چون آب آتش آمد، الغوث زاتشان[2]

واتە: ئاگر لەناو ئاودا خۆی حەشارداوە، کاتێك کە ئاو گەرم بووەو دەکوڵێ ئەو کاتەی ئاو وەك ئاگری لێدێت، هاوار بۆ مرۆڤەکان

(ئاو) وەکو (ئاگری) لێدێت دوالیزمی دژیەکەو (ئاگر) لێرەدا لەو چووەو ئاو بە ئاگر چوێنراوە.

هەروەها مەولەوی تاوەگۆزیش دەڵێت:

چون چیهرەی خەیاڵ ڕوخسارەکەی وێش
نە تۆی پەردەی دڵ "مەعدومی"ی دڵڕێش[3]

چیهرە: واتە (ڕوو) (ڕوخسار) بۆ بوونێکی ماددی (محسوس) دەبێت بەڵام (خەیاڵ) خۆی بوونێکی ماددی نییەو (محسوس) نییە، بە واتایەکی تر (چیهرە)و (خەیاڵ) وەکو دوو بوونی

---

[1] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، ج2، ل748.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ج1، ل1025.
[3] دیوانی مەولەوی، ل214.

(محسوس)و نا (محسوس) دوالیزمێکی دژیەکیان دروستکردووەو (خەیاڵ) چوێنراوە بە شتێك کە ڕوخساری هەبێت، بۆیە (چیهرەی خەیاڵ) دوالیزمی دژیەکە.

ئەگەر وشەی (چیهرە) بگۆڕین ئەوا دوالیزمی دژیەك نامێنێ.

لەهەمان کاتدا مەولەوی وێنەی نازدارەکەی کە ڕوخساری خۆیەتی (ڕوخساری وێش) بەرامبەرو بەراورد دەکات لەگەڵ (ڕووی خەیاڵ) خۆشەویستەکەی لە زەین‌و خەیاڵدایەو وێنەکەی زەینی خۆی بە جوانتر دەزانێت. ئەمە تێکەڵکردنی ئەو هەست‌و چێژەیە کە دڵدارێك ئیزافەی جوانییە هەستپێکراوەکەی دەکات، هەمیشە کەسێك مەیلی بۆ هەر جوانییەك هەبێت‌و هۆگری بێ، مەودای جۆراوجۆر دەدا بەو جوانییە،.. چونکە لە دڵ و دەروونیدا سەرەڕای جوانییە هەستپێکراوەکەی ڕوخساری یار، ئەزموونی نزیکیی‌و تاسەی دڵدارەکەشی بووەتە پارسەنگێکی زیادەو دیار، ئەمەش لە زەینی کەسەکە یاخود شاعیردایە.

2-2-أ-2-1-ج/ لەسەر بنەمای درکە:

لەم بارەیەوە مەولانای ڕۆمی لە هۆنراوەیەکیدا دەڵێت:

در نقش بی نقشی ببین، هر نقش را صد رنگ و بو

در برگ بی برگی نگر هر شاخ را باغ ارم[1]

واتە: لە نەخش‌و ڕازاوەییدا بێ نەخشی ببینە، کە هەر نەخشێك سەد ڕەنگ‌و بۆنی هەیە لە بەرگی بێ بەرگی بڕوانە کە هەر شاخێکە بووەتە دەشت‌و باخی ئیرەم.

بێ بەرگی: لە فەرهەنگی سۆفی‌و عارفاندا بەواتای خۆداڕنینە لە هەموو بەرگێکی دونیایی‌و خۆیەکلاکردنەوەیە بۆ خوای گەورە.[2]

واتە (بێ بەرگی) درکەیە بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام بەرگی بێ بەرگی، دوو وشەی لێکدراوە کە دوالیزمی دژیەکی دروست کردووە.

مەولانا لە هۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵێت:

خشم شکلی، صلح جانی، تلخ روی، شکّری   من بدین خویشی ندیدم در جهان بیگانەای[3]

واتە: لە ڕوخساردا تووڕەیت‌و گیانت پڕە لە ئاشتی، ڕوو تاڵی‌و شەکری، من لە جیهاندا ئاوا بێگانەیەکی ئاشناو ناسراوم نەدیوە!!

---

[1] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، چ2، ل714.

[2] سەرچاوەی پێشوو.

[3] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، چ2، ل1268.

تلخ روی: واته دەموچاو تاڵ یاخود ڕوو تاڵ کە (درکە)یە بۆ توڕەیی، ئەم وشەیە دوالیزمی دژیەکی دروستکردووە لەگەڵ (شکری) واتە شەکری و شیرینی و خۆشەویستی.

مەولانا لە هۆنراوەیەکی هاوشێوەی یەکەمدا دەڵێ:

رنگ بی رنگی ست، از رخسار عاشق آن صفا

آن وفاو آن صفاو لطف خوش رخسار تو؟[1]

واتە: ڕەنگی بێ ڕەنگیە (واتە سپی ڕەنگ) بە ڕوخساری عاشقەوە کە ئاوا سەفای هەیە، کوانێ ئەو وەفاداری بە سەفای ڕوخسار جوان؟

(بی رنگی) درکەیە بۆ (سپیەتی) و مانەوەو پایەداری لەسەر یەك جۆر.[2]

تێبینی: هەمان دەستەواژەی (بی رەنگی) لای مەولەوی تاوەگۆزی بەکارهاتووە کە لەسەر بنەمای درکە لە دواهونەری ئەم بابەتەدا وەکو نمونە باسمانکردووە کە دەڵێ:

بولبولێ گوڵشەن بی نام و نەنگی تەزەروی سەرسەرو باغچەی بێ رەنگی[3]

هەروەها مەولەوی تاوەگۆزی لە هۆنراوەیەکی تریدا دەڵێت:

وادەی سفیدی شکۆفەی پیرین

شکۆفەی باخچەی پیری دلگیرین[4]

شکۆفە: گۆپکەی درەخت کە تازە پشکووتبێ.

شکۆفە: درکەیە بۆ هەموو دەسپێکی تەمەنی ڕووەکێك لە گوڵی دار یاخود هەر گوڵی ئاسایی و گوڵی میوەکان.

گرنگ ئەوەیە بە بیستنی وشەی (شکۆفە) سەرەتاو دەسپێکی ژیانی بوونەوەرێکمان لە زەین و خەیاڵدا بۆ دروست دەبێ کە دەتوانین بە سەرەتای ژیان و لەدایکبوونی سەرەتایی ناوزەدی بکەین، بەڵام کە دەڵێین (شکۆفەی پیری) وەك ئەوە وایە بڵێین منداڵی پیری بەڵام لێرەدا (درکە)یە بۆ دەسپێکی پیری.

واتە: کاتی سپی بوونی مووەکانی سەرم و پشکووتوویی داری پیرییەو ئەو گۆپکە پشکووتووەی باخچەی پیری مایەی دڵگیری و خەفەتبارییە. ئەمەش نموونەیەکی دانسقەی شیعرییە کە مەولەوی نەخشاندوویەتی و چەمکی دوالیزمی دژی بە هونەری درکە ئەفراندووە.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل1098.

[2] احمد گلی، متناقض نمایی در شعر صائب، ل141.

[3] دیوانی مەولەوی، ل104.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ل507.

2-2-أ-2-1-د/ لەسەر بنەمای خوازە:

مەولانای ڕۆمی لە چوارچێوەی بنەمای خوازەدا دەڵێت:

عاشق خموش خوش تر، دریا به جوش خوش تر

چون آینەست خوش تر، در خامُشی بیان ها[1]

خامُشی: بێدەنگی

بیان ها: دەربڕینەکان، گوتنەکان

مەولانا لەو هۆنراوەیەدا دەڵێت: عاشقی بێدەنگ باشترو خۆشترە هەروەك چۆن دەریاش لە ناخەوە جۆش و خرۆشی بێت خۆشترە. لە بێدەنگیدا جۆرە دەربڕینێك هەیەو هێندە بەهێزە کە هەروەك ڕوونی و جوانی نیشاندانی ناو ئاوێنە وایە.

(خامُشی) لەم هۆنراوەیەدا خوازراوە بۆ حاڵەتی زیکرو فیکری دەروونی سۆفی، کە لەلای سۆفیەکان بیرکردنەوە لە ناخ و خودو زیکرکردن، بەهێزترینی دەربڕینەکانی مرۆڤ پەی بە نهێنیەکانی بوون دەبات.

(خامُشی) و (بیان ها) واتە (بێدەنگی) و (دەربڕین) یاخود (دەربڕینەکان) دوالیزمی دژیەکی لێکدراوە، بەڵام وەکو ئاماژەمان پێدا (خامُشی) وەکو وشەیەکی خوازراو هاتووەو لە حاڵەتێکدا ئەگەر وشە بنەڕەتیەکە بهاتایە کە زیکرو فیکرە ئەوا بێگومان لەونێوانەدا دوالیزمی دژیەکی تێدا نەبێت.

مەولەوی تاوەگۆزیش لە چوارچێوەی بەکارهێنانی هونەری خوازەدا دەڵێت:

شابی شێخی عەشق یەکتای فەردم ڕۆ

وە ناکام مەردەی دڵ پڕ دەردم ڕۆ[2]

شابی: واتە (لاوی)

شێخ: واتا بنەڕەتی و فەرهەنگیەکەی واتە (پیر) پێچەوانەو دژی لاو.

(شابی شێخ) واتە لاوی پیر! کە ئەمەش دوالیزمی دژیەکە چونکە لەڕووی واقیع و لۆژیکەوە ناگونجێ لاو و پیریش بێت، بەڵام لێرەدا (شێخ) (خوازە)یە بۆ پێشڕەوی عارفان و تەریقەت چونکە دەڵێ شێخی عەشق.

---

[1] مولانا جلالدین محمد بلخی، کلیات شمس تبریزی، ل144.

[2] دیوانی مەولەوی، ل326.

بەوجۆرە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە پێشڕەوی ڕێبازی عیرفانو جیهانی عەشقو دڵی مەبەستەو ئەگەر لەبری وشە خوازراوەکە وشە بنەڕەتیەکە بێت کە پێشەواو پێشڕەوە ئەوا هیچ دژبوونێك نامێنێت.

واتای دێڕە هۆنراوەکە دەڵێ: لاوە بێ هاوتاکەم ڕۆ کە پێشەوابوو لە ڕێبازی عەشقی خوایی دا.

2-2-أ-2-2-2/ پێکهاتەی لێکدراو کە لە رواڵەتدا دوالیزمی دژیەك هەیە، لەسەر بنەمای لایەنی هونەری جوانکاری واتاییە:

2-2-أ-2-2-2-أ/ لەسەر بنەمای ڕۆچوون:

لێرەدا تەنها یەك جۆرمان ڕەچاوکردووە لە دوالیزمی لێکدراوی یاخود ڕۆنانی کە سەر بە لایەنی هونەری جوانکاری واتایی بێت کە ئەویش لەسەر بنەمای ڕۆچوونە.

وەك نموونەی هۆنراوە لە چوارچێوەی بنەمای ڕۆچووندا، مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

زین واقعه مدهوشم، باهوشم و بی هوشم

هم ناطق و خاموشم، هم لوح خموشانم[1]

واتە: من لەم واقیعە مەدهۆشم، هۆشیارێکی بێ هۆشم

هەروەها قسەکەرێکی بێ دەنگم و تابلۆی بێ دەنگانم

ئەم شێوازە دوو دەستەواژەی دوالیزمی دژیەکی تێدایە، کە شاعیر جگە لەوە لەڕووی ناوەڕۆكو واتاوە ڕۆچوونی زۆری تێدایە چونکە کۆبوونەوەی ئەو حاڵەتانە پێکەوە ناگونجێ، چونکە دوالیزمی دژیەکن، بەڵام لەڕووی هونەری دەربڕینەوە شاعیر کارامەیی خۆی سەلماندووەو ڕۆچوونیشی نیشانداوە.

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵێ:

هم خونم و هم شیرم، هم طفلم و هم پیرم

هم چاکرو هم میرم، هم اینم و هم آنم[2]

واتە: خوێنم و شیریشم، مناڵم و پیریشم

نۆکەرو میریشم، ئەم و ئەویشم

بەهەمان شێوەی هۆنراوەی سەرەوە ڕۆچوونی تێدایەو دوالیزمی دژیەکی دروستکردووە.

هەروەها مەولەوی تاوەگۆزیش دەڵێت:

---

[1] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی چ2، ل762.

[2] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی چ2، ل762.

بێ شەرتیش دۆسی، قارش وەفامەن

مەزەی قین لەزەت، جەفاش سەفامەن

ئەر هەرسات دەردێ دەردێو تەرچەنی

بەیۆ، ماچوون ئاخ پەی دەردێو هەنی[1]

قار: ڕقگرتن

واتە: من وا سەرمەست بووم لە بەڵای یار، بێ شەرتی ئەو لەلای من دۆستییە، ڕقی وەفایە، مەزەی قین گرتنی لەزەتە بۆم، سزاو ئازاری مایەی خۆشیمە...

هەموو ئەمانە پێکهاتەی لێکدراوی جیاجیان و لەهەمان کاتدا دوالیزمی دژیەکن، ئەمە جگە لەوەی شاعیر لە وەسفی خۆشەویستەکەیدا هێندە ڕۆچووە کە کارو کاردانەوەکانی ئاوەژووکردۆتەوە چونکە لە بەرامبەر (بێ شەرتیدا) مرۆڤ هەڵوێست و پەرچەکرداری دۆستی نییە یاخود بە دۆستایەتی وەریناگرێت. (قار) وەکو (وەفا) و (قین) وەکو (مەزەی لەزەت دار) و (جەفاش) بە (سەفا) مانا ناکرێت!!

لە دێڕی دووەمیشدا ئەگەرچی پڕاوپڕ بەڵگە نییە بۆ مەبەستەکەی ئێمە، ڕۆچوونەکەی دەگاتە ئاستێك کە دەڵێ: هەر تاوێ دەردێکم تووش ببی لەوەوەو دەردێکی تریشی لەگەڵ بێ، من هەر دەڵێم ئاخ بۆ دەردێکی تر...

2-2-ب/ ئەو پێکهاتەو ڕۆنانەی کە لە پێکهاتەی ڕووکاریاندا دژیەك بەدیناکرێت:

ئەم چەشنەش دەکرێتە دوو جۆر: ناوەڕۆکی و جوانناسی

2-2-ب-1/ دوالیزمی دژیەکی ناوەڕۆکی:

مەولانای ڕۆمی لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا دەڵێت:

من با تو حدیث بی زبان گویم	وز جمله حاضران نهان گویم
جز گوش تو نشنود حدیث من	هرچند میان، مردمان گویم[2]

حدیث: واتە گوتە، یاخود گوتن کە بە دەم و زمان دەگوترێت

بی زمان: واتە بێ زمان یاخود بەبێ زمان

حاضران: ئامادەبووان

نهان: شاراوە

---

[1] دیوانی مەولەوی، ل108.

[2] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، ج2، ل814.

(گوتەی بێ زمان) و (ئامادەی شاراوە) دوالیزمی دژیەکن، واتە هەر دەستەواژەیەکیان بگریت کە لە دوو وشەی لێکدراو پێکهاتووە دوالیزمی دژیەکی دروست کردووە، چۆن گوتە بێ زمان؟ چۆن ئامادەیە (واتە ئاشکراو بینراوە بۆیە ئامادەیە) بەڵام شاراوەیە؟!

بەگشتی واتای هۆنراوەکە: من لەگەڵ تۆدا گوتەو گوتنێکم دەبێت بێ زمان یاخود بەبێ زمان هەروەها ئەو گوتەیەت لە ناوجەرگەی ئامادەبووانی شاراوەدا پێ دەڵێم.

جگە لە گوێی تۆ کەس گوتەی من نابیستێ، ئەگەرچی لەناو خەڵکیدا پێت دەڵێم.

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵێ:

در غیب هست عودی، کاین عشق از اوست دودی

یک هست نیست رنگی، کز اوست هر وجودی[1]

واتە: لە جیهانی (غەیب) نەبینراودا داری عودێك هەیە کە دەسوتێت کە عیشقی ئەم جیهانە دەرئەنجامی دوکەڵی ئەوە، بوونێك هەیە کە بوونی نیە ڕەنگ (هەبووی نەبوو ڕەنگ یاخود بێ ڕەنگ) کە هەموو بوون لەوەوەیە.

(هست نیست رنگ) هەبووی نەبوو ڕەنگ، دوالیزمی دژیەکە.

مەولەوی تاوەگۆزی دەڵێت:

هام فەرد ناڵەی دڵ، سەیرانگە ستەم

هام دەرد دووی دەروون، خەم بەرکەر کۆی خەم[2]

واتە: هاوڕێم هاوارو ناڵەی دڵمە، ستەم سەیرانگەکە!!

دووکەڵی دەروونم (کە خۆی دەردو خەفەتە) هاودەردمە، کۆگای خەمو مەینەت خەفەت دەرکەری دڵمە!!

ئەم دوو نیوەدێڕە هۆنراوەیە لە چوار پێکهاتەی لێکدراو پێکهاتوون کە ئەگەر وەکو زاراوەو ڕووکاری دەرەکی دژیەك نەبن ئەوا لەڕووی ناوەڕۆکەوە هەریەکەیان پێکهاتەیەکی دوالیزمی دژیەکی دروست کردووە چونکە:

(هاوڕێ) ناوزەدی کەسێکی خۆشەویستە چۆن (ناڵەی دەروون) کە مایەی ئازارە خۆشەویستە؟!

(ستەم) دۆزەخێك دروست دەکات بۆ مرۆڤ چۆن دەبێتە (سەیرانگە)!؟

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل1308.

[2] دیوانی مەولەوی، ل179.

(دووی دەروون) خۆی دەردەکەیە چۆن دەبێتە هاودەرد؟!

(خەم بەرکەڕ) کە خەم ڕەوێنە چۆن خۆی دەبێتە مایەی کۆکردنەوەی خەم؟!

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵیٚ:

تەرسی بیٚ سامان زەحمەت جە لای من

جەوری دلبەرەن مەنیەی نە ڕای من[1]

(دڵبەڕ) یاخود خۆشەویست (ستەم)ی نییە، بەڵکو ئەوین و خۆشەویستی هەیە!!

2-2-ب-2/ دوالیزمی دژیەکی جوانناسی

دوالیزمی دژیەکی جوانناسی، بەپێی لایەنەکانی ڕەوانبێژی بەشێوەیەکی گشتی و سەرەکی دابەشدەبێت بەسەر دوو لایەنی: ڕوونبێژی و جوانکاری.

2-2-ب-2-1/ ڕوونبێژی:

ئەم جۆرەش لە دوالیزمی دژیەك کە لەسەر بنەمای لایەنی هونەری ڕوونبێژییە، دابەشدەبێت بۆ چوار جۆر، کە ئەمانەن:

2-2-ب-2-1-أ/ لەسەر بنەمای خواستن:

مەولانای ڕۆمی لە چوارچێوەی بنەمای خواستندا لە هۆنراوەیەکیدا دەڵێت:

یا چون صَدَف تشنه بگشاده دهان آید

تا قطره به خود گیرد در خویش گهر یابد[2]

صدف: گوێچکەماسی، سەدەفی ناو دەریا

تشنه: تینوو

گهر: گەوهەر، مرواری لەناو گوێچکەماسیدایە

واتە: یاخود وەك گوێچکەماسی تینوو کە بەردەوام دەمی ڕووەو ئاسمان کردووەتەوە تا دڵۆپەیەك باران بکەوێتە ناودەمی یاخود لە خۆی بگریٚ و بیکا بە مرواری و گەوهەر.

(صدف تشنه) واتە گوێچکەماسی تینوو، دوالیزمی دژیەکە چونکە چۆن بوونەوەرێکی ناو دەریا کە لەناو ئاودا بە تینوویی دەبێت، بەڵام لێرەدا (تینوو) لێخواستراوە بۆ (تاسەبوون)، تینوو تاسەی بەیەکگەیشتن کە کەسێك لە تاسەی چاوەڕوانیدایە وەك تینوو وایە.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل108.

[2] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، ج1، ل386.

تێبینی: لە بیروباوەڕی کۆنی ئێرانیەکاندا وازانراوە کە گوێچکەماسی ناو دەریا دڵۆپە بارانی ئاسمان دەگرێتە خۆی و دەیکاتە مرواری و گەوهەر.[1]

هەروەها مەولەوی تاوەگۆزیش دەڵێت:

قاڵبم بێ ڕۆح، ئەڕوام نەمەندەن

من دانی حەیات زیندەگیم کەندەن[2]

قاڵب: واتە چوارچێوە کە شتێکی تێدەخرێت بۆ ئەو مەبەستە دروست دەکرێت، لێرەدا وشەی (قاڵب) لێخواستراوە بۆ (لاشە) یاخود جەستە بەڵام (قاڵبی بێ ڕۆح) واتە چوارچێوەی بێ ناوەرۆك یاخود جەستەی بێ گیان، دوالیزمی دژیەکە.

واتە: چوارچێوەم، یاخود جەستەم ناوەڕۆك‌و کرۆکی نەماوەو گیانم نەماوە

من ددانەکانی ژیانم دەرهێناوەو نەمهێڵاوە.

تێبینی: ئەم جۆرە تەعبیرکردنەی کە (قاڵب) لاشەیەو (ناوەرۆك) ڕۆحە، زۆرجار لای مەولانای ڕۆمیش دەبینرێ کە مەولانای ڕۆمی لە هۆنراوەیەکی کورتی پڕماناد دەڵێ:

مرگ اگر مرد است آید پیش من　　　تا کشم خوش در کنارش تنگ تنگ

من از او جانی برم بی رنگ و بو　　　او ز من دلقی ستاند رنگ رنگ[3]

واتە: مردن ئەگەر ئازاو مەردە با بێت بۆلای من تا منیش وەك خۆی بیکوژم، من گیان (ڕۆح) لەو دەسێنم کە بێ ڕەنگ و بۆنە (واتە بە هەستەکان نابینرێت) بەڵام ئەو (واتە مردن کە دەمخاتە گۆڕەوە) تەنها زەرف‌و عەلاگەیەکم لێدەسێنێ کە ڕەنگاوڕەنگە وەك زرق‌و برقی دنیاو هیچ بەهای نییە.

دلق: واتە زەرف‌و عەلاگە کە شتی تێدەخەیت و بەبێ ئەوەی ناوی کە ڕۆحە هیچ بەهای نییە.

2-2-ب-2-1-ب/ لەسەر بنەمای لێچواندن:

لە چوارچێوەی هونەری لێچواندن‌و لەسەر ئەم بنەمایە، مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

خرمن آتش، گرفته صحن صحراهای عشق

گندم او آتشین و جان او پیمانه‌ای[4]

---

[1] محمد رضا شفیعی کدکنی، در عشق زنده بودن، ل318.

[2] دیوانی مەولەوی، ل44.

[3] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، ج1، ل685.

[4] سەرچاوەی پێشوو ج2، ل1268.

خرمنِ: خەرمان. کە ئاماژەیە بۆ زۆر، واتە بڕێکی زۆر، بەڵام خەرمان زیاتر بۆ دەغڵودانی دووراوەو خڕکراوە لە شوێنێکدا بەکاردەهێنرێت.

آتش: ئاگر

صحن: پانتایی

صحرای عشق: بیابانی عەشق

واتە: ئاگرێك کە وەك خەرمان وایە (خەرمانێك لە ئاگر)، پانتایی دەشتو بیابانی عەشقی گرتووە.

گەنمی ئەو ئاگرەو (گیان)یش پێوانەیەو دەفرێکە کە گەنمەکەی تێ بکرێت!

(خەرمانی ئاگرین) دوالیزمی دژیەکە چونکە (خەرمان) و (ئاگر) دژیەکن، بەڵام لێرەدا (خەرمان) بەواتای زۆرو بەرفراوان دێت واتە (خەرمان) لەوچووە چونکە دەڵێ: ئاگرێکە کە وەك خەرمان زۆرە.

مەولەوی تاوەگۆزیش لەم بارەیەوە دەڵێت:

بۆی گوڵاڵەی دەرد دڵبەر عەزیزەن

مەزەی تامی خەم یاران لەزیزەن[1]

واتە: دەردی دڵبەر، یاخود بۆنی دەردو نەخۆشی (کە خراپو پیسە) دڵبەرو خۆشەویست، وەکو بۆنی گوڵاڵە وایە کە خۆشیو شادی بەخشە، لێرەدا مەولەوی ئەم هەموو واتایەی لە پێکهاتەیەکی دوو وشەییدا کۆکردووەتەوە کە (گوڵاڵەی دەرد)ە، لەهەمان کاتدا لەڕووی هونەرییەوە دوالیزمێکی دژیەکی جوانی دروستکردووە.

هەروەها دەڵێ: (خەم) ئەگەر هی یاران بێت ئەوا مەزەو تامی خۆشە (مەزەی تامی خەم) کە ئەمەشیان دژیەك بوونی تێدایە بەڵام ئێمە زیاتر (گوڵاڵەی دەرد)مان مەبەستە.

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵێ:

نە تۆی جامەی خاك حاڵاتش چۆن بۆ

دەك چەرخە بەختت هەر نیلگوون بۆ[2]

---

[1] دیوانی مەولەوی، ل72.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل429.

واتە: ئاخۆ ئەو خانمە کە هێندە ناسك بوو و بەناز پەروەردە کرابوو، بەجۆرێك کە لە پەڕەی ئاوریشم تەرێزی ئەکرد، ئاخۆ ئێستا حاڵی لەناو (کراسی خاك)و خۆڵا چۆن بێ، دەك چەرخی فەڵەك خوا هەمیشە بەختت تاریك کا وا ئەم پەنەت دا.

(جامە) واتە (کراس) (جامەی خاك) واتە قەبرو خاك کە وەکو بەرگو کراسی لێهاتووە بۆی (خاكو کراس) دوالیزمێکی دژیەکی جوانی دروست کردووە.

2-2-ب-2-1-ج/ لەسەر بنەمای درکە:

مەولانای ڕۆمی لە هۆنراوەیەکیدا کە لەسەر بنەمای درکەیە، دەڵێت:

از شاهِ بی آغازْ من پرّان شدم چون باز من

تا جغدِطوطی خوار را در دِیرِ ویران بشکنم[1]

جغد: واتە کوندەپەپوو، کە ڕەمزو درکەیە بۆ شوومی و وێرانی.

طوطی: واتە باڵندەی تووتی کە جوانە لە شوێن ئاوەدانو دارستانی چڕی سەوزدا دەژی.

واتە: لەلایەن ئەو پادشایەوە کە سەرەتایەك نییە بۆ دەسەڵاتی، هاتووم هەروەك باز تا ئەو کوندەپەپووەی کە تووتی دەخوات، لەم شوێنە وێرانەیە نەهێڵم.

(جغد طوطی خوار)، کوندەپەپووی تووتی خۆر، دوالیزمی دژیەکەو لێکدراوەو پێکهاتووە لە (کوندەپەپوو) و (تووتی) کە دژن. هەروەها (جغد) کوندەپەپوو (درکە)یە بۆ شوومی وێرانەیی و (تووتی) دەخوات کە تووتی لە هەر شوێنێك بێت نیشانەی ئاوەدانییە.

مەولەوی تاوەگۆزیش لەم چوارچێوەیەدا دەڵێت:

ئوستادی تەعلیم دەرسی مەجنوونیم

دەسگیری ڕاگەی سەختی و زەبوونیم[2]

مەجنون: وەك واتا واتە (شێت) بەڵام بووەتە (درکە) بۆ (عاشق) بوونو کەسی عاشق.

دەرس: واتە (وانە) و زانستو زانیاری کە ئەمەش بۆ کەسی ژیرو عاقڵ دەبێت.

(دەرسی مەجنوونیم) (وانەی شێتیم) لێرەدا مەبەستی (وانەی عاشق بوون و عیشقە).

(دەرس) و (مەجنوونی) پێکەوە دوالیزمی دژیەکیان دروستکردووە ئەگەر بوترایە (دەرسی عاشق) ئەوا دژیەك بوون نەدەبوو.

واتە: ئەی مامۆستایەك کە دەرسی عەشقت فێرکردم...

---

[1] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، چ2، ل704.

[2] دیوانی مەولەوی، ل272.

له هۆنراوەیەکی تردا دەڵێ:

بولبولی گوڵشەن بێ نام و نەنگی

تە زەروی سەر سەرو باغچەی بێ ڕەنگی[1]

هەرشتێك کە بوونی ماددی هەبێت ناتوانێت (بێ ڕەنگ) بێت، هەرچۆن بێت ڕەنگێکی هەیە بەتایبەتی (باغچە)، بەڵام (بێ رەنگی) لە فەرهەنگی متصوفەو عارفاندا واتە: دامەزراوی‌و نەگۆڕاوی‌و ئیستیقامەت کە لێرەدا وەکو (درکە)یەك بە واتا عارفانەکەی هاتووە.

(باغچەی بێ ڕەنگی) پێکهاتەیەکی لێکدراوە کە دوالیزمی دژیەکی دروستکردووە.

واتە: تۆ وەکو بولبولی باخی بێ ناویت و بێ باکیت لە هەموو جیهان هەروەها وەك تەزەروی سەرچڵی باغچەی بێڕەنگیت.

تێبینی: مەولانای ڕۆمیش دەستەواژەی (بی رنگی) بەکارهێناوە کە بەواتای (سپی) بوون و ڕەنگ نەگۆڕان‌و پایەداری دێت، کە دەڵێت:

رنگ بی رنگی ست، از رخسار عاشق آن صفا

آن وفاو آن صفاو لطف خوش رخسار تو؟[2]

2-2-ب-2-1-د/ لەسەر بنەمای خوازە:

لە هونەری خوازەدا بۆ بەکارهێنانی وەك دەربڕینی دژیەك‌و لەو چوارچێوەو بابەتەدا، مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

ور زان کە رَوی، مرو تو باخویش

درپوش نشان بی نشانی[3]

واتە: تۆ کە هەر دەڕۆی‌و بڕیارت داوە بڕۆی، تۆ لەگەڵ خۆتدا مەڕۆو خۆت مەبە! ئەو پۆشاکە دەرکە کە بووەتە شوناست، ئەویش نیشانەی بێ نیشانیە.

نشان: نیشانە، شتێك کە کەسێکی پێ بناسرێتەوە.

بی نیشانی: بێنیشانەیی، خوازەیە بۆ سادەی‌و خاکی بوون.

نیشانەی بێ نیشانی، دوالیزمی دژیەکی دروستکردووە.

هەر لەم بارەیەوە مەولەوی تاوەگۆزیش دەڵێت:

پەی کەسێ خاسەن ئەوەڵ دەردش بۆ

ئیبتیدای خێزیای دوودی سەردش بۆ[4]

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل104.

[2] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، ج2، ل1098.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ج2، ل1261.

[4] دیوانی مەولەوی، ل366.

خێزیا: هەڵسان، بەرزبوونەوە

دوود: دوکەڵ

سەرد: سارد

لە بنەڕەتدا دەگوترێت (هەناسەی سارد) بەڵام مەولەوی لەم هۆنراوەیەدا دەڵێت (دوکەڵی سارد)... (دوکەڵ) خوازراوە بۆ (هەناسە) و لە بنەڕەتدا چەمکی دوکەڵ وێنەی ئاگرو گەرمیی لە زەینماندا دروست دەکات. (دوودی سەرد) واتە دوکەڵی سارد، ئەمە دوالیزمی دژیەکە چونکە (دوکەڵ) دەرئەنجامی گەرماو ئاگرە نەك (سارد)ی.

واتە: ئارەزووکردنی وەنەوشە بۆ کەسێك باشە کە سەرەتای دەردەداربوون و هەڵسانی دوکەڵی هەناسەی ساردی بێت.

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵێ:

مەسقەڵچی سەواد ئایینەکەی دڵ

غەواسی دانەی دەریاچەی موشکڵ[1]

مەسقەڵچی: سپیکەرەوە، (خوازە)یە بۆ کەسێك کە کاری پاککردنەوە بکات.

سەواد: ڕەشایی.

(مەسقەڵچی سەواد) سپیکەرەوەی ڕەشایی، ئەمە دوالیزمی دژیەکە چونکە (سپی و ڕەش) هاتووە بەڵام (سپیکەرەوەی ڕەشی) پێکهاتەیەکی لێکدراوی دوالیزمی دژیەکە.

واتە: سپیکەرەوەی ڕەشایی ئاوێنەی دڵ، دەرهێنەری گەوهەری مانا لە زانستی ئاڵۆزدا.

2-2-ب-2-2/ **جوانکاری**

ئەو جۆرە لە دوالیزمی دژیەك کە لەسەر بنەمای لایەنی هونەری جوانکاری واتاییە:

لێرەشدا تەنها یەك جۆرمان ڕەچاوکرد لە دوالیزمی لێکدراوی یاخود ڕۆنانی کە سەر بە لایەنی هونەری جوانکاری واتایی بێت کە ئەویش بریتییە لە:

2-2-ب-2-2-أ/ **لەسەر بنەمای فرەواتایی:**

لە چوارچێوەی بنەمای فرەواتاییداو بەکارهێنانی وەك دژەیەکێك، مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

ای آن که بزادیت چو در مرگ رسیدید

این زادن ثانی ست، بزایید، بزایید[2]

---

[1] دیوانی مەولەوی، ل273.

[2] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، چ2، ل701.

زادنِ ثانی: واته لەدایکبوونی دووەم، وەك لە هۆنراوەکەی مەولەوی تاوەگۆزیشدا ڕوونمان کردووەتەوە، (زادن) بە دوو واتا دێت ئەگەر بەواتای (لەدایکبوون) بێت واتە هاتنە جیهان، ئەوا مرۆڤ تەنها یەکجار لەدایکدەبێتو لەڕووی لۆژیکییەوە ناگونجێت مرۆڤ لەدایکبوونی دووەمی هەبێت، بەڵام لای عارفو سۆفیەکان (زادن) لەدایکبوون بە واتای خۆدۆزینەوەو پەی بردنە بە حەقیقەتی خواییو دەرئەنجام خۆناسینو خواناسین.

لێرەدا (لەدایکبوونی دووەم) ئەگەر بەواتای یەکەم وەربگرین، ئەوا دوالیزمی دژیەکەو هەردوو وشەکانی لەدایکبوونو دووەم، دوالیزمێکی دژیەکی لێکدراویان دروستکردووە.

واتای گشتی هۆنراوەکە: ئەی ئەو کەسەی کە پاش لەدایکبوونت بە مەرگ دەگەیت، واتە لەدایکبوونی سروشتی بەڵام (مەرگ) مەبەستی لە مردنی ئاشکراو چوونە ناو گۆڕ نییە بەڵکو مردنی ئارەزوومەندانەی (عارف باللە) یە کە پێویستە هەموو پابەندییە دونیاییەکانیو هەوەسە مرۆڤینەکانی بمرێنێت.... بۆیە دواتر دەڵێت: ئەم مردنەتان لەدایکبوونی دووەمە لەدایکبن، لەدایکبن.

لە فەرموودەی قودسیدا هاتووە کە: "لن یلج ملکوت السموات والارض من لم یولد مرتین" هەرکەسێك دووجار لەدایکنەبێت پلەکانی مەلەکوتی ئاسمانو زەوی نابڕێت، واتە ڕاستیەکانی بوون نازانێت مەگەر لەدایکبوونی دووبارەی هەبێت.

ئەم دەربڕینە لای فەیلەسوفێکی وەکو ئەرسطوش هاتووە کە ئەو بە (فطرت ثانی) سروشتی دووەم ناوی دەبات، کە مەبەستی ئەوەیە: تێپەڕاندنی نەریتو باوو مردن لە مەسەلە (معمول)یەکانو گەیشتن بە مەعقولی دووەم[1].

مەولانای ڕۆمی ئەم دەربڕینەی لە زۆر هۆنراوەدا بەکارهێناوە بۆنمونە:

زاده اولم بشد زاده عشقم این نفس

من ز خودم زیادم، زان که دوبار زاده ام[2]

واتە: لەدایکبوونی یەکەمم تێپەڕاندوو ئێستاو ئەم ساتە لەدایکبوونی عەشقم.

من لە خۆم زیادەم چونکە دووبارە لەدایکبووم.

هەروەها دەڵێت:

مانند طفلی در شکم، من پرورش دارم ز خون

یک بار زاید آدمی من بارها زاییده‌ام[3]

---

[1] کریم فیضی، شعاع شمس، ج2، ل237.

[2] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، ج2، ل729.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ج2، ل701.

واتە: هەروەك منداڵێکی ناوسکی دایکی، من بە خوێن پەروەردەکراوم، مرۆڤ یەك جار لەدایکدەبێت من چەندین جار لەدایکبووم.

هەروەها دەڵێت:

صد بار جان بدادم وز پای درفتادم

بار دگر بزادم، چون بانگ تو شنودم[1]

واتە: سەدان جار گیانم داو مردم، جارێکی تر لەدایکبوومەوە چونکە بانگی تۆم گوێ لێ بوو.

تێبینی: جێگای ئاماژەپێکردنە، هەمان دەربڕینی مەولانای ڕۆمی (تولد ثاني) یاخود (زادنی ثاني) بەهەمان شێوەو ماناو بۆ هەمان مەبەستی هونەری لای مەولەوی تاوەگۆزی بەکارهاتووە، کە لەو دەستەواژەیەی (تەوەللود دوبارە) بەکاردەهێنێت وەك ئاماژەی پێدەکەین.

مەولەوی تاوەگۆزیش دەڵێت:

هەرکەس تەوەللود دووبارەش نییەن

ئەڵبەت سەعادەت ستارەش نییە[2]

(تەوەللود دووبارە) لەدایکبوونی دووبارە، یاخود دووبارە لەدایکبوون.

(لەدایکبوون) ئەگەر بە واتای هاتنە ژیانو جیهان بێت ئەوا لەگەڵ (دووبارە) بووندا ناگونجێو سروشتی ژیان و لۆژیکی عەقڵ قبوڵی ناکات، بەڵام ئەگەر بەمانا عیرفانیەکەی وەریگرین (کە بەواتای خۆدۆزینەوەو پەی بردن بە حەقیقەتی ژیانو بوون، کە ئەمە لای عارفەکان بە لەدایکبوونی ڕاستی ناودەبرێت) ئەوا هیچ دژیەك بوونو نەگونجانێکی تێدا نامێنێ.

کەواتە (تەوەللود) بەواتای (لەدایکبوون) بە دوو واتا دێت کە ئەگەر بە واتایەکیان وەریگرین ئەوا دوالیزمی دژیەك دروست دەکات لەگەڵ (دووبارە)دا چونکە پێکهاتەیەکی لێکدراوە کە پێکەوە واتایان دژ دێتەوە.

[1] غزلیات شمس تبریز، گزینش و تفسیر محمد رضا شفیعی کدکنی، چ2، ل885.

[2] دیوانی مەولەوی، ل295.

بەشی سێیەم

دوالیزمی دژیەکی
شیعری مەولاناو مەولەوی
لەڕوانگەی ئیستێتیکییەوە

3/ دوالیزمی دژیەکی شیعری مەولاناو مەولەوی لەڕوانگەی ئیستێتیکییەوە

ئەگەرچی لە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئاماژەمان دا بەوەی کە (دوالیزمی دژیەك) هونەرێکی ڕازاندنەوەی دەربڕینەو دەستپێکی بوونی لە چوارچێوەی هونەری ڕەوانبێژیدا بووە کە دەرئەنجام ڕازاندنەوەو جوانکاری لە دەقدا دوا وێستگەو ئامانجیەتی، بەڵام لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەدا (ئیستێتیکا) دەکەینە زەمینەو خولگەی بەدواداچوونی بابەتی دوالیزمی دژیەك بە هیوای نیشاندانی لایەنە ئیستێتیکایەکانی ئەم هونەرە.

سەرەتا پێویستە ئەگەر بەکورتی و ڕاگوزەرانەش بێت ئاماژەیەکی کورت بدەین بە پێناسەو بابەتو بەگشتی سروشتی بابەتی ئیستێتیکا، پاشان پەیوەست بە هونەری دەربڕینو بابەتی عیرفانیانەی مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزییەوە لە دیدی ئیستێتیکاوە بدوێین.

3-1/ ئیستێتیکا، پێناسە و بابەت و سروشتی:

هیگڵ دەربارەی یەکێك لە بابەتەکانی فەلسەفە بە هەق جوانی نووسیوە: "ناتوانین پێشەکی دەربارەی لۆجیك بدوێین، کە ئاوایە، تەنیا لە داڕشتنو ڕانانیدا زانیاری دەربارەی پەیدا دەبێ" لە ئیستێتیکاشدا هەروەهایە، هێڵکاری تەواوی سنووری ئەم زانستە تەنیا بە داڕشتنی بەرفراوانی زانستەکە دەکرێ"[1].

لەم ڕوانگەیەوە، پێناسەکردن و چوارچێوە بۆ کێشانی وەك بابەتێك کارێکی ئاسان نییەو سەختە، چونکە: "مێژووی ئیستێتیکا بۆ چەندەها سەدە لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. لە ڕەوتی گەشەسەندنی ئەم زانستەدا نەك هەر ڕوانگە ئیستێتیکیەکان، بەڵکو کێشەو پرسیارەکانیش، هەروەها بابەتو ئەرکەکانیشی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە..."[2].

لەڕووی باسو بابەتەکانیشییەوە: "بابەتی ئیستێتیکا هەموو جیهان دەگرێتەوە، ئەگەر لە گۆشە نیگای بایەخ، نرخی دیاردەکەوە بۆ مرۆڤایەتی سەیری بکەین"[3].

ئیستێتیکا- زانستێکە دەربارەی جەوهەری مەرجداری مێژوویی بەها گشتییە مرۆڤایەتییەکان: هێنانەکایەیان، پەسندکردنیان، نرخاندنو ڕۆشنکردنەوەیان. ئەمە زانستێکی فەلسەفییە دەربارەی پرینسیپە هەرە گشتییەکانی ڕوونکردنەوەی جیهان بە یاساو ڕێساکانی جوانی لە پرۆسەی کارو چالاکیی مرۆڤدا، لەپێش هەموو شتێکیشەوە لە هونەردا کە شێواز

[1] کەرەسەی کۆرسی دووەمی دکتۆرا بۆ خوێندکارانی ئەدەب (2011 – 2012ز) بەشی کوردی، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، کە بەشێکە لە کتێبی (ئیستێتیکا)ی (یوری بۆریڤ) کە بەزمانی ڕووسی نوسراوەو لە مۆسکۆ ساڵی 1981 چاپی سێهەمی بۆکراوەو لەلایەن (ئەنوەر قادر محەمەد)ەوە وەرگێڕدراوەو ئامادەکراوە وەك کەرەسەو بابەتی کۆرس. ل5.

[2] سەرچاوەی پێشوو.

[3] سەرچاوەی پێشوو.

دەگـــرێ‌و دەخـــەملێ‌و بـــەهێزدەبێ‌و دەگاتـــە لووتکـــەی کـــامڵبوونی ئەنجامـــەکانی ئـــەو جـــۆرە ڕۆشنکردنەوەیەی جیهان.

سرووشتی ئیستێتیکی و شێوازی جیای لە واقیع‌و لە هونەردا، پرینسیپەکانی پەیوەندیی ئیستێتیکیی مرۆڤ لەگەڵ جیهان، جەوهەرو یاساو ڕێساکانی هونەر- ئەمانەن مەسەلە بنەڕەتییەکانی ئەم زانستە. ئەم زانستە سیستێمی ڕوانگەی ئیستێتیکیی کۆمەڵ دەردەبڕێ، ئەوانەی کە جێ پەنجەی خۆیان بە ڕووخساری مادی‌و گیانیی چالاکیی خەڵکەوە دەنەخشێنن.

ئیستێتیکا بۆ هونەرمەند پێویستە. ڕاستییەکەشی ڕەنگە هونەرمەند بەشێوەیەکی چالاك یاساکانی بەکاربهێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەی تیۆری نەیزانێ...

ئیستێتیکا تەنیا بۆ ئەو هونەرمەندە پێویست نییە کە نیگاری تابلۆیەکی کێشاوە، تەنانەت بۆ بەرگدروویەك، کە جل‌وبەرگ دەدوورێ، بۆ دارتاشێك کە دۆڵابێك دروستدەکات، هەروەها بۆ ئەو ئەندازیارەی ئۆتۆمبیلێك دروستدەکات، بۆ ئەمانیش جیهان هەر بەیاساو ڕێساکانی جوانی دابین‌و مسۆگەر دەکرێ. ئیستێتیکا تێکەڵی کار و بوون، هۆشیاریی مرۆڤی ئەم سەردەمە دەبێ، ئەو (گیانی) داهێنانەی تێدا دەخەملێنێ، کە سەرەتاکانی (مرۆڤایەتی) دامەزراندووە.

ئیستێتیکا بۆ ئەو خەڵکەش پێویستە کە (چێژ) لە هونەر وەردەگرن- جەماوەری خوێنەر، بینەرو گوێگر...

بێگومان وەك ئاماژەمان پێداوە (ئیستێتیکا) هێندەی بەرفراوانی مێژوو و بە پانتایی شوناسە جیاوازەکانی مەعریفە، یاخود بەکورتی لەڕوانگەی هەر ترادسیۆنێکەوە، شوناسی خۆی هەیە. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێویستە ئەوەمان لەیاد نەچێت کە باس لە هونەرێکی دەربڕینی شیعری عیرفانی دەکەین، بۆیە پێویستە دووربکەوینەوە لە شوناسە مۆدێرنەکەی ئیستێتیکاو دیدو ڕوانگە کلاسیکی‌و عیرفانیەکان بخەینە ڕوو کە ئەنوەر قادر لە بابەتەکەیدا (ناوی پارادیگمی ڕەنگدانەوەی یەزدان (یان بیری ڕەها)ی، لێناوە لە شت و دیاردە کۆنکرێتییەکاندا، وەك یەکەمین جۆری پارادیگمی تیۆریی بەدەستهێنانی جوانی[1].

3-1-أ/ پارادیگمی ڕەنگدانەوەی یەزدانی و (مکاشفە) یاخود عیرفانی بۆ ئیستێتیکا (ئەفلوتین وەك سەرەتاو نمونەیەك):

بابەتی (ئیستێتیکا چییە؟)، یەکێك بووە لەو پرسیارە بنەڕەتیانەی کە بەردەوام ئەفلاتون عەودالی بووە، بۆیە بەردەوام بەدوای جوانی سەرەکی یاخود بنەڕەتیدا گەڕاوە. واتە ئەو شتەی کە لە خۆیدا جوانەو سەرچاوەی جوانیەکانە، بۆیە جارێك پەیوەستی دەکاتەوە بە (چاکە) وەو

[1] بڕوانە: یۆری بۆریڤ، ئیستێتیکا، سەرچاوەی پێشوو، ل35.

جارێکیش بە (عیشق)ەوە تا دواجار ڕای وایە، بەو جۆرە نییە کە جوانی جارێك یاخود لە گۆشە نیگایەکەوە جوان بێتو جارێکیتر یاخود لە گۆشە نیگایەکی دیکەوە جوان نەبێت، واتە نیسبی نییە، بەڵکو ڕەهایە "شتێکە لە خۆی داو بۆ خۆی کە بەردەوام بەوجۆرە دەمێنێتەوەو گۆڕانکاری وەرناگرێت و هەموو شتە جوانەکانی دیکە تەنها لەبەرئەوە جوانن کە بەهرەیەکیان لە جوانی ئەو وەرگرتووە...."[1]، ئەمەش بێگومان دیدێکی ئایدیالیستیە بۆ جوانی.

ئەگەرچی دواتر ئەرەستۆش لە زۆر ڕوانگەوە هاوڕایە لەگەڵ ئەفلاتوندا، لە تێڕوانینیان بۆ ئیستێتیکا، بەڵام لەهەمان کاتدا تایبەتمەندیو جیاوازیش هەیە. ئەرەستۆ بیری لە کاریگەریەکانی تاکەکەسیو دەروونی هونەر دەکردەوەو وەك هاوواتای (کاتارسیس) واتە پاککردنەوەو دەروون پاکژکردنەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکر کاتارسیس لای ئەرستۆ بەو واتایە بوو کە هونەر گیانو ڕۆحی مرۆڤ پاکژ دەکاتەوەو خراپەی لێ دووردەخاتەوە. بە زمانی عارفەکان، هونەر دەبێتە هۆکاری (تزکیة النفس) پاککردنەوەی دەروون. ئەم تێڕوانینە پڕ لە ستایشە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەرەستۆ نەك تەنها لە هونەری (فاسد) و کاریگەری وێرانکاری ئەو بدوێت، بەڵکو باسی هونەر بکات وەك هۆکارێکی پێشکەوتنو سازگاری ڕۆح[2].

ئەم دیدو تێڕوانینە بۆ ئیستێتیکا، لای ئەفلوتین زیاتر دیدێکی عارفانەو (مکاشفە)یی وەرگرتو لە کتێبەکەیدا بەناوی (انئادها) کە چەندین بابەتی جۆراوجۆری لەبارەی مێژووی فەلسەفە وروژاندو هەندێك لەو بابەتانە کاریگەری قوڵی هەبوو بۆ سەر عیرفانی ئیسلامی، لە پەیامی شەشەمی (انئاد)ی یەکەمدا باس لە جوانی دەکات. هەروەها لە پەیامی هەشتەمی (انئاد)ی پێنجەمدا لەبارەی جوانی مەعقول یاخود هەست پێ کراو دەدوێت[3].

ئەفلوتین پاش ئەوەی پرسیار لەوەدەکات کە هۆکاری جوانی چییە؟ وەڵام دەداتەوە کە ڕۆح یاخود گیانی ئێمە "بەپێی سروشتی خۆی پەیوەستە بە جیهانی مەعقول و بوونی حەقیقی"[4]، کەواتە هەرکاتێك لەگەڵ شتێکدا ڕووبەڕووببێتەوە کە ئاشنای ئەو بێت ئەوا پێی شادومان دەبێت "دەکەوێتە بزوان و بەئاگا دێتەوە لە پەیوەندی ئەو شتە لەگەڵ خودی خۆیدا، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ خۆیو خودی خۆیو ئەو شتەش کە بەشێکە لە خۆی دەهێنێتەوە یا."[5]. کەواتە بابەتەکە لێرەدا ئەمەیە، کە لەنێوان شتە جوانە هەستپێکراوو جوانە مەعقولەکاندا چ لێکچوونێك هەیە؟ (ئەفلۆتین) وەڵام دەداتەوە کە جوانی شتە هەستپێکراوەکان سەرچاوەی لەو بەهرەوەیە کە ئەو

---

[1] بابك احمدی، هقیقت و زیبایی، (مدارس های فلسفه هنر)، نشر مرکز – تهران، چاپ بیستم، 1390 هـ.ش. بڕوانە لاپەڕەکانی 50 – 57.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل64.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل69.

[4] فلوطین، دوره آثار، برگردان م.ح.لطفی، انتشارات مرکز – تهران، 1366 هـ.ش. ل112.

[5] سەرچاوەی پێشوو، ل113.

شتانە لە ئایدیای جوانیەوە وەریانگرتووە، "جەستەی جوان لەڕێگەی بەهرە وەرگرتنەوەیە لە هێزێکی وێنە بەخش کە لە وێنەی خواییەوە دێتو بوون پەیدا دەکات"[1]، ئەمە سەبارەت بە جوانی هەستپێکراو، بەڵام جۆرێکیتر لە جوانی هەیە کە هەستەکانی ئێمە پەی پێ نابات، واتە بە چاوی بینراو گوێی بیستن، ناکرێت پەی پێ بەرین. ئەمە جوانی حەقیقی و واتایی (معنوی) ڕۆحانیە. لێرەوەیە کە ئەفلۆتین دەگاتە ئەو خاڵو دەرئەنجامەی کە جوانی بەندو پەیوەستە بە ڕۆحی مرۆڤەوە، ئەوە (ناشیرینی)یە کە زیاد دەکرێت بۆ (ڕۆح) ئالودەی دەکات. جوانی هەمان ژیانی ڕاستی ڕۆحەو گیانی مرۆڤ ئەگەر بەتەنها بێت ئەوا لە ناشیرینیەکان قوتار دەبێت. هەربۆیە هەموو فەزیلەتێك حوکمی پاك کردنەوەی هەیە.

لە بەشی شەشەمی هەمان پەیامدا، چەمکی (چاکە) وەك هاوواتای (جوانی) دێتە پێشەوە: "جوانی و چاکە وەك یەکن"[2]، لێرەوە ئەرکی ئەخلاقی و لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین ئەرکێکی (عیرفانی)مان لە ئەستۆو لەبەردەمدایە. بۆ گەیشتن بە چاکەو جوانی پێویستە ڕوو لە (جوانی ڕەها) بکەینو ببینە (سالك) دەروێشو ڕێبواری ڕێگەی برینو پەی پێ بردنی ناخو دەروونی خۆمانو بەچاوی (باطن) سەیری جیهانو (بوون) بکەین. ڕۆح ئەگەر خۆی جوان نەکات ناتوانێت جوانی ببینێت[3]. ئەم پلە عیرفانیە دوانگەی ئێمەیە بۆ بابەتی جوانیو ئێمە لەم جیهانەدا دیدگای جوانیمان دەخەینە ڕوو.

3-1-ب/ بنەمای ئەزموونی ئیستێتیکایی لای مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزی:

لە سەرەتای ئەم بەشەدا پاش ئەوەی باسی سروشتی ئیستێتیکامان کرد، دواتر ئاماژەماندا بە جۆرێك لە پارادیگماکان کە پارادیگمای ڕەنگدانەوەی یەزدانی و (مکاشفە)یە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم باس لەو بنەما سەرەکیانە بکەم کە بووەتە بناغەی ئەزموونی ئیستێتیکایی لای مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزی، ئەم پێشەکیانەش وەك دەروازەیەك بۆ خستنەڕووی (دوالیزمی دژیەك) وەك هونەرێکی دەربڕینی جوان بۆ شیعری عیرفانی کە ڕێچکەی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە.

لەهەمان کاتدا پێویستە ئەو ڕاستیەش بخەینە ڕوو کە هەریەك لە مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزی خاوەنی ئەزموونی ئیستێتیکایی خۆیانن و هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، چ وەك هەندێك جیهانبینیو لایەنی بیرکردنەوەو تایبەتمەندیەتی عیرفانی چ وەك هونەری دەربڕینی شیعری، بەڵام لەهەمان کاتدا جگە لەوەی بەگشتی لێکچوونی زۆر لەنێوانیاندا هەیە، لە

[1] فلوطین، دوره آثار، ل114.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل117.
[3] بابك احمدی، هقیقت و زیبایی، بڕوانە لاپەڕەکانی 70 – 75.

ئەزموونی ئیستێتیکایشدا بنەماو زەمینەی هاوبەش‌و بەرفراوان هەیە کە هاوشێوەیی دەداتە ئەزموونەکەیان.

توێژەرێکی ئەم بوارە دەڵێ: "جوانناسی یاخود جوانبینی و جوانی لەڕاستیدا جۆرە دیدو تێڕوانینێکە کە لە ناخی ئاین پەروەری‌و ئەزموونی عیرفانیەوە سەرهەڵدەدات"[1]. تێڕوانینی مەولاناو مەولەوی لەم بارەوە، دەربڕینی ئەزموونێکی کارەکی‌و ڕەفتاری و دەروونی ئەوانە. لەم جۆرە ئەزموونەی جوانناسی مەولاناو مەولەوی دا (خوا) تەنها لەسەرەوەی (جوانی ڕەها) یاخود (حسن مطلق)دا نییە، بەڵکو (جوانی) هەنگاوی یەکەمی (عیشق)ەو، (عیشق)یش گرنگترین پەیامی عیرفانیەو کەسی عارفیش (جوان) بینینی (خوا) لەناو دڵی ئەزموونی عاشقانەی خۆیدا بەدی‌و بەرجەستە دەکات. تەنها پەی بردن بە (جلوە) خۆ نمایان کردنی خۆشەویستی خوایی، کە لە ڕاستیدا دەرئەنجامی ئەزموونێکی عیشقی گەورەیە، ڕێنمایی (عاشق) دەکات بۆ پەی بردن بە پلەکانی جوانیی یەزدانی. ئەگەر دیاریکردنی جوانناسی‌و جوانی لە دیدی دوو عارف‌و عاشقی وەك مەولاناو مەولەویەوە وەك بابەتێکی دەروونی گرنگی و بایەخی هەبێت، بەهۆی ئەوەیە کە (عشق) ئەزموونێکی کەسی‌و کاردانەوەیەکی دەروونیە.

لەم ڕوانگەوە لە ئەزموونی مەولاناو مەولەویدا، جوانی بەر لە لێکدانەوەی وەك دەرکەوتەیەکی دەرەکی، لە دیدی چۆنیەتی پەی پێ بردنی خودی مرۆڤەکانەوە مایەی هەڵوێستە لەسەرکردن‌و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەیە، ئەمەش هەمان چەمکی ڕێژەیی بوونە لە پەی بردندا بۆ ناشیرینی‌و جوانی. لێرەدا گریمانەو ڕاستی ئەوە بەرچاو دەکەوێت کە ناشیرینترین‌و دزێوترین دیاردەش ڕاڤەی جوانی بۆ بکرێت، ئەمە دیدی دەروونی عارفێکە کە ناخی پڕە لە جوانی‌و وێنای جوان بینانە بۆ دەرەوەی خۆی و هەرئەمەش بنەڕەتی دیدو هەڵوێستی عیرفانی‌و عارفانەیە کە دەرئەنجام ئەفراندنی جۆرە دوالیزمێکی دژیەکی لێوانلێوە لە جوانی.

بەشێوەیەکی گشتی، جیهانی ئەزموونە مەعنەویەکان، مرۆڤ کەمەندکێش دەکات بۆ یەکبوون‌و یەکگرتن لەگەڵ بابەتە ئەزموون کراوەکەدا. لە باڵاترین نمونەی ئەم ئەزموونانەش ئەزموونی (عیشق)ە، قسەکردن لە بابەتی یەکبوونی عیشق و عاشق، بابەتێکی نوێ نییە، عارفەکان هەر لە کۆنەوە لێی دواون[2].

ئەوەی لێرەدا مەبەست‌و بابەتی ئێمەیە، ئەزموونی عیشقی و یەکبوونی عیرفانیە لای مەولاناو مەولەوی کە دەرئەنجام سەری لە ئەزموونێکی ئیستێتیکاییەوە دەرکردووەو دواتریش ئەدەبیاتێکی پڕ لە دەربڕین‌و واتای جوانی لێ کەوتووەتەوە.

---

[1] عبدالحسين زرين كوپ، پله پله تا ملاقات خدا، انتشارات علمى – تهران، چاپ ششم، 1373هـ.ش. ل58.

[2] مژده احمد زاده. تحليل تجربهٔ زيبانگرى در مولوى، فصلنامه پژوهشهاى ادبى، شماره 4، تابستان 1383 هـ.ش.

لەمبارەوە سەبارەت بە مەولانا، دەوترێت: "ئەزموونی عیشقی لای مەولانا هێندە بڵندو قووڵە کە ئەو یەکبوون لەگەڵ مەعشوقەکەیدا (شەمسی تەبرێزی) بە واقیع ئەزموون دەکات، لای مەولانا گەیشتن بە هەستکردن بە (وحدت) ئیتر چ (وحدت شهودی) کە بە مانای دیدارو بینین دێت، یاخود (وحدت وجودی) کە هەستکردنە بەو بۆشاییەی کە زاڵە بەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوەی مەولانادا، بەگشتی گەیشتن بە پلەی یەکیەتی و یەکبوون..."[1].

سەبارەت بە مەولەویش ئەنوەر قادر دەڵێت: "مەولەوی جاروبار ماریفەتو داب‌و ڕەوشتی تەریقەتی نەقشبەندیو چەمکی خۆشەویستی سۆفیانەی وەکو یەکگرتنو توانەوە لە جوانی نەمردا، بەشێوەیەکی تر پەرەپێدەداو لایەنو بیری سۆفییەتەکەی دەخاتە چوارچێوەیەکی ترەوەو ناوەڕۆکێکی دیاریکراوی ژیانمان بۆ بەبەردا دەکات"[2].

لەڕاستیدا: "هیچ وەسپێکی تر بە هێندەی (وحدت)، جوانبینی ناکێشێتە ناو ئەزموونە قوڵەکانی دەروونەوە"[3].

"لە عیرفانی تیۆریدا، (خوا)، جوانی (حسن)ی ڕەهایەو هەرچی جوانی دیکە هەیە وەك جوانێك، پەیوەستن بەو جوانە ڕەهایەوەو لەوەوە سەرچاوە دەگرن"[4]. یان یەکێك لە ڕابەرە دامەزرێنەرەکانی سۆفیزم دەڵێ: "ئەگەر باش یاخود چاك بیربکەیتەوە، دەبینی کە هەمووان خوازیاری (حسن) جوانینو هەوڵ دەدەن خۆیان بە جوانی بگەیەنن. جوانیەك کە خواستی هەمووانە، ئاسان نییە پێی بگەیت، چونکە گەیشتن بە جوانی تەنها لەڕێگەی عیشقەوەیەو عیشقیش ڕێگەی بۆ هەمووکەس کراوە نییەو لە هەموو جێگەیەك نیشتەجێ نابێت..."[5]. هەروەها زانایەکی گەورەی تر دەڵێ: "جوانی (لطیفە)یەکە کە لە زاتی مەعشوقدا بوونی هەیەو لێی جودا نابێتەوە..."[6].

بەمجۆرە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە (حسن) جوانی، تەنها (حسن الهی) جوانی خواییە، (لطیفە)یەکە وەك ئەوەی لە (قوللەی قاف) بێت، زۆر دوورەو گەیشتن پێی ئەستەمە، بەڵام ڕاستیەو چەندین پلەو وێستگە (مەنزڵگە)ی هەیە کە پەی پێ بردنی بۆ هەمووان ئاسان نییە: "پەی پێ بردن بە هەر پلەیەکی ئەم جوانیە پەیوەستە بە پەی پێ بردنی بە (تجلی) مەعشوقی خواوەندەوە"[7].

---

[1] کریم زمانی، میانگر عیشق، (شرح موضوعی مثنوی معنوی مولانا جلال الدین محمد بلخی) نشر نی – تهران، 1382 هـ.ش. ل49.

[2] ئەنوەر قادر محەمەد، لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، ل116.

[3] مژده احمد زاده، تحلیل و تجربه زیبانگری در مولوی، ل39.

[4] سەرچاوەی پێشوو.

[5] سوهرەوەردی، مجموعه مصنفات شیخ الاشراق، تصحیح سید حسین نصر أنجمن، فلسفه ایران و انستیتوی ایران و فرانسه، چاپ دوم، 1355، هـ.ش. ل85.

[6] احمد غزالی، سوانح، تصحیح: نصرالله پورجوادی، بنیاد فرهنگ ایران – تهران، 1359هـ.ش. ل83.

[7] مژده احمد زاده، تحلیل و تجربه زیبانگری در مولوی، ل40.

هەمان شارەزا بەردەوام دەبێ و دەڵێ: "لەم ڕوانگەیەوە جوانی خوایی و ڕوخساری دڵڕفێنی خواوەند، تەنها دەتوانرێت لە ئاوێنەی عیشقی عیرفانیدا، بدۆزینەوە. لە بنەڕەتدا گەورەترین (کشف) دۆزینەوەی عارفەکان، هەر ئەوەیەکە توانیویانە پەی بە جوانی (خوا) بەرن و لەمبارەوە بدوێن. پێشکەش کردنی وێنەی پڕ لە جوانی لەبارەی (خوا)وە گرنگترین بەرهەم و بەرەکەتی عیرفانی عاشقانە. خواوەند لە شێوەی مەعشوقێکی جوان و خۆشەویستدا (جلوە)ی کردووە لە دڵ و خەیاڵدانی عارف دا..."[1].

ئەگەرچی لەوانەیە لەم بابەتی ئەزموونی ئیستێتیکاییەی لای مەولاناو مەولەوی، وا جوانتر بێت کە بۆ هەر پەرەگرافێك بەڵگەی شیعری لای هەردوو شاعیرەکە بهێنینەوە، بەڵام لەپێناو درێژ نەبوونەوەی بابەتەکە، بەم دوو نمونە شیعرییەی هەردوو شاعیر خۆمان دەبوێرین لە زۆر نووسینەوەی نمونەی شیعری. ئەمە جگە لەوەی ژیانی عیرفانی هەردوو شاعیرو کۆی هۆنراوەکانیان بەڵگەیە لەسەر ئەم ئەزموونە ئیستێتیکایەی عیشقی عیرفانی.

مەولانای ڕۆمی لە نمونەی هۆنراوەیەکیدا دەڵێت:

سایهٔ نوری تو و ما جمله جهان سایهٔ تو

نور که دیدەست که او باشد از سایه جدا[2]

واتە: هەموومان لە سەرچاوەی جوانی و (نوری) تۆوە بوونمان هەیە بەجۆرێك وەك سێبەری جوانی تۆ واین.

مەولەوی تاوەگۆزی زۆر ڕوونتر دەڵێت:

ئەی گرد مەوجوودێ، جە تۆ گرت مایە

مەوجوود هەر تۆنی، ما سیوا سایە

پەنهان بی تەنها، وەحدەتت مەوج وەرد

پەی شناسایی زهورێوەت کەرد

بەوێت، جەعالەم بێ بەقای ناسووت

ئەر وەی گرد جیلوەی وەرین نەشناسووت

بەسەد جیلوەی تر بێ چوون و چەنی

شناسایی تۆم نمە بۆ، هەنی[3]

ڕاستیەکی دیکەی زۆر گرنگ هەیە کە پێویستە ئاماژەی پێ بدەین، ئەویش ئەوەیە کە ئەزموونی جوانناسیانەی مەولاناو مەولەوی تەنها لە شێوازی دەروونیدا (کە ئەزموونی

---

[1] مژده احمد زاده، تحلیل و تجربه زیبانگری در مولوی، ل42.

[2] مولانا جلال الدین رومی، کلیات شمس تبریزی، ل180.

[3] دیوانی مەولەوی، ل31.

دۆزینەوەی خواوەندە) ناوەستێت، بەڵکو ئەم ئەزموونە بوونێکی دەرەکیشی هەیە کە هەموو دیاردەکانی هەبوون دەگرێتەوە، بەواتایەکی تر تێڕوانینی جوانی ئەم دوو شاعیرە هەموو دیاردەکانی (آفاق) و (انفس)ی گرتووەتەوە، کە لە خودی خۆیدا ئەوە خواستێکی قورئانیو عیرفانیە.

ئەنوەر قادر محەمەد لەمبارەوە ئاماژە بە گوتەی ڕۆژهەڵاتناسێکی ڕووسی دەکاتو دەڵێت: "هەر دەربارەی سۆفیزم و جیاوازیی ڕێبازەکانی، ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤییەتی یی.س.براگینسکی دەڵێ: "... لەم باس و دەمەتەقێیەدا دەتوانین سێ ڕێبازی بنەڕەتی چەمکی سۆفی (یەزدانی گەردوونی) دیاری بکەین: مۆنیستی (تاکیەتی گەردوون) کە سۆفی بە ڕاستی گەیشتوو، دەبێتە دوومانی یەزدان، ئونیڤێرسالی (سەرجەمیەتی، هەمەکی) کە سۆفی لەگەڵ زاتی خوادا کە لە گەردووندا بڵاوبووەتەوە، دەتوێتەوە..."[1].

لە کۆتایی ئەم بەشەدا، کە ئامانجمان ڕانانێکی خێرای دیدی عیرفانیانە بوو بۆ ئیستاتیکاو زۆر بەکورتیش ئاماژەمان دا بە ئەزموونی ئیستێتیکیی مەولاناو مەولەوی کە لەسەر زەمینەو بنەمایەکی مەعریفەی عیرفانیە، دەڵێین، جوانناسی جۆرە تێڕوانینێکی بڵندو باڵایە کە لەو پێگەی خۆیەوە چاودێری دەکاتو لەو بڵندیەوە دەڕوانێتە جیهانو دیاردەکانی و لەم ڕوانگەوە سروشتی ژیانو مرۆڤو مرۆڤایەتی شیکاری بۆ دەکرێت. ئەوەش بە ڕای من هەمان بابەتی (شکۆمەندی – بەرزی)یەیە کە وەك کاتیگۆریایەکی ئیستێتیکیی باسی کردووە: "لەگەڵ ئەمەشدا لە بیرو بۆچوونەکانی پسیڤدۆ – لۆنگیندا مۆرکی ئاینی بە ماریفەتی شکۆمەندی ئەوەوە دیارە. لە شکۆمەندیدا ئەو هێزو تواناو مەزنیی یەزدان لە هێزەکانی سروشتدا دەبینێ..."[2].

"شکۆمەندی بەگوێرەی پسیڤدۆ – لۆنگین، مرۆڤ تا ئاستێکی یەزدانی بەرز دەکاتەوە، نەمری دەکا..."[3].

"جوانناسی یاخود جوانبینی، بەڵگەی ئاشکرای هەنگاو هەڵگرتنی کەسایەتی مرۆڤە لە پلەیەکی نوقسانەوە بۆ پلەی کامڵ بوون"[4].

لە بەشی دواتردا بەشێوەیەکی کۆنکرێتی پەیوەست بە هونەری (دوالیزمی دژیەك) باس لە جوانی شیعر دەکەین.

---

[1] ئەنوەر قادر محەمەد، لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، ل244.

[2] ئەنوەر قادر محەمەد، ئیستێتیکا، کەرەسەی کۆرسی دووەمی دکتۆرا بۆ خوێندکارانی ئەدەب، 2011 – 2012، ل42.

[3] سەرچاوەی پێشوو.

[4] عبدالکریم سروش، بسط تجربهٔ نبوی، مؤسسهٔ فرهنگی صراط، تهران، 1378هـ.ش. ل182.

2-3/ هۆكانی جوانی شیعر (پەیوەست بە دوالیزمی دژیەك)ەوە:

جوانی لە دەربڕیندا تایبەت نییە بە سەردەمێك، هەروەك چۆن (خوێ) لە هەموو كاتو شوێنێكدا بۆ تام و چێژ بەخشین بە خواردن پێویستە، بەهەمان شێوە جوانی ڕۆڵی هەیە لە چێژ بەخشین بە چۆنیەتی دەربڕین. شیعر وەك باڵەخانەو كۆشكێك وایە كە جوانكاری جۆراوجۆر دەیڕازێنێتەوەو جوانتری دەكات لەوەی كە هەیە.

پرسیاری بنەڕەتی لێرەدا ئەمەیە، ئەو هۆیانە چین كە دەبنە مایەی جوانی بەخشین بە شیعر؟ لە وەڵامدا دەڵێین، هۆكانی جوان كردنی شیعر زۆرن. "لەڕاستیدا ئەوەی كە گوتەو دەربڕین لە سنوری زمانی ئاساییەوە دوور دەخاتەوەو لە چوارچێوەی شیعری نزیك دەكاتەوە، هەر ئەوەیە كە پێشینان ناویان ناوە پاراوی و ڕەوانی. پاراوی لەڕوانگەی (لفظی) وشەو چۆنیەتی دەربڕینەوە یاخود كەرەسەكانی دەربڕینەوە، ڕەوانیش لەڕوانگەی واتایی (معنوی)ەوە. پاراوی لەپێشترە لە ڕەوانی چونكە هەر دەربڕینێك نەگاتە پلەكانی پاراوی، مۆڵەتی چوونە ژوورەوەی بۆ سنوری ڕەوانبێژی نییە"[1]. هەر هەمان زانا لەسەر بۆچوونەكانی بەردەوام دەبێو دەڵێ: "لەبارەی پاراوییەوە گوتوویانە، گوتە پاراو ئەوەیە كە هیچ عەیبێكی نەبێت. ئەزیەتی گوێی بیسەر نەدات، بەكارنەهاتبێت بەجۆرێك كە زۆر باو بێت، بێزاریەك لە ڕیزبەندی پیتو وشەكاندا بەدینەكرێت، دەرئەنجام پێویستە گوتەیەك بێت دڵگیرو خۆش ئاوازو مایەی تێگەیشتنو سازگارو ساكارو پاراو بێت. پاش ئەوە بابەتەكانی (ڕەوان) بوون دێتە پێشەوە. دەربڕینو گوتن بەجۆرێك كە لەو حاڵەتەدا پێویست بكاتو وەڵامدانەوەی خواستی چۆنیەتی دەربڕینی حاڵەتێكی دیاریكراو، ئەوە بابەتی بنەڕەتی ڕەوانی بوونەو هەروەها دەربڕینی واتایەك بە چەندین شێوازی جیاواز، ڕوویەكی دیكەی ڕەوانبێژی بوونمان بۆ دیاری دەكات"[2]. هەردوو بابەتی پاراویو ڕەوانی، هەریەكەیان بە چەندین جۆرو شێواز ڕۆڵیان هەیە لە گواستنەوەی گوتەی ئاسایی بۆ شیعرو كاریگەریان هەیە لە جوانكردنی هۆنراوەدا، بەڵام ئەوەی لێرەدا پەیوەستە بە بابەتەكەی ئێمەوە دوالیزمی دژیەكە وەك هونەرێكی جوانكاری دەربڕین لە هەردوو بابەتی پاراویو ڕەوانیدا.

لەم چوارچێوەیەدا بابەتی دوالیزمی دژیەك، وەك هونەرێكی جوانكاری شیعرو جۆرێك لە دەربڕینی ئیستێتیكایانەی شیعری عیرفانی، چەندین ڕۆڵی بنەڕەتی لە ئەستۆیە، كە لەم لێكۆڵینەوەیەدا بەشێوەیەكی كۆنكرێتی كە پەیوەندیی بە بابەتەكەمانەوەیە ڕەهەندی ئیستێتیكایی (دوالیزمی دژیەك) باس دەكەینو دواتریش هەر پەیوەست بە دوالیزمی دژیەكەوە لەبارەی ڕەهەندە جوانكاریەكانی مۆسیقای شیعریو (خەیاڵ) دەدوێین.

---

[1] محمد فشاركی، نقد بدیع، سازمان مطالعه وتدوین كتب علوم انسانی دانشگاهها، مركز تحقیق و توسعهٔ انسانی، چاپ چهارم، 1379، هـ.ش. ل158.

[2] سەرچاوەی پێشوو.

3-2-أ/ دوالیزمی دژیەك و سەرنجێکی ئیستێتیکیانە:

گونجاندنی ئەوەی کە هەیە، جۆرێکە لە ڕێکخستن و پێکهێنان و هاوئاهەنگی نێوان چەند شتێك. مرۆڤ چێژ لە هەر جۆرە ڕێکخستن و گونجاندنێك وەردەگرێت و بەپێچەوانەشەوە خۆشی لە پرژو بڵاوی و ناڕێکی نایەت، هەر لەبەرئەوەیە کە زەینی مرۆڤ بەردەوام بەدوای دۆزینەوەی پەیوەندی و پەیوەست کردنەوەو هاوئاهەنگی دایە لەنێوان دیاردەکاندا[1]. وەك (ئەرێك نیوتن) دەڵێت: "گومان لەوەدا نییە کە ئەگەر مێشکی مرۆڤ تینوویەتیەکی هەیە ئەوا ئەو تینووبوونەی بۆ پەی بردنە بە هەقیقەت و ڕاستیەکان و دۆزینەوەی پەیوەندییە لەنێوانیاندا"[2].

زەینی مرۆڤ بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەی پەیوەندی و گونجاندنایە لەنێوان دیاردەکاندا، لەنێوان هەموو دیاردەکاندا، تەنانەت لەنێوان (فیل و مێرووله)، (ڕوناکی و تاریکی)...هت بەکورتی گونجاندن و پەیوەست کردنەوە، یەکێکە لە هۆکارەکانی جوانی...

ئەبو ڕەیحانی بیرونی باوەڕی وایە: "دەروونی مرۆڤ مەیلی هەیە بۆ هەر شتێك کە گونجاندنی تێدا بێت و بێزارەو ڕوو وەردەگێڕێت لە هەر شتێکیش کە نەگونجان و ناڕێکی تێدا بێت.."[3].

هەندێك لە زانایان بنەڕەتی جوانی دەگێڕنەوە بۆ هاوئاهەنگی گونجان. گونجان واتە پەی بردن بە ڕێکخستن و پەیوەندی نێوان دیاردەکان. لەو ڕوانگەوە مایەی شادی و چێژ بەخشینە بە مرۆڤ.

بە گوتەی دکتۆر (خانلری): "هەر جۆرە گونجاندن و بەرامبەر یەك دانانی دووانەیەك بۆ بەراوردکردن، لەنێوان دیاردەو پارچە جیاوازەکاندا، جۆرێك لە یەکبوون و یەکیەتی دروست دەکات کە دەرئەنجام پەی بردن بە هەموو بەشە جیاوازەکان، خێراترو ئاسانتر دەکات و هەمان هۆکار دەبێتە مایەی هەستکردن بە ئارامی و چێژ وەرگرتن"[4].

هونەرەکانی جوانکاری لە جۆرەکانی گونجاندن و پێکەوە ڕێکخستن و هاوئاهەنگی زۆرن، بەڵام ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئێمە وەك نمونەیەکی باڵای ئیستێتیکایی باسی لێوە دەکەین دوالیزمی دژیەك و جۆرەکانیەتی، کە لێرەدا بە چەند تەوەرەیەك ئاماژەی پێ دەکەین:

ڕۆشنگەری:

دوالیزمی دژیەك لە ڕوانگەی ناسینەوەی دیاردەو بابەتەکاندا، گەورەترین ڕۆڵی هەیە. لە بنەڕەتدا یەکێك لە هۆکارەکانی ناسینی دیاردەکانی جیهان، ناسینی دژەکەیەتی. بۆ نمونە ئەگەر (تاریکی) نەبووایە (ڕووناکی) هیچ مانایەکی نەبوو، یاخود ئەگەر (مەرگ) نەبووایە (ژیان) هیچ بەهایەکی نەبوو.

---

[1] تقی وحیدیان کامیار، بدیع از دیدگاه زیباشناسی، چاپ چهارم، 1388هـ.ش. ل54.

[2] اریك نیوتن، معنی زیبایی، ترجمه ٔ پرویز مرزبان، بنگاه ترجمه ونشر کتاب – تهران 1342 هـ.ش. ل64.

[3] محمد رضا شفیعی کدکنی، موسیقی شیعر، ل95.

[4] پرویز ناتل خانلری، وزن شعر فارسی، انتشارات سخن تهران، 1353 هـ.ش. ل6.

مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

هر نور را ناری بُوَد، با هر گُلی خاری بُوَد
بهرِ حَرَس ماری بُوَد بر گنج هر ویرانەای
ای گلشنت را خار نی، با نورِ پاکت نار نی
بر گرد گنجت مار نی، نی زخم و نی دندانەای[1]

مەولانا لەم هۆنراوەیەدا حەقیقەتی ژیانی دەردەخات کە پێکەوەبوونی دژەکانە: (هەموو ڕووناکیەك ئاگرێکی هەیە)، (هەموو گوڵێك دڕکێکی هەیە)، (لەسەر هەموو کوپەڵەیەکی ئاڵتونی ژێر زەوی وێرانەیەك، مارێکی لەسەرە)....هت

مەولەوی تاوەگۆزیش هەمان هاوکێشەی بوونو ژیان دەخاتە ڕوو، کە پێکهاتەیەکە لە دژەکانو دەڵێت:

حەیات جە زوڵمات جیا نمە بۆ
کاوە وەبێ بەرگ سیا نمە بۆ[2]

واتە: ئاوی حەیات (وەك لە ئەفسانەی کۆنیشدا هاتووە) لە زوڵماتدایە، واتە لەناو چەندین پلەو قۆناغی تاریکیدایە، (میسك)یش کە بۆنی خۆشە لە کیسەیەکی ڕەش دایە.

لەم ڕوانگەوە، شاعیر بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکان، سەرەتا خودی بابەتەکان دەخاتە ڕوو، پاشان ئاماژە بە دژەکەی دەکات، چونکە گوێگر (یاخود خوێنەر) هەموو بابەتێك بە تەنیشت دژەکەیەوە دەبینێتو دوو وێنەی ڕوون، یەکێکیان ئەرێنیو ئەوی دیکەیان نەرێنی لە زەینیدا دەردەکەوێت، دەرئەنجام دەتوانێت بە ئاسودەیی بیر لەوانە بکاتەوەو بڕیار بدات بەبێ ئەوەی پێویستی بەوە بێت شاعیر یاخود نووسەر لەبری ئەو بڕیار بدات یان ئامۆژگاری بکات یاخود فەرمانی بەسەردا بکات، لەبەرئەوەی هونەری دوالیزمی دژیەك دەبێتە مایەی ئەوەی کە مرۆڤ خۆی بڕیار بداتو دەرفەتی بیرکردنەوەو هەڵسەنگاندن و گەیشتنە دەرئەنجامی پێ دەدات.

ئاسودەیی:

ئامادەبوونی دیاردەیەك لە زەینی مرۆڤدا لەسەر بنەمای (دژیەك بوون)، دەبێتە هۆی بانگهێشتو ئامادەکردنی (دژەکەی)، بەواتایەکی تر زەینی مرۆڤ پەیوەندی دروستدەکات لەنێوان دیاردەیەكو دژەکەیدا. ئەم پەیوەندی دروستکردنە ئەگەر (نوێ) بێت مایەی شادیو ئاسوودەییە، بۆ نمونە کاتێك بیر لە بچوکی (مێشوولە) دەکەینەوە، ئەگەری ئەوە هەیە کە وێنەی (فیل) لە زەینماندا دروست ببێت. مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

[1] کلیات شمس تبریزی، ج2، ل1179.
[2] دیوانی مەولەوی، ل142.

کو خمرِ تن؟ کو خمرِ جان؟ کو آسمان؟ کو ریسمان؟

تو مستِ جامِ اَبْتری، من مستِ حوضِ کوثرم[1]

(شەرابی جەستە، شەرابی گیان)، (ئاسمان و ڕێسمان)، (جام ابتر، حوض کوثر) جامی نەزۆکو حەوزی کەوسەری بەهەشت، ئاماژەیە بە سورەتی (الکوثر) کە (ابولهب) تانەی لە پێغەمبەر (خ) دەدا کە نەزۆکەو کوڕی نییە (أبتر)، بەڵام (خوا) لەو سورەتەدا وادەی (حەوزی کەوسەر) بە پێغەمبەر (خ) دەداتو (ابولهب) بە (أبتر) ناوزەد دەکات چونکە هیچ کەس شوێن بیروباوەڕی ئەو ناکەوێت.

هەروەها مەولەوی تاوەگۆزیش لە هۆنراوەیەکیدا چەندین دوالیزمی دژیەکی ڕیز کردووەو دەڵێت:

یەکێوەن جە لام شادی و ڕەنجووری

کەیفی و بێ کەیفی و نزیکی و دووری

وەشی و ناوەشی تەفاوت زانۆ

مەلێ نەزانۆ هەر پەلێ شانۆ

مەیل و قین هەردوو هەر جە شەخسێوەن

جەریمە و خەڵات شێوەی کەسێوەن[2]

جەخت کردنەوە:

دوالیزمی دژیەك دەتوانێت جۆرێك لە جەخت کردنەوە بێت.

مەولانای ڕۆمی لە هۆنراوەیەکیدا دەڵێت:

خُم کە درو بادە نیست، هست خُم از باد پُر

خُم پر از بادکی، سرخ کند روی ها؟

هست نهی خارها، نیست درو بوی گُل

کور بجوید ز خار، لطفِ گُل و بوی ها؟[3]

جەختکردنەوەکە لە چوار جار هێنانی (هست) و (نیست) دایە، کە هەمووی جەختکردنەوەیە لە حاڵەت و کردارێك.

مەولەوی تاوەگۆزیش دەڵێت:

زیا بینایم، نوری چەمانم

سەرمایەی حەیات، دین و ئیمانم

---

[1] کلیات شمس تبریزی، ج1، ل710.

[2] دیوانی مەولەوی، ل207.

[3] کلیات شمس تبریزی، ل150.

(سەرمایەی ژیان کە ماددەیەو سەرمایەی قیامەت کە دین و ئیمانە، هەردووکی جەختکردنەوەیە بۆ خۆشەویستی).

مەدیە وە تۆمار کردەی ویەردەم

بدیە وە زەردیی ڕوخسار ئاوەردەم[1]

(مەدیە) و (بدیە) یاخود (ویەردەم) و (ئاوەردەم)، دوالیزمی دژیەکن بۆ جەختکردنەوە.

بەرجەستەکردن و ڕوخسار بەخشین بە سۆزو چەمکەکان:

دوالیزمی دژیەك وێڕای ڕۆشنکردنەوەو تیشك خستنەسەر چەمكو واتاکان توانای بەرجەستەکردن و ڕوخسار بەخشینی هەیەو ئەم ڕۆڵەش لەڕوانگەی ئیستێتیکاوە، گرنگترین ڕۆڵو دەرئەنجامە.

"سارتەر" فەیلەسوف و ڕەخنەگری ئەدەبی فەرەنسا، بابەتێکی تێرو تەسەلی لەبارەی (شیعر)ەوە هەیە، پەیوەست بەم خاڵەی ئێمەوە لەبارەی شیعرەوە دەڵێت: "لە شیعردا وشەکان دەبنە شتانێکی هەست پێ کراو. هەروەك چۆن مرۆڤ لەبەردەم بابەتە ماددیەکاندا دەوەستێ و بە هەستەکانی هەستیان پێ دەکاتو لەگەڵیان دەژی... وشەکانی نێو شیعریش پێویستە هەڵگری هەمان چۆنیەتی بن. نوسینی ناو ڕۆژنامەیەك بەراورد بکەن لەگەڵ شیعری شاعیرێکدا، بۆ نموونە هەواڵێك لە ڕۆژنامەیەکدا دەخوێنیتەوە، پاش چەند ساتێك دوای لابردنی ڕۆژنامەکە هەواڵەکەو نوسینەکەت لەیاد دەچێت، بەڵام ناتوانیت لەگەڵ شیعردا بەوجۆرە ڕەفتار بکەیت.."[2].

مەولانای ڕۆمی (لە ڕاستیدا نازانم کام هۆنراوەی وەك نمونە بنووسم چونکە هەموو هۆنراوەکانی مەولانا، وێنەی بەرجەستەیە) لە هۆنراوەیەکیدا دەڵێت:

جملە یاران تو سنگ اند و تویی مرجان چرا؟

آسمان با جملگان جسم است و با تو جان چرا؟

چون تو آیی جزو جزوم جملە دستک می زنند

چون تو رفتی جملە افتادند در افغان چرا؟[3]

واتە:

یارانی هاودەستەی تۆ وەك (بەرد) وان، بەڵام تۆ وەك (مەرجان)ی بۆچی؟

ئاسمان لەگەڵ هەمووواندا وەك (جەستە) وایە، بەڵام لەگەڵ تۆ وەك (گیان) وایە بۆچی؟

کە تۆ دێیت هەموو پارچەکانم یاخود بەشەکانی جەستەم بەگشتی خۆشی و شادیانە

---

[1] دیوانی مەولەوی، ل92.

[2] سارتەر، ادبیات چیست، ترجمە ابوالحسن نجفی، و مصطفی رحیمی، انتشارات نی – تهران، 1352 هـ.ش. ل163.

[3] کلیات شمس تبریزی، ج1، ل224.

بەڵام کە تۆ دەڕۆی، هەموویان بە دەستەو بەگشتی، هاوارو گریانیانە

مەولەوی تاوەگۆزیش لە هۆنراوەیەکدا هەموو بابەت و حاڵەتە دەروونیەکان لە نیوە بەیتی دواتردا بەرجەستە دەکات و دەڵێت:

من شەوێ ناڵەم جۆش ئاوەردە بۆ

سەگی ئاسانەت بێدار کەردە بۆ (ناڵەی من و خەوتنی سەگی ئاسانەت)

یا ناستە بۆ سەیل دیدەم، نەفەسێ

نەسیم گەرد پات بەرۆ پەی کەسێ (سەیلی دیدەی من و گەردی پای تۆ)

جەمینت زەحمەت نیگام کێشابۆ

کەفی پات وەخار دیدەم ئێشابۆ[1] (جەمینت زەحمەتی نیگام، کەفی پات و خاری دیدەم)

هێنانەکایەی سەرسوڕمان، دەربڕینێکی چاوەڕوان نەکراو و لەناکاو:

هەندێ لە فەیلەسوف و زانایانی ئیستێتیکا لەوباوەڕەدان کە جوانی و بەهای دەقی ئەدەبی لە سازدانی سەرسوڕماندایە. فۆرمالیستە ڕوسەکانیش لەسەر ئەو ڕایە بوون کە ئەوەی زمانی هەواڵ دەگۆڕێت بۆ زمانی ئەدەب دۆزینەوەی نوێ و هێنانەناوی سەرسوڕمانە، چونکە زمانی هەواڵ، زمانێکە دووبارە بووەوەو ئاسایی و ناسراوو کۆن کە تەنها هۆکارێکە بۆ جێبەجێکردنی پەیوەندیی و گەیاندنی هەواڵ.

لەم بارەیەوە وتراوە: "دەربڕین هەرچەند زیاتر نامۆیی و داهێنان و چێژی تێدا بێت و خەیاڵ و ئەندێشەی زیاتر پێویست بێت، ئەوا زیاتر دەبێتە مایەی کاردانەوەی دەروونی مرۆڤ لەچاو ئەو جۆرە گوتەو دەربڕینەی کە پلە بە پلەو ناغافڵگیرانە دێت و گوتن و هاتنی پێشتر زانراوە. هەربۆیە گوتەو دەربڕینێك کە یەکەمجار بەرگوێ بکەوێت چێژبەخشەو پاشان لەگەڵ زۆر دووبارەکردنەوەی چێژی نامێنێت"[2].

دکتۆر عبدالکریم سروش، لەم چوارچێوەیەداو لەبارەی جوانی دوالیزمی دژیەکەوە دەڵێت: "ئەمە سنعەتێکی چێژ بەخشە، نهێنی چێژ بەخشیەکەشی نزیکە لەوەدا بێت کە پێچەوانەی نەریت و لۆژیکە، واتە دوو بابەت کە بە ڕووکەش پێکەوە دژن، کۆدەکاتەوەو هەر ئەمەش مایەی کەمەندکێش کردنی زەینەو گرێدانی دەربڕینە بە ناخی خودی تاکەکانەوە، هەر دەڵێی ڕۆچوون لە بابەتەکانی کە ناتەبایە لەگەڵ لۆژیك و نەریت دا، عادەتی زەینە، کە بێگومان هەر جۆرە عادەتێك مایەی غافڵبوونە، هەربۆیە هەرکات ڕووبەڕووی بابەتێك دەبیتەوە کە جیاوازو ناکۆکە لەگەڵ

---

[1] دیوانی مەولەوی، ل34.

[2] نصیرالدین طوسی، اساس الأقتباس، به تصحیح مدرس رضوی، دانشگاه تهران، 1326 هـ.ش. ل590.

نەریتو باودا، خێرا ڕادەچڵەکیو هۆشیار دەبیتەوەو بە گوێ قوڵاخبوون و وریایی زیاترەوە گوێ بۆ گوتەکان هەڵدەخەیت. لە ڕاستیدا ڕۆڵی دوالیزمی دژیەك و پارادۆکس، وروژاندنی سەرسوڕمانە لەڕێگەی پشت بەستن بە بابەتانێکی ناتەباو جیاواز لەگەڵ نەریتی باوو لۆژیك"[1].

مەولانای ڕۆمی لەم هۆنراوەیەدا دوالیزمی دژیەك دەکاتە چوارچێوەی بابەتە سەرسوڕهێنەرەکان و دەڵێت:

آه چە بی رنگ و بی نشان کە منم
کی ببینم مرا چنان کە منم؟!
گفتی: "اسرار در میان آور."
کو میان اندر این میان کە منم؟
کی شود این روان من ساکن؟
این چنین ساکن روان کە منم[2]

واتە: ئای من چەندە بێ ڕەنگ و بی ناونیشان و نادیارم
ئیتر کەوایە چۆن من خۆم وەك خۆم ببینم؟!
گوتت: "نهێنیەکان بهێنەرە ئەم ناوەڕاستە"
کام ناوەند کە لەم نێوەندەدا من خۆمم؟
ئەم ناخ و دەروونەی من کەی ئارام دەگرێ؟
کە من خۆم بەمشێوەیە نیشتەجێی ناخ و دەروونم

مەولەوی تاوەگۆزیش دەڵێت:

هیچ کەس نەواچۆ وە فەرهاد رەندەن
نەقش شیرینش نە رووی سەنگ کەندەن
دەك رێزان دەس با وەر جە گیان سەندەن
کێ ئەڵماس نە رووی دیدەی وێش شەندەن[3]

دوالیزمی دژیەك گوتەو دەربڕینێکە کە ناسراوەو ئاشنایە بەزەینو خەیاڵی خەڵکی:

لەسەر ئاستی زەینو بیرکردنەوەی گشتیو دەربڕینەکەشی کە بەشێوازێکی مایەی سەرسوڕمانە، دەبێتە مایەی بەرجەستەبوونی زاراوەو واتا، دەبێت سەرەتا لە زینو بیری گشتی خەڵکیدا بناسرێتو شوناسی هەبێت تا لەدەربڕینێکی نوێدا جارێکیتر شوناسێکی نوێی پێ

[1] تقی وحیدیان کامیار، متناقض نما در ادبیات، نشریه دانشکده ادبیات وعلوم انسانی، مشهد، شماره 304، ل288.
[2] کلیات شمس تبریزی، ج2، ل909.
[3] دیوانی مەولەوی، ل682.

بدرێتەوە. مەبەست لە وشەو زاراوەی ناسراوو خاوەنشوناس لای زەینی گشتی هەموو ئەو بابەت و مەسەلانەن کە دەرئەنجامی بەکارهێنانی بەردەوام بەشێوەیەکی خودیانە بەرپەرچیان دەدەیتەوە، بۆنموونە لەژیانی ڕۆژانەماندا، ئێمە دەڵێین: "قۆڵی بڕیم" یاخود "سابوونی خستە ژێرپێی" و هیچ کات قسەکەر بیرناکاتەوە کە چ گوتەیەکی نامۆی وتووە چونکە قسەکەر وەستان و بیرکردنەوەی بۆ واتای زاراوەکان نییەو کاری بەسەر واتای ڕووکەش و فەرهەنگی وشەکانەوە نییەو پێشوەخت واتاکەی زانراوە[1]، بەڵام ئەگەر بڕوانینە ئەم هۆنراوەی مەولەوی تاوەگۆزی کە دەڵێت:

وەختی چەم نەچەم شێوەت دیاربی

جە لام فەسڵی وەسڵ بەزمی ئەغیاربی

ئیسە لێڵایی گرتەن دوو دیدە

خەڵوەتەن، سابۆ ئەی بەر گوزیدە[2]

لێرەدا خێراو ڕاستەوخۆ کە بۆیەکەمجار هۆنراوەکە دەخوێنینەوە، بەشێوەیەکی خێرا پێی کاریگەر نابین و تێیناگەین وەك ئەوەی خێرا لە (سابوونی خستە ژێرپێی) تێدەگەین چونکە ئەمەی دووەمیان زمانی ڕۆژانەی قسەپێکردنە، بەکورتی هاوکێشەو دووانەکانی دوالیزمی دژیەك بەزەینمان ئاشنان بەڵام لە زمانی ئەدەبیدا پێویستی بەبیرکردنەوەو تێفکرانی چێژبەخشانەو قووڵ هەیە بۆ گەیشتن بە ماناو مەبەستەکان.

واتاو مەبەستی ئەو دوودێڕە هۆنراوەی مەولەوی تاوەگۆزی ئەوەیە کە:

کاتێك چاوەکانم دەیبینی و کوێر نەبووبووم، لای من وەرزی وەسڵ و بەیەکتر شادبوون وەك بەزمی دوژمنکارانەو ناحەزان وابوو، چونکە چاوەکانم ڕێگربوون لەنێوان من و تۆداو تۆ لە چاوەکانمدا دەمایتەوە بەڵام ئێستا کە کوێربووم و چاوەکانم نابینن وەرە نێو خەیاڵمەوە تا لەوێ دوو بەدوو خەڵوەتت لەگەڵ بکەم و کەس لەنێوانماندا نەبێت کە ئەمەیان بەیەکگەیشتنێکی چێژبەخشە!!

ناڕوونی:

شیعر دەربڕینێکە ناڕاستەوخۆو هەڵگری ناڕوونیە، ناڕوونی بەو واتایەی کە ڕاستەوخۆو خێراو بەسانایی واتا نادات بەدەستەوە هەر بۆیە پێویستی بە هۆشیاری و وردو تیژبینی هەیە کە دەرئەنجام خۆشی و چێژ دروست دەکات.

مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

1 تقی وحیدیان کامیار، متناقض نما در ادبیات، نشریه دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه مشهد شماره 4، ل36.

2 دیوانی مەولەوی، ل531.

جسم ها را جان کنند و جان جاویدان کنند

سنگ ها را کان لعل و کفرها را دین کنند

از همه پیداترند و از همه پنهان ترند

گر عیان خواهی به پیش چشم تو تعیین کنند[1]

چۆن جەستە دەبێتە گیانو گیانی نەمر، بەرد دەبێتە کانزای بەنرخو کوفر دەبێتە دین، چۆن لەهەمووان پەیداترنو لەهەمووان نهێنی..؟!؟!

مەولەوی تاوەگۆزیش دەڵێت:

های نە فەرقش هەن ئەو سەداو تەئسیر

تا ئەو لاوناو ئەو مەزەو ئەو شیر

هەر تفلی بێ شك نەی بێشك خەفتەن

جەی دایە بڕیان بەو دایە جفتەن[2]

لێرەدا باسی دوو بێشکەیە کە یەکەمیان بێشکەی ژیانەو دووەمیان قەبرە وەك بێشکە.

دوو ڕەهەندی بوون:

دوالیزمی دژیەك یەکێکە لەو نوێگەریو داهێنانەی لەدەربڕیندا کە دوو ڕەهەند دەداتە گوتەو دەربڕین، لایەنو ڕەهەندێکی گوتەکە کە مایەی سەرسوڕمانەو بەئاسانی جێگای باوەڕ نییە بەڵام ڕەهەندی دووەمی ئەو گوتەیە، ڕاستیەکی لەخۆی گرتووەو ئەمەش مایەی سەرسوڕمانە[3].

بۆنمونە وەکو "تاریکتر شدن از چراخان" واتە تاریکتر لە چراخان لەڕووی واتای ڕووکەشەوە هەڵەیەو دژیەکە کەچۆن تەنیایی ناوگۆڕ لە چراخان تاریکترە، چونکە چراخان تاریك نییە؟!.

بەڵام ئەو ڕەهەندەی کە دوالیزمی دژیەك، زەینمان ناچار دەکات زیاتر بیربکەینەوەو ڕەهەندی ڕاستەقینەی هۆنراوەکە بدۆزینەوە کە ئەم تاریکییە، تاریکی باوو ڕووکەش نییە، بەڵکو تاریکی دڵەکانە کە دەرئەنجامی تاوان بەچراخانیش ڕووناك نابێتەوە.

کورتبڕی:

بەگشتی لە دوالیزمی دژیەکدا کورتبڕی بەدیدەکرێت، واتە گوتەیەك کە بەدەربڕین کەمەو بەڵام واتایەکی زۆردەگەیەنێت، بەڵام هەندێك بابەت هەن کە لەچوارچێوەی دوالیزمی دژیەکدا، نەك

---

[1] محمد رضا شفیعی کدکنی، غزلیات شمس تبریز، ج1، ل447.

[2] دیوانی مەولەوی، ل476.

[3] تقی وحیدیان کامیار، متناقض نما در ادبیات، نشریه دانشکده ادبیاتو علوم انسانی، دانشگاه مشهد شماره 4، ل291.

تەنها کورتبڕی هەڵناگرن، بەڵکو جادوی دوالیزمی دژیەك لەو دەربڕینەدا پێویستی بە درێژەپێدانە چونکە پێویست‌و چێژبەخشە[1].

بۆنمونە ئەو هۆنراوەی مەولەوی تاوەگۆزی کە بۆ مەرگی (عەنبەرخاتوون)ی خێزانی گوتوویەتی لەو چامەیەدا چەندەها سیفەتی بەرامبەرو دژیەکی داوەتە پاڵ (ئەو)و (من)، دەڵێ:

شورای عاشوران دیسان بەزمش بەست

(موحەرەم) ئاما (مەحرەم) شی نەدەست

ئەو خەریك نە چۆڵ شاری عەدەمدا

من نە (کەربەلای) سارای ماتەمدا

ئەو (یەزید)ی مەرگ وە ئەسیر بەردە

من زادەی (زیاد) خەم یەخسیر کەردە[2]....

چەندین چامەی تری ئاوامان لای مەولەوی‌و مەولانای ڕۆمیش هەن کە لێرەدا بەئاماژە پێکردنی زۆر جێگایان نابێتەوە، بەڵام بە وردبوونەوەیەك لە دیوانی هەردوو شاعیر ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت.

لەڕاستیدا لەو جۆرانەی دوالیزمی دژیەکدا کە لەسەر بنەمای دەربڕینن لەجۆرەکانی خوازە، خواستن، یاخود لێکچوون، بەگشتی کورتبڕییان تێدا نییە، بەڵام لەو جۆرە دوالیزمانەدا کە لەسەر بنەمای کۆی دەربڕینەکەیە، واتە گەیشتن بەواتای بنەڕەتی‌و ڕاستی دەربڕینەکە پێویستی بەڕاڤەکردن‌و ڕوونکردنەوە هەیە، لێرەداو لەم جۆرەیاندا کورتبڕی هەیە[3]، بۆ نموونە:

جەو بێ قیمەتی وە قیمەت یاوام

وە پایەی ڕوتبەی عالی سەرساوام[4]

یاخود مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

عجایب اند درختانش، بکر و آبستن،

چو مریمی کە نە معشوقە و نە شو دارد[5]

واتە: دارەکانی مایەی سەرسوڕمانە، لەوەدا کە کچن (نۆبەرەن)و شیردەرن

هەروەك مریەم کە کچ بوو بەڵام مناڵی شیردەری هەبوو کەچی نە مێردو نە پەیوەندی ناشەرعی هەبوو.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل292.

[2] دیوانی مەولەوی، ل368

[3] تقی وحیدیان کامیار، متناقض نما در ادبیات، نشریە دانشکدە ادبیات‌و علوم انسانی، دانشگاە مشهد شمارە 4، ل292

[4] دیوانی مەولەوی، ل293

[5] محمد رضا شفیعی کدکنی، غزلیات شمس تبریز، ج1، ل545

ئەم دوو هۆنراوەیە پێویستیان بەڕاڤەکردنو ڕوونکردنەوە هەیە چونکە یەکەمیان چۆن لەو (بێ قیمەتیەوە) گەیشتە ئەو (قیمەتو ڕوتبەی عالیە..)؟! یاخود لە هۆنراوەکەی مەولانادا چۆن (دار) لە مریەمێکی کچو شیردەر دەچێت؟!

وێنەی نوێی ناو خەیاڵ:

ئەو وێنانەی کە لە چوارچێوەی دوالیزمی دژیەکدا دێنە بەرهەم، نوێو نۆبەرەو جوانن، ئاشکراشە کە ناوەڕۆکی نۆبەرەو نوێ چەندە مایەی چێژ بەخشینە کە زەینی خوێنەرو خەیاڵی تێردەکا و زۆر زیاتر مایەی پەسەندییە لە ناوەڕۆکو بابەتە کۆنو دووبارەکان کە زۆرجار دەبنە مایەی تۆراندنی چێژ بەخشین[1]. لەو شێوازە نوێیانەی کە تەڕو پاراوی و گیان دەبەخشێتە دەستەواژەکان، سودوەرگرتنە لەم ناسازیەی کە هونەرێکی ڕوونبێژییە لە بەکارهێنانی وشەکاندا بەجۆرێك کە دەرکەوتن، دەرخستەیەکی تایبەتمان بەرچاو دەکەوێت.

بۆنمونە: مەولانای ڕۆمی لەم هۆنراوەیەدا (ئاو)و (ئاگر)، (بەڵگەو)و (گومان)، کە دوالیزمی دژیەکن، بەجۆرێك بەکاردەهێنێو واتایان پێدەبەخشێ کە لەگەڵ لۆژیكو باودا ناکۆكو نەگونجاوە.

هر که در آبی گریزد، ز امر او آتش شود
هر که در آتش رود از بهر او ریحان کند
من بر این، برهان بگویم زان که آن برهان من
گر همه شبهەست، او آن شبهه را برهان کند[2]

واتە: هەر کەخۆی فڕێداتە ئاوێك تا ڕزگاری بێت، ئەوا ئاوەکە بەفەرمانی ئەو دەبێتە ئاگر بەڵام هەرکەس لەبەر ئەو خۆی بخاتە ئاگر، ئەوا بۆی دەکاتە باخی ڕەیحانە من بۆیە بەڵگە دەهێنمەوە، ئەگەرچی دەزانم بەڵگەکانم خۆیان گومانن بەڵام ئەو هەموو گومانەکان دەکاتە بەڵگە.
هەروەها لەهۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵێ:

چون ز عقل و جان و دل برخاستی
این یقین هم در گمان است ای پسر[3]

عەقڵو دڵو گیان ناتگەیەننە ڕاستی، کە لەمانەش تێپەڕیت، ئەوکات ئەو یەقینو دڵنیاییەش جێگای گومانە، (گومانێك کە سۆفی هەیەتی بەردەوام بەرامبەر بەڕاست زانینی خۆی) چۆن دڵنیایش مایەی گومانە؟!

---

[1] سید محمد راستگو، خلاف آمد، کیهان فرهنگی، تهران، سال ششم، شماره 9، 1365 هـ.ش. ل29.
[2] محمد رضا شفیعی کدکنی، غزلیات شمس تبریز، چ1، ل445.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل608.

مەولەوی تاوەگۆزیش دەڵێ:

یا مەڕدەبۆت دڵ دێوانەی دلگیر

جە تیر ئەندازی کەردەبۆت تەقسیر[1]

واتە: دڵت شکاندبێ‌و عاجزت کردبێ بەوەی کەمتەرخەمیت کردبێ لەکاتی پێوەنان‌و وەشاندنی تیردا؟!

یاخود لەهۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵێ:

غەریب بیم چەنیم کەرەم نمانا

وە سەوقات پەرێم خەدەنگێ شانا[2]

سەوقات: دیاری

چۆن تیر کە مایەی کوشتنە وەکو دیاری باسدەکرێت؟!

تێبینی: لەم خاڵەدا ئێمە باسی نوێبوونی وێنەو بابەتی شیعرمان کرد، مەولەوی تاوەگۆزی لەدیوانەکەیدا زیاد لەجارێك لە هۆنراوەکانیدا دەستەواژەی (فیکری بیکر) بەکاردەبات، واتە بابەت‌و دەربڕینی نۆبەرەو دەست نەخواردوو کە تائەمڕۆش ئەم ناولێنانە لای ڕەخنەگران‌و کاری ڕەخنەگرتندا گرنگی‌و بایەخی خۆی هەیە.

لەهۆنراوەیەکدا دەڵێ:

پۆی خەیاتەی فەرد بۆ عەنبەرینت

دەس ڕێسەکەی فیکر بیکری شیرینت[3]

وێنەی نوێ و نۆبەرەی ناو خەیاڵ، کە مەولەوی تاوەگۆزی و ڕەخنەی نوێش بە (فیکری بکر) و وەك بەهایەکی ئیستێتیکایی و گرنگ باسی لێوە دەکات، کەرەسەو زەمینەیەکی لەبارو پڕ لە جوانی‌و داهێنانە کە شاعیر بە هونەری جوان دەربڕینی دوالیزمی دژیەکەوە، چێژو بەرجەستەییەکی زیاتر دەداتە بەرامبەرو خەیاڵی تێرتر دەکات.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەندێشەو خەیاڵ وەك ڕەگەزێکی شیعری خوێندنەوەی ئیستێتیکایی خۆی هەیە، ئەمە جگە لەوەی زەمینەی هێنانەبەرهەمی جوانترین جۆری دوالیزمی دژیەکە کە (پارادۆکس)ە، کە بە پێویستی دەزانم لەم بەشەدا یاخود لە پارێکی سەربەخۆدا بە وردی و هێندەی لێکۆڵینەوەکەمان ڕێگە بدات باسی (پارادۆکس) و جۆرەکانی بکەم لە دیدێکی ئیستێتیکاییەوە، بەڵام سەرەتا پێویستە باسی خەیاڵ‌و ئەندێشە بکەین لە دیدە

---

[1] دیوانی مەولەوی، ل35.

[2] دیوانی مەولەوی، ل214.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل133.

ئیستێتیکاییەکەوە چونکە جگەلەوەی بابەتی دواخاڵی ڕەهەندەکانی جوانی دوالیزمی دژیەکە، لەهەمان کاتدا زەمینەی هونەری ئیستێتیکایی (پارادۆکس)ە.

3-2-ب/ خەیاڵو ئەندێشە وەك کەرەسەیەکی ئیستێتیکایی لە دەربڕینی بابەتی دوالیزمی دژیەکدا :

پێناسەی جۆراوجۆرو جیاوازی زۆر بۆ (شیعر) کراوە، بەڵام ئەوەی کە پەیوەستە بەم بابەتەی ئێمەوە، ئەوەیە کە دەیەوێت بڵێت، شیعر لاسایی کردنەوەی بێ زیادو کەمی سروشت نییە، بەڵکو ئەوە هێزی خەیاڵو ئەندێشەی شاعیرە کە سرووشت دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو بۆ مەبەستی ئیستێتیکی و هونەری دەیخاتەگەڕ، وەك (سر فیلیپ سیدنی) دەڵێت: "سروشت بەهیچ شێوەیەك، جیهان بەم جوانیو ڕەنگاوڕەنگیە نیشان نادات کە شاعیرەکان داهێنانیان تیا کردووەو نمایشیان کردووە. لە سروشتدا دەریاچەکان هێندە دڵڕفێن نینو درەختەکان بەو جوانیە پڕ نینو گوڵەکانیش بەو هێندەی لای شاعیرەکان پڕ بۆنی خۆش نین، هەموو ئەمانە لە بەرهەمی شاعیرەکاندا جوانتر دەردەکەون"[1].

سولی پرودوم شاعیری فەرەنسی، لەبارەی پێناسەی شیعرەوە دەڵێت: "شیعر جۆرە خەیاڵ کردنێکە کە لەنێویدا ئارەزووی ژیانێکی باڵاتر خۆی دەنوێنێ.."[2].

"لەبارەی بابەتو چۆنیەتی پۆلێن بەندی کردنی خەیاڵەوە، (کۆلرێدج) لەژێر کاریگەری (کانت)دا، خەیاڵ بۆ دوو جۆر: خەیاڵی یەکەمی و خەیاڵی دووەمی دابەشدەکات.

خەیاڵی یەکەمی – وزەی ژیانو یەکەمین هۆکارە لە توانایی پەی بردنی مرۆڤداو لەسەر بنەمای ئەرکەکەی زانستیەو تەواو یەکسانە بەوجۆرەی کە (کانت) بە خەیاڵی بەرهەمهێن ناوزەدی دەکات، بەڵام جۆری دووەمی خەیاڵ، دەرهاویشتەی جۆری یەکەمەو هەمیشە پەیوەستە بە ویستەوەو ئەگەرچی لەگەڵ جۆری یەکەمی خەیاڵدا لە جۆری کاردا وەك یەکن، بەڵام لە چۆنیەتیو ڕێژەی کاریگەریدا جیاوازیان هەیە، چونکە بابەتەکان شیکاریان بۆدەکاتو پێکەوە دەیانبەستێتەوەو (یەکبوونو باڵایی بوون)یان تێدا بەدیدەهێنێت بەجۆرێك کە دروستکراوێکی نوێیان لێ بەدەست دەهێنێت. زەمینەی ئەم جۆرە خەیاڵەش هونەرە، کە (کانت) بە ئیستێتیکا ناوزەدی دەکات"[3].

لەڕاستیدا "س.ت.کۆلرێدج، یەکەمین کەسێکە کە لە لێکۆڵینەوەکانی بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، (خەیاڵ)ی بەم جۆرە پێناسە کردووەو گوتوویەتی، کە هێزێکی پێکەوەنەری

---

[1] غلامحسین یوسفی، تصویر شاعیرانه أشیاء در نظر صائب، مجله ٔ ادبیات دانشگاه فردوسی، شماره 4، ل577.

[2] خانلری، شعرو هنر، انتشارات سخن – تهران، 1353 هـ.ش. ل41.

[3] محمد غنیمی هلال، النقد الأدبي الحديث، نقد الأدب الحديث، دار النهضة – مصر، 1973م. ل162.

جادووئامێزە کە لە خودی خۆیدا پێکهێنانو هاوسەنگیو پێکەوە پەیوەستکردن بەدیدەکەین لەنێوان سیفەتو بابەتە دژبەیەکەکاندا"[1].

"خەیاڵ Imagination، لە ڕەخنەی ئەوروپییەکاندا زۆرترین پانتایی داگیرکردووەو کاریگەری هێندە بەرفراوان بووە کە هەموو جۆرو ڕێگاکانی کە بەرهەمهێنی وێنەی (زەینی)یە، دەگرێتە خۆی"[2]. شایانی باسە، کە س.ت. کۆلرێدج جیاوازیی کردووە لەنێوان "imagination" و "fancy"دا وەك لە پێناسەکەدا دەردەکەوێ، یەکەمیانی پێ داهێنەرانەیە[3].

یەکێك لە ڕەخنەگرانی هاوچەرخی عەرەب، دابەشکردنو پۆلێنبەندیەکی بۆ خەیاڵ کردووە، کە بەڵگەیە لەسەر فرە ڕەهەندی خەیاڵ، بەمجۆرەیە:

1- خەیاڵ، لەڕووی بابەتی ڕێنموونی کاری خەیاڵەوە، دەبێتە دوو جۆر:
   أ. خەیاڵی زانستی.
   ب. خەیاڵی ئەدەبی و شیعری.
2- خەیاڵ لەڕوانگەی بابەتو خودییەوە دەبێتە دوو جۆر:
   أ. خەیاڵێکی وێنەیی کە حەقیقەت و هەبووەکانی دەرەوە وێنە دەگرێ.
   ب. خەیاڵی (ویژدانی) کە ئاساری ڕاستیەکان وێنە دەگرێ.
3- خەیاڵ لەڕووی دەرئەنجامەوە:
   أ. خەیاڵێك کە کۆمەك بە بەرهەمهێنانی چیرۆك دەکات.
   ب. خەیاڵی ڕوونکاریو ڕوونکردنەوە، کە کۆمەکی جوان وێناکردنو جوان دەربڕینو هۆشیارکردنەوەی ویژدان، دەکات.
4- خەیاڵ لەڕوانگەی هەستەکانی مرۆڤەوە:
   أ. بینینو بینایی.
   ب. بیستن.
   ج. ئەندامی و جەستەیی.
   د. خەیاڵی (لمس)ی هەستی دەست لێدان[4].

زۆرینەی ئەم جۆرانەی خەیاڵ بەتایبەتی وەك بابەتێکی دوالیزمی دژیەك لە هۆنراوەکانی مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزیدا هاتوون کە لێرەدا جێگەو بابەتی ئێمە نییە بۆ هەر کام لەو

---

[1] ریچاردز، مبادئ النقد الأدبي، ترجمة وتقديم: محمد مصطفى البدوي، مراجعة: لويس عوض، المؤسسة العامة للتأليف والترجمة والنشر – القاهرة، 1963م. ل132.

[2] سید حسین فاطمی، تصویرگری در غزلیات شمس، ل17.

[3] بڕوانە: CHRIS BALDIK, Oxford Concise Dictionary of Literary Terms. London, 2004, p.122.

[4] عبدالحميد حسين، الأصول الفنية للأدب، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، 2008م. ل104 – 105.

جۆرانەی (خەیاڵ) نمونەی هۆنراوە بهێنینەوە، چونکە ئێمە لێرەدا مەبەستمانە باس لە (خەیاڵ) بکەین وەك زەمینەیەکی ئیستێتیکایی کە بووەتە کەرەسەی چۆنیەتی دەربڕینی جۆرەکانی دوالیزمی دژیەك، بەتایبەتی (پارادۆکس).

خەیاڵ لە بنەما فیکریو تیۆرییەکەی عیرفانیش ڕەگەزێکی بنەڕەتیو هۆکارێکی دەربڕینی دوالیزمی دژیەکە کە بنچینەی جیهانبینی عیرفانە.

"لەنێوان دیارو نادیاردا، ناوبڕێك هەیە کە (ابن عربی) بە (برزخ) ناوزەدی دەکات بۆ نمونە (ممکن) بەرزەخێکە لەنێوان (وجود) بوون (عدم) نەبووندا. هەروەها مرۆڤی کامڵ، نمونەیەکی دیکەیە کە وەك بەرزەخێك وایە لەنێوان (الحق) و (الخَلْق)دا: بە ناوەکانی خواوە دەردەکەوێت دەبێتە (هەق) و بە سیفەتەکانی زەمینیشەوە دەردەکەوێت، دەبێتە (خَلْق). بەرزەخ بەواتایەکی تر شوێنی ئاڵوگۆڕە، واتە شوێنی وێناو خۆنواندنە.

حەقیقەتی گەردوونی لای (ابن عربی) سێ پلەی هەیە: (باڵا) کە پلەی (مەعقولات)ە، (نزم و خوارەوە) کە پلەی (هەستەکان)ە، هەروەها بەرزەخی کە کۆکردنەوەی ئەم دوو پلەیە، واتە معقولو هەستپێکراوە لەیەك کاتدا، کە ئەوەش پلەی خەیاڵو وێناکردنە.

زانینو زانیاریش، بەدوای ئەودا، سێ جۆرە: بوونی ڕەهای خوایی، نەبوونی ڕەها، بوونی خەیاڵی، کە ئەوەش بەرزەخە لەنێوان (وجود) و (عدم)داو پێگەی (ممکنات)ە کە بێ کۆتاییە"[1].

هەر لەم ڕووەوە شاعیرو زانای عەرەب علی أحمد سعید (أدونیس) دەڵێ: "جیهانی یەکەم، جیهانی واتاکانە، کە ئەوەش جیهانی عەقڵە، جیهانی دووەم، جیهانی هەستەکانە، دووەمیان بە بینینو یەکەمیان بە (بصیرە) بینایی و دووربینی دەبینرێت. لەنێوان ئەم دووانەدا جیهانی سێهەم هەیە کە جیهانی (جبروت)ە کە لەهەمان کاتدا جیهانی خەیاڵە"[2].

"لێرەوەیە کە لای (ابن عربی) مەودای خەیاڵ بەرفراوانترین مەودایە، چونکە دوو جیهان پێکەوە کۆدەکاتەوە، هەروەها کامڵترین بوونەوەرە، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام لە جوڵەدایە (بوونو نەبوون)، (زانراوو نەزانراو)، (ئەرێنی و نەرێنی)..."[3].

خەیاڵ، تەنانەت وێنەی خودی خوداش، وێنادەکات، خەیاڵ ئەو کارە دەکات کە عەقڵ بە مەحاڵی دەزانێت. لەم ڕوانگەوە خەیاڵ پێوەری مەعریفەیە. هەروەك (ابن عربی) جەخت دەکاتەوە، "هەرکەس خەیاڵو پلەکانی نەناسێت، ئەوا هیچ بۆنێکی لە مەعریفە نەبردووە. مەعریفەی (کشف) کردن بە خەیاڵ، لەوجۆرەیە کە تایبەتە بە (أهل الله)"[4].

---

[1] ادونیس، الصوفیة والسوریالیة، ل74.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل76.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل79.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ل80.

ابن عربی، پێی وایە، گەورەترین بوونەوەری خوای گەورە (خەیاڵ)ە، خەیاڵ پێگەی خۆنواندنی خواییە، دروستکردنی جیهانی خەیاڵ لە نهێنیەکانی خواییە. خەیاڵ، خوای گەورە بۆیە دروستی کردووە، تا لەوێدا کۆکردنەوەی یاخود پێکەوەبوونی دژەکان و دوالیزمە دژەکان، دەرکەوێت.

کەواتە عیرفانو عیرفانی تیۆری، باشترین فاکتەرو پاڵنەرو زەمینەیە بۆ بەرهەمهێنانی وێنەو وێنای خەیاڵی بابەتە دژیەکەکان بەجۆرێك کە دواجار وەك دەقو بەرهەمێکی ئیستێتیکایی، بێتە بەرهەم.

مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزی، هۆنراوەکانیان پڕە لە وێنەو وێنای بەرزو جوان بەتایبەتی لە دەرخستنی بابەتەکانی کە دوالیزمی دژیەکن، ئەمەش بۆ دوو شاعیری هەست بەرزو عارفی وەك مەولاناو مەولەوی، جێگای سەرسوڕمان نییە، چونکە خۆیان زادەی نێو مەعریفەی عیرفانینو پێشەوای عارفانی زێدی خۆشیانن.

عیشقی عارفانەی مەولاناو مەولەوی، نەك تەنها ڕێگر نییە لە بەرفراوانی خەیاڵیان دا، بەڵکو هێندە گەورەیە کە هەموو جیهان دەگرێتەوە.

وێناکانی نێو خەیاڵ لە هۆنراوەکانی مەولاناو مەولەوی (بێگومان هەریەکەیان وێڕای لێکچوون تایبەتمەندی خۆشیان هەیە) دا، ڕەنگ و بۆنو شێوازێکی تایبەتی خۆیان هەیە، هەردووکیان ڕەگەزە بنەڕەتیو بێ کۆتاییو هەمیشەییەکانی بەرفراوانی بوون، دەکەنە کەرەسەی وێنە شیعرییە دژیەكو عیرفانیەکانیان. هەردووکیان جوانی لە گەورەییو شکۆو بێ کۆتاییو بێ سنووربووندا دەبیننەوە.

لێرەدا جێگای خۆیەتی بۆچوونی توێژەرێکی ناسراوی ئێرانی (شفیعی کدکنی) بهێنینەوە کە دەڵێ: "لە چوارچێوەی بابەتی (وێنەکانی خەیاڵ)دا، (دیوانی شمس)ی مەولانای ڕۆمی نمونەیەکی ناوازەیە. بەرفراوانی مەودای خەیاڵو ئاسۆی دووربینی مەولانا، بەجۆرێکە کە (أزل) و (أبد) پێکەوە دەبەستێتەوەو وێنەی وا دادەهێنێ بە پانتاییو بەرفراوانی (بوون)ە. لە خەیاڵدانی مەولانای ڕۆمی دا، هەمیشە ڕەگەزە پڕ لە شکۆو گەورەکانی (بوون)، وەك مەرگ و ژیانو نەمریو عیشقو دەریاو شاخو کێوەکان، ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی وێنەن"[1].

مەولانا زۆر لە مانا تەجریدیەکان کە زەمینەی بنەڕەتی ئەندێشەو سۆزەکانی ئەوە، بە وێنەو دەربڕینە سەرسووڕهێنەرە تایبەتیەکانی خۆی کردوویەتیە بابەتێکی هەستپێکراوی ماددیو بەرجەستە. لە شیعری مەولانادا (بێدەنگی)، (نوقڵە) کە دەڕژێت وەك دەڵێت: "خلوتیان گریختە، نُقل سکوت ریختە. واتە چۆڵیو تەنیایی ڕایکردووە، نوقڵی بێدەنگی ڕژاوە. هەروەها لە

[1] محمد رضا شفیعی کدکنی، در عشق زندە بودن، ل54.

شیعری مەولانادا (ناڵەی درەخت) لە خەزاندا، دەتوانرێت بخورێتەوەو (نۆش) بکرێت، تەنانەت حاڵەتە دەروونیەکانیشی لەچوارچێوەی وێنەی بەرجەستەکراودا، بردووەتە ئاستی بابەتی بینراوو، بۆ نمونە دەڵێت:

حسنما! ببین خزان را، بنگر برهنگان را

ز "شراب همچو اطلس" به برهنگان قباده

واتە: ئەی پەرستراوم! بڕوانە خەزان، سەرنج بدەرە پێ پەتیەکان

لە "شەرابی کە وەك ئەتڵەس وایە" بدەرە پێ پەتیەکان

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی وێنەو ئیمەیجەکانی مەولانای ڕۆمی، سوریالی بوونیانە. لە هۆنراوەیەکدا دەڵێت:

"ز هی سلام کە دارد ز نور دُمب دراز..."

واتە: ئەو سڵاوەی کە ئەو هەیەتی لە (نور) ڕووناکی کلکێکی درێژەوەیە...

یاخود دەڵێت:

"درختان بین ز خون تر، به شکل شاخ مرجانی"

واتە: درەختەکان ببینە لە خوێنی تەڕ، بەشێوەی شاخێك لە مەرجان.

یاخود دەڵێت:

"صبحدمی، همچو صبح، پردهٔ ظلمت درید"

واتە: بەرەبەیانێك، وەك بەیانی، پەردەی تاریکی دڕی.

بەگشتی وێنە خەیاڵیە پڕ لە جوانیەکانی مەولانا تەنها بوونێکی ئاسۆییان نییە، بەڵکو بە ئاستی ستوونیش قوڵ بوونەوەی پڕ لە جوانیان تێدایە"[1].

سەبارەت بە وێنەو وێنە خەیاڵیەکانی مەولەوی تاوەگۆزی، ئەنوەر قادر دەنووسێت: "یەکێك لە شێوازە هونەرییەکانی ئەو شیعرانەی مەولەوی دەربارەی سروشت وتوونی (دوالیزمێکی تایبەتیو دەگمەنە)، کە خەسیەتی لیریکای سۆفییانەیە، واتە (وێنەیەکی پۆزێتیڤ هەمیشە لەگەڵ یەکێکی نێگێتیڤی دژ بەخۆیدا دەبێ).

هەروەها ناوبراو بۆچوونی ئەکادیمیكو ڕۆژهەڵاتناسی دیاری سۆڤیەتی کۆچکردوو (ئی.بێ.بیرتلس) دەهێنێتەوە کە زۆر کارامانەو بابەتیانە وتوویەتی: "ئەم ناکۆکییە دوولایەنییە، چەمکی سەرجەم سۆفیزمە، لە دژایەتی دنیای گیانییەوە دەستپێدەکاتو بە ئەندێشەی دەروونی باسکراو کۆتایی دێت). ئەم خەسیەتە لە لیریکای مەولەویدا زۆر بەرچاوو دیارەو لەسەر بناغەی هەندێ چەمکی دژبەیەك دامەزراوە. بۆنمونە: ژێر – ژوور، نشێو، دۆڵ – شاخ، دۆست – ڕەقیب،

---

[1] محمد رضا شفیعی کدکنی، در عشق زنده بودن، بەگشتی بڕوانە ل55 – 60.

هەروەها ڕەگێکی قووڵ داکوتراویشی لە زەمینەی هەندێ بیری ئەفسانەییدا هەیە. بۆ نمونە لە شیعری (وەهارەن، سەیرەن، سەوزەی دیاران...) دا، کە ئاشکرایە مەولەوی لەسەر سەرچاوەی زەڵم نوسیویەتی، لێرەدا شاعیر دوو شتی دژبەیەکدی دەبینێ. شاخەی شەتاوی شاخەکان، کە لەوپەڕی دەماخ و جۆش‌و هەڕەتدان، بەپێچەوانەی ئاوی زەڵمەوە، کە شاعیر بە ناشاد دێتە پێش چاوی‌و لەگەڵ خۆیدا بەراوردی دەکات‌و بە خۆیی دەچوێنێ"[1].

پاشان لە هەمان بابەت‌و لاپەڕەدا دەنووسێت "بێجگە لە هێزو لاوازی هەر لەم شیعرەدا دووانەیەکی دژبەیەك تر (شادی – خەم)ی کۆکردۆتەوە. شاعیر کە لە گومان‌و دڵەڕاوکەو بێئارامیەکی بێ ساماندایە، بەرامبەر بە خۆی دڵدارانێك دەبینێت، وا شادو مەستی دەس لە ملانی یارن، هەروەها بەپێی ستروکتوورەی بنیاتنانی وێنەی سۆفییانە، کە پێویستی بە (توحید) هەیە، (واتە: پێویستی بە تەوەرەیەك هەیە، کە ڕەگەزێکی بەراوردی ناوەندییەو دەبێتە بناغەی دروستکردنی وێنەکەو هەموو مەرجەکانی شیعری سۆفییانەی تێدا بەدیدێت).

مەولەویش ئەم ڕەگەز – تەوەرەیە دەدۆزێتەوە، کە هەموو شتە دژبەیەکەکانی تێدا دەتوێنێتەوە. ئەینا، خەمی شاعیرو شادی دڵداران لە چیدا یەکدەگرنەوە؟!

لە غەزەلی (فەسڵی نەوپارێز تازە کەردەن مەیل...) و (نەوای کەژاوەی لەیلێ نازانەن)دا مەولەوی تابلۆی کۆچ‌و باری کۆچەرانی کوردمان بە خامەیەکی ڕەنگین‌و وێنەی بزۆزو دانسقە بۆ دەنەخشێنێ. لەم غەزەلانەشیدا دیسانەوە شتە دژ بەیەکەکان دەبینین: شاخ – نشێو، بەرزی – نزمی، ژوان – دووری، خەم – شادی...هتد"[2].

مەولاناو مەولەوی، لە وێنەکانیاندا تەنها لە بابەتی دیاردە گەردوونی‌و عیرفانیە گەورەکان نەدواون بەڵکو زۆرینەی وێنەکانیان یاخود کەرەسەکانی وێنەکانیان لە خەیاڵدانی خەڵکیدا بوونی هەیەو بابەتەکان بە خەڵکی نامۆ نییە، بەڵام ئەم دوو شاعیرە سۆفی و بە شکۆیە، ڕووداوو بابەتە ساکارەکانی ناو خەڵکیان بەرزو پەیوەست کردووەتەوە بە بابەتە عیرفانیە باڵاکان تا بتوانن پلەی پەروەردەیی‌و ڕەفتاری‌و بیرکردنەوەی خەڵکی بەرزبکەنەوە، بۆنمونە، بابەتێکی وەك (جەژنی قوربان‌و قوربانی کردن) کە خودی بابەتەکەو دیمەنەکانی لای خەڵکی بەگشتی ئاشنان‌و نامۆ نین، بەڵام بڕوانە مەولانای ڕۆمی چۆن خۆی (وەك عاشقێك) دەچوێنێ بەو ئاژەڵەی کە قەڵەو کراوە بۆ قوربانی کردن‌و قەسابەکەش بە (قصاب عاشقان) ناوزەد دەکات، چونکە دەیکاتە قوربانی بۆ جەژنی عاشقان و دەڵێت:

خویش فربه می نماییم از پی قربان عید

کان قصاب عاشقان بس خوب و زیبا می کشد

---

[1] ئەنوەر قادر محەمەد، لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، ل111 – 112.

[2] ئەنوەر قادر محەمەد، لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، ل111 – 112.

همچو اسماعیل گردن پیش خنجر خوش بنه

درمد زد ازوی گلو گر می کشد تامی کشد[1]

واته: به خۆشیەوە خۆمان ئامادەو قەڵەو دەکەین بۆ قوربانی کردن، بەڕاستی ئەو قەسابی عاشقانە جوان‌و چاك دەمانکوژێت. هەروەك ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم بە جوانی ملت بەرە بەردەم چەقۆ تا بە جوانی قوڕگت بپڕێ و بتکوژێ...

مەولەوی تاوەگۆزیش بۆ هەمان بابەت، هۆنراوەیەکی هەیە کە پاش ئەوەی باسی جەژنی قوربان دەکات‌و دەخوازێ ئەمیش خۆی بکات بە قوربانی‌و قبوڵی بکەن بۆ سەربڕین، بەڵام دواتر بەخۆی دەڵێ، کە تۆ بۆ قوربانی ناشێیت چونکە پیرو کوێریت‌و ئاژەڵی نوقسانیش بۆ قوربانی نابێت، دەڵێت:

قوربان! قوربانەن، جەژنەن، شادیەن

دەس نەگەردەنەن، ڕۆی ئازادیەن

پاشان دەڵێت:

مەرد پەی "ئۆسا دەی" بێ درێغەکەت

بسم الله تەکبیر دەس بە تێغەکەت

پاشان دەڵێت:

سا تویچ من بەرە، وە قوربانی کە

من وە قوربانی ڕای ڕەببانی کە

دواجار دەڵێت:

مەعدوومی بەدبەخت ناتەمامەنی

ڕاسەن بێ دەوڵەت خەیاڵ خامەنی

قوربانی مشیۆ جە عەیب بەری بۆ

فیدایی پەسەند رای دڵبەری بۆ

تۆ پا شکستەی بەرد هەرد دەرد

چەم کۆر مەینەت، تەن زایف، ڕەنگ زەرد

خەیاڵێت کەردەن جە رووی نادانی

چ لایق وە تۆن روتبەی قوربانی[2]

خەیاڵ‌و سەرچاوەی خەیاڵ، بەم بنەما عیرفانی‌و ئیستێتیکاییەوەو هەروەها وەك ڕەگەزێکی گرنگی شیعری کە باسمان کرد بەگشتی. جگە لەوەی مناڵدانی چەندین وێنەی خەیاڵی

---

[1] کلیات شمس، ل728.

[2] دیوانی مەولەوی، ل459.

پڕ له جوانیه بەگشتیو زەمینەی وێنه خەیاڵیه دژیەیەکانه بەتایبەتی، له هەموو جۆرەکانی دژیەکو دوالیزمی دژیەکدا بەدیدەکرێتو له دەقه شیعریەکاندا وەك بونیادێکی کارای دەربڕینی دوالیزمی دژیەك بەرچاوەو دەبینرێت[1].

دیارترین جۆری دوالیزمی دژیەك که بەشێوەیەکی بنەڕەتی پەیوەسته به وێنەی دژیەکو وێنەی خەیاڵی دژیەك، (پارادۆکس)ە، که ئەگەرچی له جۆرەکانی دوالیزمی دژیەکداو له پاری یەکەمی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، وەك جۆرێك ئاماژەمان پێکردو پێناسەو بەراوردمان کرد لەگەڵ جۆرەکانی دیکەدا، بەڵام لێرەدا زۆر به پێویستی دەزانین له پارێکی سەربەخۆداو بەشێوەیەکی هێندەی لێکۆڵینەوەکەمان دەرفەتمان بداتێ، کەمێك درێژتر باس له پارادۆکس و جۆرەکانی بکەین، چونکه:

1- پارادۆکس، زادەی بەرهەمی خەیاڵو وێنەی خەیاڵە، که تەوەرەی ئەم بابەتەمان بوو.

2- پارادۆکس، جوانترین جۆری دوالیزمی دژیەکه، وەك دەربڕینێکی ئیستێتیکایی.

3-3/ پارادۆکس، جوانترین جۆری دەربڕینی دوالیزمی دژیەکو بەرهەمی وێناو خەیاڵی ئیستێتیکییانه:

دکتۆر (شفیعی کدکنی) له باسی ئەو جۆرەی دوالیزمی دژیەکدا، که هێنانو بەرامبەریەك دانانی دوو وێنەی دژیەکه لەسەر زەمینەو وەك بەرهەمی خەیاڵ، به (وێنەی پارادۆکس) ناوزەدی دەکاتو بەمجۆره پێناسەی دەکات: "وێناکردنێکه که دوو ڕووی پێکهاتەی ئەو وێنه زەینییه، لەڕووی تێگەیشتن و واتاوە، وەك دژیەکێك بەرامبەر دەوەستنەوەو پێچەوانەی یەکدی دێنەوە"[2].

وێنه پارادۆکسیەکان دوو مەرجی هەیە:

1- کۆکردنەوەی دوو ئاراستەی جیاواز لەیەك شتدا.

2- بەرامبەر یەکبوون یاخود جیاوازبوونی ئەم دوو ئاراستەیە[3].

بەگشتی پارادۆکس لەڕووی جۆری دوو ئاراسته جیاوازەکەیەوە، چوار جۆره:

1- پارادۆکسی زمانی.

2- پارادۆکسی لۆژیکی.

3- پارادۆکسی خەیاڵی.

4- پارادۆکسی دەروونی.

---

[1] یادگار لطیف الشهرزوري، المفاتیح الشعریة (قراءة اسلوبیة في شعر بشار بن برد)، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزیع، سوریا، الطبعة الأولی، 2012م. بڕوانه ل131.

[2] محمد رضا شفیعی کدکنی، شاعر آینەها، ل54.

[3] علیرضا فولادی، زبان عرفان، ل233.

پارادۆکسی زمانی، ئەوجۆرەیە لە پارادۆکس، کە دانەیەکی یاخود ڕەگەزێکی زمانی، پێچەوانەی ڕەگەزێکی دیکەی زمانی دەوەستێتەوە. بۆنمونە مەولەوی تاوەگۆزی دەڵێت:

ئاخ پەی خەڵوەتێ بدیام وە بێ خەم

سیوای تۆ دیدەم کەس نەدیام وەچەم[1]

(بدیام و نەدیام) ⟵ دوو وێنەی پارادۆکسی (زمانی)ین.

"پارادۆکسی لۆژیکی، لەوجۆرەیانە کە بەشێکی بابەتێك لەلایەن بەشێکی تری هەمان بابەتەوە، ڕەدبکرێتەوە، بۆنمونە کەسێك بڵێت: (ڕۆژێکیان شەو بوو..).

پارادۆکسی خەیاڵیش، ئەو پارادۆکسەیە کە (وێنەی خەیاڵ) بەرهەمدێنێ‌و بە تەعبیری (شفیعی کدکنی) (وێنەی پارادۆکسی) بەدیدەهێنێت.

دواجار پارادۆکسی دەروونی، ئەوجۆرەیە کە تێیدا دوو ڕەگەزی دەروونی‌و بەگشتی سۆزداری دژیەك پێکەوە کۆببنەوە، وەك (خواستن و نەخواستن).

(شبلی) عارفی گەورە دەڵێت: (ئەوەم دەوێت کە نامەوێت...)"[2].

هەروەها پسپۆڕێکی بواری ئەدەب‌و بیر هەر لەم ڕووەوە دەربارەی پارادۆکس دەڵێ: "بێگومان ئەم بابەتە لە هەوڵەکانی چێژ ویستی بۆ ئەم جۆرە مەبەستە، زیاتر بەرچاو دەکەوێت‌و بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە پارادۆکس‌و جۆرەکانی لە زمانی عیرفاندا دەربڕی ئەو ڕاستیەیە. ئەم ڕاستیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەوڵانەی کە دەدرێن بۆ دەربڕینی ڕوونی ئەزموونی عارفانە، واتە ئەم جۆرە ئەزموونە لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ دەربڕینی ڕوون‌و ڕاشکاوانە، خۆبەخۆ لە شێوازی (پارادوکسیکال)دا دەردەکەوێ، چونکە بابەتەکەی ئەو کۆکەرەوەو یەکگرتنی دژەکانە"[3].

هەروەها بەردەوام دەبێ و دەڵێ: "لە هەر هەوڵێکدا بۆئەوەی تەعبیر لە ئەزموونی پاشخانی بکرێت، خێرا لەو جێگەو هەوڵەدا جێ پێ و جێ پەنجەی پارادوکس ئامادەیە"[4].

لە ڕابردوودا ئاماژەیەکمان بە جۆرەکانی (پارادۆکس) کرد، بەڵام لێرەدا پێویستە بڵێین، (پارادۆکس) لەڕووی چییەتی، دووانە دژیەکەکەوە، کە پێکهێنەری دووانەی دژیەکی (پارادۆکس)ن دەبێتە دوو جۆر:

1- پارادۆکسی گفتاری (ئاخاوتنی).

2- پارادۆکسی کرداری[5].

---

[1] دیوانی مەولەوی، ل87.

[2] علیرضا فولادی، زبان عرفان، ل235.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل235.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ل239.

[5] سەرچاوەی پێشوو.

"بەگشتی پارادۆکسی ئاخاوتنی، پارادۆکسێکە کە هەردوو ڕووی یاخود بەشی پێکهێنەری دوالیزمە دژیەکەکە، لەناو خودی وتنەکەدا هەیە، بۆنمونە (بایزید) دەڵێت: "ئای کە هەندێ کەس لە ئێمە نزیکەو لێشمان دوورە، ئای کە هەندێ کەسی دیکەش لێمان دوورەو بەڵام لێمان نزیکە".

هەروەها پارادۆکسی کرداری، پارادۆکسێکە کە تەنها یەك ڕووی یاخود یەك بەشی دوالیزمە دژیەکەکە، لەناو گوفتارەکەدا دێتو ئاماژەی پێ دەکرێت. بۆنمونە عارفی گەورە (ابوالحسن خرقانی) دەڵێت: هیچ کەس منی نەدیوە جگە لە (ابو یزید).

ئاشکرایە کە (خەرقانی) دووسەد ساڵ پێش (ابو یزید) ژیاوە، بۆیە ناچارین ئەم گوتەیە لەگەڵ زانیاری دەرەکیدا (واتە دەرەوەی دەق) بەراورد بکەینو پەی بە (پارادۆکس) بوونی بەرین"[1][2].

لێرەداو پەیوەست بە لێکۆڵینەوەکەی ئێمە، باسی سێ جۆر (پارادۆکس) دەکەین کە هەریەکەیان نمونەو بەڵگەی ئیستێتیکای دەربڕینی عیرفانیە کە بێگومان بە کەرەسەکردنی بابەتی دوالیزمی دژیەکە کە بابەتو بنەڕەتی عیرفانەو وێناکردنی دەربڕینی دوالیزمانەی عیرفانیانەیە.

3-3-أ/ هەستئامێزی:

"یەکێکە لە جۆرەکانی پارادۆکسی ئاخاوتنی کە لەم جۆرەدا پەیوەستکردنەوەی پێنج هەستەکانی مرۆڤ، بەشێوەیەکی پارادۆکسیانە پێکەوە دەسازێنرێن. بێگومان دوو جەمسەرە پێکهێنەرەکەی (هەست ئامێزی)، یا هەردووکیان هەستین یاخود یەکێکیان عەقلیو ئەوی دیکەیان هەستییە. بۆنمونە لە پێکهاتەی (بێدەنگی سەوز)دا، (بێدەنگی) و (سەوز)یش هەردووکیان هەستین، بەڵام لە پێکهاتەی (بەختی ڕەش)دا، (بەخت) (عەقلی)یەو (ڕەش) هەستیە"[3].

مەولەوی تاوەگۆزی لە هۆنراوەیەکیدا (بەختی شەڕ) بەکاردەهێنێت و دەڵێت:

ئەوساتە زانام بەختەکەم شەڕ بی

عێلەکەم هامڕای عێل سەگ وەڕ بی[4]

یاخود مەولانای ڕۆمی لە هۆنراوەیەکیدا (پنبە ای از لا ابالی) بەکاردەهێنێتو دەڵێت:

پنبە ای از لا ابالی دردو گوش دل نهم

پند نپـذیرم ز صبر و بندها را بشکنم[4]

---

[1] علیرضا فولادی، زبان عرفان، ل241.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل245.

[3] دیوانی مەولەوی، ل69.

[4] کلیات شمس تبریزی، چ2، ل832.

واتە: لۆکەی بێ باکی دەکەمە هەردوو گوێی دڵم...

لێرەدا جگە لە (لۆکەی بێ باکی) کە پێکهاتەیەکی (هەستی + عەقڵی)یە، پارادۆکسێکی دیکەمان هەیە کە (عەقڵی + عەقڵی) کە (دوو گوێی دڵە).

وەك زانیمان (هەست ئامێزی) بە کۆبوونەوەی دوو دژ دەبێت کە پەیوەستە بە پێنج هەستەکەمانەوە، واتە یا هەردوو دژیەکەکە هەستین یاخود یەکێکیان هەستی و ئەوی دیکەیان عەقڵی یە.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم چەمکە بۆچوونێك دەخەینە پێش چاو، دەڵێ: "کاتێك کەسی عارف دەگاتە پلەی تەجریدی ڕۆحی، خۆی قوتار دەکات لە زۆری هەستە دەرەکی و ڕووکەشەکان و کارو پەی پێ بردنی هەموو ئەوانە دەکاتە یەك کەناڵ و ڕێچکەوە چونکە لە بنەڕەتدا چییەتی (نفس) هیچ نییە جگە لە یەکبوون و فرەیی هێزەکان و کارەکانیان دەرئەنجامی ژمارەی ئەندامانی جەستەیە"[1].

وەك مەولانای ڕۆمی لە هۆنراوەیەکیدا دەڵێت:

پس بدانی چون کە رستی از بدن
گوش و بینی چشم می داند شدن
راست گفتە است آن شە شیرین زفاف
چشم گردد مو بە موی عارفان[2]

واتە: باش بزانە، هەرکات بێزار بوویت لە جەستە
گوێ و بینینی چاوەکانت پەی بە هەموو شت دەبەن
ڕاستی وتووە ئەو شاشیرین و پڕ لە شادیەمان
یەك بە یەکی مووەکانی کەسی عارف، دەبنە چاو

بەواتایەکی تر، (هەست ئامێزی) بەرهەمی حاڵەتێکە کە بە (جمع) ناوزەدی دەکەن. واتە کاتێك کەسی عارف خۆی قووتار دەکات لە (جیاوازی) هەستەکان، هەر هەستێکی کارو ئەرکی هەستێکی دیکە دەگرێتە ئەستۆی خۆی. وەك (شمس الدین محمد بردسیری کرمانی) لەم بارەوە دەڵێت:

از تفرقە چون شدی سوی جمع
سمع تو بصر شود بصر سمع[3]

---

[1] علیرضا فولادی، زبان عرفان، ل246.
[2] کلیات شمس تبریزی، ل256.
[3] علیرضا فولادی، زبان عرفان، ل247.

ئیبن عەرەبی، ئەمە بە حاڵەتێکی تێپەڕ دادەنێت و کاملترین جۆری بەوە دەزانێت، کە عارف بە هەموو هەستەکانی ببینێ، بە هەموو هەستەکانی بۆن بکات...

بەگشتی ئەم جۆرە دوالیزمە کە بەشێکە لە دەربڕینی عیرفانی و زمانی عیرفان، جۆرێکە لە داهێنان و جوانکاری لە دەربڕیندا کە هەڵگری قوڵیەکی عیرفانیە کە لە بەرهەمی ئەدەبی عیرفانیدا چەندین هونەری دیکەی دەربڕین دەخاتە چوارچێوەی خۆیەوە، وەك لێکچواندن و خوازەو...هتد.

3-3-ب/ پێچەوانەی باو:

"جۆرێکە لە پارادۆکسی کرداری، واتە پارادۆکسێك کە یەك دیوی یاخود بەشێکی دوالیزمی دژیەکەکەی لە خودی گوتەکەدا ئاماژەی پێ کراوەو دیوی دووەمی لە دەرەوەی گوتەکەیە:

دەڵێن، جارێکیان هەندێك خەڵك ئامادەبوون تا نوێژی (مردووی) جەنازەیەك بکەن، (شبلی – کە یەکێکە لە عارفە گەورەکان) لەوێ بوو، گوتی: مایەی سەرسوڕمانە، کۆمەڵێ خەڵکی مردوو هاتوون تا نوێژ لەسەر زیندوویەك بکەن!.

لێرەدا پێچەوانەی باو ئەوەیە کە (شبلی)، مردوو بە زیندوو، زیندووش بە مردوو ناوزەددەکات"[1].

پێچەوانەی باو، لەڕووی چییەتیەوە، کردارییە، بەڵام لە دوو ڕوانگەوە پەیوەندی بە گوفتارەوە هەیە. یەکەمیان، دەرکەوتنیەتی لە چیرۆکە عیرفانیەکاندا بەشێوەی (دەگێڕنەوە)، دووەمیان، لەڕوانگەی دەرکەوتنی (ئەم پێچەوانەی باوە) لەم چیرۆکانەدا بە شێوەو وێنەی (ڕوداو). لەسەر ئەم بنەمایە، ئەم جۆرە (واتە پێچەوانەی باو) جۆری گێڕانەوەیی (پارادۆکس)ە، بەجۆرێك کە دەتوانین بە (پارادۆکسی گێڕانەوەیی) ناوزەدی بکەین. بەمشێوەیە، پێچەوانەی باو، هیچ نییە جگە لە دژیەك بوونی کردار لەگەڵ باودا، ئیتر ئەو کردارە (گریمانەیی) بێت یاخود ڕوودراو.

دروستکردنی ئەوجۆرەش، وەك هەموو جۆرەکانی پارادۆکس، پەیوەستە بە بنەمای کۆکردنەوەی دوو دژیەك، بەڵام لەم جۆرە پارادۆکسەدا، دژێکیان لەناو خودی گوتەکەدایەو دژەکەی دیکەش لە دەرەوەی گوتەکە.

عیرفان ئەگەر ناوێکی دیکەی هەبێت ئەوا پێویستە پێی بوترێت، قوتابخانەی دژە باو یاخود پێچەوانەی باو، چونکە عیرفانی تیۆری پەیوەست بە دیدو تێڕوانینەوە پەیوەندی هەیە بە پێچەوانەوە دژایەتی کردنی باوەوە، هەروەها عیرفانی کرداریش هیچ نییە جگە لە پێچەوانەی باو بوون لە کرداردا، وەك ئەحمەد غەزالی دەڵێت: "لێرە ڕاستیەکان پێچەوانە دەبنەوە"[2].

---

[1] علیرضا فولادی، زبان و عرفان، ل252.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل252.

ئەندێشەی (ئاشنایی بە زەین و خەیاڵ) کە بنەڕەتی (پێچەوانەی باو) پێکدەهێنێت، ئەندێشەیەکی بنەڕەتی عیرفانیە. چەندین سەدە بەرلەوەی (ڤیکتۆر شکلۆفسکی) کە لە پێشڕەوانی فۆرمالیستی ڕوسییە، ئەم ئەندێشەیە وەك تیۆرێکی ئەدەبی بخاتە ڕوو، (عين القضاة) کە لە تیۆریزەکارانی عیرفان‌و ئەدەبی عیرفانی ئەم ناوچەیە، جەخت لەوەدەکاتەوە کە سەرسوڕمان و واق وڕمانی مرۆڤ لە نەبینینی دیاردەکان نییە، بەڵکو لە نەزانینی ئەوانەیە، چەندە زۆرن ئەو دیاردانەی بەهۆی عادەتەوە، مایەی سەرسوڕمان نین، واتە عادەتمان پێی کردووەو بووەتە باو، بەڵام هەرکات کە پەردەی (عادەت) لادەبەین، دەبنە مایەی سەرنج و سەرسوڕمان.

مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

اسمید و حروفید و کلامید و کتابید

جبریل امینید و رسولان سمایید[1]

واتە: ناویت و پیتیت و گوتەو ڕستەیت و کتێبیت

جوبرەئیلی ئەمینیت و پێغەمبەرانی ئاسمانیت

چۆن دەکرێ (جوبرەئیل)یش بیت و پێغەمبەریش بیت؟!

مەولەوی تاوەگۆزی لە ڕاستی هاوکێشەی (چاکەکردن و پاداشت وەرگرتن) کە یاسایەکی دادپەروەرانەی خواییە، وێنەیەکی ناعادەتی دادەتاشێ و دەڵێت:

یا خەلیل، دەخیل کێ عادەت کەردەن

تۆشە وە دەرگای کەریمان بەردەن؟[2]

3-3-ج/ تەجرید:

"جۆرێکە لە پارادۆکسی (دەروونی – کرداری) کە لەوێدا واتە لەم جۆرەدا (منی باڵا)ی عارف لە (من)ی ئەو جیادەبێتەوە وەك (بایزید) دەڵێت: "لە بایەزیدی هاتوومەتە دەرێ، هەروەك مار کە لە کاژەکەی دێتە دەرەوە، پاشان سەیرم کرد، عاشق‌و مەعشوق‌و عیشقم وەك یەکەیەك پێکەوە بینی، کە لە جیهانی یەکتاپەرستیدا هەمووان دەبنەوە یەك..."[3].

ئەم حاڵەتە، دوو کەسایەتی بۆ عارف دروستدەکات، لەکاتێکدا ڕەهەندی زمانی وەردەگرێ کە گوزارشتی لێ بکات.

---

1 جلال الدین محمد بلخی، مولانا. غزلیات شمس تبریزی، مقدمه گزینش وتفسیر: محمد رضا شفیعی کدکنی، جلد دوم. انتشارات سخن – تهران، چاپ سوم، 1387 هـ.ش. ل1367.

2 دیوانی مەولەوی، ل400.

3 علیرضا فولادی، زبان عرفان، ل278.

تەجرید، هۆکاری بنەڕەتی پەیوەست کردنەوەی زمانی عیرفانە بەجۆرێك لە سوریالیزمەوە، کە سوریالیزمی سروشتییەو دەکرێت بە (سوریالیزمی عیرفانی) ناوزەدی بکەین.

ئەمیش هەروەك جۆرەکانی تری پارادۆکس لەسەر بنەمای دوالیزمی دژیەکە.

باوەڕ بە بوونی (منی باڵاتر) بنەڕەتی ئەندێشەی تەجریدییە لە عیرفاندا.

مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

نی من منم، نی تو تویی، نی تو منی
هم من منم، هم تو تویی، هم تو منی
من باتو چنانم ای نگار خود تنی
که اندر خلطم که من تو ام یاتو منی[1]

واتە: من منم و تۆ تۆیت و تۆ منیت، هەروەها من منم و تۆیش تۆیت و هەروەها تۆ منیت
من لەگەڵ تۆدا وەك نیگارێك پێکەوە چنراوین، کە تیاماوم کە من تۆم یاخود تۆ منیت؟!

بێگومان مەولەویش لەم جۆرە هونەرەی پارادۆکسی زۆرە، بەڵام لای مەولەوی (منی باڵا) بەردەوام لۆمەی (دڵ) و (نفس) منی حەقیقی مەولەوی دەکات وەکو لە هەموو ئەو هۆنراوانەدا هاتووە، کە بە (دڵە...) (ئەی دڵ...) دەست پێ دەکات[2].

3-3-د/ وڕێنەکردن، بزڕکاندن (شطح):

"جۆرێکە لە پێچەوانە هاتنەوە یاخود دژوەستانە لەگەڵ عورفی ڕووکەشی (شەرع)دا.

(عطّار) لە وەسپ و باسی بزڕکاندندا دەڵێت: "شتانێك لە تەریقەتدا هەن‌و دەگوترێن کە لەگەڵ ڕواڵەتی دەرەوەی شەرعدا دژن..."[3].

لە ئەدەبیات‌و نوسینی سۆفیزمدا (من) و (منی باڵا) پێکەوە لە بزاوتنێکی جەدەلی ئەوتۆدا دەتوێنەوە کە خودی مرۆڤ لەگەڵ نهێنیەکانی ناخیدا تەبا دەکات، هەربۆیە ئەوجۆرە بەرهەمەی کە دەڕەخسێ قووڵترە یاخود لە بەرهەمێکی ئەدەبی باڵاترە. هەروەك ئەوەی ئەو گوتەو دەقە لە میتافیزیکەوە بێت، هەروەك سروتێکی نهێنی وایە لە دیوی ناوەوەی گوتەو دەقدا. هەر لەم ڕوانگەیەوە لە چاوەڕوانیەکی چاوەڕوان نەکراو دەچێت، لە ویست‌و خواستێك دەچێت کە ئامانجە بەدەستهێنراوەکان زیاتر خواست‌و تینوویەتیمان بۆ دروست دەکەن... هەموو ئەمانە دەدرێنە پاڵ بزڕکاندن.

---

[1] کلیات شمس تبریزی، ل1045.

[2] بڕوانە دیوانی مەولەوی لاپەڕەکانی 300 و دواتر.

[3] علیرضا فولادی، زبان عرفان، ل283.

بزڕکاندن ئاشکراکردنی ئەم گەردوونە گەورەیە کە لێوانلێوە لە شتی ناکاو و سەرسووڕهێنی کۆتایی نەهاتوو، لێرەوەیە کە بزڕکاندن هێزی تەقینەوەیە، هەموو شێوازەکانی بیرکردنەوەی باو تێکدەشکێنێ، هەموو شێوازەکانی نوسین و دەربڕینی باو تێکدەشکێنێ. جۆرێکە لە دزەکردن بۆ ئاشنابوون بە ناخی مرۆڤ، ئەوەی کە نابینرێ... هەموو ئەمانە جوانیەکی گەورە بەدیدەهێنێت کە پێی دەگوترێت ئیستێتیکای دەقی عیرفانی یاخود سۆفی"[1].

زۆرجار بزڕکاندنی عیرفانی لەبەرئەوەی کە بە ڕووکەش پێچەوانەی شەرعە، خاوەنەکەی دەخاتە بەردەم هەڕەشەی کوشتنو بەڵکو خودی کوشتن. دیارترینیان لە مێژووی عیرفانی ئیسلامیدا بریتین:

- لەوەی بایزید: "سُبحاني ما أَعظَمَ شأني".
- ئەوەی حلاج: "أنا الحَق".
- یان ئەمەی ابو سعید: "ليس في الجُبَّةِ سِوَى الله".

دروستکردنی بزڕکاندن، وەك جۆرێکی پارادۆکسی کرداری، لەسەر بنەمای دوالیزمی دژیەکە، بەڵام یەکێك لەو دوو دوالیزمە دژیەکە، دەبێت باوەڕ یاخود کارێکی شەرعی بێت[2].

لەم چوارچێوەیەدا مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

با شَهِ تبريز، شمس الدّين، خداوند شَهان
جان فدا داريد وتن، قربان ز بهر وی کنيد[3]

واتە: لەگەڵ شای تەبرێزدا، شمس الدين، کە خوای شاکانە
گیان و جەستەتان بکەنە فیدای و قوربانی بۆ بکەن

یاخود دەڵێت:

شاهِ جان ها شمس تبريز ست و اين دم آن اوست
رخ بدو آريدو خودرا جمله ماتِ شَهْ کنيد[4]

واتە: پادشای گیان و ڕۆحەکان شەمسی تەبرێزییەو ئەم گیانەش هەر هی ئەوە
ڕوو بکەنە ئەوو هەمووتان بە دەستە خۆتان (مات)ی شا بکەن

مەولانای ڕۆمی جگە لەم ناوەڕۆکە پڕ لە بزڕکاندنانە، چەندین هۆنراوەی دیکەی هەیە کە ئاماژەیە بۆ وتنی حاڵەتی وا، بۆ نمونە لە هۆنراوەیەکیدا دەڵێت:

چون چنگم از زمزمهٔ خود خبرم نيست

---

[1] ادونيس، الصوفية و السوريالية، ل147.
[2] عليرضا فولادى، زبان عرفان، ل287 بەدواوە.
[3] كليات شمس تبريزى، ل330.
[4] سەرچاوەی پێشوو، ل331.

آسرار همی گویم و آسرار ندانم[1]

واتە: وەك (چنگ) وام، کە هیچ ئاگایەکم لە دەنگ‌و گۆرانی خۆم نییە

بەردەوام نهێنییەکان دەدرکێنم و هیچ نهێنییەکیش نازانم

یاخود لە هۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵێت:

سخن راست تو از مردم دیوانه شنو

تا نمیریم، مپندار که مردانه شویم[2]

واتە: گوتەی ڕاست، لە خەڵکی شێت ببیستە

تا نەمریت بە تەمای پیاوبوون مەبە

مەولەوی تاوەگۆزی بەم جۆرە باسی بەهەشت دەکات کە بەشێکە لە مەرجی باوەڕی موسڵمان:

بەهەشت باقی دین دڵبەرەن

جە قیسمەتخانەی ئەمن ئەودەرەن

ساکەوەی دینەن بەهەشت باقی

ئیسە من پەی دین، دۆزەخیم تاقی[3]

واتە: بەهەشتێك کە هەر بمێنێتەوەو هەبێت بینینی دڵبەرە، ئەویش لە قسمەتخانەی تەباو هێمنایەتی دوورە، جا کە بەو (دین)ەیە یا بەو بینینەیە بەهەشتی باقی، ئێستە من بەم دینەوە بەڕاستی دۆزەخیم[4].

یاخود لە هۆنراوەیەکیدا کە باسی هاتنی مانگی ڕەمەزان دەکات بەناوی (سەدای های هیلال) باسی پاکیەتی و دڵسۆزی خۆی‌و گرۆی مەی نۆشان دەکات لەبەرامبەر ڕیابازی‌و شێوەی دووڕوویی موریدو سۆفیەکان‌و دەڵێت:

موریدو سۆفی خەرقەی ریاپۆش

من و دامنەی پاك پیر مەی فرۆش

هەرکات چەنی دۆس وێمان نەمەحشەر

وەسەد ئارەزوو سەربارین ئەوبەر

بزانین کێمان راگە گوم کەردین

کێمان مایەپووچ کێمان سوود بەردین[5]

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل782.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل873.

[3] مەولەوی تاوەگۆزی، دیوانی مەولەوی، لەسەر بناغەی تێکۆشانی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، پێداچوونەوەو رێك و پێك کردن و زیادکردنی شیعرە چاپ نەکراوەکان: حەسەن گۆران و محەمەد حیجازی، دەزگای رۆشنبیری گۆران، چاپی یەکەم، 2704ی کوردی، ل126.

[4] سەرچاوەی پێشوو.

[5] سەرچاوەی پێشوو، ل376.

به‌گشتی بابه‌تی بزڕكاندن و جۆره‌كانی دیكه‌ی پارادۆكس جگه له‌وه‌ی وه‌ك بابه‌تی عیرفانیو چۆنیه‌تی جیهانبینی عارف، جوانی خۆی هه‌یه وه‌ك چۆنیه‌تی زمانی ده‌ربڕینیش هه‌ڵگری به‌های ئیستێتیكییه. ئه‌ده‌بی عیرفانی له لوتكه‌ی توانایی ده‌ربڕینی واتا پڕماناو شاراوه‌كاندایه‌و ده‌توانین بڵێین عارفی نووسه‌رو ئه‌دیب یاخود شاعیری عارفو سۆفی خاوه‌نی بالاترین هێزی ده‌ربڕینو زمانی ناخه. چونكه وه‌ك چۆمسكی ده‌ڵێت: "ئه‌گه‌ر بمانه‌وێت وه‌سپێكی ساده‌ی زمان بكه‌ین، ئه‌وا په‌یوه‌ست كردنه‌وه‌ی ده‌ربڕین و واتایه. ده‌سه‌ڵات و ده‌سه‌ڵات شكانه‌وه به‌سه‌ر زماندا له بنه‌ڕه‌تدا به‌واتای توانایی په‌ی بردنه به گوته‌كانو به‌رهه‌مهێنانی سیمبۆلی ئه‌وتۆیه كه ده‌ربڕینی واتاكان به ئه‌نجام بگه‌یه‌نێت"[1].

توێژه‌رێكی تری ئه‌م باسه، ئاوا له حاڵه‌تی شه‌ته‌حات وتنی عارفان ده‌دوێت: "له جیهانبینی عیرفانیدا، ئاگاییو ناسینی مرۆڤ مه‌سه‌له‌یه‌كی ده‌روونیو (شهودی)یه كه نامۆیه به عه‌قڵو ویستو له ناخی رۆح و دڵه‌وه سه‌رچاوه ده‌گرێت. ئه‌م مه‌عریفه هی ناخه‌و به ویست نییه، له‌ڕوانگه‌ی سۆفییه‌وه زاده‌ی لوتفی خواییو خواستی یه‌زدانییه‌و له ساته‌كانی بێهۆشیو وڕێنه‌كردندا دێته به‌رهه‌م. بۆیه گێڕانه‌وه‌و دووباره‌كردنه‌وه‌ی وه‌ك ئه‌زموونێكی زمانی، كارێكی مه‌حاڵه. كه‌سێك كه بێ ده‌سته‌ڵاته له‌به‌رامبه‌ر دابه‌زینی مه‌عریفه‌یه‌كی خواییداو له حاڵه‌تی ناهۆشیاریدا ئه‌زموونی ڕۆحی خۆی ده‌گێڕێته‌وه‌و هه‌ر له زمانی وه‌سپو لێكچواندنیش ده‌سته‌وسانه، ناچاره ئه‌زموونه‌كانی خۆی به زمانی ڕه‌مزو سیمبوڵ بگێڕێته‌وه"[2].

هه‌ربۆیه ئه‌م جۆره ده‌ربڕینو زمانه به زمانی هونه‌ریو ئیستێتیكایی ئه‌ژمار ده‌كرێت، چونكه سود وه‌رگرتن له سیبموڵ و زمانی ڕه‌مزی تایبه‌تمه‌ندییه‌كی هونه‌ری و ئیستێتیكییه.

زمانی سۆفیو ئه‌هلی ته‌سه‌وف، له‌و ڕوانگه‌وه كه ده‌یه‌وێت ده‌ربڕی ئه‌زموونی سۆفیانه‌و په‌ی بردنو ئاشنایه‌تی بێت به هۆشیاری ده‌روونی، بۆیه له‌گه‌ڵ زمانی ئاساییدا جیاوازه.

دكتۆر (مهین دخت فرخ نیا)، مامۆستا له زانكۆی (شهید باهنر) له (كرمان) سه‌باره‌ت به ڕه‌هه‌ندی هونه‌ریو ئیستێتیكایی بزڕكاندن و سه‌رجه‌م جۆره‌كانی دیكه‌ی پارادۆكس و دوالیزمی دژیه‌ك. ده‌ڵێت: "شه‌ته‌حاتی سۆفییه‌كان – جگه له‌وه‌ی چه‌ندین واتاو چه‌مكی عیرفانی قوڵ ده‌گرێته خۆی، له‌ڕوانگه‌ی هونه‌ریو هونه‌ری ئیستێتیكایشه‌وه، جێگای تێڕامانه"[3].

ئێمه ده‌زانین كه زمانی په‌خشان، كاتێك ده‌گۆڕێت بۆ زمانی هونه‌ری، پێویسته چه‌ندین تایبه‌تمه‌ندی جیاكه‌ره‌وه‌ی هه‌بێت به‌راورد به زمانی ئاساییو لۆژیكو ئه‌م تایبه‌تمه‌ندییه جیاكه‌ره‌وانه‌ش ته‌نها له ساته‌وه‌ختی شكاندنی شێوازی ئاسایی زماندا دێته به‌رهه‌مو جۆره

---

[1] نوام چامسكی، زبان و ذهن، ترجمه: كورش صفوی، انتشارات هرمی – تهران، چاپ پنجم، 1390 هـ.ش. ل163.

[2] مهین دخت فرخ نیا، شطح جلوهٔ هنر در زبان تصوف، نشریه دانشكده‌و ادبیات و علوم انسانی، شماره 10.

[3] سه‌رچاوه‌ی پێشوو.

فۆرمێکی جیاواز لە دەربڕیندا دێنێتە کایەوە کە جیاوازە لەگەڵ فۆرمە دووبارەبوو و ساکارەکەی زماندا. یەکێك لەو فۆرمە جیاوازانەی کە زمانی هونەری پێ دەناسرێتەوە، جگە لە وەلانانی یاساکانی دەربڕینی ئاسایی، بوونی چێژی مۆسیقاییە لە دەربڕینەکەدا واتە وشەو کەرەسەکانی دەربڕین بەجۆرێك هەڵدەبژێردرێن کە سیستمێکی یاخود دەربڕینێکی مۆسیقی بەدیدەهێنن.

لێرەداو لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە لە پارادۆکس و دوالیزمی دژیەكو جۆرەکانی لە دیدێکی ئیستێتیکاییەوە، پێویستە ئەگەر بەکورتی و راگوزاریش بێت باسی دوالیزمی دژیەكو ڕەهەندی ئیستێتیکایی مۆسیقای ئەم هونەرە بکەین.

4-3/ مۆسیقای شیعری وەك ڕەهەندێکی ئیستێتیکایی دوالیزمی دژیەك:

مۆسیقای شیعر، دیاردەیەکە بۆ ئاراستەکردنی خەیاڵو کاریگەری زیاتری دەربڕین. کاتێك مۆسیقا لە شیعردا پڕ رەنگتر دەبێت، پێویستە ڕەچاوی کاریگەریو ڕەهەندەکانی کارایی بکرێت بەتایبەتی کاتێك کە ئەم دیاردە مۆسیقاییە لە ڕەنگدانەوەی واتاو گواستنەوەی هەستو سۆزدا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە. لە هەندێك شیعردا دەبینین کە ئەوە مۆسیقایە ڕۆڵی لە نواندنی شیعردا هەیە، کەواتە ڕەچاوکردنی گۆشە جیاوازەکانی مۆسیقای تایبەت بە شیعر لە ئاشکراکردنی واتاو هەستو حاڵەتەکاندا، زۆر کاریگەری هەیە[1].

هەر لەم ڕووەوە ئەدەبناسێکی تر دەڵێ: "هەموو وشەیەك لە زماندا، دیوێکی واتاییو سۆزدارییو مۆسیقای تایبەتی هەیە، کە بمانەوێت و نەمانەوێت، کاردانەوەی تایبەتی لە زەینو دەروونی ئێمەدا دەبێت. هەر وشەیەك وێڕای ئەوەی هەڵگری چیەتی کلتوریو مێژوویی زمانێکی تایبەتە، لەهەمان کاتدا هەڵگری ئاوازو ئاهەنگێکی مۆسیقایی تایبەتە. بۆنمونە ئەگەر دوو وشەی هاوواتامان هەبێت. دەتوانن دوو جۆر کاریگەری دەروونی لای ئێمە دروست بکەن، یەکێکیان نەرم و دڵگیرو ناسك کە ڕۆح بێنێتە سەماو دەروونمان ئارام بکاتەوە، بەڵام دووەمیان زبرو قورس لە گوێ دا بەجۆرێك ئازاری ڕۆح بدات و دڵ بتۆرێنێ. بەم پێیە بنەڕەتی یەکەمی جوانی دەقی ئەدەبی، هەڵبژاردنی ئەو وشەو دەستەواژانەیە کە لەڕووی مۆسیقاییەوە گونجاون لەگەڵ دەربڕینو واتاکەدا"[2].

ڕۆمان یاکوبسن، لە بابەتێکدا بەناوی (زبانشناسیو شعرشناسی) وێڕای ئاماژەکردن بە ڕای کەسانێکی وەك (ڤالێری) کە شعر بە کاردانەوەی دوو جەمسەری نێوان مۆسیقاو واتا دەزانێتو هەروەها (ئەلکساندەر پۆپ) کە دەیگوت: "مۆسیقا لە شیعردا پێویستە ڕەنگدانەوەی

---

[1] علی اصغر محمودی، بررسی اندیشه و ذهن در موسیقی شعر با توجه به غزلیات شمس، ل1. سایتی: www.sid.ir

[2] مهدی محبتی، بدیع نو، ل137.

یاخود پاشخانی واتا بێت"، ئاماژە بە مۆسیقای نێو شیعر دەکات و باس لە بەرفراوانی کاریگەری دەکات.

هەروەها (شفیعی کدکنی)یش لەوبارەوە دەڵێت: "شتێك کە لە تێڕوانینی فۆرمالیستە ڕووسەکاندا ئاماژەی پێ کراوە، لە شیعردا، مۆسیقای وشەکانە، کە ئاراستەی (واتا) دەکات، بەڵام لە پەخشاندا (واتا) ئاراستەی وشەکان دەکات"[2].

پەیوەست بەم دوو شاعیرەوە (واتە مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزی) زمانی شیعر نووسینی هەردووکیان (فارسی + شێوەزاری هەورامی) بەجۆرێك لیریکی و ئاوازەدارن کە دەتوانین بڵێین رکابەریان نییە.

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە بەشێك لە باسی بابەتی یاخود پێکهێنەرەکانی مۆسیقای شیعری هەردوو بابەتی (هاوپیتی و یاخود هاودەنگی – Alitration) و (دەنگە واتایی – Onomatopoeia) یە، بەڵام لێرەدا ئێمە باسی ناکەین، چونکە تەنها باسی دوالیزمی دژیەك و جۆرەکانی لەڕوانگەی ئیستێتیکای مۆسیقاییەوە، ئامانج و مەبەستی ئێمەیە.

بۆئەوەی بتوانین تێگەیشتنێکی هاوبەشمان هەبێت بۆ (مۆسیقای شیعر) پێویستە ئەم ڕوونکردنەوەو پۆلێن بەندییە، لێرەدا بخەینە ڕوو کە سیستێمی ئاوازی شیعر چەند جۆرێکی هەیە کە بەکورتی ئەمانەن:

1– مۆسیقای دەرەکی شیعر (واتە عەروز).

2– مۆسیقای تەنیشت یاخود کەنار (واتە قافیەو هەر پیت و شتێکی دیکە کە ئەو ڕۆڵە دەبینێ)

3– مۆسیقای ناوەکی (کە بریتیە لە کۆمەڵێ هاوئاهەنگی کە لەڕێگەی بەرامبەر بەیەك دانانی دژەکان (دەنگ دارو بێدەنگەکان) لە شیعردا بەدیدێت، هەروەها هەموو جۆرەکانی (جیناس)، بەگشتی لە دەرکەوتەکانی تایبەت بە مۆسیقای ناوەکی شیعرن).

4– مۆسیقای مەعنەوی (مەبەست لە هەموو ئەو پەیوەندییە نهێنی و شاراوانەیە کە لەنێوان پێکهاتەکانی دوو نیو بەیت یاخود بەیتێکی شیعریدا هەیە کە لەڕێگەی پێکهاتەی دژیەکەکان و (طباقە)کان...هتد، بەدیدێت".

زانای ئەدەبناسی ئێرانی، کدکنی، دەربارەی ریتم و ئاوازەی شیعری دەڵێ: "مۆسیقای مەعنەوی کە بناغەی پەی بردنە بە جوانی، لەچاو جۆرەکانی دیکەی مۆسیقای شیعریدا، لە دوالیزمی دژیەك و جۆرەکانی دروست دەبێت. کۆکردنەوەو دەستەبەندی کردنی کەرەسەکانی ئەم جۆرە مۆسیقایە، واتە مۆسیقای مەعنەوی، کارێکی ئاسان نییە چونکە لە چوارچێوەی چەمك و بابەتە دژەکاندا، زیاتر کارا دەبێت نەك لە بازنەی دەنگ و پیت و وشەکان"[3].

---

[1] علی محمدی آسیا بادی، تحلیل ساختاری غزلی از مولوی، ل1، سایتی: www.sid.ir

[2] محمد رضا شفیعی کدکنی، موسیقی شعر، بڕوانە ل307.

ئەگەر تیۆری فەلسەفەی (أخوان الصفا) لە بابەتی مۆسیقاو چەمکی مۆسیقاوە کە بریتیە لە (زانستی ڕێژەکان) و (ناسینی یاخود ئاشنابوون بە چۆنیەتی پێکەوە چنین و ئاوێزان کردن)، بزانین، ئەوا زاراوەی مۆسیقای مەعنەوی لامان نامۆ نابێت و بەڵکو جگە لەوەی لامان ئاسایی دەبێت هەستیشی پێ دەکەین، هەروەك چۆن دژیەك و لێکچوونەکان، لە زەمینەی ئاوازی زمانیدا، مۆسیقای دەنگەکان دروست دەکەن، هەمان بەراوردو لێکچواندنەکان و دوالیزمە دژیەکەکان لە زەمینەی بابەتی واتایی و زەینیدا مۆسیقای مەعنەوی دروستدەکەن... لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ئەم پێکهێنەرانە مۆسیقای شیعری مەعنەوی (کە دوالیزمی دژیەك گرنگترینیانە) ڕەهەندێکی ئیستێتیکایی مۆسیقا دەبەخشنە شیعر[1].

سەبارەت بەم جۆرە مۆسیقایە لە هۆنراوەکانی مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزیدا، چەندین نمونەمان بەرچاو دەکەوێت کە زادەی جیهانبینی عیرفانی ئەو دووانەیەو (دوالیزمی دژیەك)یش بەشێکە لە پێکهاتەی ئەو جیهانبینیە.

مەولانای ڕۆمی لەم بارەوە دەڵێت:

باز آمدم چون عيدى نو، تا قفل زندان بشكنم
وين چرخ مردم خوار را چنگال و دندان بشكنم
هفت اختر بى آب را كاين خاكيان را مى خورند
هم آب بر آتش زنم هم بادهاشان بشكنم[2]

واتە: وا هاتمەوە وەك جەژنی نوێ، تا قفڵی زیندان بشکێنم
ئەم چەرخشی گەردوونەکە خەڵکی دەخوات، بشکێنم
حەوت ئەستێرەی بێ ئاو کە ئەم خەڵکە خاکیە دەخۆن
هەم ئاو بکەم بە ئاگرداو هەم (با) کانیشیان بشکێنم

مەولەوی تاوەگۆزیش لەم چوارچێوەیەدا دەڵێت:

مەینەت، سەربەرزەن، شادیم زگارەن
ساقی! جامەکەت ئەمجار وە کارەن[3]

یاخود دەڵێت:

مەزموون هەوای مەرگ، زامداری تیرت
پەنهانی قاتیل، دەواو تەدبیرت[4]

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل390.
[2] كليات شمس تبريزى، ل107.
[3] دیوانی مەولەوی، ل38.
[4] سەرچاوەی پێشوو، ل245.

3-5/ هۆكانی ڕەنگدانەوەی دوالیزمی دژیەك لە هۆنراوەكانی مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزی دا :

بێگومان شاعیر لە دەستپێكی كاری خۆیەوە قاڵبی پێشوەختو مەرجی پێشوەختی نییە تا ڕەچاوی هونەرێك یاخود شێوازێكی دەربڕینی دیاریكراو بكات، بەڵكو دواتر ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئەنجامەكەیدا دەكەین كە بابەتەكانی دەربڕینو كەرەسەكانی چینو نرخیان بۆ دادەنێین.

دوالیزمی دژیەك چ وەك هونەرێكی دەربڕینو چ وەك هۆی نرخ بۆدانانو خوێندنەوەی دەق، گرنگیو بایەخێكی فرە ڕەهەندی هەیەو وەك لە ڕابردوودا باسمان كردووە ڕەگو ڕیشەی لە زۆر كایەی مەعریفیو فەلسەفیو ئیۆلۆجیو لۆجیكی دا هەیە.

ئێمە ناتوانین لەبری مەولانای ڕۆمیو مەولەوی تاوەگۆزی وەڵامدەرەوەی ئەو پرسیارە بین كە بۆچی دوالیزمی دژیەكیان بەكارهێناوە، بەڵام ئەگەر هەورازو نشێوەكانی ژیانی تایبەتی ئەم دوو شاعیرە بزانینو بەچاوێكی كراوەو تیژەوە لە هۆنراوەكانیان وردو قووڵ ببینەوە لە ناوەڕۆكو چۆنیەتی دەربڕینەكانیان، ئەوكات هەست بەو ڕاستیە دەكەین كە ڕەنگدانەوەی دوالیزمی دژیەك لە هۆنراوەكانیاندا تەنها ڕووكارو وەڵامێكی سادە هەڵناگرێ، بەڵكو چەندین هۆ بۆ ئەم كارە هەن كە بە بڕوای ئێمە هەندێكیان ئەمانەن:

1- **زۆر وردی لە بیركردنەوەدا، قووڵی بیركردنەوە، بابەتی چێژبەخش:**

ئەمانە سێ تایبەتمەندی زۆر دیارن، وەك شوناسی هەربابەتێك كە ئەم دوو شاعیرە، خواستبێتیان بیكەنە بابەتی هۆنراوەكانیان. بابەتەكانی ئەم دوو شاعیرە ئاسمانی عیرفانی مرۆڤانەن، بەجۆرێك سەرنجی خوێنەر بۆلای بابەتەكەیان ڕادەكێشن كە تووشی ڕامانێكی قووڵی دەكەن، لەگەڵ گەورەییو گەردوونیبوونی بابەتەكاندا زۆر چێژبەخشن، چونكە لە ئەنجامدا باسی حەقیقەتی ژیانو مرۆڤن.

بۆنمونە مەولانای ڕۆمی لەم دێڕە هۆنراوەیەدا دەڵێت:

طوافِ حاجیان دارم به گردِ یار می گرد
نه اخلاقِ سگان دارم نه بر مُردار می گردم[1]

واتە تەوافو سوڕانەوەم هەیە بەدەوری كەعبەدا، هەروەكو حاجیان بەدەوری یارو مەعشوقەكەمدا، دەسوڕێمەوە. نەك وەك سەگ بەدەوری مردارەوبوواندا بخولێمەوە.

بابەتی حەجو مەراسیمەكانی یەكێكە لەو بابەتانەی كە شاعیرانی ئەم ناوچەیە باسیان كردووەو كردوویانەتە كەرەسەو بابەتی شیعری خۆیان بەڵام مەولانا وێنەی دوو جۆر كەسمان دەداتێ كە هەردووكیان تەواف دەكەنو بەڵام دوو هەڵوێستی دژیەكی لێ كەوتووەتەوە ئەگەر چی

---

[1] محمد رضا شفیعي كدكني، غزلیات شمس تبریز، چ2، ل737.

یەك ئامانجیان هەیە، یەکەمیان چونکە پەی بە حەقیقەتی (یار) بردووە، ئەوە مەعریفەی هەیە بە حەج بەڵام دووەمیان وەك سەگ وایە چونکە وادەزانێ ئامانجی حەج گەڕانە بە دەوری مردوواندا، ئەمە وردیو قوڵی بیرکردنەوەی مەولانا دەردەخات کە بابەتێکی لەو جۆرەی بەشێوەیەکی چێژبەخش باسکردووە.

یاخود لە هۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵێ:

با شناسد کفش خویش ارچه که تاریکی بُوَد

دل ز راهِ ذوق داند کاین کدامین منزل است[1]

واتە ئەگەرچی لە تاریکیدا بێت، مرۆڤ پێڵاوەکانی بە بەرکەوتنی پێی دەناسێتەوە، بەڵام دڵ لەڕێگەی زەوقی عارفانەوە دەزانێت کە لە چ مەنزلەتێکدایە.

مەولەوی تاوەگۆزی دەڵێت:

نەك چەنی خەیاڵ قیبلەم بسازی

دەخیل تەن خەستەن وە جیاش نازی[2]

واتە: نەکەی لەگەڵ خەیاڵکردنی خۆشەویستەکەم کە وەکو قیبلەم وایە، ڕێك بکەویت واتە تۆ لەگەڵ خەیاڵکردنی خۆشەویستەکەمدا ڕێککەویتو جەستەم بەجێبهێڵیت، نەکەی، دەستەو دامێنتم، جەستەم ماندووەو نەخۆشە بەجێینەهێڵیت.

تێبینی ئەوە دەکرێت لەسەرجەم هۆنراوەکاندا کە یەکەمیان خستنەڕووی دووجۆر تەواف بوو، دووەمیان دووجۆر ناسینەوە کە ناسینەوەی مادیو ڕۆحیو زەوقی (سالك الی الله) بوو، دواجار ئەم هۆنراوەیەی مەولەوی تاوەگۆزی کە باسی ڕێککەوتنو چوونە پاڵ خەیاڵ دەکات کە ئەگەری بەجێهێشتنی جەستەی تێدایە، بەگشتیو چەندین بابەتی زۆر ورد لەبیرکردنەوە، لەچوارچێوەی دەربڕیندا سود لە دوالیزمی دژیەك وەرگیراوە (چ وەك وشەو چ وەك دەربڕینو وێنە) بۆ جوانیو چێژداری دەربڕینو گەیاندنی وێنەو واتا.

2- فرەیی لەبڕو چەشنی وێنەکانی خەیاڵدا:

لە هۆنراوەکانی ئەم دوو شاعیرەدا، هەست بەوە دەکرێ لە یەك ساتو لە هۆنراوەیەکدا لەبەردەم چەندین وێنەی خێراداین کە بە زەینماندا تێدەپەڕن، چەندین وێنە کە هەندێکیان دەربڕدراونو هەندێکی تریان تەنها دەبێت تێیان ڕامێنین ئەگەرنا عەقڵو خەیاڵیش بێتوانایە لە ڕاڤەکردنیان.

مەولانا دەڵێت:

آبِ حیاتِ عشق را در رگ ما روانه کن

[1] سەرچاوەی پێشوو، چ1، ل282.

[2] دیوانی مەولەوی، ل564.

آینهٔ صبوح را ترجمهٔ شبانه کن[1]

واته: ئاوی حەیاتی عیشق بکەرە ناو ڕەگ‌و دەمارەکانی ئێمە

ئاوێنەی بەرەبەیانی، ڕاڤەیەکی شەوانەی بۆبکە

هەریەك لە (شفیعی کدکنی)و (کریمی فیضی)و زۆر ڕەخنەگری گەورەی فارس لە ئاست ئەم هۆنراوەیەدا هیچیان نەنوسیوەو دەڵێن، ڕاڤە هەڵناگرێت.

یاخود هەر مەولانا دەڵێت:

شمس دین و شمس دین و شمس دین می گو و بَس

تا ببینی مردگان رقصان شده اندر کفن[2]

واته: هێندە شمس دین بڵێ‌و تەنها ناوی ئەو بێنە

تا مردووەکان ببینی کە لەناو کفنەکەیاندا سەما دەکەن

مەولەوی تاوەگۆزی دەڵێ:

خێڵخانەی مەینەت یەند ئاماوشییەن

وە سەفحەی دڵدا سۆهان ساو بییەن[3]

واته: کاروانی مەینەت ئەوەندە هاتوچۆی کردووە بەسەر تەختی دڵما، وەك چەقۆی ساف بووی لە هەسان چووەوەی لێ هاتووەو پێی بەلا ڕاگیر نابێ پێیەوە.

ئاوی حەیاتی عیشق چییە؟ چۆن وێنای بکەین؟ چۆن بکرێتە ناو ڕەگە ماددیەکانمانەوە؟ ئاوێنەی بەرەبەیان چییە؟ چۆن ڕاڤەی شەوانەی بکەین؟

چۆن وێنای مردووەکان بکەین کە بەکەفەنەکانیانەوە سەما دەکەن؟

چۆن وێنای ئەو دڵە بکەین کە وەك بەردی چەقۆ تیژکەر وایە؟

کۆی هەموو ئەم وێنانە مەبەستی گەورەیان لەپشتەوەیە کە لە دەربڕیندا دوالیزمی دژیەك جوانترین‌و پڕ واتاترین هونەری دەربڕینە بۆ شاعیر، واتە فرەیی‌و ڕەنگاوڕەنگی وێنەکانی زەین‌و خەیاڵ لەڕێگەی دوالیزمی دژیەکەوە وەك هونەرێکی دەربڕین، ساناترو جوانتر دەکەوێتەوە.

3- دووانەیی‌و دوو جەمسەری‌و ناسازی (بە ڕووکەش دیاری) پێکهاتەی بوون‌و خودی سروشت‌و یاساکانی هەبوون‌و جڤات‌و مرۆڤەکانن:

لەم جیهانە دروستکراوەدا بەگشتی و لە ژیاندا بەتایبەتی چەندین بابەت‌و گوزارەی دووانەیی دژیەك بەرچاودەکەون کە دەرئەنجام ئەوانە خودی ڕەوش‌و یاسای ژیانن‌و لە چۆنیەتی

---

[1] محمد رضا شفيعي كدكنى، غزليات شمس تبريز، ج2، ل939.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل1002.

[3] دیوانی مەولەوی، ل 432.

ژیان و بیرکردنەوەماندا ڕۆڵی بنچینەیی دەگێڕن. بیرکردنەوەو دەربڕینی هەردوو شاعیرەکەشمان لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە نییە، بەڵکو پەیبردنە بەو ڕاستییەو دەربڕینیەتی بە شێوازی جۆراوجۆرو جیاواز، هەر بۆ نموونە:

مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

روز و شب باهم نشسته آب و آتش، هم قرین
لطف و قهری جفت و دُردی با صفا آمیخته[1]

واته: ڕۆژو شەو پێکەوەن، ئاوو ئاگر هاونشینن
نەرم و نیانی و توندی پێکەوەن، سنگ بچوکی و سنگ فراوانی تێکەڵ بوون.

هەروەها دەڵێت:

بر هر گلی خاری بُوَد، بر گنج هم ماری بُوَد
شیرین مرادِ تو بُوَد، تلخی و صبرت آنِ من[2]

واته: هەموو گوڵێك دڕکی لەگەڵە، هەموو زێڕو زیوێکی شاراوە مارێکی لەسەرە
شیرین کە خواستی تۆیە، تاڵی و ئارامگرتنیش بۆ ڕۆحی من

مەولەوی تاوەگۆزی دەڵێ:

حەیات جە زوڵمات جیا نمەبۆ
کاوە وەبێ بەرگ سیا نمەبۆ[3]

واته: سروشتی ژیان بەوجۆرەیە کە ئاوی حەیات لە تاریکیدایەو بەبێ قبوڵکردنی ناسۆریەکان نابێت، هەروەکو چۆن میسکی بۆنخۆش لە بەرگ و کیسێکی ڕەشدایە.

مەولەوی لە دێڕە هۆنراوەیەکی دیکەدا، هەروەك ئەوەی مەولانا کە ئاماژەمان پێدا دەڵێ:

گوڵ عادەتشەن بێ خار نمەبۆ
گەنج ڕەویەشەن بێ مار نمەبۆ[4]

واته: گوڵ عادەت و سروشتی وایە بەبێ دڕك نابێت
گەنجینەی زێڕو زیو، هەمیشە بەجۆرێکە کە مار بەسەریەوە پەپکەی کردووە.

4- زمانی شیعر، زمانی دژیەکە:

دوالیزمی دژیەك زمانێکی گونجاوە بۆ شیعرو لە دەربڕینی شیعریدا ناتوانین خۆمانی لێ ببوێرین. ئەوە زانای بواری زانستە کە بەردەوام دەیەوێت ڕاستیەکانی گریمانەکراوی لای خۆی

---

[1] محمد رضا شفیعي کدکنی، غزلیات شمس تبریز، چ2، ل1155.
[2] محمد رضا شفیعي کدکنی، غزلیات شمس تبریز، چ2،ل933.
[3] دیوانی مەولەوی، ل 142.
[4] سەرچاوەی پێشوو، ل128.

بسەلمێنێت بەجۆرێك كە بە یەك ڕاستی بگاتو گریمانەی دژیەك لەسەر بابەتەكەی لابەرێت، بەڵام ئەو ڕاستیەی كە شاعیر ئاماژەی پێدەدات، پێدەچێت تەنها لەڕێگەی خستنەڕووی دژەكانەوە، ئاشكرا ببێ و دەركەوێت. وەك لێكۆڵەرێك وتویەتی: "دژیەكەكان لەبنەڕەتدا لە چییەتی زمانی شیعرەوە سەرچاوەدەگرن، تەنانەت شاعیرێكیش كە سادەو ڕاستەوخۆ دەبێژێت، ناچارە دەرئەنجامی چییەتی كەرەسەكانی ڕووەو دووان لە دژیەكەكان بڕوات"[1].

بڕوانە مەولانای ڕۆمی لەدەربڕینی بڕوای خۆیدا بۆ باسی (عەقڵو عیشق) چۆن ئەم دووانە دەكاتە دوالیزمی دژیەكو دواتر لەبەر ڕۆشنایی ئەو بابەتەدا چۆن لەم دووانە دەدوێت:

گر درآید عاقلی، گو: "راه نیست."
ور درآید عاشقی، صد مرحبا
عقل تا تدبیر و اندیشه كند
رفته باشد عشق تا هفتم سما
عقل تا جوید شتر از بهرِ حج
رفته باشد عشق بر كوهِ صفا[2]

واتە: ئەگەر عاقڵێك سەردەربهێنێ، ئەوا بڵێ، ڕێگە نییە لەناوماندا، بەڵام ئەگەر عاشقێك بێت، ئەوا سەدان جار سڵاوبێت لێی.

عەقڵ تابیردەكاتەوەو پلان دادەڕێژێ، عیشق دەگاتە حەوتەمین ئاسمان

عەقڵ تا بەدوای وشتردا دەگەڕێ بۆ سەفەری حەج، عیشق دەگاتە كێوی سەفا

لەبەشێكی دیكەی هۆنراوەیەكی تردا دەڵێت:

عقل گوید: "پا منه، كاندر فنا جز خار نیست."
عشق گوید عقل را كـ"اندر تو است آن خارها"
هین خمش كن، خار هستی را ز پای دل بكن
تا ببینی در درونِ خویشتن گلزارها[3]

واتە: عەقڵ دەڵێت "پێكانت مەخەرە ئەوێ، چونكە لەو فەنایەدا جگە لەدڕك هیچی تر نییە"

عیشق ڕوو بەعەقڵ دەڵێ: "ئەو دڕكانە لە تۆوەیە.."

ساتێك بێدەنگ بەو دڕكی هەبوون لەپێی دڵت دەربهێنە تا لەناخی خۆتدا گوڵزارو جوانی ببینی.

مەولەوی تاوەگۆزی كە بەزمانی شیعر باس لە چۆنیەتی ژیان لەمانگی ڕەمەزاندا دەكات، مەیو مەیخۆران دەكاتە كەرەسەی بابەتەكەی كە وەك دژێك لەبەرامبەر منارەو مزگەوتو خەڵكی

---

[1] دیویە دیچز، شیوەهای نقد ادبی. ئەنتەرنێت.

[2] محمد رضا شفیعي كدكنی، غزلیات شمس تبریز، چ1، ل237.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل219.

نوێژ خوێندا، دەوەستنەوەو وەك دوو جەمسەری دژیەك دەیكاتە دەسپێكی بابەتەكەی و لەوێوە حاڵەتە دەروونی و ڕەفتاریەكانی هەردوولامان بۆ دەردەخات، وەك دەڵێ:

مناره، سەدای سەڵاش سەد تەرزەن

مزگی، جە شادی دەماخش بەرزەن

مەی نەخوم چون من نە خەم ئەسیرەن

مەیخانە سەفاش خەیلێ دلگیرەن

لوولەی تەراویح وەش وەش مدۆ دەنگ

بێ ئاهەنگەن تار تەموورەی ئاهەنگ

مەرحەبای لیباس تاعەت پۆشانەن

ئەلوەدای كاس كاس بادەنۆشانەن

پاشان دەڵێت:

هەی هیلال، هەی عید، خێزۆ جە یاران

وە ڕەغمی گرۆی پەرهێزگاران

شادی دەر وە دڵ لای مەی خوارانـدا

خەفەت دەر وە جەرگ ڕۆژەدارانـدا[1]

واتە: منارەی مزگەوت، بەسەد جۆر بانگ و سەڵایەتی و مزگەوت لەشادی هاتنی ڕەمەزاندا زۆر لوتی بەرزە. مەی لەناو خوم و كوپەڵەكەیدا هەروەك من زیندانیە. چونكە ڕەمەزانە، هەروەها مەیخانە خۆشی نەماوەو چۆڵەو دڵگیرە، لە لولەی ئاگری مزگەوتەوە دەنگ و نركەی نوێژخوێنان و تەراویح دێت، بەڵام ئامێرەكانی مۆسیقاو ئاهەنگ خامۆشن، بێ دەنگن.

كاتی مەرحەبای ڕەمەزان و ملكەچی عیبادەتەو كاتی خواحافیزیە لەپێكی شەراب نۆشان.

ئەی مانگ، خێراكە وەرە جەژن بهێنە لەڕقی ئەم خەڵكەی مزگەوتدا.

وەرە شادی و خۆشی بگێڕەوە بۆ دڵی مەیخۆران و خەفەت بدەرە جەرگی ڕۆژووگران.

5- ئەدەب لەخودی خۆیدا هەڵكشانە لەدەربڕینێكی سادەی هۆكاریەوە بۆ قوڵ بوونەوەو بە ئامانج گرتنی خودی دەربڕین:

كاتێ بەجۆرێك دەخوازرێت مەسەلەو بابەتێك بدرێتە بەر ڕووناكی و تیشك یاخود سەرنج و ئاڕاستەكان ڕووەو ڕووگەیەك بكرێن، یان بەمانا ئەورووپاییەكە (focus) بكرێ، ئەمەش لەخۆیدا پێویستی بە چۆنیەتی دەربڕینێك هەیە سەرنجڕاكێش و لادەر لە سروشتی گشتی دەربڕین كە

---

[1] دیوانی مەولەوی، ل440.

بێگومان هەموو ئەو ڕاستیانە بوونەتە هۆی ڕەواج پەیداکردن و زۆرگرتنەبەرو بەکارهێنانی دوالیزمی دژیەك وەك جۆرێك لەدەربڕینی چێژبەخش و سەرنجڕاکێش بۆ هەموو ئەو بابەتە فرە ڕەهەندانەی کە مەولاناو مەولەوی دەربڕینی ئەدەبیان کردووەتە هۆکاری دەربڕین.

مەولانای ڕۆمی دەڵێت:

چشمِ حرامخوارهٔ من دزدِ حُسنِ توست

ای جان، سزای دزدِ بصر می کنی، مکن[1]

واتە: چاوی حەرامخۆری من، دژی جوانی تۆیە، ئەی گیان سزای دژی چاوان دەدەی، مەکە.

هەروەها لە هۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵێ:

بگو دل را کە گردِ غم نگردد

ازیرا غم بە خوردن کم نگردد[2]

واتە: بەدڵ بڵێ کە لەدەوری خەم نەگەڕێ چونکە خەم و خەفەت بە خواردنی کەم نابێتەوە.

لەهۆنراوەی یەکەمدا دەڵێ چاوی حەرامخۆر کە دژی جوانی تۆیە. یاخود لە هۆنراوەی دووەمدا، خەم بەخواردن زیاددەکات، پێچەوانەی هەرشتێك کە بەخواردن کەم دەکات، ئەمە شێوازێکی قوڵی دەربڕینە کە سوود لە دوالیزمی دژیەك وەرگیراوە.

مەولەوی تاوەگۆزی دەڵێت:

هەریەك شەفیعێش پەی وێش ئاوەردەن

من خەجاڵەتیی وێم شەفیع کەردەن[3]

واتە: هەرکەسەو لەڕۆژی قیامەتدا کەسێکی هێناوە تا ببێتە تکاکاری و شەفاعەتی بۆ بکات، بەڵام من دەرئەنجامی گوناهەکانم خەجاڵەتم و هەر ئەو خەجاڵەتی و زەلیلیەم هێناوە تا خوا ڕەحمم پێ بکات و ببێتە تکاکارم.

یاخود لە هۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵێ:

شادی گەردی خەم چۆن نەدۆ وە باد

خەم چۆن وە یاگەی شادی نە بۆ شاد[4]

واتە: شادی گەردی خەم دەدا بەبادا!! خەم بەجێگەی شادی شاد دەبێت!

---

1 محمد رضا شفیعي کدکنی، غزلیات شمس تبریز، ج2، ل1028.

2 محمد رضا شفیعي کدکنی، غزلیات شمس تبریز، ج1، ل416.

3 دیوانی مەولەوی، ل399.

4 سەرچاوەی پێشوو، ل366.

6- باسکردنی هەندێ بابەتی ئاڵۆزی نێو کۆمەڵ:

کە باسکردنیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو ڕاشکاوانە، کارێکی ئاسان نییە بەڵکو بەشێوازی دوالیزمی دژیەکی ڕەخنەگرانە، وەکو گونجاوترین شێوازی دەربڕین خراونەتەڕوو.

مەولانا دەڵێت:

کو خمرِ تن؟ کو خمرِ جان؟ کو آسمان؟ کو ريسمان؟
تو مستِ جامِ اَبْتری، من مستِ حوضِ کوثرم[1]

واتە: کوا مەیی جەستە؟ کوا مەیی گیان؟ کوا ئاسمان؟ کوا ڕێسمان؟ تۆ مەستی جامی ئەبتەری (ئاماژە بە ئایەتی ان شانئك هو الأبتر) واتە نەزۆکیو بێ بەرهەم دەرئەنجامی.

بەڵام من مەستی حەوزی کەوسەرم، (ئەو حەوزی ئاوەی کە لەبەهەشتدایەو پێغەمبەرو باوەڕدارانی تایبەت لەسەری کۆدەبنەوە).

هەروەها دەڵێت:

سخن چو نيك نگويی هزار نيست يکی
سخن چو نيکو گويی يکی هزار بُوَد[2]

واتە: ئەگەر قسەی باش نەکەیت، ئەوا هەزاری بەیەکێك نابێت بەڵام ئەگەر قسەی باش بکەیت ئەوا یەکی بە هەزار ئەژماردەکرێت.

مەولەوی تاوەگۆزی دەڵێت:

یەکێوەن جە لام شادیو ڕەنجوری
کەیفیو بێ کەیفیو نزیکیو دووری
وەشیو ناوەشی تەفاوت زانۆ
مەڵێ نەزانۆ هەر پەڵێ شانۆ
مەیلو قین هەردوو هەر جە شەخسێوەن
جەریمەو خەڵات شێوەی کەسێوەن[3]

یاخود دەڵێ:

ئارێ تاپەی ئەو من ڕۆمەن چون شەو
شەوقەن پەی خەندەی سوبحی جەبهەی ئەو[4]

---

[1] محمد رضا شفيعي كدكنی، غزليات شمس تبريز، چ2، ل710.
[2] محمد رضا شفيعي كدكنی، غزليات شمس تبريز، چ1، ل548.
[3] دیوانی مەولەوی، ل207.
[4] سەرچاوەی پێشوو، ل119.

واته: تا من بۆ ئەو ڕۆژم وەکو شەو وابێ، ئەوا تاریکی من زیاتر دەبێتە هۆی شەوق و ڕووناکی سپێدەی بەرەبەیانی خەندەو خۆشی ئەو.

7- دەربڕینی ماناو ڕاستیە باڵاکانی عیرفانی:

گرنگترین هۆی ڕەنگدانەوەی دوالیزمی دژیەك لە هۆنراوەکانی مەولانای ڕۆمیو مەولەوی تاوەگۆزیدا، دەربڕینی ماناو ڕاستیە باڵاکانی عیرفانییە کە باڵاترە لە عەقڵ و پێچەوانە دەبێتەوە لەگەڵ نەریت و سروشتی ژیان، بەتایبەتی باسی عیشق و فەناو یەکیەتی بوون و... هتد کە هەموو ئەمانە پێکهێنەری دوالیزمی دژیەکی عیرفانین کە سیمایەکی دیارو شوناسی شیعری ئەم دوو شاعیرەن. ژمارەیەکی زۆری ئەم جۆرە وێنانە کە بەردەوام لە هۆنراوەکانی هەردوو شاعیردا چەندبارە دەبنەوە وەکو (گناه بی گناهی، غم شادی، دەردی بێ دەردی، گەرمی ساردی... هتد) هەموویان پەیوەستن بەدیدو جیهانبینی عارفانەوە یاخود بەشێکن لەئەدەبیاتی عیرفانی چونکە "دیدی عارفانەو باوەڕی سۆفیانە بەگشتی لەزەمینەو پێگەیەکدان باڵاترە لەوەی عەقڵ و نەریت پێی ئاشنایەو بەواتایەکی تر خودی ئەم تێڕوانینە پێچەوانەی عەقڵ و داب ونەریتە، هەربۆیە جێگای سەرسوڕمان نییە ئەگەر زۆرترین کارو ڕەنگدانەوەی دوالیزمی دژیەك لەئەدەبدا لەزەمینەی هەمان بیروباوەڕی عارفانەدایە کە لەودیو عەقڵ و داب ونەریتەوە کاردەکات"[1].

مەعریفەو دەرهاویشتە عیرفانیەکان لە جۆری (شهودی) بینراوی ئامادەیی (حضوری)و تاکەکەسین، بەجۆرێك کە لە ئاستی فیکرو بیرکردنەوە باڵاترەو تەنانەت جێگەی ئاماژەپێدان و باسکردن نییە. ئاشکرایە کە هەر شتێك لە فیکرو لەگەڵ بیرکردنەوەدا نەگونجێ و نەکرێتە ئاماژەی دەربڕین، ئەوا لە توانای زاراوەو دەستەواژەشدا نییە بەئاسانی لەخۆیدا بیگونجێنێ.

یەکێك لە بەڵگە بنەڕەتیەکانی کەمتوانایی لەدەربڕینی ماناو ڕاستیە عیرفانیەکان، تا جیاوازیو نەتوانایی دیاریکردنی ئەو حەقیقەت و مانایانەیە، بەواتایەکی دیکە، زەمینەی کارو کارایی زمان تا ئاستێکە کە لەسەر بنەمای تایبەتمەندیو جیاوازی شتەکان بەهۆی نیشانە جیاوازەکانیانەوە بتوانێت کەرەسەو تەنەکان لەیەکتری جیابکاتەوەو لێیان بدوێ، ئەمەش لە تایبەتمەندییەکانی فرەییو جیاوازی جیهانی ماددەیە لەکاتێکدا کە عارف لە سنووری هەستەکان و جیهانی ڕەنگ و بۆن دەگوزەرێ و بەجیهانی یەکبوون دەگات کە لەوێ هەموو ڕەنگ و نیشانەکان، تایبەتمەندی خۆیان لەدەست دەدەن.

---

[1] سید محمد راستگو، تجلی قرآن وحدیث و شعر فارسی، کیهان فرهنگی، سال هفتم، شماره 12، 1369 هـ.ش. ل29.

ئه نجام

دواليزمی دژيەك بنەماو بنەڕەتێكی هەيە لە ڕەوانبێژی كلاسيكدا كە بە (طباق) دژيەك ناسراوەو ئەمجۆرەش تەنها كار لەسەر ئەو دوو وشەيە دەكات كە لە بەيتێكدا دێن و لەڕووی واتاييەوە دژن، كە ئەمەش تەنها قەتيسكردنی وشەيە لە چوارچێوەيەكی سنووردارو بێ مەودادا، كە ئەو ڕێژەن‌و فەڕەی واتای لێ ناكەوێتەوە كە دەقە نەمرەكانی شيعری پێ نووسراون.

لە ئەدەبی هاوچەرخ و ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخدا دواليزمی دژيەك بە هەموو جۆرەكانيەوە (دژيەك – تضاد، دوانەی ناكۆك – متناقض، پارادۆكس...هتد) جگە لەوەی ستايلێكی دەربڕينە، ڕەوش و ميتۆدێكی ڕاڤەو لێكۆڵينەوەيشە بۆ دەق.

دواليزمی دژيەك تايبەتمەنديەكی بنەڕەتی بوونەو بنەمايەكی سەرەكی جيهانبينی ئايینی‌و ڕێچكەو ڕێبازی لێكۆڵينەوەی فەلسەفەی كلاسيك و مۆدێرن‌و عيرفانە. لە ئەدەب‌و شيعردا تەنها هونەرێكی ڕووكەش نييە، بەڵكو بزاوو بزوێنەری داهێنانی فيكرو خەياڵی شيعری‌و هونەری دەربڕينی مانا گران‌و قوڵەكانی ئەدەبياتی پڕ لە شكۆی عيرفانی‌و ئەدەبياتی مۆدێرنە.

هەروەها لە لێكۆڵينەوەكانی ڕەخنەو توێژينەوەدا بە زمانی عەرەبی‌و بەتايبەتی فارسی‌و جيهانی ڕۆژئاوادا دواليزمی دژيەك ميتۆدێكە نەك تەنها لە بواری ئەدەبناسيدا بەڵكو لە بوارەكانی ديكەی زانست و مەعريفەشدا برەوو بايەخی تايبەتی هەيە.

ئێمە وەك سەرەتاو چوونە ناوەوەيەكی كۆنكرێت‌و پوخت بۆ دانانی بناغەيەكی تيۆری ڕانانێكی سەرجەمی‌و كورتی "دواليزمی دژيەك"مان كردووەو دوای ئەوە لە هەردوو بەشی دووەم و سێهەمی پراكتيكيی ئەم لێكۆڵينەوەيەدا (223) بەيت هۆنراوەی مەولاناو مەولەويمان لەڕوانگەی دواليزمی دژيەكەوە ڕاڤە كردووە، كە لەسەر بنەمای چەند جۆرێكی هونەرەكانی ڕەوانبێژی خستومانەتە ڕوو، كە بێگومان لە چوارچێوەی پۆلێنبەنديی دواليزمی دژيەكدا بووە بۆ جۆرەكانی (واتايی و ڕۆنانی) و پاشان (ئاشكراو ناديار) و دواتر (ناوەڕۆكی و ئيستێتيكايی).

ئەم هەوڵە پراكتيكييانە لەسەر هۆنراوە پڕ شكۆو چێژدارو لێوانلێو لە بەها ئيستێتيكييەكانی شيعری مەولاناو مەولەوی ئەنجامدراون، كە هەر لەم ڕوانگەيەوە ڕاستی‌و ئەو ئەنجامەمان بۆ دەردەكەوێت كە مەولەوی تاوەگۆزی پايەيەكی بەرزی ئەدەبی عيرفانييەو لە هونەری دەربڕين‌و ئەفراندندا، خامەی ڕەنگينە.

لەم لێكۆڵينەوەيەدا هۆنراوەكانی مەولەوی نەك تەنها بوونە بەڵگەی پراكتيكی بۆ هەموو جۆرەكانی دواليزمی دژيەك وەك جۆرێكی دەربڕين و قوڵايی دەقی عيرفانی، بەڵكو بەپێكەوەهێنان‌و بەراوردكردنێكی لەگەڵ هۆنراوەكانی مەولانای ڕۆميدا، ئەوەمان بۆ دەركەوت كە: شيعری مەولەوی ئاستێكی جيهانيی هەيەو دەتوانرێت دەقی هۆنراوەكانی بە سەرجەم پێوەرو

بەها کلاسیكو مۆدێرنەکان خوێندنەوەی بۆ بکرێتو وەك نموونەیەك لە ئەدەبی باڵای ناوچەکەو جیهان ئەژمار بکرێت. بێگومان ئەمەش بەردەوام پێویستی بە خوێندنەوەی جیاوازو فرەچەشنی بەرهەمی شیعری مەولەوی هەیە، ئێمە هەوڵمانداوە لەم گۆشەنیگایەوە لیریکی ئەو بخوێنینەوە.

خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکانی مەولەوی لەڕوانگەی دوالیزمی دژیەك و بە هەناسەو میتۆدێکی بونیادگەری کراوەوە، زیندوویەتیو بزواویو زمانو چۆنیەتی دەربڕینی مەولەویمان بۆدەردەخات، چونکە ئاشکرایە بونیادگەریو پاش بونیادگەریش، بۆنموونە لای یۆری لۆتمان، کارکردنە لەسەر زمانی دەق. لە ڕوانگەی (بارت)یشەوە ئیشکردن لەسەر دەق کارکردنە لە زمانی دەقداو ڕەخنەی ئەدەبیش زمانەو زمانیش پێکهاتەیەکی تا ئاستێك هەمەلایەنو بەرفراوانو سەربەخۆیە...

لێرەوەیە کە لە چۆنیەتی زمانی دەربڕینی مەولەویدا پەیوەندییەکی زیندووی واتابەخش لەنێوان کەرەستەکاندا بەدی دەکەینو دوالیزمی دژیەکیش وەك وشەو چەمکە جیاوازەکانی یاخود دژبەیەکەکانی نێو دەق، دەربڕی واتاو چەمکە قوڵەکانی جیهانبینی ئەم شاعیرەن.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەبەر ڕۆشنایی ئیستێتیکایی دوالیزمی دژیەکدا مامەڵەمان لەگەڵ دەقە شیعرییەکانی هەردوو شاعیردا کردووە، کە بێگومان بەشێکە لە ڕەهەندەکانی ئیستێتیکایی شیعریی بەگشتیو لای مەولاناو مەولەوی بەتایبەتی، ئەمە جگە لەوەی بیری ڕەنگدانەوەی یەزدانیمان وەك تایبەتمەندیی ئیستێتیکایی هەردوو شاعیر خستۆتە ڕوو، کە دواجار کاریگەری هەیە بۆ خەیاڵ وەك کەرەسەیەکی ئیستێتیکایی و مۆسیقای شیعریی و وەك دوو دەرهاویشتەی دیکەی ئیستێتیکایی دوالیزمی دژیەك.

سەرچاوەکان

أ- کتێب:

- بە کوردی:

1- قورئانی پیرۆز.

2- ئینجیلی پیرۆز، چاپخانە زانکۆی صلاح الدین- هەولێر 1998 ز.

3- ئابادانی، عەبدوڵلا موبلغی، مێژووی ئاینی زەردەشت. وەرگێڕانی بۆ کوردی: وریا قانیع خانەی چاپو بڵاوکردنەوەی قانیع، چاپی دووەم.

4-د.حسێن هیمداد. ڕێبازە ئەدەبیەکان، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، 2007ز.

5- رزا، هاشم، زەردەشتو ئامۆژگارییەکانی. وەرگێڕانی: م. گۆمەیی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی 2000 ز.

6- پرۆفیسۆر، ر.س.زێهنەر، پوختەیەك لە بیروباوەڕی زەردەشتی، وەرگێڕانی: ئازاد حمە شریف، چاپخانەی ماردین- هەولێر 2000 ز.

7- سەقزی بابان، زەردەشت هیوای ڕزگاری، بەڕێوەبەرایەتی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی 2006 ز.

8- سەواح، فیراس، خواوەندو شەیتان، وەرگێڕانی: بەختیار عەزیز، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، چاپی یەکەم 2011 ز.

9- سەید حسێنی، ڕەزا. قوتابخانە ئەدەبیەکان. و: حمە کریم عارف، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، 2006ز.

10- د.عەبدوڵلا مستەفا، ئیدریس. لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە 107. چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2001ز.

11-پ.ی.د.عبدالقادر حمەامین محمد، ئەدەبو ڕێبازەکانی ئەورووپی- کوردی، سلێمانی 2011ز.

12- د.قادر محەمەد. ئەنوەر. لیریکای شاعیری گەورەی کورد (مەولەوی). دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی سێهەم، سلێمانی، 2007ز.

13-قەرەداغی، عەبدوڵلا، زەردەشت، چاپخانەی تیشك، چاپی دووەم، سلێمانی 2007 ز.

14-مەولەوی تاوەگۆزی، دیوانی مەولەوی. کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی و لەسەر نووسینی: مەلا عەبدولکەریمی مودەریس. انتشارات کردستان – سنە، چاپی یەکەم، 1389 ه.ش.

15-مەولەوی تاوەگۆزی، دیوانی مەولەوی، لەسەر بناغەی تێکۆشانی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، پێداچوونەوەو ڕێك و پێك کردن و زیادکردنی شیعرە چاپ نەکراوەکان:

حەسەن گۆران و محەمەد حیجازی، دەزگای رۆشنبیری گۆران، چاپی یەکەم، 2704ی کوردی.

16- کەرەسەی کۆرسی دووەمی دکتۆرا بۆ خوێندکارانی ئەدەب (2011 – 2012ز) بەشی کوردی، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، کە بەشێکە لە کتێبی (ئیستێتیکا)ی (یوری بۆریڤ) کە بەزمانی ڕووسی نوسراوەو لە مۆسکۆ ساڵی 1981 چاپی سێهەمی بۆکراوەو لەلایەن (د.ئەنوەر قادر محەمەد)ەوە وەرگێڕدراوەو ئامادەکراوە وەك کەرەسەو بابەتی کۆرس.

- بە عەرەبی:

17- د.ابواليل، أمين. علوم البلاغة (المعاني والبيان والبديع)، دار البركة للنشر والتوزيع، عمان – الأردن، 2006م.

18- د.ابوسالم، أيناس محمود عبدالله. نقد النقد، عالم الكتب الحديث، الأردن، الطبعة الأولى، 2012م.

19- أدونيس. الصوفية والسوريالية، دارالساقي، بيروت – لبنان، الطبعة الرابعة، 2010م.

20- ابو يعقوب سكاكى، مفتاح العلوم، مطبعة مصطفى البابي الحلبي، القاهرة، 1973.

21- د.امام، عبدالفتاح امام. المنهج الجدلي عند هيجل، دار المعارف بمصر – القاهرة، الطبعة الأولى، 1987م.

22- د.امام، عبدالفتاح امام. معجم ديانات واساطير العالم. ج1، مكتبة المدبولي، 2008م.

23- د.امام، عبدالفتاح امام. معجم ديانات واساطير العالم. ج2، مكتبة المدبولي، 2008م.

24- د.امام، عبدالفتاح امام. معجم ديانات واساطير العالم. ج3، مكتبة المدبولي، 2008م.

25- بارت، رولان. قراءة جديدة للبلاغة القديمة، ترجمة: عمر أوكان، رؤية للنشر والتوزيع، 2011م.

26- البخاري، ابي عبدالله البخاري. مختصر صحيح البخاري، دار نوبليس، بيروت، 2008م.

27- د.بشير، كمال. التفكير اللغوي بين القديم والحديث، دار غريب – القاهرة، 2005م.

28- د.التونجي، محمد. اليزيديون واقعهم وتأريخهم ومعتقداتهم، المكتبة الثقافية، بيروت، الطبعة الأولى، 1995م.

29- جاكسون، ليونارد. بؤس البنيوية، ترجمة: ثائر ديب، الطبعة الثانية، دار الغرقد، 2008م.

30- جوف، فانسان. الأدب عند رولان بارط، ترجمة وتقديم: د.عبدالرحمن بوعلى، دارالحوار، الطبعة الأولى، 2004م.

31- حسين، عبدالحميد. الأصول الفنية للأدب، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، 2008م.
32- الدّملوجي، صديق. اليزيدية، مطبعة الأتحاد، موصل – العراق، 1949م.
33- ريجاردز. مبادئ النقد الأدبي، ترجمة وتقديم: د.محمد مصطفى البدوي، مراجعة: لويس عوض، المؤسسة العامة للتأليف والترجمة والنشر – القاهرة، 1963م.
34- زيدان، محمود. نظرية المعرفة عند مفكري الأسلام، مؤسسة الرسالة، الطبعة الأولى، 2001م.
35- د.سعدالله، محمد سالم. ماوراء النص، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، 2008م.
36- سلامة، بولس. الصراع في الوجود، دارالكتب اللبناني، بيروت – لبنان، الطبعة الثالثة، 1973م.
37- السواح، فراس. الرحمن والشيطان، دار علاءالدين للنشر – سورية، دمشق، الطبعة الثالثة، 2004م.
38- السواح، فراس. الوجه الآخر للمسيح. منشورات دار علاءالدين، سورية – دمشق. الطبعة الأولى، 2004م.
39- السواح، فراس. دين الانسان، منشورات دار علاءالدين، دمشق – سوريا، الطبعة الرابعة، 2002م.
40- السواح، فراس. طريق اخوان الصفا، منشورات دار علاءالدين، دمشق – سوريا، الطبعة الأولى، 2008م.
41- السواح، فراس. مغامرة العقل الأولى، منشورات دار علاءالدين، دمشق – سوريا، الطبعة الثالثة عشر، 2002م.
42- الشهرزوري، يادگار لطيف. المفاتيح الشعرية (قراءة اسلوبية في شعر بشار بن برد)، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع، سوريا، الطبعة الأولى، 2012م.
43- د.صليبا، جميل. المعجم الفلسفي. دار الكتب اللبناني، بيروت، الطبعة الأولى، 1971م.
44- د.عباس، فضل حسن. البلاغة فنونها وأفنانها (علم البيان والبديع) دار الفرقان للنشر والتوزيع، عمان – الأردن، الطبعة الأولى، 1987م.
45- عزام، محمد. النص الغائب، عالم الكتب الحديث – الأردن، 2011م.
46- د.عوض، يوسف. نظرية النقد الأدب الحديث، ط1، الأمين – القاهرة، 1414 هـ.ق.
47- غالب، مصطفى. في سبيل موسوعة فلسفية. من منشورات دار و مكتبة الهلال، بيروت، 1979م.

48- الغزالي، ابوحامد. فضائح الباطنية، تحقيق وتقديم: عبدالرحمن بدوي، إصدار مؤسسة دار الكتب الثقافية – الكويت.
49- د.كامل ومجموعة من المؤلفين. الموسوعة الفلسفية المختصرة، مكتبة النهضة – بغداد.
50- د.مداس، احمد. لسانيات النص، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، 2007م.
51- مجموعة من المؤلفين، موسوعة العراق الحديث، مكتبة النهضة، ج2، الطبعة الأولى، 1989م.
52- هارلند، ريتشرد. مافوق البنيوية، ترجمة: حسن حمامة، دار الحوار، سورية، الطبعة الثانية، 2009م.
53- د.هلال، محمد غنيمي. نقد الأدب الحديث، دار النهضة – مصر، 1973م.
54- د.الوكيلى، محمد عزيز. المدارس الباطنية، دار الحوار للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، 2007م.

- به فارسى:
55- احمدى، بابك. حقيقت و زيبايى (مدارس هاى فلسفه هنر)، نشر مركز – تهران، چاپ بيستم، 1390 هـ.ش.
56- احمدى، بابك. ساختارو هرمنوتيك، گام نو، چاپ سوم، 1383 هـ.ش.
57- استيس، والترت. عرفان و فلسفه، ترجمة: بهاءالدين خرمشاهى سروش – تهران، چاپ هفتم، 1388 هـ.ش.
58- ايزد پناه، مهرداد. آشنايى با اديان قديم هند، انتشارات محور، چاپ اول، 1381 ه.ش.
59- بارت، رولان. نقد وحقيقت، ترجمة: شيرين دخت دقيقيان، نشر مركز – تهران، چاپ پنجم، 1390 هـ.ش.
60- برتلس، يوگنى ادوارد ويچ. ترجمة: سيروس ايزدى، مؤسسهٔ انتشارات امير كبير – تهران، 1387 هـ.ش.
61- بنى صدر، ابوالحسن. تضاد و تناقض، نوفل لوشاتو، چاپ دوم، كتابخانه جمهورى اسلامى.
62- التفتازاني، سعدالدين. شرح المختصر، انتشارات دار الحكمة، چاپ أمير، چاپ سوم، 1360 هـ.ش.
63- جلال الدين محمد بلخى، مولانا. غزليات شمس تبريزى، مقدمه گزينش وتفسير: محمد رضا شفيعى كدكنى، جلد اول. انتشارات سخن – تهران، چاپ سوم، 1387 هـ.ش.

64- جلال الدین محمد بلخی، مولانا. غزلیات شمس تبریزی، مقدمه گزینش وتفسیر: محمد رضا شفیعی کدکنی، جلد دوم. انتشارات سخن – تهران، چاپ سوم، 1387 هـ.ش.

65- جلال الدین محمد بلخی، مولانا. کلیات شمس تبریزی، انتشارات اشارات طلایی، چاپ اول، 1390 هـ.ش.

66- چامسکی، نوام. زبان و ذهن، ترجمه: کورش صفوی، انتشارات هرمی – تهران، چاپ پنجم، 1390 هـ.ش.

67- راسل، برتراند. عرفان و منطق، ترجمهٔ نجف دریا بندری، انتشارات ناهید چاپ گلشن، چاپ سوم، 1384 هـ.ش.

68- زرین کوب. پله پله تا ملاقات خدا، انتشارات علمی – تهران، چاپ ششم، 1373هـ.ش.

69- زرین کوب، عبدالحسین. ارزش میراث و صوفیه، انتشارات سخن، چاپ چهارم، 1389هـ.ش.

70- زمانی، کریم. میانگر عشق (شرح موضوعی مثنوی معنوی مولانا جلال الدین محمد بلخی) نشر نی – تهران، 1382 هـ.ش.

71- سارتر، ژان پل. ادبیات چیست، ترجمه ابوالحسن نجفی و مصطفی رحیمی، انتشارات نی – تهران، 1352 هـ.ش.

72- سبزیان مراد آبادی، سعید. فرهنگ نظریه ونقد ادبی، واژگان ادبیات و حوزه‌های وابسته، انتشارات مُروارید، چاپ اول، 1388، هـ.ش.

73- د.سروش، عبدالکریم. بسط تجربه نبوی، مؤسسهٔ فرهنگی صراط، تهران، 1378هـ.ش

74- د.سروش، عبدالکریم. ذکر جمیل سعدی، انتشارات حکمت، چاپ اول، 1357 هـ.ش.

75- د.سروش، عبدالکریم. نقدی و در آمدی بر تضاد دیالکتیکی، انتشارات حکمت، چاپ اول، خرداد، 1357 هـ.ش.

76- سلدن، رامان و ویدسون پیتر. راهنمایی نظریه ای ادبی معاصر، ترجمة: عباس مخبر، چاپخانه طرح نو، چاپ سوم، 1384 هـ.ش.

77- سهروردی، شهاب الدین یحیی. مجموعه مصنفات شیخ الأشراق، تصحیح سید حسین نصر أنجمن، فلسفه ایران و انستیتوی ایران و فرانسه، چاپ دوم، 1355، هـ.ش.

78- د.شریعتی، علی. تأریخ و شناخت ادیان، ج2، انتشارات قلم، 1383 هـ.ش.

79- د.شریعتی، علی. فرهنگ لغات، شرکت انتشارات قلم، چاپ چهارم، 1383 هـ.ش.

80- د.شفیعی کدکنی، محمد رضا. در عشق زنده بودن (گزیدهٔ غزلیات شمس)، انتشارات سخن – تهران، چاپ اول، 1388 هـ.ش.

81- شفیعی کدکنی، محمد رضا. دستور زبان عرفانی و عرفان دستور زبان، طرح نو – تهران، چاپ اول، 1374 هـ.ش.
82- شفیعی کدکنی، محمد رضا. دفتر روشنایی (از میراث عرفان بایزید بسطامی) سخن – تهران، چاپ دوم، 1384 هـ.ش.
83- شفیعی کدکنی، محمد رضا. صور خیال در شعر فارسی، مرکز پخش، کتاب گزیدهٔ، چاپ چهارم، 1390 هـ.ش.
84- شفیعی کدکنی، محمد رضا. موسیقی شعر، مرکز پخش، کتاب گزیدهٔ، چاپ دوازدهم، 1389 هـ.ش.
85- شفیعی کدکنی، محمد رضا، شاعیر آینه‌ها (بررسی سبك هنری و شعر بیدل)، کتاب گزیده، چاپ ششم، 1366 هـ.ش.
86- د.شمیسا، سیروس. نگاهی تازه به بدیع، نشر میترا، چاپ چهارم، 1390 هـ.ش.
87- طوسی، نصیرالدین. اساس الأقتباس، به تصحیح مدرس رضوی، دانشگاه تهران، 1326 هـ.ش.
88- عمید، حسن. فرهنگ فارسی عمید، مؤسسهٔ انتشارات امیر کبیر، تهران، 1379 هـ.ش.
89- غزالی، احمد وباخرزی، سیف الدین. دو رساله‌ی عرفان در عشق، به کوشش ایرج افشار، بی چا – تهران، 1359 هـ.ش.
90- غزالی، احمد. سوانح، تصحیح: نصرالله پورجوادی، بنیاد فرهنگ ایران – تهران، 1359هـ.ش.
91- د.فاطمی، سید حسین. تصویرگری در غزلیات شمس، مؤسسهٔ انتشارات امیر کبیر – تهران، 1378 هـ.ش.
92- د.فشارکی، محمد. نقد بدیع – سازمان مطالعه وتدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها، مرکز تحقیق و توسعهٔ انسانی، چاپ چهارم، 1379، هـ.ش.
93- فلوطین. دوره آثار، برگردان م.ح.لطفی، انتشارات مرکز – تهران، 1366 هـ.ش.
94- د.فولادی، علیرضا. زبان عرفان، انتشارات سخن باهمکاری انتشارات فراگفت، 1389هـ.ش.
95- فیضی، کریم. شعاع شمس (غزلیات شمس تبریزی به روایت دکتر دینانی)، جلد اول، انتشارات اطلاعات، چاپ اول، 1389 هـ.ش.
96- فیضی، کریم. شعاع شمس (غزلیات شمس تبریزی به روایت دکتر دینانی)، جلد دوم، انتشارات اطلاعات، چاپ اول، 1389 هـ.ش.

97- د.کامیار، تقی الدین وحیدیان. بدیع از دیدگاه زیبایی شناسی، چاپ چهارم، 1388هـ.ش.
98- لائودزو دائو. راهی برای تفکر، برگردان وتحقیق، دائوده جینگ، ترجمة: ع.پاشایی، نشر چشمه، چاپ پنجم، 1390 هـ.ش.
99- د.محبتی، مهدی. بدیع نو هنر ساخت و آرایش سخن، انتشارات سخن، چاپ دوم، 1386 هـ.ش.
100- د.مهر، فرهنگ. فلسفه زردشت، چاپ دیبا، چاپ هشتم، 1384 هـ.ش.
101- مولا صدرا، محمد ابراهیم (صدرالدین شیرازی). اسفار اربعة، مؤسسهٔ انتشارات حکمت، چاپ اول، 1383 هـ.ش.
102- مولانا رومی، جلال الدین محمد بلخی. مثنوی معنوی، انتشارات الهام – تهران، چاپ اول، 1386هـ.ش.
103- د.ناتل خانلری، پرویز. وزن شعر فارسی، انتشارات سخن تهران، 1353 هـ.ش.
104- د.ناتل خانلری، پرویز، شعر و هنر، انتشارات سخن – تهران، 1353 هـ.ش.
105- نیوتن، اریك. معنی زیبایی، ترجمهٔ پرویز مرزبان، بنگاه ترجمه ونشر کتاب – تهران 1342 هـ.ش.
106- هارلند، ریچارد. درآمدی تأریخی بر نظریه ادبی – از افلاطون تا بارت. ترجمة: علی معصومی و شاپور جوکش، چشمه، چاپ دوم، 1385 هـ.ش.
107- الهاشمی، احمد. جواهر البلاغة، مرکز انتشارات دفتر تبلیغات اسلامي – حوزهٔ قوم، چاپ سوم، 1370 هـ.ق.
108- همایی، جلال الدین. فنون بلاغه و صناعات ادبی، ناشر اهوار، چاپ اول، 1389 هـ.ش.
109- ویستر، راجر. پیش درآمدی بر مطالعه‌ی نظریه‌ی ادبی، ترجمة: الهه دهنوی، روزگار. چاپ اول، 1382 هـ.ش.
110- د.یثربی، سیّید یحیی. عرفان نظری، مرکز انتشارات دفتر تبلیغات اسلامی، حوزه علمیهٔ قم، چاپ ششم، 1387 هـ.ش.
111- د.یثربی، سیّید یحیی. فلسفه عرفان، مرکز انتشارات دفتر تبلیغات اسلامی، حوزه علمیهٔ قم، چاپ چهارم، 1377 هـ.ش.

- به ئینگلیزی:

112- CHRIS BALDIK, Oxford Concise Dictionary of Literary Terms. London, 2004

113- J.A.Cuddon., The penguin dictionary of literary terms and literary theory, penguin books – London, six.

ب- گۆڤارو بلاوكراوه:

114- افرمجانی، علی اکبر احمدی. تعبیرهای ارسطو از اصل تناقض، فصلنامه دانشکدهٔ ادبیات، دانشگاه قم، شمارهٔ سوم و چهارم، 1381 هـ.ش.

115- د.ایمانپور، منصور. کاملیت جهان و مسئلهٔ شَرّ در اندیشه ابن سینا و ملا صدرا، نشریهٔ دانشگاه تبریز، شمارهٔ 199 سال 1385 هـ.ش.

116- راستگو، سید محمد (خلاف آمد). کیهان فرهنگی، تهران، سال ششم، شماره 9، 1365 هـ.ش.

117- راستگو، سید محمد. تجلی قرآن و حدیث در شعر فارسی، کیهان فرهنگی، سال هفتم، شماره 12، 1369 هـ.ش.

118- صالحی، مهدی. تضاد یا متناقض نما، مجلهٔ فارسی، دورهٔ 23، شمارهٔ 46. www.ensani.ir

119- صیادی نژاد، روح الله. متناقض نما در شعر معاصر عربی، مجلهٔ زبان و ادبیات عربی، دانشگاه کاشان، شمارهٔ دوم، تابستان 1389 هـ.ش.

120- د.فرخ نیا، مهین دخت. شطح جلوهٔ هنر در زبان تصوف، نشریهٔ دانشکدهٔ ادبیات وعلوم انسانی، شماره 10، 1381 هـ.ش.

121- د.گلی، احمد. متناقض نمایی (پارادوکس) در شعر صائب، فصلنامه پژوهشهای ادبی سال 5، شمارهٔ 20، تابستان 1387 هـ.ش.

122- مرتضایی، جواد. نقد و تحلیل پارادوکس، مجلهء دانشکدهٔ ادبیات وعلوم انسانی، دانشگاه اصفهان، شمارهٔ 47، 1381 هـ.ش.

123- د.مکی نومان مظلوم و د.گۆران صلاح الدین شکر. ثنائیات الاضداد في شعر المتنبي، گۆڤاری زانکۆی کۆیه، ژماره (11).

124- هروی، مژده احمد زاده. تحلیل تجربهٔ زیبانگری در مولوی، فصلنامه پژوهشهای ادبی، شماره 4، تابستان 1383 هـ.ش.

125- وحیدیان کامیار، تقی. متناقض نما (paradox) در ادبیات، نشریهٔ دانشکدهٔ ادبیات وعلوم انسانی دانشگاه فردوسی مشهد، سال بیست و هشتم 1376 هـ.ش، شمارهٔ 4 و3.

126- د.یوسفی، غلامحسین یوسفی. تصویر شاعیرانه اشیاء در نظر صائب، مجلهٔ ادبیات دانشگاه فردوسی شمارهٔ 4، سال یکم، 1383 هـ.ش.

ج- ئەنتەرنێت:

127- اشرافیان مهرآباد، هوشنگ. زبان پارادوکس، سایتی: www.literature-dept.talif.ir

128- ئەنسایکلۆپیدیا، ئەنتەرنێت.

129- دیویه دیچز، شیوەهای نقد ادبی.

130- رشیدی رضا، سایتی هم اندیشی زبان و ادبیات فارسی.

131- سراته البشیر، الخطاب الشعري والثنائیات الضدیة، ینایر 2011. ئەنتەرنێت.

132- علی اصغر محمودی. بررسی اندیشه و ذهن در موسیقی شعر باتوجه به غزلیات شمس. سایتی: www.sid.ir

133- علی محمود آسیابادی، تحلیل ساختاری غزلی از مولوی سایتی: www.sid.ir

134- د.غلامرضا کریمی فرد، پارادوکس خاستگاه و پیشینهٔ آن در بلاغت عربی.

135- د.وزبله، فریشته. متناقض نما در غزلیات حافظ، سایتی (تحلیلی خبری عصر ایران)

136- ویکیبیدیا، الموسوعة الحرة. ئەنتەرنێت.

د- نامەی ئەکادیمی:

137- پریسا رضایی، بر رسی تضاد و متناقض نما در اشعار احمد شاملو، پایان نامه کارشناسی ارشد رشته زبان و ادبیات فارسی، دانشگاه کردستان، سال 1387 هـ.ش.

ملخص البحث

يتناول هذا البحث "التضاد الثنائي فى الشعر الغنائي للشاعرين الكبيرين: مولانا جلال الدين الرومي (1207-1273) و مولوي التاوجوزي (1806-1882) محاولا اظهار انعكاس هذا المفهوم فى شعرهما".

يتكون البحث من مقدمة و ثلاثة فصول و استنتاج لما توصل له الباحث من خلال دراسته هذه و ثم قائمة باسماء المراجع والمصادر.

ان ظهور هذا المفهوم "التضاد الثنائي" قديم كقدم ظهور الوعي لدى الانسان و تفكيره حول الكون و ماهيات الوجود الانساني ، وانعكس في كل المجالات الدينية والفكرية و العلمية و الفنية بمعناها الشامل ... ولكن وفي العصر الحديث و في بداية القرن العشرين بالذات، يعود تطوير وتنظير هذا المفهوم الى الاستكشافات اللغوية للعالم اللغوي السويسري فرديناند دى سوسير الذي اكتشف بان المعنى ينبع من الاختلاف و التضاد، وثم قام المفكران الفرنسيان كلاود ليفي شتراوس و رولاند بارث بتطوير افكار سوسير و استنباط نظرية منها سميت بالبنيوية. والتي صارت فيما بعد نظرية و منهجا للبحث الادبي، كما وان الركيزة الرئيسية للبنيوية ما هي الا "التضاد الثنائي".

نشير في مقدمة دراستنا الى اهمية هذا المفهوم السائد في الادب العالمي والاوروبي و باللغة الفارسية و عكس مانراه، اى قلته او حتى عدم وجوده في دراساتنا الادبية باللغة الكردية. و نبين اهمية البحث من الناحيتين النظرية و العملية. ومن الطبيعى ان منهج البحث بنيوى تكاملي بحكم المفهوم و طبيعة المادة.

كما و قمنا في الفصل الاول باستقراء و عرض سريع لهذا المفهوم في الاديان القديمة و السماوية بفروعها و مذاهبها و فعلنا بالمثل مايخص الفكر و الفن والفلسفة... للتهيئة الى تطبيق هذا المفهوم النقدي في شعر الشاعرين.

طبقنا فى الفصل الثاني ومن منظور الفنون البلاغية منهجنا على مائتين و ثلاثةٍ وعشرين بيتاً من شعر الشاعرين اي وفقا "للتضاد الثنائي" حيث استنتجنا تصنيفا من ثمانية و اربعين نوعا من الاستعمال وفق هذا المبدا.

يتضمن الفصل الثالث من البحث القاء الضوء من الناحية الجمالية و مطابقا لمفهوم "التضاد الثنائي" على مجموعة كثيرة من ابيات الشاعرين و ذلك بعد عرض مسهب لمفاهيم و و مقولات استيتيكية حيث كانت نتائج التطبيق خير دليل على غنى وعمق نتاج الشاعرين الكبيرين. ومن دواعى الفخر لادبنا الكردي بانه قد انجب شاعرا بعبقرية عبدالرحيم التاوجوزى حيث يقف شعره في مستوى شعرمولانا الرومي والذي يعتبر بحق من قمم الادب العالمي.

و نختتم بحثنا بالاستنتاجات التى توصلنا اليها من خلال دراستنا و ثم نقدم اسماء المصادر و المراجع المستعملة من قبلنا.

Abstract

This research addresses the binary opposition duo in the lyrical poems' of Mevlana Jalaluddin Rumi (1207 _ 1273) and Mawlawy Tawegozi (1806- 1882). We are aiming to show a reflection of this concept (binary opposition) in their poetry.

The research consists of an introduction, three chapters, and a conclusion of what the researcher flourished in, during this study, and then a list of sources and references.

Binary opposition is a subtle way in which texts are subconsciously interpreted by the readers' and listeners' mind. The existence of "binaries" with in a text often acts to develop powerful layers of meaning.

The antiquity of this concept "binary opposition" is the emergence of awareness of the rights and thoughts about the universe; substantial human existence. This was reflected in all areas of intellectuality, religion, scientific sense, and philosophy of the arts. The theory originated life in the early twentieth century with the works of the linguist, Ferdinand de Saussure. Nonetheless, later on his ideas were developed by two leading French philosophers, Claude Levi-Strauss and Ronald Barthes. Both who incorporated Saussure's idea into an all-containing theory of significance and sense; this theory was called structuralism. The theory has become a structural theory and approach to literary research. Binary opposition is the main pillar, frame work, and foundation plane for structuralism. Meaning that structuralism has been derived from binary opposition in its own way.

At the forefront of our study to the importance of this concept (the concept being binary opposition) prevailing in world literature and European and Persian language. As well as portraying how Kurdish literary studies does not show this. There is even a possibility it is non-existent in our Kurdish studies. It also shows the importance of research, both theoretical and practical. Originally this research benefits the methodology of structuralism, because it can be assimilated with the material of our thesis.

As we have seen in the first phase, as well as furthermore interpreting a quick view of the branches of concepts regarding ancient religions, monotheistic doctrines; the studies of art and philosophy are being included. We did all of these studies in the first phase to prepare ourselves for the concept of binary opposition in the second phase.

We found and researched the concept of binary opposition within the poems, as well as using the rhetorical terms. Our approach on the two

hundred and twenty-three couplets, by the use of binary opposition we found forty-eight rhetoric categories, or an eloquence of categories.

In our third phase we also looked at poems from a light shed aesthetic view identical to the concept binary opposition.

The result of this application and research shows, and is the best proof of the richness and depth of the compositions of two great poets. It is a matter of pride for, Kurdish literature that Mawlawy Tawegozi is in the same league and level as the world known poet Mevlana Jalaluddin Rumi .

Whatever conclusion we have come to, that is what we have written.